فهد عامر الأحمدي

# تیۆری فستق

کتێبێکە شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانت لەبارەی شتەکان دەگۆڕێ



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

Scanned by CamScanner

دەزگای فام
بۆ چاپ و بلاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

عنوان العربي
نظرية الفستق كتاب سيغير طريقة تفكيرك وحكمك على الأشياء
تأليف:فهد عامر الأحمدي
Published 2016 by دار الحضارة للنشر والتوزيع
ISBN: 978-6038-253-10-6

مافی چاپ و بلاوکردنەوەی بۆ دەزگای فام پارێزراوە.

چاپی یەکەم - 2019

تیۆری فستق

کتێبێکە، شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانت لەبارەی شتەکان دەگۆڕێ

نووسینی

فهد عامر الأحمدي

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی

پێوانە
13.5*21سم (348) لاپەڕە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (550)ی ساڵی 2019ی پێدراوە.

Scanned by CamScanner

# تیۆری فستق

کتێبێکە، شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانت لەبارەی شتەکان دەگۆڕێ

نووسینی:
فهد عامر الأحمدي

وەرگێڕانی لە عەبییەوە
ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

Scanned by CamScanner

## ناوەرۆك

**پێشەکی وەرگێڕ ........................................................................ 11**

**پێشەکی نووسەر ........................................................................ 13**

**پلانت لە ژیاندا چییە؟ ........................................................................ 17**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 23

**سەرەتا خۆت بناسە! ........................................................................ 24**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 28

**ئەگەر خەونی پێوە نەبینی، چۆن بەدەستی دەهێنی؟! ........................................................................ 29**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 34

**پێشبینییەکان خۆیان بەدی دەێن ........................................................................ 35**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 39

**تۆ باوەڕی خۆتی! ........................................................................ 40**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 44

**وازهێنان لە خاڵە سلبیەکان، باشترە لە زیادکردنی خاڵی ئیجابی ........................................................................ 45**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 49

**چەند کەپسوولەیەك کە شیاوی ئەزموونکردنن ........................................................................ 50**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 55

**ڕەنگە بەو شێوەیە ژیر نەبیت وەك خۆت وایدەبینی ........................................................................ 56**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 61

**پەڵەی کوێرانە لە مێشکدا ........................................................................ 62**

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 67

**مێشکت بەم مەشقانە گەورە بکە ........................................................................ 68**

Scanned by CamScanner

پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 72
کەسانی ژێر ئەمانەی خوارەوە ئەنجام نادەن ........................................ 73
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 78
زۆر بەسادەیی، ژێری واتا ڕەفتارکردن بە ژیری.................................... 79
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 85
چەند گێڕانەوەیەك سەبارەت بە گەشەپێدانی خود.................................. 86
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 91
بیر لە سەرکەوتن مەکەرەوە، بەڵکو بیر لە دروستکردنی نەریتێکی سەرکەوتوو بکەوە 92
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 96
شتەکان بە جێگیری دەمێننەوە تا ئەو کاتەی بیریان لێدەکەیتەوە.. ئەوسا بە ئاراستەی تۆ دێن ........................................................................ 97
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 101
تەکنەلۆژیاکانی بەختێکی باش ........................................................ 102
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 106
ڕۆڵی بۆماوەیی و قەدەر لە پرسی بەختدا............................................ 107
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 110
تیۆری فستق ........................................................................ 111
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 115
بیست بنەما لە ماڵەوە............................................................... 116
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 121
چەند ڕێنماییەکی بچووکی ژیان ........................................................ 122
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 126
ڕێنماییەکانی ژیان.. جاری دووەم ........................................................ 127
پوختەی تیۆرەکە ........................................................................ 131

Scanned by CamScanner

**بەهەرحاڵ تۆ بەو شێوەیە بە.......................................... 132**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 136

**چەند هەڵەیەك، کە وا باشە ئاگاداریان بیت.............................. 137**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 142

**بەڵگەهێنانەوە بە زۆرینە یان پێشینە........................................ 143**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 147

**داوای بەڵگە لەسەر شتێك مەکە کە تۆ بانگەشەی بۆ دەکەیت.................. 148**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 152

**بۆچوونی پێشتر و نزیکتر... توانای بیرکردنەوەت دەشێوێنن......................... 153**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 157

**لەبەر ئەوە نا کە تۆ خۆشت دەوێ!........................................ 158**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 163

**قەناعەتە کەسییەکانت، بیروبۆچوونی پیرۆز نین.............................. 164**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 169

دایکی ئامۆژگارییەکان................................................ 170

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 175

**چی دەربارەی لۆژیك دەزانیت؟!........................................ 176**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 180

**سادەترین ڕاڤە، نزیکترینیانە لە ڕاستی.................................... 181**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 185

**چیتر پرسیار (السؤال) لە خەڵك مەکە، پرسینەوە (التساؤل) لە خۆت بکە........ 186**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 191

**کاریگەریی چوار.................................................. 192**

پوختەی تیۆرەکە.................................................. 198

Scanned by CamScanner

خۆت مێشکی خۆت بشۆ ........................................ 199
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 203
ئەو کەسەی کە دەزانێ، بەڵام نازانێ کە دەزانێ ........................................ 204
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 208
ڕەسەن (الاصل) و ڕێزپەڕ (استثناء) و پیاوی پێنجەم ........................................ 209
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 213
بە ڕێگەی شەش کڵاوەکە بیربکەرەوە ........................................ 214
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 218
وەك دار بیربکەرەوە ........................................ 219
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 224
بەگوێرەی لیستەکە ڕەفتار بکە ........................................ 225
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 229
بە دوای (20%)دا بگەڕێ ........................................ 230
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 234
کەواتە.. بە توانایەکی زیاتر و کۆششێکی کەمترەوە کار بکە ........................................ 235
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 238
لە ماوەی سێ خولەکدا چی دەکەیت؟! ........................................ 239
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 243
پەلەکردن لە شەیتانەوەیە، بەڵام خێرایی نیشانەی ئەزموونداریيە ........................................ 244
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 248
گیراوەیەکی نەرویجی ........................................ 249
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 253
چەند هەنگاوێکی بچووك بۆ بەختەوەری ........................................ 254
پوختەی تیۆرەکە ........................................ 260

Scanned by CamScanner

(19) پێشنیار بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە ........................ 261
ڕێژەیی بۆچوونە هەڵەکان ........................ 264
پوختەی تیۆرەکە ........................ 270
چۆن لە بیرۆکە جوانەکان ڕزگار دەبیت؟! ........................ 271
پوختەی تیۆرەکە ........................ 278
چۆن بیرە جوانەکانی کەسانی تر دەکوژیت؟ ........................ 279
پوختەی تیۆرەکە ........................ 283
ئەگەر ویستت کەس ڕەخنەت لێ نەگرێ، ئەم کارەی خوارەوە ئەنجام بدە: ....... 284
پوختەی تیۆرەکە ........................ 288
تا ژیانت تێکنەدەیت، مەبە بە هۆکاری (90%) ........................ 289
پوختەی تیۆرەکە ........................ 293
باشترین پیشە لە جیهان ........................ 294
پوختەی تیۆرەکە ........................ 298
تۆ کێی: سەرۆك یان بەڕێوەبەر؟! ........................ 299
پوختەی تیۆرەکە ........................ 304
خۆت مەخەرە گۆشەیەکەوە.. بەڵکو ئەوانی تر ........................ 305
پوختەی تیۆرەکە ........................ 309
چۆن دەزانی تۆ کەسێکی گرنگیت؟! ........................ 310
پوختەی تیۆرەکە ........................ 313
فێربە چۆن بڵێی (نا)! ........................ 314
پوختەی تیۆرەکە ........................ 318
مامەڵە بەو جۆرە لەگەڵ خەڵکدا مەکە، وەك ئەوەی ئەوان لەگەڵ تۆدا دەیکەن. 319
پوختەی تیۆرەکە ........................ 325

Scanned by CamScanner

**گفتوگۆ لەگەڵ دڵەکان ئەزموون بکە ........................ 326**
پوختەی تیۆرەکە ........................ 330
**لەبەرچی "نەرمونیانی گەورەی ڕەوشتەکانە؟" ........................ 331**
پوختەی تیۆرەکە ........................ 336
**(25) شت کە لە داهاتوودا لێیان پەشیمان دەبیتەوە ........................ 337**
پوختەی تیۆرەکە ........................ 341
**لەکۆتاییدا ژیانی ئێمە کیبۆردی کۆمپیوتەر نییە ........................ 342**
پوختەی تیۆرەکە ........................ 347
**کۆتایی ........................ 348**

Scanned by CamScanner

## پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خودای تاك و تەنیا، کە عەقڵ و ئاوەزی بە مرۆڤ داوە تا بەهۆیەوە ڕاستی و ناڕاستی، باش و خراپ.. لەیەکتری جیابکاتەوە، درووود و سڵاو لە گیانی پێغەمبەری ئازیز (درووودی خوای لەسەر بێت) و سەرجەم هاوەڵ و شوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی.

کتێبی تیۆری فستق "نظرية الفستق" یەکێك لە بەرهەمە ناوازەکانی نووسەری سعودی "فهد عامر الأحمدي"، کە کۆکراوەی چەند وتارێکی بە پێزی نووسەرە، یەکێکیشە لە پرفرۆشترین کتێبەکانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی.

نووسەر هەوڵیداوە بە زمانێکی زۆر سادە لەگەڵ عەقڵی خوێنەر بدوێ، تا بیگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە هەموو ئەو بیروباوەڕ و بۆچوونانەی ئەو پابەندە پێیانەوە، مەرج نییە لەگەڵ نەقڵ و عەقڵ و لۆژیکدا یەکانگیر بن، بەڵکو ڕەنگە پێچەوانەش بن.

هەر لە ڕێگەی دواندنی خوێنەرەوە هەوڵ دەدات خوێنەر لەژێر ئەو کاریگەرییە سلبیانە دەربهێنێت کە ڕەنگە خۆشی ئاگاداریان نەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش داواکارە لە خوێنەر کە بەر لە هەموو شتێ دان بەوەدابنێ کە ئەویش ڕۆژێك لە ڕۆژان کەوتۆتە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونییەکانی کۆمەڵگە، چونکە بە بڕوای نووسەر ئەو کاتەی تاك دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە

ئەویش کەوتۆتە ژێر ئەو کاریگەریانە، ئەوا خەمی یەکەمی نابێتە بەرگریکردن و پابەندبوون و وابەستەبوونی ئەو بیروباوەڕ و بۆچوونانە، بەڵکو هەوڵی گۆڕانکاری لە خودی خۆیدا دەدات و کار بۆ ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوون و قەناعەتەکانی دەکات، هەر ئەمەش مەبەستی نووسینی کتێبەکەیە.

هاوکات نووسەر بە پشتبەستن بە چەندین ئایەت و فەرموودە و پەند و ئەزموونی زانا و دانایان و کەسانی سەرکەوتوو.. چەندین هەنگاو و ڕێنمویی و ئامۆژگاری پێشکەش بە خوێنەر دەکات تا لە ڕێگەیانەوە گۆڕانکاری لە ژیان و گوزەرانیدا بکات و شێوازی مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیدا بەرەو باشترین بەرێت.

منیش دوای خوێندنەوەی کتێبەکە و سەیرکردنی چەند چاپێکی جیاوازی کتێبەکە، کۆتا چاپم هەڵبژارد تا وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی و پێشکەشی خوێنەری کوردی بکەم.. لەسەر هەمان شێوازی نووسینی نووسەر (بەڵکو زیاتر) هەوڵمداوە بە زمانێکی زۆر سادە مەبەست و واتاکان بگەیەنم بە خوێنەری ئازیز.

لەکۆتاییدا هیوادارم دوای خوێندنەوەی هەر کام لە بابەتەکان بڕیاری ئەوە نەدەیت کە چیتر نەگەڕێیتەوە سەریان، من دڵنیات دەکەمەوە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەك جیاوازتر لە خوێندنەوەی پێشوو مەبەستەکانت لا ڕوونتر دەبن.

وەرگێڕ

Scanned by CamScanner

## پێشەکی نووسەر

هەمـــوو مرۆڤەکـــانی دەوروبەرت لە ئـــاویتەیەکی خـــودی و بۆماوەیی و ڕۆشنبیری پێکهاتوون، هەرگیـز ئەو پێکهـاتەیە لە نێـوان دوو تاك بە هاوشێوەیی دووبارە نابێتەوە، من، تۆ، یان هەر کەسێك کە دەیناسی، پێکهاتە و سیفەتەکانی دەرئەنجامی چەنـدان بـارودۆخ و هۆکارن، ئەستەمە ئەو پێکهاتـانە لە نێـوان دوانەکـان (جمـك)یش وەك یەك و هاوتا بن، بە تێپەڕبوونی تەمەن و جۆری ئەزموونەکـان دەگۆڕدرێن بۆ هەگبەیەك (جانتایەك)ی داخراو بە ژمـارەی نهێنـی، تەنانەت خۆشمان ژمارەکەی نازانین تا بیکەیـنەوە و نـاوەڕۆکەکەی ببینین.

ئەمە لەکاتێکـدا کە کێشـەکە لە جـۆری کەسایەتی مرۆڤەکانـدا نییە، بەڵکو لە هەرەس و شکستی ئەو مرۆڤانەدایە، کە ناتوانن بگەن بە خـــاڵ و هۆکـــارە جیاوازەکانیـــان لەگەڵ کەســـانی دەوروبەر.. سەرنجی بیروباوەڕی هەر کەسێك بدەیت دەبینی کە ئەو کەسە پێی وایە هەر خـۆی کەسـایەتییە دەگـمەن و نـاوازەکەی سـەردەمی خۆیەتی، پێی وایە تاکە سەرچاوەی چارەسەرە بـۆ نـاکۆکی و شتە شاراوەکانی خەڵکی.. بە باوەڕی ئەو، هەرچی ئەو پێی گەیشتووە و دەیڵێ، هەر ئەو ڕاست و دروستە، پێشـی وایە کە پێشـی ئەو کەس وا بیری نەکردۆتەوە و بەو شتانە نەگەیشتووە..

بیروبۆچـوون و ئەنجـامی بیرکردنەوەمـان هەر چۆنێـك بێـت، لەکۆتاییدا بەرهەمی ئەو کـاریگەربوونە قـووڵە بـێ هۆشـیارانەیە کە

زۆربەمان لە یادمان کردووە.. دەرئەنجامی ئەو پاڵنەر و پاشخانانەیە کە ڕوومان تێکردوون و پشتمان پێبەستوون تا بیروبۆچوونەکانمانی لەسەر هەڵچنین و باوەڕیشمان وابێ کە دەبێ هەموان پێوەی پابەند بن. کەم جار ئەوەمان بە خەیاڵدا بێت کە ڕەنگە بڕیار و دید و بیروبۆچوونەکانمان ببنە هۆکاری ناشیرینکردنی جیهان، جا لە ڕێگەی نەریتێکی بۆماوەیی بێ یان بیرۆکەیەکی هەڵە، یانیش ئەزموونێکی نادروستی تایبەتەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، وای دەبینم کە هەنگاوی یەکەممان بۆ پێشکەشکردنی بۆچوونێکی پاك و بڕیارێکی دروست، بریتییە لە دانان بەوەی کە هەموومان پێشتر بە هەر جۆرێك لە جۆرەکان کەوتووینەتە ژێر کاریگەری.. هەروەها دانیشی بەوەدا بنێین کە بیرکردنەوەی هەموومان دەرئەنجامی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونییەکانە..

ئەو کاتەی دان بەو ڕاستییەدا دەنێین، خەمی یەکەممان نابێتە بەرگریکردن لە بۆچوونە تایبەتەکانمان، بەڵکو لەوە دڵنیا دەبینەوە کە فێڵمان لە خودی خۆمان نەکردووە، هەر ئەو کات ئامادەی ئەوەش دەبین تا لە قۆناغی (بۆچی) ئەوە ئەنجام دەدەین؟! بچین بۆ قۆناغی (چۆن) گەشە بە خۆمان بدەین و لە ئێستا باشتربین..؟!

لە ڕاستیدا هەر ئەوەش هۆکاری نووسین و ئامادەکردنی ئەو کتێبەیە.. هەنگاوێکە وات لێدەکات پێش ئەوەی دەست بە قۆناغی گەشە بکەیت و کار لەسەر گەشەکردنی خود بکەیت، کار لەسەر ئاشکراکردن و دۆزینەوە خود و توانا ناوەکییەکانت بکەیت و بیانخەیتە جیهانی دەرەوە..

هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینی کتێبەکە بە چەندین

بابەت لەسەر دۆزینەوە خود دەست پێ دەکات، وەك: سەرەتا خۆت بناسە/ ڕەنگە بەو شێوەیە زیرەك و لێهاتوو نەبیت وەك خۆت باوەڕت وایە/ پەڵەی کوێرانە لە مێشکتدا/ قەناعەتە کەسیەکانت بیروباوەڕی پیرۆز نین.. پێش ئەوەی بچێتە سەر ئەو بابەتانەی کە لە سەر گەشەی خود و ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان دەدوێن، وەك: تەکنەلۆژیاکانی بەختێکی باش/ فێربە چۆن بڵێی (نا)/ بەلێهاتوویی و کۆششێکی کەمەوە کار بکە/ چی دەکەیت لە ماوەی سێ خولەکدا/ باشترین پیشە لە جیهان... جگە لەوەش "تیۆری فستق" کە ئامۆژگاری هەموو باوکان دەکەم تا لەگەڵ منداڵەکانیان گفتوگۆی لەسەر بکەن و تاوتوێی بکەن..

لەکۆتاییدا، هەمیشە بیرت بێت وشەکان هەر بە وشەیی دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی تۆ دەیانخەیتە بەرنامەی کارتەوە، ئەوسا دەبنە کردار و ڕەفتار.

نووسەر

## پلانت لە ژیاندا چییە؟

کاتێك فڕۆکە بەرەو هەر شارێك دەچێت، بە گوێرەی پلانێکی پێشوەختە و خشتەیەکی دیاریکراو بۆ بەرزبوونەوەکەی، گەشتەکەی دەست پێ دەکات، تەنانەت کاتی نیشتنەوە و ئەو فڕۆکەخانەیەشی بۆ دیارکراوە کە لێی دەنیشێتەوە.. جا لەبەر ئەوەی بە گوێرەی خشتەیەکی دیاریکراو و ورد، هەروەها پلانێکی تۆکمە و پێشوەختە، ڕێگەی گەشتەکەی دەبڕێ، هەمیشە بە ڕێژەی زیاتر لە 95% لە کاتی دیاریکراودا دەگاتە شوێنی مەبەست.

لە بەرامبەردا بیهێنە بەرچاوت (تەنها بیهێنە بەرچاوت) فڕۆکەوان دەچێتە ناو فڕۆکەکە، بێ ئەوەی هیچ پلانێك لە ئارادا هەبێ، نازانێ بەرەو کوێ دەڕوات، ناشزانێ لە کوێ دەنیشێتەوە.. کاتێکیش دەگاتە بورجی چاودێری هیچ کەس وەڵامی ناداتەوە و هیچ ڕێنماییەکی پێشکەش ناکەن..

-ئایا لەو بارودۆخەدا ئامادەیە بنیشێتەوە؟!

-ئایا ڕازی دەبێت ئاڕاستەکەی بەرەو شوێنێکی تر بگۆڕێت کە دیسان نازانێ بۆ کوێیە؟!

تا کەی لەو بارەدا دەمێنێتەوە؟! تا دەکەوێتە خوارەوە، یان دەچێتەوە هەمان خاڵی بەرزبوونەوەی؟!

ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤیش بەو شێوەیەیە، ئەگەر هاتوو بە پلانێکی پێشوەختەوە کارەکانی ئەنجام بدات، بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەگاتە

ئەو شوێنەی کە ویستی لەسەرە.. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر هیچ پلانێکی دیاریکراوی نەبوو، ئەوا بە سەرلێشێواوی هەر لەو خاڵە دەمێنێتەوە کە تێیدایە.. تەنانەت ئەگەر بیەوێ بەرزیش بێتەوە ئەوا هێزێکی گەورە و کاتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدات و دواتریش لە هەمان خاڵ دەکەوێتە خوارەوە، یانیش لە هەمان خاڵ دەنیشێتەوە..

بە هەمان شێوە ئەوەیە جیاوازیی نێوان مرۆڤێکی سەرکەوتوو و مرۆڤێکی شکستخواردوو لە ژیان، مرۆڤی سەرکەوتوو هەمیشە بە پلانێکی دیاریکراوەوە بەرەو ئایندە و ئەو ئاڕاستەی کە دەیەوێ هەنگاو دەنێ (زۆربەی کاتەکانیش لەو شوێنە دەنیشێتەوە کە لە پلانەکەیدا دیاری کردووە).. لە بەرامبەردا زۆربەی خەڵکی پلانێکی دیاریکراویان بۆ ئەو شتانە نییە کە دەیانەوێ لە داهاتوودا پێیان بگەن، هەر بۆیەش شتێکی سروشتییە کە نەگەن بە هیچ شوێنێک..

بە باشی سەیری دەوروبەرت بکە.. کەسانێك دەبینی کە تا ئەندازەیەکی زۆر زیرەك و لێهاتوو و چالاکن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانیاندا سەرکەوتوو نین -زۆر بەسادەیی- چونکە ئەوان نە ئاڕاستەکانی ژیانیان، نە ئامانجەکانیان نازانن، ناشزانن چۆن ویستەکانیان بەدی بهێنن.. لە هەر کامیان بپرسی ئامانجت لە ژیاندا چییە؟ بە چەند وشەیەکی بێ بنەما و ڕاڕاییەوە وەڵامت دەداتەوە، کە خۆشی نازانێ دەڵێ چی. لە بەرامبەریشدا ژیانی کەسایەتییە گەورە و سەرکەوتووەکان ئەوەمان پێدەڵێ کە هەر یەکێکیان لە سەرەتاوە خاوەنی ئامانج و پلانی دیارکراو بوونە، هەر لە سەرەتای تەمەنیشیانەوە هەوڵی بەدیهێنانیان داوە (بە جۆرێك بەشێکیان وازیان

له خوێندنی زانکۆ هێناوه له پێناو گەیشتنیان به ئامانجه باڵاکانیان).

بەپێی ئەزموونی خاکیانەی خۆشم، پێم وایه که "ونکردنی ئامانج" له سەرەتای تەمەن، هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتن و بەدینەهاتنی خەون و ویستەکانی مرۆڤه، ئەو کارەش هیچ پەیوەستیەکی به تەمبەڵی و سستییەوه نییه، بەڵکو پەیوەسته به ڕۆیشتنی مرۆڤەکان به ئاراستەیەکی هەڵه و سوڕانەوەیان له دەوری بازنەیەکی بەتاڵەوه، هەر ئەوەشه وا دەکات که کۆتایی هەموو ڕێگاکان به (هیچ) کۆتاییان پێ بێت!!

له ڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر هەیه له نێوان دانانی **"پلانی کار"** لەگەڵ هەبوونی چەندین هیوا و ئامانج که زۆربەمان تیایدا هاوبەشین.. بۆ نموونه: کاتێك پرسیار له هەر گەنجێك دەکەیت: "چیت دەوێ له ژیان؟" وەڵامت دەداتەوه: "سەرووەت و سامان" یان "کامەرانی" یان "سەرکەوتن".

بێ ئاگا لەوەی که پاره و کامەرانی و سەرکەوتن چەند هیوایەتێکی سەرەتایی گشتین و هەموان هیوای به دەستهێنانیان دەخوازن، هەرگیز ناکرێ وەك پلانی کار هەژماریان بکەین.

له ڕاستیدا پلانی کار پێویسته خشتەیەکی زەمەنی لەخۆ بگرێ، جگه لەوەش پێویسته چەند هەنگاوێکی کرداری لەگەڵدابێ، جێبەجێکردنەکەشی بەو هیوایەتانه کۆتایی دێت (سەرووەت، کامەرانی، سەرکەوتن).

ئەگەرچی دان بەوەدا دەنێم که **"پلانی کار"** سەداسەد گەیشتنەکەت به شوێنی مەبەست له خۆ ناگرێ، بەڵام بەدڵنیاییەوه

زۆر لەوە باشترە هیچ پلانێکت نەبێ، بۆیە تا چەند پلانی کارەکە باش و ورد بێت، ئەوا ڕێژەی سەرکەوتن و گەیشتنت بە شوێنی دیاریکراو بەرزتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە تا چەند پلانەکەت خراپ و بە کەموکورتیی بێت، ئەوا لە گەیشتنت بە شوێنی دیایکراو درەنگتر دەکەویت.

سروشتی کار و بەدیهێنانی ئاواتەکانیش هەر وابووە، کە بە تەنها خاوەنداریتیکردنی ئامانجێکی ڕوون و پلانی کار بەس نین بۆ گەیشتن بە خاڵی ویست، بەڵکو پێویستە لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان ئازایەتی و بوێری و ئارامگرییش بوونیان هەبێ، هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە ژیانی کەسایەتیە سەرکەوتووەکان دەبینین کە خۆیان، بەدەست و بازووی خۆیان بوار و دەرفەتیان بۆ خۆیان دروست کردووە (وەك: دامەزراندنی پرۆژەی بچووك، کاری تایبەت) لە هەمان کاتدا کەسانی شکستخواردوو لە ژیان، هەمیشە پێیان وایە کە کەسانی تر ژیانیان بەڕێوە دەبەن و بڕیار لەسەر شێوازی ژیانیان دەدەن، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش هەمیشە وایان لێدەکات کە چاوەڕێی دەستی کەسانی تر بن بۆ بەدەستخستن و گەیشتن بە کار و پیشەیەك، هەرگیز بیریان بەلای ئەوەدا ناچێت کە بیر لە پرۆژەیەکی تایبەت و سەربەخۆ بکەنەوە.

بەڵام خراپتریش لە ملکەچبوونی کەسانی تر و چاوەڕێکردنی دەرفەتێك لە لایەن دەوروبەر ئەوەیە، کە توانا لاوازەکان بە ئامانجی گەورە سەیر بکرێن.. لە جیاتی ئەوەی پاپە پایە لە پەیژەکە

سەربکەوێ، ئەوا هەر لە باری خەونبینین و هیوایەتخواستن بەوەی کە بەیەك هەنگاو بگات.

بە دوا پایەی پەیژەکە دەمێنێتەوە، جا کاتێکیش -دوای زەمەنێکی زۆر- بۆی دەردەکەوێ کە ئەو هێشتا پایەی یەکەمیشی نەبڕیوە، دووچاری نائومێدی و داڕمانێکی گەورەی دەروونی دەبێت!

هەروەها کەسە شکستخواردووەکان هەمیشە جەخت دەخەنە سەر بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێگایان، ئەگەر تەنها جارێکیش ئاستەنگێکی بچووك بێتە بەردەمیان، ئەوا ئەو چەند هەنگاوەی بڕیویشیانە دەگەڕێنەوە، پێچەوانەی کەسایەتییە سەرکەوتووەکان، ئەگەر چەندەها جاریش ئاستەنگی گەورە بێتە سەر ڕێگایان سەریان بەرز دەکەنەوە و ئاستەنگەکان بە بچووك سەیر دەکەن، چونکە ئەوان ئامانجەکەیان زۆر بە گەورەتر دەزانن لەو بەربەستانە (بێگومان سەیرکردنی ئامانجەکان بە گەورەیی، وات لێدەکات کە هەمیشە ئاستەنگەکانت لا بچووك و بێ بایەخ بن).

هەروەها کەسایەتییە سەرکەوتووەکان هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەست پێدەکەن، بەڵام کەسانی ناسەرکەوتوو، زۆربەی تەمەنی سەرەتاییان بە (دواتر دواتر) بەڕێ دەکەن و هیچ پرۆژەیەکیان بە تەواوی بە ئەنجام ناگەیەنن، تا پیری یەخەیان دەگرێت... لە هەمان کاتدا سەرکەوتووەکان بیرۆکەکانیان لە سبەیدا دەخەنە بەرنامەی کارەوە، بەڵام کەسانی ناسەرکەوتوو هەمیشە چاوەڕێی **"دەرفەتێکی گەورە" یان "کاتێکی گونجاوتر" یان "هاوبەشێکی بەهێز"** دەکەن، ئەوان هەر لەو چاوەڕوانیەدان،

Scanned by CamScanner

دەرفەتەکە وەك باڵندەیەك لەبەر دەستیان بەرز دەبێتەوە و لە شەقەی باڵ دەدات و جارێکی تر ناگەڕێتەوە... یەکێکی تر لە گرنگیەکانی هەر پلانێکی کار، بریتییە لە دیدگایەکی ڕوون و نەرمونیانی و جەختکردنەوە و جیاوازی.

چەندە دیدگایەکی ڕوون لە پرۆژە و بەرنامەکەتدا بوونی هەبێ، ئەوا جێبەجێکردن و گەیشتنت بە ئامانجەکە ئاسانتر دەبێت.

نەرمونیانییش سیفەتێکی گرنگ و پێویستە لە جێبەجێکردنی هەر کارێك، تا بتوانی زۆر بە ئاسانی بەسەر بەربەستەکاندا زاڵ بیت، یانیش بتوانی زۆر بە ئارامی مامەڵە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەك بکەیت کە دێتە بەردەم پلانی کارەکەت.

جەختکردنەوەش بەو واتایەی کە توانا و وزەت بخەیتە سەر ئامانجی سەرەکی (فڕۆکەوان هەر چەند لێهاتووش بێت، تەنیا دەتوانی کۆنترۆڵی یەك فڕۆکە بگرێتە دەست) تۆش هەرگیز ناتوانی لە یەك کاتدا بە دوو ئامانجی زۆر گەورە بگەیت.

جیاوازی و تاکیەتی لە کارکردنیش تەنها پەیوەست نییە بە چۆنییەتی جێبەجێکردنی پلانی کار، بەڵکو تاکیەتی خۆی لە خۆیدا مەبەستێکە، بۆ نموونە: گەنجێك پلانی کارەکەی ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە کۆلێژی پزیشکی تەواو دەکات (بێگومان ئەوەش کارێکی باشە)، لە کاتێکدا هەر لە هەمان ساڵدا ڕەنگە هەزاران کەس لەو بەشە دەربچن، بەڵام ئەو ئەوکاتەی کە بڕیار دەدات ببێ بە پزیشك (تا ئەو دەرمانە بدۆزێتەوە بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییەی کە باوکی بەهۆیەوە وەفاتی کرد)، ئەوا ئەوکاتە پلانێکی جیاواز و ڕوونتر لەوانی تر جێبەجێ دەکات!!

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەگەر نەتزانی بۆ کوێ دەچیت، ئەوا هەموو ڕێگاکان بە (هیچ) کۆتاییان دێت!
- نهێنیی سەرکەوتن، لە ڕوونیی ئامانج و نەرمونیانیی لە جێبەجێکردندایە.
- کەسانی شکستخواردوو هەمیشە بە کێشە و ئاستەنگەکانەوە سەرقاڵ دەبن، کەسایەتییە سەرکەوتووەکان بە بەدەستهێنانی ئامانجی کۆتاییەوە خەریك دەبن.

***

## سەرەتا خۆت بناسە!

یەکێك لە فاکتەرە هەر سەرەکییەکانی سەرنەکەوتن و شکستی ئێمە لە ژیان، بریتییە لە نەناسینی خودی خۆمان و بێ ئاگاییمان لە توانا و لێهاتووییمان.

بەر لەوەی هەر کەسێك بناسیت، پێویستە خۆت بناسیت، پێش ئەوەی هەوڵی تێگەیشتن لە هەر کەسێ بدەیت، پێویستە سەرەتا لە خۆت تێبگەیت، پێش ئەوەی هەنگاوی بەدەستهێنانی هەر شتێکیش هەڵبنێی، پێویستە سەرەتا ڕادەی حەز و ئارەزووت بۆ ئەو شتە بزانیت.. هەر بۆیەش بێ ئاگایی و نەناسینی خودی خۆمان و تەمومژاویبوونی خەونەکانمان، گەورەترین بەربەستی سەرکەوتنمانە لە ژیاندا، نازانین چیمان دەوێ، ئارەزووی کام ئاڕاستە دەکەین؟ کاتێکیش لە بوارێکدا شتکست دەهێنین هەر زوو بە لۆمەی دەوروبەر دەست پێدەکەین و شکستەکە دەخەینە ملی ئەوان، بێ ئاگا لەوەی کە نەناسینی خودی خۆمان، گەورەترین هۆکاری شکستەکەمان بووە.

لەم کورتە باسەدا چەند پرسیارێکم خستۆتە ڕوو، دەتوانین سوودیان لێوەربگرین تا وێنەی ڕوونی خودی خۆمانیان تێدا بدۆزینەوە، هەروەها تا ببنە هۆکارێك بۆ تێگەیشتن لە ناخی خۆمان و پێزانینمان بە لایەنە جیاواز و لاوازەکانی کەسایەتیمان.

- بۆ نموونە: لە حاڵەتێکدا ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمی

منداڵی.. ئایا گەورەترین خەونی ئەو کاتت بیر ماوە؟!... ئەو کات دەتویست ببیت بەچی (کاتێ گەورە دەبی)؟!... حەزت بۆ چ شتێك دەجوولا؟... چ شتێکی تۆ جێگای سەرنجی دەوروبەرت بوو؟ چیت پێشبینی دەکرد بۆ داهاتووت؟ چیشت پێشبینی نەکردبوو؟ ڕاستە زۆر شت بەراورد بەو کات گۆڕاوە؛ بەڵام هەمیشە گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە دەمانگەڕێنتەوە بۆ خەونە بێ خەوش و بێگەرد و ڕاستەقینەکان، چونکە ئەو کات هیچ بارودۆخێك ملکەچی نەکردبووین تا هیوای بەدەستهێنانی ئەو خەونانە بخوازین (ئاخۆ دەبێ چەند خەونی منداڵی لە لایەن خاوەنەکانیانەوە دواخرابن بۆ دوای تەمەنی خانەنیشینی؟).

● سروشتی مرۆڤ وایە، کە کەم خەڵك هەیە لە خۆی ڕازی بێت... هاوڕێیەکم بیردێ، هەمیشە لە کەسانی دەوروبەری دەپرسی ئایا تۆ لە خۆت ڕازی؟! ئەگەرچی ڕۆژێك لە ڕۆژان بایەخی بە وەڵامەکانیش نەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە پرسیارەکەی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕاستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگر، بیرمان دەخاتەوە کە چەند هەڵە و کەموکورتیمان لە شانی خۆمان هەڵداوە... ئەگەر وەڵامەکەش بە (نەخێر) بێت ئەوە هەنگاوێکی تر دەست پێ دەکات، ئەویش بریتییە لە: ئەی کە ڕازی نیت چی دەکەیت؟ بە نیازی چیت؟!

● من -وەك خۆم- پێم وایە بە ڕێژەی (99%)ی مرۆڤەکان لەیەك دەچن، پرسیارەکە لێرە پەیوەستە بەو (1%)ـە، چی لەوانی تر جیات دەکاتەوە و بواری سەرکەوتنت بۆ دەڕەخسێنێ؟! باش

Scanned by CamScanner

سەیری کەسانی دەوروبەرت بکە؛ دەبینی ڕێژەیەکی زۆریان خاوەنی توانا و زیرەکی و لێهاتوویی و بەهرەن.. تێبینی ئەوەش دەکەیت کە زۆربەیان خاوەن بیرۆکە و پرۆژەی هاوشێوە و لەیەکچوو و خەونی هاوبەشن.. ئێستاش بگەڕێوە بۆ ڕامان لە خودی خۆت، باش ڕابمێنە، سەرنج بدە و هەوڵ بدە بزانە چ شتێك تۆ لەوانی تر جیا دەکاتەوە و چ شتێکی تۆ لە هی ئەوان باشترە؟ ئەو تایبەتمەندی و جیاوازییەی تۆ سەرچاوەی سەرکەوتنەکانتە، بە مەرجێ لەسەری بەردەوام بیت و سوور بیت لەسەر جێبەجێکردنی.

- هەروەها گرنگە کە خۆت لە دوای پەککەوتن و خانەنشینبوون بهێنیتە بەرچاو، ئایا ئەو کات هیچ شتێك هەیە لێی پەشیمان بیت؟!

لە ئێستادا زۆر گرنگە کە شتێك نەکەیت کە وا هەست بکەیت لە کاتی گەیشتنت بەو تەمەنە لێی پەشیمان دەبیتەوە، هەر زوو هەموو ئەو نەریتانە تێك بشکێنە کە کێشەی بچووکت بۆ دروست دەکەن، بەر لەوەی کێشەکان گەورە و قورس ببن و بواری ڕزگاربوونت نەبێ و سەرت تیایاندا سپی بێ و پیرت بکەن، بەڵام لە بارێکدا کە تۆ پاك و بێگەردیت و شتێکی وات ئەنجام نەداوە کە لە داهاتوودا لێی پەشیمان بیت، ئەوا هەوڵبدە کارێکی گەورە بکەیت، کارێك کە ئەگەر بێت و ئەنجامی نەدەیت لە کاتی گەورەبوونت پەشیمان بیت لە ئەنجامنەدانی!

- لەبەرئەوەی کە هیچ کەسێ ناتوانێ دەستەبەری ئەوە بکات و گرێنتی ئەوە بدات کە دەگاتە تەمەنی پیری، وا خەیاڵ بکە-

خودای گەورە لە قەدەری هیچ کامتانی نەنووسیبێت- پزیشک هەواڵت پێبدات و پێت بڵێ: دوای شەش مانگی تر تۆ وەفات دەکەیت!

لەو کاتەی کە دەزانی پزیشکەکە زۆر بە جددیەوە قسەکە دەکات و تۆش ملکەچی وتەکەی دەبیت، ئەوا زۆر بە خێرایی دەستبەرداری ئەو بابەتە لاوەکیانە دەبیت کە زۆر گرنگن نین لە ژیانتدا، هەوڵ دەدەیت گرنگترین ئامانجەکانی ژیانت ئەنجام بدەیت، بۆ نموونە: یەکەم شت کە تۆ بە پەلە دەکەیت لە ئەنجامدانی چی دەبێت؟ لەو ماوە کورتەدا چ شتێك ئەنجام دەدەیت بۆ دەستەبەرکردنی بژێویی خێزانەکەت؟ دەتەوێ چ شتێك بیر دەوروبەرت بخەیتەوە؟ ئایا پرۆژەیەکی ناوازەت هەیە تا لەو ماوەیەدا جێبەجێی بکەیت؟!

هەموو ئەو پرسیارانە تێگەیشتنێکی نوێ و باشترت پێدەدەن بۆ ناسینی خود.. بۆیە پێش ئەوەی لۆمە و سەرزەنشتی هەر کەسێك بکەیت پێویستە خۆت بناسیت و پرسیاری ناسنامە و تواناکانت لە خۆت بکەیت.

هەمیشەش پرسیار نیوەی وەڵامەکەت پێشکەش ناکات!

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی شکستمان لە ژیاندا، بریتییە لە نەناسینی خودی خۆمان و سوربوون لەسەر ناسینی شتە دەرەکییەکان.
- گەڕانەوەمان بۆ خەون و ئاواتەکانی منداڵی، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خەونە ڕەسەن و ئارەزووە ڕاستەقینەکان.
- شتێك هەیە تۆ لەوانی تر جیا دەکاتەوە.. هەوڵبدە بیدۆزیتەوە و بیقۆزیتەوە بۆ سەرکەوتنت بەسەریاندا.

***

## ئەگەر خەونی پێوە نەبینی،

## چۆن بەدەستی دەهێنی؟!

خەونە گەورەکــان هەمیشــە بە پێگەیشــتن و بەرجەســتەکردن کۆتاییان پێدێت، بەڵام خەونە سادەکان هەر بە سادەیی کۆتاییان پێ دێت.

خەونە بچووکەکــان چــاو لە ئاســت خەونە گەورەکــان کــوێر دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە خەونە گەورەکــان ئاسـۆی گەورەتـر و گەشــترت بە ڕوودا دەکەنەوە و بەرەو ئەو خەونــانەت دەبەن کە زۆربەی خەڵکی خەونیان پێوە نەبینیوە!!

ئەو کــاتەی خەون بە (نــانێکەوە) ببینــی، ئەوا لەکۆتاییــدا دەبیــتە خــاوەنی پــارچە نانێــك، بەڵام ئەگەر خەون بە (کــارگەیەکی دروســتکردنی هەویــر)ەوە ببینــی ئەوا نابیــت بە خــاوەنی کەمتــر لە کارگەیەکی خواردەمەنی!

ئەو کەســانەی لە خەونەکانیــان ڕادەمێــنن و ورددەبــنەوە بەرەو ئاییندەمان دەبەن، بەڵام ئەو کەسانەی تەنهــا بە عەقــڵ بڕیــار دەدەن، کەم وایە سەرمەشقایەتی خودی خۆشیان پێ بکرێ.

من خۆم هەستم بە بلیمەتیی "مستەفا مەحموود" نەکردبوو، تا ئەو کــاتەی یەکێــك لە ڕەخنەگــران کتێبێکــی بەناونیشــانی "شــطحات مصطفى محمود" نووسی.. تەنانەت گرنگــی ڕۆمــانە زاستییەکانیشــیم نەدەزانی، تا ماوەیەك بەر لە ئێستا.

تۆش لە ئاست خۆتەوە، پێویستە خەونبینێکی گەورە بیت، ئەگەر ویستی بەدەستهێنانی ئامانجی گەورەت هەبێ.. پێویستە خاوەنی خەونـی گەورە و خەیـاڵی بـوێرانە بیـت، تـا خـاوەنی زۆرتـرین دەسـتکەوت بیـت.. دڵنیاشـبە ئەو کـاتەی کە تـۆ خەونـی گەورە و هێزی ویسـت و ئیـرادەت لا دروسـت دەبێ، تەنهـا نـابیتە خاوەنی سەرکەوتن و بەدیهێنانی خەونەکانت، بەڵکو وا لە جیهـان دەکەیـت کە دوات بـکەون و پەیوەنـدیت پێـوە بـکەن و بـتکەن. سـەیری چالاکوانی مافە مەدەنییەکان "مـارتن لۆسـەر کینـگ" بـکەن، چۆن توانی خەونێك بۆ یەکسانی ڕەشپێستانی ئەمەریکـا دروسـت بکـات، کاتێك لە وتارە بە ناوبانگەکەیدا بە نـاوی (مـن خەونـێکم هەیە) لە ساڵی (1960) پێشکەشـی کـرد. سـەیری کتێبـی (الخیـال العلمـي) بکەن چۆن خەونە قورسەکانی کردە واقیع، چۆن چوون و هاتنی بۆ سەر مانگ کردە واقیع، چۆن جیهانی بچووك کردەوە بۆ گوندێکی بچووکی ئەلیکترۆنی.

لە سـاڵی (1865) - وەك نمـوونە- "جـۆل فیـرن" ڕۆمـانێکی بە ناونیشانی (گەشتێك بۆ سەر مانگ) نووسی، دوای ئەوە بە نـزیکەی (100) ساڵ، (ئەپۆلۆ 11) بەرزبویەوە و بەرێکەوت بۆ بردنی یەکەم مـرۆڤ بـۆ سـەر مانـگ.. هەروەهـا بە مـاوەیەکی زۆریـش پـێش دروسـتبوونی غەواسـی نەوەوی ڕۆمـانێکی بە نـاوی (20 هەزار فەرسـەخ لە ژێـر دەریـا) نووسـی، کاتێـك ئەو دەزگـایە دروسـتکرا وڵاتی ئەمەریکا هەمان نـاوی لەو دەزگـایە نـا.. "دوس هێکسـلی" لە سـاڵی (1932) هەواڵـی سـەرهەڵدان و دروسـتبوونی منـداڵی بە

شێوازی بلووری داوە، لە ڕۆمانی (جیهانێکی نوێی بوێر).. "ئەرسەر کلارك" لە ساڵی (1970) لە ڕۆمانی (لەدایکبووی ترسێنەر) جیهان لە دروستبوونی مانگی دەستکرد ئاگادار دەکاتەوە...

**ئەوەی ئەو زانایانە پێشکەشیان کردووە بریتین لە خەونی زۆر جیاواز -پلانی ئایندەیی- هەموو زانایان و جیهانیان بەلای نووسینەکانی خۆیاندا ڕاکێشاوە و ناچاریان کردوون سەرقاڵبن بۆ بە دەستهێنان و گەیشتن بەو ئامانجانەی ئەوان خەونیان پێوە بینیوە.**

هەروەها لەگەڵمدا سەرنج لەو چەند سەرکەوتن و بەدەستهێنانە گەورە و مێژووییانە بدە کە لە دوای هەموویانەوە گەورە زانا و کەڵەپیاوێك هەیە.. -بۆ نموونە- سەرنج لەو پێشهاتانە بدە کە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) سەبارەت فتوحاتەکانی دوای مردنی بە هاوەڵانی داوە، عەرەب تا ساتەوەختی هاتنی "وەحی"ش چەند گەل و تیرەیەکی پەرتوبڵاو بوون، هەرگیز تەنانەت بیریشیان لەوە نەکردبووەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ دوو ئیمپراتۆری مەزنی وەك "ڕۆم" و "فارس"دا ڕووبەڕوو ببنەوە و بجەنگن، بەڵام باوەڕبوون و متمانەیان بە فەرمایشت و باسکردنی پێشهات و هەواڵدانەکانەوە لە لایەن پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) ئەو شتە مەحاڵانەی لەلا کردنە واقیع و نەك هەر ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵکو بەسەریشیاندا سەرکەوتن.. نموونەیەك لەو هەواڵدانانەی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) بە هاوەڵانی: ((إِنَّ اللهَ زَوَى لِي الأَرْضَ، فَرَأَيْتُ مَشَارِقَهَا وَمَغَارِبَهَا، وَإِنَّ أُمَّتِي

سَيَبْلُغُ مُلْكُهَا مَا زُوِيَ لِي مِنْهَا..)) واتە: ((خـودای گەورە زەوی بۆ کۆکردمەوە و نیشانی دام، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوایم بینـی، ئۆمەتی مـن بە هەمـوو ئەو زەویە دەگـات کە نیشـانی داوم..)) هەروەهـا فەرموویەتی: ((إذا هَلَكَ كِسْرَى فلا كِسْرَى بعدَه وإذا هَلَكَ قَيْصَرُ فلا قَيْصَرَ بعدَه والـذی نفسـی بیـدِهِ لَتُـنْفَقَنَّ كُنُوزُهُمَا فی سبیل الله)) واتە: ((کە کیسـرا لەناو چوو کیسـرایەکی تری لەدوا نایەت، کە قەیسەر لەناو چوو قەیسەرێکی تر لە دوای نایەت، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، لە پێناو خـودا لـە گەنجینـە و خەزێنەکانیـان دەبەخشـن)).. هەروەها وەك هەواڵێك بە هـاوەڵان فەرمـوویەتی: ((إِنَّكُمْ سَتَفْتَحُونَ مِصْرَ، وَهِـيَ أَرْضٌ يُسَمَّى فِيهَـا الْقِـيرَاطُ، فَإِذَا فَتَحْتُمُوهَـا فَأَحْسِـنُوا إِلَى أَهْلِهَا، فَإِنَّ لَهُمْ ذِمَّةً وَرَحِمًا)) واتە: ((ئێـوە میسـرِ فەتـح دەکەن، ئەوێ زەویەکە دەوترێـت قیـڕات، سـا ئەگەر فەتحتـان کـرد، ئەوا لەگەڵ خەڵکەکەیـدا باشـبن، چـونکە خەڵـکەکەی ئەمـن و ئاسـایش و ڕەحمەتیان بۆ هەیە)). بەڵکو زۆر لەوەش زیاتر ڕۆیشتووە و هەواڵی گەورەتـری داوە، وەك دەفەرمووێـت: ((لتفتحن القسطنطينية، فلنعم الأمير أميرهـا، ولنعم الجيش ذلك الجيش)) واتە: ((قوسـتەنتینیە فەتح دەکەن، جـا باشـترین ئەمیـر ئەمیـری ئەو جەیشـەیە کە فەتحـی قوسـتەنتینیە دەکـات، باشـترین سـوپاش هەر ئەو سـوپایەیە)) (ئەم فەرموودەیەی کۆتایی بە دیاریکراوی لەلایەن زۆرێك لە جێنشینە

ئەمەوی و عەباسییەکان هەوڵی زۆری بۆ درا تا شەرەفەکە بەدەست بهێنن، بەڵام دواتر ئەو هەواڵە لەسەر دەستی محەمەد فاتح "محمد الفاتح" لە ساڵی (857) کۆچی کرایە واقیع و هاتە دی!!

ئەگەرچی ویستێکی پێشوەختەم بۆ چوونە ناو ڕووداوە مێژوویی و هەواڵە پێشوەختییە زانستییەکان نەبوو، بەڵام کێشەیەك نییە، توانیم ئەو پەیامە بە تۆ بگەیەنم کە خەونی تاکەکەسی پاڵنەر و هاندەرێکی بەهێزە بۆ گەیشتن بە ئامانجی زۆر گەورە.. هەر کاتێك بە خەونێکی تاکەکەسی گەیشتیت، ئەوا تۆ نیوەی ڕێگەت بڕیوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە، تا چەندیش خەونەکە گەورەتر بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەنجام و گەیشتن بە ئامانجەکە گەورەتر دەبێت لەوەی پێشبینی بۆ دەکرێت.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- ناکرێت خەون و ئامانجێك بەدەست بێت و پێی بگەیت، ئەگەر پێشتر لە خەیاڵتدا بوونی نەبووبێ و مێشکتی سەرقاڵ نەکردبێت.
- هەمیشە خەونی گەورە بۆ خۆت دابنێ، تا لە کۆتاییدا بگەیت بە ئامانجی کەمتر لە ویستەکانت، بەڵام لە کۆتاییدا زۆر باشتر لە ئامانجی زۆرینەی خەڵك.
- خەونە گەورەکان هەمیشە بە پێگەیشتن و بەرجەستەکردن کۆتاییان پێدێت، بەڵام خەونە سادەکان هەر بە سادەیی کۆتاییان پێ دێت.

***

# پێشبینییەکان خۆیان بەدی دەێن

بۆچوون و پێشبینییەکانمان بەرێژەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر هەڵوێست و مامەڵەی دەوروبەر هەیە بەرامبەر بە ئێمە.. - بۆ نموونە- ئەگەر تۆ هەواڵێکی پێشوەختە لەسەر کەسێکی فێڵباز وەربگریت (یان کەسێك کە نیەتێکی خراپی لە تۆ شاردۆتەوە) بەدڵنیاییەوە زۆر زۆر بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت (ڕەنگە پێویست بەو جۆرە مامەڵەیە نەکات).. کاتێك هەست بەوە دەکات کە تۆ بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت، ئەویش هەوڵ دەدات بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ تۆدا بکات (چونکە بۆ هەموو کارێك کاردانەوەی دژە ئاراستە هەیە) ئەوسا تۆش وا هەست دەکەیت کە گریمانەکەت ڕاست دەرچووە. لەبەر ئەوەی تۆ لە بۆچوونی یەکەمتدا زۆر دڵنیا بوویت، بۆیە مامەڵەکەتان بەو جۆرە بەردەوام دەبێت، تا دەگەنە قۆناغی ڕووبەڕووبونەوە یان بەریەککەوتنی ڕاستەقینە.

ئەمە تەنها نموونەیەك بوو بۆ پێشبینی و هەواڵە پێشوەختیە کەسییەکان، کە بێ ئەوەی ئاگاداربین و بێ ویستی خۆمان کار بۆ بەرجەستەکردن و بەدیهێنانیان دەکەین.. توانای ناویستیشمان بۆ بەدەستهێنانی ئەو جۆرە پێشبینیانە دەچێتە ژێر ڕکێفی هەمان تیۆری کۆمەڵایەتی (دەبێتە هەڵگری هەمان ناو) و شیکاری ڕۆڵی پێشبینییەکان لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ نیشان دەدات... ئەم تیۆرە لە

سالّی (1949) له لایەن زانای کۆمەڵناس "کی میرتۆن" دانراوە، ئەم تیۆرە ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینێ، ئەوەش دەچەسپێنێ کە بیرۆکەکانمان تەنها شێوازی مامەڵەی دەوروبەرمان بۆ دیاری ناکەن، بەڵکو یارمەتیدەرێکی باشن بۆ پێکهێنانی ژیان و بەرجەستەکردنی هیوا و ئاواتەکانمان!

بەڕاستی زۆر ترسناکە ئەگەر بێت و یەکێك لە ئێمە "گومانی پێشوەختە" یان "بۆچوونی ئامادە"ی هەبێ، واتا بێ بەکارهێنانی هەست و هۆشی کارەکانی ئەنجام بدات و مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکات.. هەر تاکێکیش هەڵگری کەسایەتییەکی شەرانگێز و هەڵگری بیرێکی گوماناوی بێت، ئەوا هەمیشە کردارەکانی بێ ویستی خۆی ئەنجام دەدات.. بۆ نموونە، ئەگەر کەسێك بیرۆکەیەکی تەسکی خۆپەرستی لە کۆمەڵە کەسێکی بەرامبەریدا پێشبینی بکات، ئەوا بە دڵنیایی هەمیشە کارەکانی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە بە گومانەوە دەبرێت، لە هەمان کاتیشدا کاردانەوەیەکی هاوشێوە لە کۆمەڵەکەی بەرامبەریدا دەبینێ.

ئەم جۆرە پێشبینیانە (خۆیان بەدی دەهێنن) ڕەنگە لە نێوان باوك و کوڕ، بەڕێوەبەر و فەرمانبەر، سەرۆك و گەل، تەنانەت لە نێوان خودی وڵاتاندا ڕووبدات.. - بۆ نموونە- هیند وای دەبینێ کە بەهۆی کەرتی "کشمیر"ەوە پاکستان پیلانگێری لە دژی ئەنجام دەدات، بۆیە ئامادەباشی دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، لەلایەن خۆشیەوە پاکستان بەو دەمارگیرییە تووڕە دەبێت و هێزی خۆی بە ئاراستەی ئەو هەرێمە دەجوولێنێ، لە ئەنجامیشدا ڕووبەڕووبونەوە و

جەنگ لە نێوانیاندا ڕوودەدات.. هەبوونی ئەو جۆرە لە پێشبینی و گومانکردنە هەمیشە ئەنجامەکەی بە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە کۆتایی دێت.. ئەو گومانەی هەیانە لە مەیدانی جەنگدا بەرامبەر یەکدی بەرجەستەی دەکەن، بێ ئەوەی هۆکاری سەرەکی و ڕاستەقینە دەربکەوێ.

بەڵام لایەنی باشی ئەو جۆرە دیاردەیە ئەوەیە کە هەمیشە کەسی بەرامبەر بە هەمان لێهاتووییەوە مامەڵە دەکات، بەو واتایەی؛ کاتێك تۆ متمانەیەکی تەواو بە کەسێك دەدەیت، بە دڵنیایی (ئەویش) بە هەمان شێوە و بە هەمان ئاست متمانەی خۆی بە تۆ دەدات، تۆش بەو جۆرە لە بەخشین و دەستپێشخەرییە دڵخۆش دەبیت و دڵنیا دەبیت، هەر بۆیەش تۆ لەسەر ئەو جۆرە مامەڵەیە بەردەوام دەبیت و ئەویش بە هەمان شێوە.. - بۆ نموونە- چەند جاران وات بەسەر هاتووە کە لە کاتی شت کڕین لە مارکێتەکەی گەڕەك، دوکاندارەکە هەستی کردووە کە تۆ پارەی تەواوت لا نییە بۆ کڕینی شتەکان و پێتی گوتووە (کێشە نییە؛ دواتر پارەکەم بۆ بێنە) تۆش هەست بەو متمانەیە دەکەیت کە پێتی بەخشی، هەر بۆیە هەوڵدەدەیت بە زووترین کات ئەو بڕە پارەی کە لات ماوە بۆی ببەی تا ئەو متمانەیە بەردەوام بێت..

ئەم جۆرە بیرکردنەوە (پێشبینیکردنی باشە)، بنەمایەکی پتەو و پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان کوڕ و باوك، بەڕێوەبەر و فەرمانبەر، سەرۆك و گەل، تەنانەت لە نێوان خودی وڵاتانیش دروست دەکات..

به هەر حاڵ، ئەمە تەنها چەند نموونەیەکە، تۆش هەوڵبدە لایەنی باشی ئەو بیرۆکەیە لەسەر کەسایەتی خۆت بەرجەستە بکەیت، با شێوازی مامەڵەت لەگەڵ تەواوی مرۆڤایەتی بە لایەنە ئیجابی و باشەکە بێت.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- بۆچوون و پێشبینییەکانمان بە ڕێژەیەکی زۆر کاریگەریان لەسەر هەڵوێست و مامەڵەی دەوروبەر بەرامبەر بە ئێمە هەیە.
- کاتێك تۆ پێشبینیت بۆ کەسی بەرامبەر بە شێوازێکی سلبی بێت، دڵنیابە ئەویش بە هەمان شێوە مامەڵەت لەگەڵ دەکات.
- لە بەرامبەردا کاتێك تۆ بە شێوازێکی ئیجابی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەیت و متمانەیەکی تەواویان پێدەدەیت، بە دڵنیایی (ئەوانیش) بە هەمان شێوە و بە هەمان ئاست متمانەی خۆیان بە تۆ دەدەن، ئەوسا وا هەست دەکەیت کە هەموان باشن.

***

## تۆ باوەڕی خۆتی!

ئێمە دەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوە و بۆچوونانەین کە سەبارەت بە خودی خۆمان هەمانە..

ئێمە ڕێک ئەو وێنەیەین کە لە بیر و هزری خۆماندا بۆ کەسایەتی خۆمان کێشاومانە..

تەنانەت منداڵەکانیشمان بەو ئاماژە و بۆچوونانەوە گەشە دەکەن کە ڕۆژانە لە ئێمەوە گوێبیستیان دەبن و دەیانبینن..

پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی لە نێوان ڕەفتارە دەرەکییەکان و بینینە ناوەکییەکانی خودی خۆماندا هەیە، - بۆ نموونە- کاتێك تۆ باوەڕت وابێت کە ترسنۆك، یان لاواز، یاخود بێسوودی، ئەوا بە ئاراستەی ئەو باوەڕەت کارەکانت ئەنجام دەدەیت.. کاتێکیش بە پێچەوانەی ئەو باوەڕت بیردەکەیتەوە و پێت وایە کە تۆ کەسێکی بوێر و ئازایت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەبیتە خاوەن هێزێکی ناوەکی و متمانەیەکی خودی بەرز.

عەرەب هەر لە کۆنەوە گوتوویەتی: "هەر کەسێك لە داواکردن دوودڵ و ڕاڕا بێت، ئەوا یارمەتی بەرامبەری داوە بۆ ڕەتکردنەوە" هەروەها گوتوویەتی: "هەموو کەسێك لە ناوەکەیدا پشکێکی هەیە".

تۆ کاتێك لە داواکردن و خواستندا دوودڵ و ڕاڕا بیت، ئەو ڕاڕاییە لە شێوازی داواکردنەکەتدا ڕەنگ دەداتەوە و لە ئەندامەکانی جەستە و جوولەکان و جۆری دەنگت بە ئاشکرا

دەردەکەوێ، بەمەش ئەو کەسەی لە بەرامبەرتدا وەستاوە هەستی پێ دەکات.. هەر ئەو بێ متمانەییە بە خۆت و نەبوونی سەقامگیری لە قسەکردنتدا وا دەکات کە کەسی بەرامبەر زۆر بە ئاسانی و بەبێ هیچ بیانووێکی گونجاو داواکارییەکەت ڕەت بکاتەوە.. "هەموو کەسێك لە ناوەکەیدا پشکێکی هەیە" لەبەر ئەوەی ڕۆژانە ناوەکەمان لەلایەن خەڵکیەوە بەرگوێمان دەدرێتەوە، هەر لە منداڵیەوە مێشکمان دادەگرێت و ئاوێتەی دەبێ.. بۆیە کاتێك بانگمان دەکەن بە ناوی "عادل" یان "حنان" یان "نشمي" یان "سبع" یان "رحمة"، پێویستە لە کەسایەتیماندا جۆرێك لە دادپەروەری و سۆز و تەواوێتی و بوێری و بەزەییبوونی هەڵگرتبێ.. بەڵام لە بەرامبەریشدا هەست بە جۆرێك بە لاوازی و دوودڵی و نا هاوسەنگی دەکەین، کاتێك بە چەند ناوێکی گاڵتەئامێز و نامۆ بانگ دەکرێین، تەنانەت بە پرسیارکردنیش، بۆ نموونە کاتێك لێت دەپرسن: ئەرێ ناوەکەت واتای چییە؟!

بەڵام چارەسەر ئەوەیە کە بەر لەوەی کەسانی دەوروبەر و بەرامبەر شیکاری خراپ و ئیلهامی خراپ بۆ خودی خۆمان بکەن، ئێمە هەوڵ بدەین ئیجابیانە لە بەرژەوەندی خودی خۆمان شیکاری ئیجابیانەیان پێ بدەین.. (ئاماژە) چارەسەرێکی دەروونییە کە پزیشك بۆ خەواندن و پشودان بە نەخۆش پەیڕەوی دەکات، بەجۆرێك کاتێك بە ئاگا دێتەوە، ئاستی متمانەبەخۆبوونی زۆر بەرز دەبێتەوە.. (ئێمە) ڕۆژانە هەمان شت لەگەڵ خودی خۆماندا دەکەین، زۆر جاریش وایە ئەو جۆرە مامەڵەیەمان بێ ویستی خۆمانە.. بەڵام

ئاگاداربە هەرگیز پێشبینییەکانت بە سلبی پێشکەش بە خودی خۆت مەکە، بەڵکو هەوڵ بدە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و ئیجابی بێت.. پێویستە هەمیشە قسە لەگەڵ خودی خۆتدا بکەیت و باوەڕ بە خۆت بهێنی کە تۆ چەندە کەسێك ئیجابی و باشیت، چەندە بوێر و سەرکەوتوویت، هەرگیزیش توانا و لێهاتوویی خۆت لە کەسێکی تر پێ کەمتر نەبێت.. پێویستە چەند ڕستەیەکی باش و ئیجابیانە بۆ کەسایەتی خۆت دابڕێژی و ڕۆژانە بۆ خودی خۆت دووبارەیان بکەیتەوە (وەك: پێم وایە لەمڕۆوە چیتر شکست ناهێنم، جاری داهاتوو لە درکاندنی وشەی نەخێر دوودڵ و ڕاڕا نابم..). پێویستە وا هەست بکەیت کە تۆ هەمیشە زادەی ئەو بۆچوون و باوەڕانەیت کە سەبارەت بە خودی خۆت هەتە، تا لەکۆتاییدا بۆچوونەکانت ببن بە بیرۆکە، بیرۆکەکانیشت ببن بە قەناعەت، قەناعەتەکانیشت ببن بە ڕەفتاری ڕاستەقینە.

ئاماژە باشەکانت بۆ خودی خۆت ئامۆژگارییەکی لەخۆڕا و زیادەڕۆیی نییە، بەڵکو شێوازێکی بیرکردنەوە و چارەسەرێکی سەرکەوتووانەیە، کە زۆر جاران زانایانی دەروونی پەنای بۆ دەبەن... بۆیە پێویستە فێری ئەوە بیت کە چۆن ئیلهام بۆ خودی خۆت دروست دەکەیت، چونکە ئەگەرتۆ ئەو کارە نەکەیت ئەوا بە هەزاران کەس ئەو کارەت لەباتی ئەنجام دەدەن.. ئەوساش کەسایەتی تۆ دەکەوێتە ژێر چنگی بیرکردنەوەکانی ئەوان، ئەوان لە ڕێگەی بۆچوون و ئاماژەکانیانەوە کەسایەتیت بۆ دروست دەکەن.

ئەم بیرۆکەیە تەنها تایبەت نییە بە تۆ؛ بەڵکو پێویستە ئەو جۆرە

لە باوەڕ و ئیلهامبەخشیە بە شێوازی ئیجابی فێری منداڵەکانیشت بکەیت.. ئاگاداربە هەر کات منداڵەکەت بە گەمژە و ترسنۆك و دواکەوتوو وەسف بکەیت، ئەوا ئەو وەك ئەو وەسفانەی تۆ بۆ ئەو خۆی دەبینێ. لە بەرامبەریشدا کاتێك بە زیرەك و سەرکەوتوو وەسفی دەکەیت، بێ ویستی خۆی ڕەنگدانەوەی وەسفەکانی تۆ لە کەسایەتی خۆیدا بەرجەستە دەکات..

هەموومان کاتێك دەمانەوێ قەناعەت بە خۆمان بکەین کە دەتوانین کردارە مەحاڵەکان ئەنجام بدەین، ئەوەمان ئەزموون کردووە کە چۆن دەتوانین ئەنجامی بدەین.. ئەگەر هاتبا و پاشا "عەبدولمەلیك" گومانی هەبوایە لە تواناکانی بۆ بەرەوپێشبردنی سعودیە، ئەگەر هاتبا و "عبدالرحمن الداخل" گومانی هەبوایە لە گرتنەدەستی عەرشی ئومەوییەکان، ئەگەر هاتبا و ناپلیۆن ڕاڕا بوایە لە گەڕاندنەوەی بۆ پاریس (دوای هەڵاتنی لە دوورگەی هیلانە) کاتێك بە تەنها ڕووبەڕووی سوپای فەرەنسا بووەوە. ئەگەر هاتبا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) باوەڕی بە شکست هەبوایە، هەرگیز بەو جۆرە ڕووبەڕووی قورەیش نەدەبوویەوە و نەیدەفەرموو: ((لَوْ وَضَعُوا الشَّمْسَ فِي يَمِينِي، وَالْقَمَرَ فِي شِمَالِي، عَلَى أَنْ أَتْرُكَ هَذَا الأَمْرَ مَا تَرَكْتُه )) واتە: ((ئەگەر ڕۆژ بخەنە دەستی ڕاستمەوە، مانگیش بخەنە دەستی چەپمەوە، تا واز لەو بانگەواز و پەیامە بهێنم، ئەوا هەر وازی لێناهێنم)).

هەبوونی قەناعەتی تۆ بۆ ئەنجامدانی مەحاڵ، وات لێدەکات شیاو بیت بۆ ئەنجامدانی هەر مەحاڵێك.

## پوختەی تیۆرەکە

- ئێمە ڕێك ئەو وێنەیەین کە لە بیر و هزری خۆماندا بۆ کەسایەتی خۆمان کێشاومانە..
- دەتوانی هەموو مەحاڵێك ئەنجام بدەیت (تەنها) بەوەی قەناعەتی ئەوە لای خۆت دروست بکەیت، کە توانای گۆڕینی مەحاڵت هەیە.
- ئاگاداربە هەر کات منداڵەکەت بە گەمژە و ترسنۆك و دواکەوتوو وەسف بکەیت، ئەوا ئەو وەك ئەو وەسفانەی تۆ بۆ ئەو خۆی دەبینێ.

***

Scanned by CamScanner

## وازهێنان له خاڵه سلبیەکان، باشتره
## له زیادکردنی خاڵی ئیجابی

به هۆکاری ئەو بیرکردنەوە ڕەشانەی لای خۆت دروستت کردوون، کە هەمیشە زیانیان زۆر لە هەر هۆکارێکی دەرەکی زیاترە، پێویستە لە وێرانکردنی ناخی خۆت بوەستیت.. پێویستە پێش ئەوەی هەر خاڵێکی تر بخەیتە سەر خاڵە ئیجابیەکانی ترت، ئەو سلبیاتانە هەڵبوەشێنیتەوە و وازیان لێبهێنی کە لە ناختدا بوونیان هەیە..

بەرلەوەی بیر لە گەیشتن بە دەوڵەمەندی و بەدەستهێنانی ناوبانگ و کامەرانی و تەواوی هیوا و ئارەزووە جوانەکانت بکەیتەوە، دەتوانی ببیت بە مرۆڤێکی باشتر، ئەویش تەنها بە وەستان و وازهێنانت لەو هەڵوێستانەی کە وات لێدەکەن بەرەوپێش نەچیت و ڕێگرن لەبەردەم پێشکەشکردنی زیاتر..

پێش ئەوەی کات بەسەر بچێ و دەرفەتەکە کۆتایی بێت، پێویستە واز لەم خاڵانە بهێنی:

- خۆبەکەمزانین و کەمکردنەوە لە تواناکانت.
- بیرکردنەوە لەو هەڵانەی کە ئەنجامت داوە و کاتی چاککردنەوەیان بەسەرچووە.
- دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەکانی پێشوو لە داهاتوو.

- تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانەی ستەمیان لێ کردووی.
- لە گوتنی (بەڵێ) لەو کاتەی کە تۆ ئارەزووی (نەخێر) دەکەیت.
- چوونە ناو ژیانی کەسانی تر بە بیانووی ئامۆژگاری (جوانیی کەسی موسڵمان لەوەدایە کە واز لە شتێك بهێنێت کە پەیوەندی بەوەوە نییە).
- وازهێنان لە هاوڕێیەتیکردنی کەسانی شکستخواردوو (چونکە شکست نەخۆشیەکە لە کەسێکەوە دەچێت بۆ کەسێکی تر).
- وازهێنان لە لاساییکردنەوەی هەوڵی کەسێکی تر.
- وازهێنان لە درۆکردن لەگەڵ خودی خۆتدا و خۆدزینەوە لە خاڵە لاوازەکانت.
- وازهێنان لەو باوەڕەی کە بتەوێ کامەرانی بە پارە بکڕیت.
- لە گەڕان بە دوای بەختەوەری خۆت، لای کەسانی تر.
- لە کڕینی ڕێز و خۆشەویستی کەسانی دەوروبەرت بە پارە و پۆست و ناو و ناوبانگ.
- وازهێنانی لە بیرۆکەی ژیانێکی بێ کێشە و بێ کەموکورتی (تەواوی و کەمال تەنها بۆ خودایە).
- وازهێنان لە دواخستنی کارە جوانەکانت بۆ کاتێکی تر.
- وازهێنان لە بە هەدەردانی تەمەنت لە ڕکابەری و غیرە و ڕق و کینە بەرامبەر بە کەسانی دەوروبەر.

Scanned by CamScanner

- وازهێنــان له ملكهچبــوون و دابهزینــت بــۆ ئاســتی ئهو كهسانهی كه غیـرهت لـێ دهكهن، یـان ڕق و كینهیـان بهرامبهرت ههیه.
- وازهینـان له ههوڵـی بـێ ئامـانج بـۆ چـاككردنی خهڵـك (ڕهحمهتی خودا بـڕژێ بهسـهر ئهو كهسـهی كه لهبهر سـهرقاڵی به چـاككردنی دهروونـی خـۆی، ئاگـای له چـاككردنی كهسـانی تـر براوه).
- وازهێنــان لهو بیركــردنهوهی كه پێــی وایه كــۆمهڵگه و خهڵكــی له ههڵــدێرانێكی بهردهوام دان (ههركهس بڵـێ خهڵكـی لهناوچوون، ئهوا ئهو له ناوی بردوون).
- وازهێنان لهو باوهڕهی كه پێی وایه ئهوهی به خهیاڵی ئهودا دێت، به خهیاڵی هیچ كهسدا نههاتووه.
- وازهێنان له دوودڵی بهرامبهر ئهو ڕووداوانهی دوورن (واته ئهو شتانهی كه ئهگهری ڕوودانیان زۆر دووره).
- وازهێنان له ترسان له ئهزموونكردن و ئهنجامدانی ههڵه.
- وازهێنـان له ههر وشـه و كردارێـك كه سهردهكێشـێ بـۆ غروری و له سنوور دهرچوون بۆ خۆت و دهوروبهر.
- وازهێنان له ڕاڕایی و دوودڵیت له داهـاتووی منـداڵهكانت (ڕزق و ڕۆزی ئهوان پێش لهدایكبوون نووسراوه).

بهڵـێ پێویسـته واز له ههمـوو ئهوانه بهێنــی كه باسـمان كـردن، ئهگهر بـتهوێ ژیـانێكی كـامهران و دوور له دوودڵـی و ڕاڕایـی و خهم بژیت.. ههمیشه ئهوهت له یـاد بـێ كه وازهێنـان له خـراپهیهك

باشــتره له زیــادکردنی چــاکەیەك لەســەر چــاکەیەکی تــر (وەك زیادکردنی پارەی زیاتر، یان بەدەستهێنانی پیشەیەکی باشتر)، چونکە هەمیشە ئەو جۆرە لـه زیـادکردن دووچاری دڵتەنگـی و ڕاڕایـی و سـەرقاڵیت دەکـات.. ڕەنـگە لەسـەرەتادا دڵـت پێـی خۆشـبێ (وەك دڵخۆشـبوونت بە زیـادبوونی هەژمـارەکەت، یـان بەرزبـوونەوەی پلەکەت) بەڵام ئەو دڵخۆشبوونە کـاتییە و زۆر بەخێرایـی دەگەیتە ئەو ئەنجـامەی کە ئەوە جـگە لە زیـادکردنی سـلبیاتێك هیچـی تر نەبووە.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- پێش ئەوەی بیر لە بەرەوپێشبردنی خودت بکەیتەوە، هەوڵبدە واز لە وێرانکردنی بهێنی بە هۆی بیرۆکە ڕەشەکانت.
- ئەوەی تۆ پێویستت پێیەتی بۆ ژیانێکی دوور لە غەم، بریتییە لە کەمکردنەوە و وازهێنان لە خاڵە سلبی و لاوازەکانت، نەوەك زیادکردنی چاکە.
- ئەگەر هاتوو ژیانێکی خۆشت بۆ دەستەبەر بوو، دەتوانی بیرۆکە گەورەکانت بۆ کاتێکی تر دوابخەیت، تا ئاسوودە بیت.

***

## چەند کەپسوولەیەك
## کە شیاوی ئەزموونکردنن

کاتێـك بەیـانی لە خەو هەڵدەسـتیت، ژیانـت بە وزەیەکـی دیـاریکراو و دارێـژراو دەسـت پـێ دەکـات، ئەمەش وەك یەکە و ڕەسیدی دەروونی و ڕووحی و عەسـەبی تۆیە، تـا بە درێژایـی ئەو ڕۆژە، بەگـوێرەی ئەو وزە دیـاریکراوە و بەشـێوەیەکی جێگیـر و هاوسـەنگ ڕەفتـار بکەیـت.. ئەگەرچـی هەنـدێ جـار ڕەنـگە ئەو ڕەسـیدە بە بەریەککەوتنێـك، یـان مشـتومڕێکی بـێ بنەمـا، یـان هەڵوێستێکی تووڕەیی لەناو بچێـت و هاوسـەنگی خۆی لە دەست بـدات.. جـا کاتێـك دووچـاری حـاڵەتێکی لەو جـۆرە دەبـی، وزە ئیجابیەکەت بەرەو بەتاڵی دەچێت و وات لێدەکات ئەو ماوەی لەو ڕۆژەدا لەبەر دەستت ماوە بەسەر دەروونتدا زاڵ نەبـی و دووچاری ڕاڕایی و دڵتەنگییشت دەکـات (بە ئەنـدازەیەك نـاتوانی لە بەرامبەر منداڵەکەشتدا زەردەخەنەیەك بکەیت، یان وشەیەکی جوان بەرامبەر بە هاوسەرەکەت بڵێی، یان ئێوارە بچیتە لای باوکت).

بۆ ئەوەی ڕەسیدەکەت بڵاو نەبـێ و لە دەستی نەدەیت، بەپێی توانا هەوڵبدە کە زاڵ بیت بەسەر دەروونتدا و لە هەڵوێستی سلبیدا بە فیڕۆی نەدەیـت.. دڵنیـابە لەوەی کەس بە ترسنۆکت نـازانێ ئەو کـاتەی واز لەو کەسـە دەهێنێـت و گرنگـی پێنادەیـت کە دەیەوێ تووڕە دەمارگیرت بکـات.. دڵنیـابە کەسـیش بە نەزانـت نـازانێ ئەو

کـاتەی واز لەو گفتوگـۆ و مشـتومڕانە دەهێنیـت کە هـیچ دەرئەنجامێکی باش و زانستییان نییە.. کەسیش بە گەمژەت نازانێ ئەو کاتەی دەوەستیت و واز لەو هەوڵانەت دەهێنی کە پێشتر داوتە بۆ گۆڕینی گەردوون و بۆچوونی کەسەکان.. کەس وات نابینی کە تۆ کەسێکی لووتبەرز و بەفیزی ئەو کـاتەی وەڵامـی نەفامەکـان نادەیتەوە و بە دوای هەمـوو قسـەیەك ناکەویـت.. بەڵکـو تەواو بە پێچەوانەوە، ڕەفتاری لەو شێوە دەخـاتە ژێـر چەتـرێکەوە، خـودای گەورە کاتێك باسی باوەڕدارە سەرکەوتوو و سەرفرازەکان دەکـات و دەفەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ﴾ [المؤمنون: ٣]. واتە: ((ئەوانەش کە لە گوفتاری بێ سوود و کرداری نابەجێ و بێ هوودە دوورەپەرێزن...)).

بە کـورتی؛ هەوڵبـدە خـۆت لە هەڵوێسـتە سـلبیەکان بپارێزیـت.. ئەگەر نەشتتوانی خۆت بپارێزی، ئەوا هەوڵبدە بەسـەریاندا زاڵ بیت و خـۆت لەوان بە گەورەتـر بزانـی، ئەگەر هەر نەشـتتوانی ئەوا لەسەریان بەردەوام مەیە، ئەگەر ناچاریش کرایت تیایـدا بەردەوام بیـت، هەوڵبـدە بە ڕووحێکـی ئـارام و گاڵتەئـامێز (تەنـانەت بە زەردەخەنەوە) مـامەڵە لەگەڵ بـارودۆخەکە بکەیـت، بە جۆرێـك چێژی سـەرکەوتن لە کەسـی بەرامـبەر بستێنی و خۆشـت چێـژی سەرکەوتن بچێژی.

* * *

بەڵام ئەگەر کەوتیتە بارودۆخێك (بیـورەکە بەر سـەر کەوت) و زۆر تووڕە بوویت؛ ئا لەو کـاتەدا چەنـد چارەسـەرێك هەن، کە لە

چەند کەپسوولەیەك پێکهاتوون، لەیادیان مەکە و بەکاریان بهێنە، دڵنیابە کە یارمەتیدەرێکی زۆر باش دەبن بۆ گەڕانەوەت بۆ دۆخێکی ئارام، ڕەسیدی وزەکەشت لەو خوێنبەربوونە دەوەستێت و کەم ناکات.

- **کەپسوولەی یەکەم:** بریتییە لە بێدەنگبوون و خێرا جێنەهێشتنی شوێنەکە.. ڕەفتاری لەو جۆرە یارمەتیدەرێکی باشە تا کێشەکە لەسەر خۆت گەورە نەکەیت و لە ئاستێکدا بوەستیت، لە موسنەدی پێشەوا (ئەحمەد)دا هاتووە، پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ((إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْكُتْ)) واتە: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕە بوو، با بێدەنگ بێت)).

- **کەپسوولەی دووەم:** پەناگرتن بە خودا لە شەیتان، دوو پیاو لە خزمەت پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) دەبێتە مشتومڕیان و یەکێکیان ڕووخساری سوورهەڵدەگەڕێ، پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێ: ((إِنِّي لأَعلَمُ كَلِمةً لَوْ قَالَهَا لَذَهَبَ عنْهُ مَا يَجِدُ، لوْ قَالَ: أَعْوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)) واتە: ((من ڕستەیەك دەزانم ئەگەر بیوتبا ئەوا ئەو تووڕەییەی نەدەما، ئەگەر وتبای: أَعْوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ )). سەیرەکە لەوەدایە ئەو ڕستەیە ئەگەر کەسێکی ناموسڵمانیش بیڵێ، ئەوا هەمان دەرئەنجامی دەبێ و دەیگەڕێنێتەوە بارودۆخێکی ئارام و جێگیر.

- **کەپسوولەی سێیەم:** گۆڕینی حاڵەتی جەستەیت بۆ حاڵەتی ئارامی و جێگیری، چونکە پەیوەندییەکی زۆر پتەو لە نێوان حاڵەتی

جەستەیی و حاڵەتی دەروونیدا هەیە.. کەسێك نابینی تووڕەبێت و پاڵبداتەوە، یان ڕاڕا بێت و قاچی لەسەر قاچی دابنێ، هەر لەبەر ئەم هۆکارە هەوڵبدە هەمیشە لەو بارودۆخانەدا وابەستەی فەرمایشتی پێغەمبەری ئازیز (دروودی خوای لەسەر بێت) بیت کە دەفەرمووێت: ((إذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ قَائِمٌ، فَلْيَجْلِسْ، فَإِنْ ذَهَبَ عَنْهُ الْغَضَبُ، وَإِلَّا فَلْيَضْطَجِعْ)) واتە: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕە بوو لە حاڵێکدا کە بە پێوە بوو (وەستابوو) ئەوا با دابنیشێت، ئەگەر هاتوو تووڕەییەکەی ڕۆیشت، ئەگەرنا با پاڵبداتەوە)).

- **کەپسوولەی چوارەم:** دروستکردنی زەردەخەنە و نەخشاندنی لەسەر ڕووخسارت بە متمانەیەکی زۆرەوە، تۆ بەو جۆرە تەنها کەسی بەرامبەر ناخەیتە ژێر چنگی خۆتەوە، بەڵکو فێڵ لە خۆشت دەکەیت (دەڵێی هەرگیز زەردەخەنە تووڕەبوون بەیەکەوە لە مێشکدا جێگایان نابێتەوە) هەروەها یارمەتیت دەدات تا ڕەفتاری کەسی بەرامبەر بە ڕووحێکی وەرزشی وەربگریت و بەسەر ڕق و کینە و دەرمارگیریدا زاڵ بیت.

- جا لەبەر ئەوەی ئێمە کاتێك تووڕە دەبین هەناسەدانمان خێرا دەبێ و دەمارەکانی مل و شانمان گرژ دەبن، بۆیە هەوڵبدە پێچەوانەی ئەوە ئەزموون بکەیت.. هەناسەکان بە ئارامی و هێواشی بدە، شانت بۆ دواوە بەرە، بە شێوەی بازنەیی ملت بجوولێنە، (ئەوسا دەبینی کە ڕاهێنانی لەو جۆرە چەندە یارمەتیت دەدات لەسەر تووڕەنەبوون، بەرامبەرەکەشت چۆن دووچاری سەرسامی و شلەژان دەکات).

Scanned by CamScanner

کەسانێك هەن، دەڵێن "ئەو کەپسوولانە بۆ هەموو کەس دەشێن بەڵام بۆ من نا"؛ بەڵام لە ڕاستیدا تووڕەیی حاڵەتێکی لە ناکاو و بەدەستهاتووە، نەوەك بۆماوەیی، بۆیە هەمووان بە تێپەڕبوونی کات دەتوانن زاڵبن بەسەریدا و کپی بکەنەوە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە فەرمایشتی پێغەمبەری ئازیزە (دروودی خوای لەسەر بێت) کە پزیشکی دەروونی ڕەفتاری تێدا کورت کردۆتەوە، دەفەرموێت: ((إِنَّمَا الْعِلْمُ بِالتَّعَلُّمِ، وَإِنَّمَا الْحِلْمُ بِالتَّحَلُّمِ)) واتە: ((بەڕاستی زانست بە فێربوونە، نەرمونیانی و لەسەرخۆییش بە خۆڕاهێنانە)).

## پوختەی تیۆرەکە

- وزەی ڕۆژێکی تەواوت بە هۆکاری ڕەفتارێکی تووڕەوە، یان بەهۆی مشتومڕ لەگەڵ کەسێکی نەزان لە دەست مەدە.
- ئەگەر ئەو کەسە فەرامۆش بکەی کە دەیەوێ تووڕەت بکات، بە ترسنۆك تۆمەتبار ناکرێی، ئەگەر وازیش لە مشتومڕێکی بێسوود و بێئەنجام بێنی، بە نەزان ناونابرێی.
- کەس بە لووتبەرزت دانانێ، ئەگەر وەڵامی نەفامان نەدەیتەوە، بەڵام کاتێك بڕیار دەدەیت ڕووبەڕوویان ببیەوە، لەگەڵ نەفامەکە لێکت جیا ناکەنەوە.

***

Scanned by CamScanner

## ڕەنگە بەو شێوەیە ژیر نەبیت
## وەك خۆت وایدەبینی

هەریەك لە ئێمە (بە بیرکردنەوەی خۆمان) پێی وایە کە تەنها "ئەو" سەرچاوەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە خەڵکی ڕای جیاوازیان لەسەری هەیە، پێی وایە ئەو لەسەر ڕێگا ڕاست و دروستەکەیە (ئەگەر هاتبا و بە دەستی ئەو بایە) فڵانە شتەی ئەنجام دەدا، تەواوی کێشەکانی ئەو ئومەتەی لە ماوەی چەند کاتژمێرێك چارەسەر دەکرد.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەو جۆرە بیرکردنەوە پێی دەگوترێت "غرور"، لە هەموو مەغرورەکانیش گێژتر ئەو کەسەیە کە ئەو کەموکورتیە لە خۆیدا نەبینێ.. بەڵام لە هەموو مەغرورەکان ژیرتر ئەو کەسەیە کە هەست بە بچووکی عەقڵی و کورتهێنانی بیرکردنەوەی دەکات، لە کۆنیشەوە گوتراوە "هەر کەسێك لەگەڵ خەڵك دوا، ئەوا بۆتە هاوبەشی عەقڵیان".

بەڵام دانایی لەم سەردەمە دەڵێ: "خودای گەورە کاتێك ڕزق و ڕۆزی بەسەر بەندەکانی دابەش کرد هیچیان بە بەشەکەی ڕازی نەبوو، بەڵام کاتێك عەقڵی دابەش کرد، هەموان بێدەنگ بوون و بەعەقڵیان ڕازی بوون".

ئەو وتەیە شتێکی زۆر باشمان بۆ دەردەخات، هەموو مرۆڤێك چاوی لەوەیە دەوڵەمەند بێت، باوەڕی وایە کە مافی خۆیەتی

داهاتی زیاتر و بەرزتری هەبێ.. بەڵام کاتێك قسە دێتە سەر عەقڵ، هەموان لە حاڵەتی سەلامەتی دەبینی و زۆر بە عەقڵی خۆی ڕازیە، شاهێدی ژیری و فراوانیشی بۆ دەدات (من نازانم ئەو عەقڵە بە چی ناو دەبرێ کە خۆی بە کەمال و تەواو وەسف دەکات، جگە لە گەمژایەتی و غرورییەکی تێکەڵ بە یەك).

هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە کەسانی خاکی، خۆیان بڕیار لەسەر بۆچوون و بیرۆکەکانی خۆیان نادەن، بەڵکو جێیان دەهێڵن بۆ جەماوەر و دەوروبەر.

دەڵێم "جەماوەر" چونکە لە ڕاستیدا من هێندەی مەبەستمە باس لە بۆچوونە کۆمەڵی و گشتییەکان بکەم، ئەوەند مەبەستم نییە باس لە بۆچوونە کەسی و تاکەکەسییە دوورەپەرێزەکان بکەم، چونکە هەر خودی کۆمەڵەیی هەرگیز لەگەڵ هەڵەدا ڕێك ناکەون "ئومەتی موحەمەد لە سەر گومڕایی کۆك نابن".

*** *** ***

بەڵام تۆ چی؟

زۆر لەگەڵت بێ پێچوپەنا دەبم.. هەروەك چۆن بە ناونیشان بڕیار لەسەر کتێب دەدەین، لەسەر درەختیش بە بەرهەمەکەی بڕیار دەدەین، پێویستە تۆ بڕیار لەسەر ژیری و زیرەکیت بدەیت (لە دیدی خۆت بۆ خودت نا) بەڵکو لە ڕوانگەی ڕەفتارە واقیعیەکانی ڕۆژانەت لە ژیانتدا.

بۆ نموونە تۆ ژیر و زیرەك نیت، ئەگەر لە هەمان کوندا دووجار پێتەوە بدرێ، یان هەمان هەڵەی دارایی پێشووت دووبارە کردۆتەوە

Scanned by CamScanner

(وەك: هۆگرییت بە قەرزوەرگرتن، گەڕانەوەت بۆ قیستکردن، بەردەوامیدان بە فرۆشتنی پشکە بێسوودەکان).

بەو جۆرە ژیر نیت (کە خۆت وای دەبینی)، چونکە تۆ بەردەوام لەگەڵ کەسە نزیکەکانت و هاوڕێ و هاوپیشەکانت هەمیشە لە ناکۆکی دایت.. هەر خۆی لە خۆیدا ئەمە واتا نەبوونی هەستێکی باش و ژیریی کۆمەڵایەتییە!

هەروەها بەو جۆرە ژیر نیت (کە خۆت وای دەبینی)، لە حاڵەتێکدا هۆگری پیشەیەکی حکوومیی سادە بوویت و بە هیچ جۆرێك دەستبەرداری نابیت، بە درێژایی سی ساڵی ڕابردووش بیرت لە چارەسەرێکی باشتر نەکردۆتەوە (لەوەش خراپتر ئەوەیە کە تا ئێستا لەو خانووە دەژیت کە هی باوکتە)!!

هەروەها بەو جۆرە ژیر و زیرەك نیت (کە خۆت وای دەبینی)، چونکە تۆ توانات نییە بەسەر ژیانی خۆتدا زاڵ بیت، یان هەست دەکەیت بە بەردەوامی زۆر سەرقاڵیت، بەڵام لە ڕاستیدا تۆ هیچ سەرقاڵ نیت، بەڵکو تەنها کەسایەتییەکی پەرتوبڵاوت هەیە و هیچ پلان و ڕێکخستنێکی تایبەت بە ژیانی خۆت نییە، خودای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ أَفَمَن يَمْشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ [الملك: ٢٢]

واتە: ((جا ئایا ئەو کەسەی کە دەمەوڕوو کەوتووە و بەو حاڵەوە دەڕوات، چاکتر ڕێگە دەزانێت؟ یان ئەو کەسەی کە بەسەر شەقامێکی ڕاست و ڕەواندا بە ڕێکوپێکی ڕێ دەکات؟!)).

بەو شێوەیەش ژیر نیت (کە خۆت لات وایە)، لە حاڵێکدا

چەنــدان کێشــەی چارەســەرنەکراوت هەیە، چەنــدین ســاڵە بە هەڵواســراوی هێشــتوونەتەوە، چــونکە ئەوە بەڵــگەیە لەســەر بــێ دەسەڵاتیت لە دانانی خشتەیەك بۆ کارەکانت و نەبوونی چارەسەری جیــاواز، گەشــەنەدان بە تواناکانــت بــۆ تێپەڕانــدنی بەربەســت و ئاستەنگەکان.

هەروەهــا بەو جــۆرە ژیــر نیــت (کە خــۆت وای دەبینــی)، لە حاڵێکدا بە درێژایی بیست ساڵی تەواوی ڕابردوو فێرنەبوویت چۆن ڕۆنی ئۆتۆمبێلەکەت بگۆڕی، تا ئێستاش نازانی چۆن کۆمەڵە شتێك بخەیتە سەر سیدی..؟!

بەڵێ بەو جۆرە ژیر نیت (کە خۆت وای دەبینی)، لە حاڵێکدا لە کاتی کارکردن و دەوامی فەرمیتدا هێندەی قسە دەکەیت هێندە بێ دەنــگ نابیــت، ئەمە لە کاتێکــدا خــودای گەورە دوو گــوێچکەی پێــداوی لەگەڵ تەنهــا دەمێــك، ئەمەش تــا زیــاتر ببیســتی و کەمتر بدوێی، تا زیاتر سوود وەربگریت و کــاتی کەسانی دەوروبەریش بەفیرۆ نەدەیت.

نەخێر بەو شێوەیە ژیر نیت، لە حاڵێکدا کە تۆ ئەوەت بیر نەماوە کە هەفتەی ڕابردوو هاوسەرەکەت پرچی بــۆیە کــردەوە، مانگێــگ پێش ئێستا پرچی بــڕی، یــان ئەوەش نــازانی کە ژیرتــرین هاوڕێــت بەوە ناسراوە کە کەمترین قســە دەکــات و زۆر ڕادەمێنــێ و کــاتی خۆی بە ڕازیکردنی کەسانی تر بەسەر نابات.

بەڵێ، بێ هیچ پێچوپەنایەك پێتدەڵێم تۆ زیــرەك نیت، ئەگەر تــۆ ڕقت لە کتێبە و زیــاتر ئــارەزووی ســەیرکردنی فیلم و یارییەکــان

دەکەیت، با ڕاستر بم لەگەڵت، دڵنیابە هەر بە گەمژەیی و نەزانی دەمێنیــتەوە ئەگەر تەنهــا ئەو شــتانە بخــوێنیتەوە کە لەگەڵ حەز و ئارەزووی تۆ دەگونجێن، چونکە زیرەکی واتا خوێندنەوەی هەموو جۆرە بیرەکـان و بەشـداریکردنی ئەزمـوونی گەورەکـان لە ژیانی تایبەتیدا.

خۆشەویستی دڵەکەم:

زۆر قسە لەسەر ئەوە مەکە تا لە خەڵکی بگەیەنی کە تۆ چەنـدە ژیر و لێهاتووی (چونکە قەسـەم بەخـوا، ئەوە لـووتکەی گەمژەییە) بەڵکو بێدەنگبە و سەرنج بدە و ڕابمێنە... پاشان فێـربە و هەوڵبـدە و بە دەســت بهێــنە، لە کۆتاییشــدا بــواری بڕیــاردان بــدە دەسـتی دەوروبەرت و با هەڵبسەنگێنن.

## پوختەی تیۆرەکە

- لە هەموو مەغرورێك گێژتر ئەو کەسەیە کە ئاگاداری کەموکورتییەکانی خۆی نییە.
- تۆ بەو جۆرە ژیر و زیرەك نیت کە پێت وایە، لە حاڵێکدا هەمان هەڵە دووبارە دەکەیتەوە، یان چەندین ساڵە چەند کێشەیەکی چارەسەرنەکراوت هەن.
- چیت دەوێ دەتوانی سەبارە بە خۆت بیڵێی، بەڵام ئەوە بزانە کە پێویستە خەڵکی بە سەرکەوتنەکانت بڕیارت لەسەر بدەن.

❀❀❀

Scanned by CamScanner

## پەڵەی کوێرانە لە مێشکدا

لە چاوانتدا پەڵەیەکی کوێرانەی هەیە بە جارێك چاو لە بینین دەخات، لە تۆڕی هەر چاوێکدا پەڵەیەك هەیە کە لە شوێنەواری برین دەچێ (کە تیایدا دەماری بینین دێتە دەرەوە)، کاتێك ئەمە بەسەر چاودا دێت، چاو لە بینین دەخات و دەبێتە بەربەستی پێشوازیکردن لە ڕووناکی دەرەوە!!

جا چۆن پەڵەی کوێرانە لە چاوتدا هەیە، بە هەمان شێوە لەنێو سەریشدا چەندین پەڵە هەن، کە ڕەنگە هەندێکجار ببنە هۆی پەککەوتنی مێشك و ڕێگری لێکردنی لە بیرکردنەوە بە شێوەیەکی دروست.

من خۆزگەم دەخواست ئەو نووسینە لە زادەی بیرکردنەوە خۆم بوایە، بەڵام لە ڕاستیدا لە کتێبێکدا بابەتێکم خوێندەوە کە هەڵگری هەمان ناونیشان بوو:

((Blind Spots, Why Smart People Do Dumb Things))

بۆ نموونە، ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام بیر ناکەینەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ هەنگاو بۆ ئەنجامەکان و وەرگرتنی بڕیار بەگوێرەی کاردانەوەکان هەڵدەنێین.

وەك بڵێی هەست و سۆزمان ئەندامی بیرکردنەوەی داپۆشیوین،

بڕیاری ئامادە دەگرینە بەر، یان بە بڕیاری پێشوەختە بڕیار لەسەر کەسانی دەوروبەرمان دەدەین.

وەك نموونەیەك، یەكێك لە خوێنەران نامەیەكی درێژی بۆ ناردبووم، پڕی کردبوو لە فەتوا و بۆچوون لە سەر حەرامیەتی گۆرانیگوتن و ناشەرعیبوونی دەرکەوتنی ئافرەت لە شاشەی تەلەفیزیۆن.. ئەو نامەی ئەو وەك وەڵامێك بوو بۆ ئەو وتارەی کە تیایدا باسی گرنگیی داهێنانی تاكەكەسییم کردبوو، باس لە مافی کەسی داهێنەر دەکەم تەنانەت دوای مردنیشی، جا لەوێدا نموونەم بە گۆرانییەكانی ئوم كەلسووم و یازدە هونەرمەندی جیهانی تریش هێنابوویەوە، کە چۆن دوای مردنیش مافی داهێنانەكانیان پارێزراوە.. بەڵام ئەوەی زانیم ئەوەبوو کە خاوەنی نامەكەش هەمان نەخۆشی گرتبوو، دووچاری پەڵەی کوێرانە بووبوو (هەر ئەو پەڵەیە وای لێکردبوو کە وێنەكە وەك خۆی نەبینێ) چونکە لە تەواوی نووسینەكەمدا ئەو بەشێکی بچووکی دەرهێنابوو و حوکمی ئەو بەشەی دابوو بەسەر تەواوی نووسینەكەدا.

نەبینینی "وێنە گەورەكە" بە تەنها یەكێکە لە پەڵەیەكی کوێرانە کە زانای دەروونناس "مادلین فانهیس" لەو کتێبەی پێشووتر ئاماژەمان پێکرد باسی لێوەکردووە.. منیش لێرەدا هەوڵ دەدەم پەڵەكانی تریشتان بۆ بخەمەڕوو، بێ ئەوەی بچمە نێو وردەکاری و چیرۆك و ئەو نموونانەی کە نووسەر لە کتێبەكەیدا باسی کردوون:

- **پەڵەی یەكەم:** ڕەفتارکردنمان بە شێوەیەكی هەمیشەیی بە گوێرەی نەریت و ڕەفتاری باو و بەربڵاو.. زۆر بەسادەیی، ئێمە

وەك دیلێكـی نەریتەكانمـان لێهـاتووە، بـووین بە چەنـد ڕەفتارێكی بەرنـامەكراو، بـووین بە زادەی چەنـدان بڕیـاری ئامـادەكراو و لە 80% ڕەفتارەكانی ڕۆژانەماندا بیر ناكەینەوە.

- **پەڵەی دووەم:** بڕیار دەدەین بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێكی دەوروبەری بڕیارەكە بكەینەوە، لە ترسـی ئەوەی نەوەك بە نەزان و دواكەوتـوو و بـێ ئەزمـوون تۆمەتبـار بكـرێین، هەروەك چۆن ئەو حـاڵەتە ڕوودەدات كاتێـك دەچـین بـۆ چێشـتخانەیەكی بیـانی و پێشـكەوتوو، كاتێـك لیسـتی خواردنەكـان دێـتە بەردەممـان داوای خواردنێك دەكەین كە ڕەنگە هەر نەزانین چ خواردنێكیشە.

- **پەڵەی سـێیەم:** تێبینینەكـردن.. چـونكە بەدڵنیـایی ئەنـدامی بیركردنەوەمـان نـاتوانێ لە یەك كاتـدا تێبینـی بخـاتە سـەر هەمـوو شـتێكی دەوروبەرمـان.. هەر بـۆیە وای بەبـاش دەزانـێ كە پەلە نەكرێت و پێداچوونەوەی هەڵوێستەكان بكرێتەوە، پێش ئەوەی هیچ بڕیارێك بدرێت.

- **پەڵەی چوارەم:** نەبـوونی توانـا بەسـەر بینینـی خـۆت، یان بڕیـاردان لەسـەر خـودی خـۆت بە شـێوەیەكی ناوەنـدگیرانە و بێ لایەنانە.. (هەر لەبەر ئەو هۆكارەشە كە خەڵكی پێت دەڵـێن: بـۆچی خۆت نابینی، یان بۆچی سەیری خۆت ناكەیت؟! یان هەندێك جار تۆ هەمان ڕستە بە خەڵكانی تر دەڵێی).

- **پەڵەی پێنجەم:** بینیی جیهان لە دیـدگای تـایبەتی خۆتەوە، یان بە گوێرەی باوەڕ و خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوەی خۆت.. لەبەر ئەو هۆكـارە ڕەنـگە هەنـدێكجار ڕەفتـاری زۆر گەمـژانە ئەنجام

بدەیت، وەك: بەخشینی کتێبێکی خۆشەویستی خۆت بە هاوڕێ نەزانەکەت، یان بەخشینی گوڵاوە گرانبەهاکەت بەو خاڵەت کە نەخۆشی ڕەبۆی هەیە.

- **پەڵەی شەشەم:** بوون بە دیلی پۆلێنەکان و شێوازە پێشوەختییەکان (لە دوایشدا نەبوونی توانا بۆ بیرکردنەوەیەکی دروست و ناوەندگیرانە، لە بەرامبەر کەسێك یان دەستەیەك کە هاوڕا و هاودیدی تۆ نییە لە بیروبۆچوون و ئایین و مەزهەبدا..)

- **پەڵەی حەوتەم:** ڕاستەوخۆ بازدان بۆ گەیشتن بە ئەنجام و وەرگرتنی بڕیار، ئەوە بزانە کە ئەنجام و دەرئەنجامی بیرکردنەوە و تێڕامانە، بۆیە ئەو کاتانەی بێ بیرکردنەوە و بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی ڕابردوو ڕاستەوخۆ هەنگاو هەڵدێنین بۆ گەیشتن بە ئەنجام، ئەوا دووچاری چەندین هەڵە و ڕەفتاری ناشیاو دەبین.

- **پەڵەی هەشتەم:** پشتبەستن بە دادپەروەری ڕاستییەکان و هەواڵە ورووژێنەرەکان (نەك لەبەر باوەڕبوونمان پێیان) بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی کە کۆکن لەگەڵ بۆچوون و دیدگای بینینی ئێمە، هەر بۆیەش لە گواستنەوە و ڕاگەیاندنیان هیچ دوودڵییەك نامانگرێت (دووبارەناردنەوە)یان بۆ دەکەین وەك چۆن بۆمان هاتوون.

- **پەڵەی نۆیەم:** دروستکردنی تاوانبارێك بۆ هەموو کارەسات و خراپییەکانمان... بەشێك لە کەسەکان ئەمەریکا و یەهود و عەلمانییەکان و گروپە توندەکان بە سەرچاوەی هەموو کێشە و کارەساتەکان دادەنێن... هەر لە سیاسەت و ئابووری و تا گەنجایەتی و لێکجیابوونەوەش!

- **پەڵەی دەیەم و کۆتـایی:** شکسـتهێنان لە بینینـی وێنە گەورەکە و جەخت خستنە سەر بەشێکی بچووکی وێنەکە، بەو جۆرە هەرگیز تەواوی کێشەکە شیکاری بۆ ناکرێت، بەڵکو تەنها ئەو بەشەی لەگەڵ بیر و بۆچوونی تایبەتی ئێمە یەکانگیر و کۆکە، هەروەك هاوڕێکەی پێشوومان کە داوای لێبووردنم لێکرد و پێم گوت: نامەکەت کێشەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی کە بۆ جەماوەر دەنووسن.. کاتێك ئاماژە بۆ مانگ دەکەیت، هەندێکیان تەنها سەیری پەنجەکە دەکەن!!

***

## پوختەی تیۆرەکە

- مێشك پڕە لە پەڵەی کویرانە، کە ڕێگریت لێدەکەن تا ڕاستییەکان وەك خۆیان ببینی.
- لایەنگیری پێشوەختە و بۆچوونی ئامادەکراو، بڕیاری پێشوەختە و وەڵامی ئامادەکراوی لێدەکەوێتەوە.
- ئەو کاتەی کە مامەڵە لەگەڵ جەماوەر دەکەیت، هەمیشە پێشبینی ئەوە بکە کەسێك هەیە وتە و ڕەفتارەکان بە جۆرێك وەردەگرێت، کە تەنها لەگەڵ بۆچوونی تایبەتی خۆی کۆك بن.

***

Scanned by CamScanner

## مێشکت بەم مەشقانە گەورە بکە

مێشکمان وەك ماسوولکەکانمانە، بە گوێرەی بەکارهێنان و شکاندنی تەحەدیاتە نوێیەکان گەشە دەکات.. ئەوەش واتای ئەوەیە کە ماددەی مێشك ئەگەرچی لاواز و سادە بێت، دەکرێت بە ئەنجامدانی چەند ڕاهێنانێك قەرەبوو بکرێتەوە و بەهێز و گەورە بکرێت.

لەو نووسینەدا چەند مەشق و ڕاهێنانێکت پێ دەڵێم کە تایبەتن بە ماسوولکەی مێشك! لە جیاتی ماسوولکەکانی سك و قۆڵ کە زیاتر بیریان سەرقاڵ کردووین.

جا بۆ ئەوەی ئاستی عەقڵی و زیهنی و کەسییت بەرز بکەیتەوە، بە گوێرەی توانا ئەو ئامۆژگاری و ڕاهێنانەی خوارەوە ئەنجام بدە:

خۆت بە ئاستی زیرەکیت سەرقاڵ مەکە.. تەنها باوەڕت بەوە هەبێ کە زیرەکی بریتییە لە ڕەفتارە هۆشمەندەکانت بە ڕێگەیەکی زیرەکانە.

چاودێری ئەو کارانە بکە کە گەمژەکان ئەنجامی دەدەن (هەوڵبدە بزانیت کە لە کوێدا و لەبەرچی هەڵە دەکەن) لە بەرامبەریشدا چاودێری ڕەفتاری ژیرەکانیش بکە و هەوڵبدە لێیانەوە فێربیت.

هەروەها سەرنج بدە کە چۆن گەمژەکان هەمان هەڵە دووبارە دەکەنەوە، چۆن ژیرەکانیش هەرگیز هەڵەیەك دووبارە ناکەنەوە (وەك ئەو باوەڕدارەی کە دووجار لە کونێکەوە مار پێوەی نادات).

هەوڵبدە (بە گوێرەی توانا) تەنها هاوڕێیەتی کەسە بەهرەمەند و زیرەکان بکەیت، چونکە ئەمە بێ ئەوەی ئاگاداربیت وات لێدەکات کە خاڵە بەهێز و دیارەکانی مێشکیان لێوەربگریت.

خوێندنەوە و سەیرکردنی کەناڵە زانستی و دیکۆمێنتارییەکان بکە بە نەریتێکی ڕۆژانە یان هەفتانە، لانی کەم مانگانە.

ئەو کاتەی دەخوێنیتەوە، یان سەیر دەکەیت، شتەکان بە ڕووکەشی وەرمەگرە، بەڵکو لێیان ڕابمێنە و بە دوای دژەکانیاندا بگەڕێ (ئەوە خۆی لە خۆیدا توانای ڕەخنەییت بۆ دروست دەکات).

ئەو یاریانە ئەنجام بدە کە مێشک بە هێز دەکەن، وەك یاری شەترەنج و پڕکردنەوەی خشتەی وشە یەکتربڕەکان.

کاتێك تەرخان بکە بۆ ئینتەرنێت، بۆ بەدواداچوونی پێگە زانستییەکان و خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان و کورتکراوە گرنگەکان.

95% بیرۆکەکانت بۆماوەیی یان کۆپین؛ هەوڵبدە ئەم ڕێژەیە کەم بکەیتەوە و ڕێژەی بیرۆکە تایبەت و سەربەخۆکانیشت بەرز بکەیتەوە.

هەوڵبدە لاسایی و هاموشۆی ئەو کەسە بکەیت کە بە نموونەی باڵای خۆتی دەزانیت و لێیەوە فێر بیت، ئەگەر لە ژیاندا بوو.

کرداری زانینت بە زۆری پرسیارکردن خێرا بکە، مێشکیشت بە زۆر پرسیارکردن لە خود گەورەتر بکە.

چێژ لەو عەقڵانە وەربگرە کە ڕەخنەگر و سکاڵاکارن، ئەو عەقڵانەی کە ڕەتی دەکەنەوە شتەکان بە ڕاست دابنێن، پێش ئەوەی پرس بە عەقڵ و لۆژیك و مەنهەجێکی زانستی بکەن.

بیرۆکەکــان بە گــوێرەی بێژەرەکانیــان بونیــات مەنــێ (ئەگەر خوشتویست قبوولی بکەیت، یان ئەگەر ڕقت لێـی بـووەوە ڕەتـی بکەیتەوە) بەڵکو با بەگوێرەی لۆژیك و گونجاویی بێت.

ڤیتامینەکـان و ڕاهێنـانە وەرزشـییەکان و خـواردنی بـاش و زۆر ئاوخواردنەوە.. سوڕانی خوێن خێراتر دەکەن و پاڵی پێوەدەنێن بۆ مێشك.

بەدواداچوونت بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگە ڕووکەشییەکان کەم بکەرەوە، تا مێشکت هۆگری سادەیی و ڕووکەشی نەبێت.

کـاتە بەتاڵەکانـت بە کـرداری زیهنـی و سـوودبەخش بقـۆزەوە (وەك گوێگرتن بۆ کتێبی دەنگی، یان گـوێگرتن لە وانەی دەنگی لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل).

لە خوێندنەوە و سەیرکردنی ئەو بیرۆکانە مەترسە کە پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی تۆن (چونکە تەنهـا بەو ڕێـگەیەدا شـتی نـوێ فێـر دەبیت).

هەوڵبـــدە گفتوگـــۆ لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بکەیـــت کە لەگەڵ بۆچوونەکانی تۆ کۆك نین، چونکە ئەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵ تۆدا هاوڕا و کۆکن، هیچ لە ئاستی مەعریفی تۆ زیاد ناکەن.

گەشتی بۆ ئەو وڵاتـانە بـکە کە کولتـوور و ڕۆشـنبیرییان لەگەڵ هــی وڵاتەکەی تــۆ جیــاوازە (چــونکە لە ڕێــگەی ڕاجیــایی و بەراوردکارییەوە فێردەبین و زیاتر زیرەك دەبین).

ڕێکخستنی ژیانت تەنها سوودی بۆ تۆ نیـیە، بەڵکـو سـوودی بۆ مێشکیشت هەیە و وای لێدەکات بەشێوەیەکی باشتر و خێراتـر کـار بکات.

پلانێکی درێژخایەن بۆ خۆت دابنێ لە نێوان: لە هەفتەی داهاتوو

چی دەکەیت؟ ئینجا لە ئێستاوە تا دە ساڵی تر لە کوێ دەبی؟!

هەوڵبدە فێری زمانێکی تر بیت (نەوەك تەنها بۆ بەرزکردنەوە و گەورەکردنی مێشکت)، بەڵکو ئاسۆیەکی فیکری و ڕۆشنبیریشت لە جیهانێکی نوێ و جیاوازدا بە ڕوودا دەکرێتەوە.

سووربە لەسەر ئەوەی کە ڕۆشنبیرییەکەت هەمەلایەن و گشتگیر بێت؛ چونکە جەختکردنەوەت لەسەر یەك لایەن بە تەنها، وابەستە و باپەندت دەکات بە قوشبنێکی فیکری و بیرتەسکی بەپیرۆزڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئەو لایەنە.

## پوختەی تیۆرەکە

- زیرەکیمان شتێکی حەتمی نییە، بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکییش تەنها پێویستی بە هۆشیارییەکی باش هەیە.
- زیرەکەکان تەنها یەك جار هەڵە دەکەن، جاری دووەم بژاردەیەکی شەخسیی خۆی پەیڕەو دەکات.
- کەسێك ڕێگای بیرکردنەوەی کەسانی تر نەزانێ، باوەڕی وایە کە خۆی ژیرترین کەسی گەردوونە، ئەمەش ڕاست نییە.

✲✲✲

## کەسانی ژیر ئەمانەی خوارەوە ئەنجام نادەن

گەمژایەتی سیفەتێکی ڕوون و ئاشکرایە و زۆر بە ئاسانی جیا دەکرێتەوە (سروشتی وایە کە هەمیشە بە ڕێگەیەکی هەڵە یان ڕووشکێن و شەرمەزاربوون کۆتایی دێ). بەڵام زیرەکی وا ئاسان نییە و ئاڵۆزە، چونکە سروشتی وایە کە پشت بە چەندان ستراتیژی پێویست دەبەستێت تا بگات بە باشترین ئەنجام..

زۆر بە سادەیی دەتوانین بڵێین: کە کەسە گەمژەکان ئەو کەسانەن کە لە هەڵەکانیانەوە فێر نابن.. بۆچوونی خۆیان ناگۆڕن، خاوەنداریتی هیچ ئەزموونێکی سوودبەخش ناکەن، بە شێوەیەکیش ڕەفتار دەکەن کە هەمووان دەزانن ئەو کەسە (گەمژەیە).

لە بەرامبەریشدا کەسانی زۆر ژیر و زیرەك هەن، کە ڕەفتارەکانیان بە ڕێگەیەکی زۆر ژیرانەیە، هەرگیز دوو جار هەڵەیەك دووبارە ناکەنەوە، هەرگیزیش گۆڕینی بۆچوونی خۆیان نەکردووە بە کێشە، بەڵکو زۆر بە ئاسانی بۆچوونەکانیان دەگۆڕن کاتێك دەگەن بە بۆچوونی دروست و دەزانن ئەوەی پێشووتر هەڵە بووە.

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو ڕەفتار و بیرکردنەوانە بزانین کە کەسانی ژیر لە کەسانی تر جیا دەکاتەوە (یان ئەو ڕەفتارانەی کە کەسە ژیرەکان ئەنجامیان نادەن) تا وەك کەسانی گەمژە سەیریان نەکەین:

- بۆ نموونە- کەسە زیرەکەکان هەرگیز شتی لە ناکاو ئەنجام

نادەن، چونکە ئەوان سروشتیان وایە کە بەر لە ڕوودانی هەر شتێك پلانی تایبەتیان بۆ هەیە.. بۆ نموونە ئەو کاتەی کارەکە پەیوەست بێت بە پارە، ئەوان خۆیان بۆ بارودۆخە سەختەکان ئامادە دەکەن.. ئەو کاتەی کارەکە پەیوەست بێت بە خانەنشینی، ئەوا ئەوان پلان بۆ بەدیل و کاری تر دادەڕێژن.. ئەو کاتەی سەیری تەلەفزیۆن دەکەن پرسیارەکانی بێژەر هەڵدەسەنگێنن (بۆیە ژیربە و هەمیشە هەنگاوێك لە پێش کەسانی ترەوە بە).

کەسانی ژیر لە ڕابردووی خۆیانەوە فێردەبن و هیچ هەڵەیەك دووجار دووبارە ناکەنەوە.. ئەو کاتەی تۆ هەڵەیەك دووبارە دەکەیتەوە، ئەوا واتە تۆ گەمژەیت و هیچ شتێك لە ئەزموونی ڕابردووت فێر نەبوویت.. ئەو کاتەش کە بۆ جاری سێیەم و چوارەم هەڵەکە دووبارە دەکەیتەوە ئەوا ئەو کات دەبێتە بڕیارێکی کەسی تایبەت بە خۆت و خۆت پێی ڕازی بوویت.. (ژیربە و بەڵێن بە خۆت بدە کە دوو جار هەڵە نەکەیت).

کەسانی ژیر بۆ دەربازبوونیان لە هەر کێشەیەك چەندان چارەسەر دادەنێن، ڕەنگە چەند هەڵەیەك بکەن، چەند شتێك ئەزموون بکەن، بەڵام لەکۆتاییدا دەگەن بە باشترین چارەسەر، بەڵام کەسانی گەمژە تەنها یەك ڕێگەچارەیان لەبەردەمدایە، یان شکست، یانیش دەستەوەستان (ژیربە و بەیەك بیرۆکە و ڕێگە چارەسەری کێشەکانت مەکە).

کەسانی زیرەك بە ڕێگەی جیاواز بیردەکەنەوە، وازیان لە ڕێڕەوی تەقلیدی هێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، کاتێك پەڵەیەکی پیس لەسەر قەنەفە یان بالیفیماڵەوە دەبینن (لە کاتێکدا

بە هیچ کام لە پاککەرەوەکان لا نەچووە) واز لە پاککەرەوەکان دەهێنن و بیر لە هەڵگێڕانەوەی بەرگی قەنەفە یان بالیفەکان دەکەنەوە.. (ژیربە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان واز لە ڕێگە تەقلیدییەکان بهێنە).

کەسان ژیر هەمیشە لەگەڵ ژیریەکەیان بوێری و ئازایەتییەکیش لە کەسایەتیاندا هەیە بۆ گۆڕینی بۆچوون و بیرۆکە کۆنەکانیان، بۆ نموونە پێشەوا شافیعی و مالیکی کوڕی ئەنەس و زۆرێك لە هاوەڵان کاتێك زانیویانە بۆچوونەکانیان هەڵە بووە و نەیانپێکاوە، وازیان لە بۆچوونەکەیان هێناوە و پەشیمان بوونەتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا کەسانی گەمژە زۆر دەستگرتوون بە بۆچوونەکانیانیان و وازیان لێناهێنن، گۆڕینیان بە کەموکورتی دەزانن لەسەر کەسایەتی خۆیان (ژیربە و مەبە بەخاوەن عەقڵێکی چەقبەستوو و بەردین).

کەسانی زیرەك باوەڕیان بە شانس و بەخت نییە، بەڵکو خۆیان بەختی خۆیان دروست دەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە دەرفەتەکان دەبەستن و دەیانقۆزنەوە، لە کاتی گونجاو بڕیاردەدەن و کەسانی گرنگ و خاوەن پیشە دەناسن، لە شوێنێکی دیاریکراو نامێنەوە، بەڵکو خۆیان دەگوازنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئامانجەکانیان تێدا بەدی دێ (بۆیە ژیربە و خۆت بەختی خۆت دروست بکە).

کەسانی ژیر وەکو هەموو کەسانی تر بە دەرفەت و هەلی دانسقەدا تێپەڕدەبن، بەڵام جیاوازی ئەوان لەوەدایە کە پێشبینی هاتنی دەکەن و هەر زوو خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئامادە دەکەن، هەرگیزیش لە دەرفەتەکان ڕاناکەن (ژیربە و ئامادەبە و دەرفەتی ڕابردووت ڕەت مەکەرەوە).

کەسانی ژیر هەست بەوە دەکەن کە کۆمەڵگە و ئەو شوێنەی کە مرۆڤ تیایدا لە دایك دەبێت وا لە مرۆڤەکان دەکات کە بیروبۆچوون و بیرکردنەوەکانی بە گوێرەی ژینگەی ئەو شوێنە بێت کە تیایدا لەدایکبووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەوان کۆتەکان دەشکێنن و خۆیان بە گەورەتر لەو نەریتە هەڵانە دەزانن کە بۆیان ماوەتەوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن (تۆش ژیربە و بە ڕێگەیەکی سەربەخۆ بیربکەرەوە).

کەسانی زیرەك هەست بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆیان دەکەن، بەڵام هەرگیز شانازی بەوە ناکەن، دژایەتی کەس ناکەن و خۆیان لە لووتبەرزی و خۆبەگەورەزانین دەپارێزن، دەزانن چۆن کار بە هەستەکانیان دەکەن، ئەوەش دەزانن کە کارکردن و بڕیاردان بە ڕێگەی غروری دووچاری چەندین ئاستەنگیان دەکاتەوە (ژیربە و پەتی نێوانت لەگەڵ کەسدا مەپچڕێنە).

کەسانی ژیر بڕیاری خێرا و سۆزدارانە نادەن، ئەوەش دەزانن کە بڕیاری دروست و دانایانە هەرگیز لە کاتی تووڕەیی و فشاری دەروونییەوە نادرێت، کاتێك بارودۆخیان دەگاتە ئەو ئاستە بڕیارەکانیان دوادەخەن و دەڵێن: لێمگەڕێ با بیربکەمەوە، دواتر وەڵامت دەدەمەوە (ژیربە و بەبێ هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە هیچ بڕیارێك مەدە).

کەسانی ژیر هەرگیز لە ئاستێکی فێربوون ناوەستن، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە کە تا چەند زانست و زانیاری زیاتر بێت، ئەوا دەرفەت و سەرکەوتنەکانیش زیاتر دەبن، هەمیشە بەدواداچوون دەکەن و دەخوێننەوە و فێردەبن و پرسیار دەکەن.. دەزانن کە

Scanned by CamScanner

وەستان لە ئاستێك واتە دواكەوتن و مانەوە و دەرفەتدان بە ڕكابەران تا پێشی بكەونەوە (ژیربە و بەدەسختنی زانست و زانیاری بكە بە نەریتێكی ڕۆژانەت).

كەسانی ژیریش وەك كەس گەمژەكان ئارەزووی پشوودان و گاڵتەوگەپ دەكەن، بەڵام جیاوازی ئەوان لەوەدایە كە دەزانن چ كاتێك ئەو كردارانە ئەنجام دەدەن، هەرگیز ڕێگە بەوە نادەن كە ئارەزووە تایبەتیەكانیان بەسەر ئامانج و كارە جدیەكانیاندا زاڵ بن، تا ئەو كاتەی نەگەنە كۆتایی كارەكانیان ئاسوودە نابن، كاتێك گەیشتنە ئەنجام ئەوسا خۆشیەكانیان دوو هێندە دەبێ (ژیربە و هەرگیز بوار بە ئارەزووەكانت نەدەیت بەسەر ئامانج و كارە جدیەكانتدا زاڵ بن).

لەكۆتاییدا؛ بە پشتبەستن بەو تایبەتمەندی و خاڵە ئیجابیانە كەسە ژیرەكان دەزانن چ كاتێك لەسەر حەق و ڕاستین، بۆیە هەوڵی بەدەستهێنانی خەونەكانیان دەدەن و لە پێناوی دەجەنگن، سەرەڕای هەموو رەخنەكانیش ئەوان سوورن لەسەر دروستیی هەنگاوەكانیان، لە كۆتاییشدا وێڕای دەیان بەربەست و ئاستەنگ سەردەكەون و بە ئامانجەكان دەگەن (بۆیە ژیربە و با كەس لە بە دەستهێنان و گەیشتن بە خەونەكانت ساردت نەكاتەوە).

***

## پوختەی تیۆرەکە

- کەسانی ژیر هەڵەکانیان دووبارە ناکەنەوە، لە کونێکدا دووجار مار پێیانەوە نادات.
- کەسە گەمژەکان بیر و بۆچوونی خۆیان ناگۆڕن، بەڵام ژیرەکان بە دوای باشترین چارەسەر دەگەڕێن.
- کەسێک شێوازی بیرکردنەوەی کەسانی تر نەزانێت، کۆمەڵێک بیرۆکەی هەڵە سەبارەت بەوان لای خۆی دروست دەکات.

***

Scanned by CamScanner

## زۆر بەسادەیی، ژیری واتا
## ڕەفتارکردن بە ژیری

سەرەڕای ئەوەی کە ژیری بە کۆنترین بەخششی پەروەردگار بۆ مرۆڤایەتی دادەنرێت، بەڵام زانایان سەبارەت بە پێناسەی ژیری بوونەتە چەند ڕێبازێکی جیاواز؛ زانایانی دەروونناس تەنها لە پێناسەکەی ڕاجیا و ناکۆك نین، بەڵکو بوارەکەیان بە فراوانتر داناوە و بۆ سەر چەند جۆر و دەستە و بوار دابەشیان کردووە، بەڵام خۆم هەموو بنەما و تاقیکردنەوە و پێناسە دەروونییەکانم واز لێهێناوە و لەکۆتاییدا گەیشتوومەتە ڕێگەیەکی ئاسان و واقیعی بۆ پێناسەی ژیری، یاخود زیرەکی.

ژیری بە دیدگای من زۆر بەسادەیی بریتییە لە ڕەفتارکردن بە ڕێگەیەکی ژیرانە، تەنانەت ئەگەر قەبارەی مێشك لە سەلکە پیوازێکی تێپەڕ نەکات، هەر کەسێکیش بە ڕێگەیەکی ژیرانە ڕەفتار بکات، شیاوی ئەوەیە بە ژیر وەسف بکرێت (تەنانەت ئەگەر زانایانی دەروونناس هیچ جیاوازیەك دیار لە نێوان ئەو و شامپانزیدا نەبینن).

من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە ڕێگەیەکی نوێم داهێناوە بۆ پێناسەی ژیری، بەڵکو لە ڕاستیدا هەموان هەست بەو واقیعە دەکەین، هەر یەکێك لە ئێمە کاتێك ڕەفتارێکی ژیرانە ئەنجام دەدەین لە ناخەوە هەست بە بووژانەوە و سەرکەوتن دەکەین، لە

بەرامبەریشدا کاتێك ڕەفتارێکی ناژیرانە ئەنجام دەدەین، هەست بە گەمژایەتی دەکەین، زۆر جاریش لە ناخی خۆمانەوە بە خۆمان دەڵێین "بەڕاستی ئەمڕۆ ڕەفتارێکی گەمژانەم ئەنجامدا"، تەنانەت کەسانی ئاساییش تەنها بە سەیرکردنی ڕەفتارەکان کەسانی ژیر و گەمژە لێك جیا دەکەنەوە، نەوەك بە نمرەی تاقیکردنەوەیان لە تاقیکردنەوەی زانستی دەروونناسی.

تەنانەت گەمژەترین کەس کە لە ژیانی خۆمدا بینیبێتم، بە ڕستەیەکی زۆر سادە و کورت ئەو ڕاستییەی دووپاتکردۆتەوە، لە فیلمی (فۆریست جەمب) پاڵەوانی فیلمەکە وەڵامی هەموو ئەو کەسانەی کە بە گەمژە و بێ نرخ ناوی دەبەن بە ڕستەیەکی سادە دەداتەوە، ئەویش بریتییە لە "گەمژە ئەوەیە کە بە گەمژەیی ڕەفتار بکات"

."stupid is as stupid does"

لە ڕاستیدا ئەو بنەمایە دڵخۆشم دەکات، چونکە ڕواڵەتی دەرەکی تێپەڕ دەکات (کە بە ڕواڵەت بڕیار لە سەر ژیری یان گەمژەیی بدرێن) بەڵکو ڕاستەوخۆ بە گوێرەی ڕەفتارەکانەوە بڕیارەکە دەدرێت، سادەتر بڵێین: تۆ ئەوەیت کە ئەنجامی دەدەیت و بڕیاری لەسەر دەدەیت، ئەگەر کارێك یان ڕەفتارێکی گەمژانەت ئەنجامدا، ئەوا بێگومان بڕیاری کەسەکان بۆ کەسایەتی وەسفکردنی تۆیە بە "گەمژە"، بە پێچەوانەوەی هەر بڕیارێك یان کردارێکی ژیرانە ئەنجام بدەیت ئەوا بە "ژیر" وەسف دەکرێت.

هەمـوو ئەوانەش واتە هەر دوو پرسی گەمژەیی و ژیریی

بەشێکی خۆویستی و بژاردەیی و کەسی لە خۆ دەگرن، بێ گوێدان و سەیرکردنی ئەو نمرەیەی کە لە تاقیکردنەوەی ژیری بە دەستی دێت، باوەڕبوونیشت بەو ڕاستییە بە واتای بەرزبوونەوەی ئاستی ژیریت دێت، چونکە ڕەچاوی ئەوە دەکەیت کە ڕەفتارەکانت بە ژیری ئەنجام بدەیت و هەڵەکانی ڕابردووت دووبارە نەکەیتەوە.

شتێکی جوان و ژیرانەیە ئەگەر بێت و سوود لە هەڵە و ئەزموونەکانی پێشووی تایبەت بە خۆت وەربگریت و ڕەفتار و چیرۆك و وتەی کەسە ژیرەکانی دەوروبەرت بخەیتە ژێر چاودێری بە ئەمانجی ئەوەی ئەزموونە باشەکانیان لێوەربگری و ڕەفتارە ناژیرەکانیشیان دووبارە نەکەیتەوە.. جا بە دیراسەکردن و دووبارەکردنەوەی ڕەفتارەکانیان و پەرەپێدانیان بۆ باشترکردن دەتوانی (بە تێپەڕبوونی کات) هەموو ئەو ڕەفتارانە بکەیت بە مۆرکێکی کەسی و تایبەت بە خۆت، تا دەگاتە ئەو ئاستەی (لانی کەم) لە چاوی کەسانی دەوروبەرت وەك زانا و ژیری سەردەمی خۆت سەیر دەکرێیت.

لەم چەند دێڕەی خوارەوە هەوڵ دەدەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیریت بە شێوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ چەند نموونەیەکی زانستیتان پێشکەش بکەم، ئەم کردەش لە ڕێگەی چوار چیرۆکەوەی ئەنجام دەدەم، تۆش هەوڵبدە نهێنییەکانی ژیری لە هەر چیرۆکێکدا بدۆزیتەوە، لە کۆتایشدا هەوڵبدە کە ژیانی خۆتیان لەسەر بونیاد بنێی (تا دەبنە سروشتێکی خودی تیاتدا و لە گشت هەڵوێستەکانتدا ڕەنگ دەدەنەوە):

Scanned by CamScanner

● بۆ نموونه: له حه‌فتاکانی سه‌ده‌ی ڕابردوو، به درێژایی نزیکه‌ی بیست ساڵ هاوڵاتییه‌کی بەڕه‌گه‌ز به‌لجیکی کردبوویه نه‌ریتێك، ڕۆژانه به پایسکل له سنووری ئه‌ڵمانیا ده‌په‌ڕیه‌وه، جانتایه‌کی پڕ له خۆڵیشی به شانیه‌وه هه‌ڵده‌گرت، پیاوانی سنووری ئه‌ڵمانیاش پێیان وابوو که ئه‌م پیاوه شتێکی بردووه، به‌ڵام هه‌موو جارێك که سه‌یری جانتاکه‌یان ده‌کرد، جگه له خۆڵ هیچ شتێکی تریان ده‌ست نه‌ده‌که‌وت.

ئه‌م نهێنیه هه‌ر وا مایه‌وه و ده‌رنه‌که‌وت تا دوای مردنی بەڕێز دیستان، کاتێ که له‌ناو یادگارییه‌کانیدا نووسیبووی : ((ته‌نانه‌ت هاوسه‌ره‌که‌شم نه‌یده‌زانی که من هه‌موو سه‌روه‌ت و سامانه‌که‌م له ڕێگای به قاچاغ بردنی پایسکل بۆ ئه‌ڵمانیا کۆکردۆته‌وه)).

به‌ڵام زیره‌کی ئه‌م پیاوه له‌وه‌دایه که سه‌رنجی هه‌مووانی بۆ لای ئه‌و خۆڵه ڕاکێشابوو که به شانیه‌وه هه‌ڵیگرتبوو، به‌بێ ئه‌وه‌ی ئه‌وه‌ی سه‌رنج بخه‌نه سه‌ر پایسکله‌که.

● له حوزه‌یفه‌ی کوڕی یه‌مانه‌وه هاتووه و ده‌ڵێت: له جه‌نگی خه‌نده‌ق پێغه‌مبه‌ری خودا (دروودی خوای له‌سه‌ر بێت) بانگی کردم و پێی فه‌رمووم: بڕۆ بۆ سه‌ربازگه‌ی قوڕه‌یش و سه‌یرکه بزانه چی ده‌که‌ن، منیش ڕۆیشتم و چوومه ناو خه‌ڵکه‌که له‌کاتێکدا که بایه‌کی زۆر توند له‌و شوێنه‌دا هه‌ڵیکردبوو، به‌جۆرێك که که‌س که‌سی نه‌ده‌ناسیه‌وه، ئه‌بو سوفیان گوتی: ئه‌ی گه‌لی قوڕه‌یش هه‌ریه‌که‌تان ئاگاداربن که له‌گه‌ڵ کێدا داده‌نیشن و ڕه‌فتار ده‌که‌ن - له ترسی جاسووسی- حوزه‌یفه گوتی: ده‌ستی پیاوێکم گرت که له

تەنیشتمەوە بوو و لێم پرسی: تۆ کێیت؟ بە ترسەوە گوتی: من فلانی کوڕی فلانم.

لایەنی زیرەکی لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە حوزەیفە پێش ئەو کەسەی کە لە تەنیشتی بوو دەستپێشخەری کرد و پرسیاری لێکرد، بۆ ئەوەی کەس گومانی لێ نەکات کە هاتووە بۆ ئەوەی بزانێت گەلی قورەیش خەریکی چین؟!

● ڕۆژێکیان قسەم لەگەڵ یەحیای کوڕی جەعفەر کرد، گوتی: گوێم لە ئەبو حەنیفە بوو دەیگوت: ڕۆژێك لە بیابان بووم زۆر پێویستم بە ئاو بوو، دەشتەکییەك بەلامدا تێپەڕی و کوندە ئاوێکی پێ بوو، داوای ئاوەکەم لێ کرد کەچی گوتی بە پێنج درهەم پێتی دەفرۆشم، درهەمەکانم پێدا کە جگە لەمان هیچیترم پێ نەبوو.

دوای ئەوەی تێرم لە ئاوەکە خواردەوە، پێم گوت ئەی دەشتەکی حەز بە خواردنێك دەکەیت؟! گوتی: بمدەرێ، منیش خواردنێکی وشکم پێدا، دواتر خواردی تاوەکو تینووی بوو، دواتر گوتی: ئاوم بدەرێ، پێم گوت: پەرداخێك ئاو بە پێنج درهەمە، ئەویش لێی کڕیم و بەمەش پارەکەم بۆ گەڕایەوە و کوندە ئاوەکەش بوو بە هی من.

لایەنی زیرەکی لەم چیرۆکەدا شاردنەوەی نیاز و دروستکردنی بارودۆخێکە بۆ سەرکەوتن.

● چیرۆکی چوارەم و کۆتایی؛ دەگێڕنەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەمیرێکی فەڕەنسی بە توورەیی و پەشۆکاوی دەگەڕێتەوە کۆشکەکەی، هاوسەرەکەی پرسیاری هۆکاری ئەم توورەبوون و

Scanned by CamScanner

پەشۆکاویەی لێدەکات، ئەویش دەڵێ: مارکیز کاجیلسترو -کە بە ئەنجامدانی سیحر و جادوو بەناوبانگە- پێی ڕاگەیاندووم کە تۆ لەگەڵ یەکێك لە نزیکترین هاوڕێکانم پەیوەندیت هەیە و ناپاکیم لەگەڵدا دەکەی، هاوسەرەکەی بە ئارامی و لەسەرخۆیی گوتی: جا تۆ باوەڕ بەم قسانەی دەکەی، گوتی: بێگومان نەخێر باوەڕی پێ ناکەم، بەڵام بەوە هەڕەشەی لێکردم گوتی: ((ئەگەر قسەکەی من ڕاست دەرچوو، بەیانی کە لە خەو هەستای دەبینیت بووییتە پشیلەیەکی ڕەش)) لە بەیانی ڕۆژی دواتر هاوسەرەکەی لە خەو هەستا بینی پشیلەیەکی ڕەش لە تەنیشتیەوە خەوتووە -کە ئەمیر خۆی لای دانابوو- لە ترسان هاواری کرد و ڕایکرد، دواتر گەڕایەوە و کەوتە سەر ئەژنۆ و داوای لێبووردنی لە هاوسەرەکەی کرد بۆ ئەوەی بیبوورێت و بیبەخشێت، ئا لەو کاتەدا هاوسەرەکەی لە ژێر پەردەکە هاتە دەرەوە و شمشێرێکی بە دەستەوە بوو...

زیرەکییەکە لێرەدا بریتییە لە، قۆستنەوە و بەکارهێنانی خورافاتی و باوەڕی پووچ و ئەفسانەی کەسانیتر، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی.

جارێکی تر دەیلێمەوە، ئەوانە تەنها چەند چیرۆکێکن و لایەنی ژیرییان تێدا شاراوەیە، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم تا لایەنی ژیری لە هەر یەك لەم چیرۆکانەدا بدۆزیتەوە، لە کۆتاییشدا گشتگیری بکەیت بەسەر تەواوی هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ژیانت و بیانکەیت بە مۆرکێکی خودی و تایبەتی خۆت.

ئەگەر تا ئێستاش لەم بیرۆکەیە نەگەیشتوویت، ئەوا مێشکی خۆت سەرقاڵ مەکە و بابەتەکە لەبیر بکە!

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- مێشکی خۆت بە پێناسەکانی ژیری سەرقاڵ مەکە (هەمیشە ئەوەت بیربێ، کە کەسانی ژیر ئەوانەن کە ڕەفتارەکانیان ژیرانە ئەنجام دەدەن.
- ژیری، هەمیشە لە ڕێگەی هۆکارە بۆماوەییەکانەوە دروست نابێ، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی ئەزموون و فێربوون لە هەڵەکانەوە دروست دەبێ.
- لایەنی ژیری لە چیرۆکەکان دەربهێنە و هەوڵ بدە لە ژیانی خۆتدا بەرجەستەیان بکەیت.

***

# چەند گێڕانەوەیەك سەبارەت
# بە گەشەپێدانی خود

لە کۆتـا نووسـینمدا چەنـد چیرۆکێکـی جـوانم نیشـاندان کە دووپاتی هەمەجۆریی زیـری و دەرخستنی بە گـوێرەی هەڵوێستی کەسیی هەر مرۆڤێك دەکەنەوە، ئەو جۆرە لە چیرۆك و گێڕانەوە لە کولتووری هەمـوو وڵات و گەلێکـدا بوونیـان هەیە، بەو هۆکـارەی کە من یەکێکم لە هۆگرانی ئەو پەرتووکانەی کە باس لە هاندان و گەشـە و پەرپێـدانی خـود دەکەن، سـەرنجم داوە (جـگە لەوەی 90% ئەو وانانە لە ژیانمان جێبەجـێ نـاکەین کە لە چیرۆکەکانـدا هاتوون) هەر زوو ئامۆژگاری و پەند و وانەکانی نێو ئەو چیرۆکـانە لە یاد دەکەین.

بۆ نموونە خۆم، لە میانی ئەو چەن خولەکە چەندین چیرۆکم لە بیرە سەبارەت بە هاندان و سـەرکەوتن.. بەڵام بیـرم نییە کەی و لە کـوێ خوێنـدومنەتەوە، تەنـانەت نـاوی کەسـایەتییەکانی نێـو چیرۆکەکانیشم بیر نەماوە.

چەند نموونەیەك لەسەر گەشەپێدانی خود:

- چیرۆکی سەرکەوتنی کەمـانجەژەنێکی فەڕەنسـی، لەبەردەم لیژنەیەك کە لە حەوت مۆسیقاژەنی بەناوبانگ پێك هاتبوو.

باشژەنین لەو پێشبڕکێیەدا دەستەبەری پیشەی داهـاتووی دەکرد، کە بـواری دووبارەبوونەوەشـی تێـدا نییە، کاتێـك دەستی کرد بە ژەنین.. زۆری نەبرد وەتەرێکی کەمانەکەی پچڕا، بەڵام ئەو بەهەمان

ئاسـت و متمـانەی پێشـووی بەردەوام بـوو، هێنـدەی نەبـرد کە وەترێکی تریشی پچڕا... دواتر تاڵی سێیەمیشی پچڕا، تەنها وەتـری چوارەمی مابوو، بەڵام ئەو بێ ئەوەی هـیچ خـۆی بشـێوێنێ لەسـەر ژەنینی کەمانەکەی بەردەوام دەبێ، تا وەتـری چوارەمیشـی پچـڕا، بەڵام ئەوەی سەیر بوو لیژنەکە نمرەی تەواوی بەو کەمـانچەژەنە دا! تەنها لەبەر جوانیی ژەنینەکەی نا، بەڵکو لەبەر بوێری و سـووربوونی لەسەر ژەنینەکەی و نەکشانەوەی لە پێشبڕکێیەکە.

ناوەڕۆکی چیرۆکەکە: نەوەستان لە هەوڵەکان، تەنانەت ئەگەر لە کاتە ناخۆش و سەختەکانی ژیانیشت گشت وەترەکانت بپچڕێن.

- چیرۆکی ئەو وەرزێرەی کە تەواوی موڵکەکەی لە هۆڵەندا دەفرۆشێت بۆ ئەوەی پارچە زەوییەك لە باشووری ئەفریقیا بکڕێـت، بەو مەبەسـتەی بیکـات بە بـاخێکی گەورە و سـەرنجڕاکێش، بەڵام دوای کڕینی زەوییەکە، بۆی دەرکەوت کە ئەو زەوییەی کڕیویەتی زەوییەکی بە پیت نییە بـۆ ئەو کـارە، بەڵکـو زەوییەکـی وشـك و برینگە و پڕە لە دووپشك و ماری ژەهراوی، بەڵام لە جیاتی ئەوەی لە کڕینـی ئەو زەویـیە پاشـگەز ببێـتەوە، بڕیـار دەدات کە واز لە بیـرۆکەی بـاغەکە بهێنێـت و ئەو زەویـیە بکـات بە شـوێنێك بـۆ بەرهەمهێنـانی دژەژەهـری سروشـتی، ئێسـتا ئەو شـوێنە گەورەتـرین شوێنی بەرهەمهێنانی دژەژهری سروشتییە لە جیهان.

ناوەڕۆکی چیـرۆکەکە: ملکەچنەبـوون و خـۆنەدان بەدەسـتەوە، هەروەهـا گەڕان بەدوای لایەنـی ئیجـابی لە ڕووداوەکـان، ئەمە سەرەڕای وازهێنان لە ڕێـگە دووبـارە و تەقلیـدییەکان و هەنگاونـان بەرەو داهێنان و بیری جیاواز.

- له پەرتووکی (چۆن کاریگەری لەسەر خەڵك دروست دەکەیت) کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی شارەزای پەیوەندییە مرۆییەکان (دیل کارینگی) چیرۆکێکی زۆر جوانی تێدایە کە باس لە چۆنیەتی سەرمەشقبوون و ئاراستەکردنی کەسانی تر بۆ ئەو کارەی کە خۆمان دەمانەوێ دەکات... بۆمان باس دەکات کە هاوسەری پیاوێکی جوتیار لە پەنجەرەی چێشتخانەکەیەوە سەیری شکستی هاوسەر و منداڵەکانی دەکرد، کە نەیاندەتوانی جوولە بە گایە گەورەکەیان بکەن و بیبەنە نێو گەوڕەکەی، بۆیە خۆی دەچێتە دەرەوە و پەتی گایەکە دەگرێت و خۆی پێشڕەوی دەکات و گایەکەش زۆر بە ئاسانی دواى دەکەوێت، بەبێ هیچ ئاستەنگێك.

ناوەڕۆکی چیرۆکەکە: هاندانی کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە دەمانەوێ بەهێز نابێت، بەڵکو بە سەرنجڕاکێشان و هاندان و بەشداریکردن لەگەڵیان لە کارەکە دەبێت.

- هەر لەوبارەیەوە دیل گارینگی چیرۆکێکی تریشی هێناوە، کە پەیوەستە بە بەخشینی پێگە و گرنگیدان بە کەسی بەرامبەر، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە پیرەژنێکە کە بەدەست چەند هەرزەکارێکی سەرەڕۆی گەرەکەکەی دەیناڵاند، ڕۆژانە دەهاتنە نێو ماڵەکەی و گوڵ و لقی داری باخچەکەیان لێدەشکاند، زۆر شتی لەگەڵ تاقیکردنەوە، سەرزەنشتی کردن، ئاگادارکردنەوەی پۆلیس، هەڕەشە، هەموو ڕێگاکان بێسوود بوون، بەڵام دواتر بیرۆکەیەکی بۆ هات، شەڕانگێزترینی هەرزەکارەکانی هەڵبژارد و بانگی کرد، گوتی لەمڕۆوە تۆ لای من سەرکردە و پاڵەوانی هەموو کوڕەکانی تری،

بۆیە ئەم حەدیقە بە تۆ دەسپێرم، لەو ڕۆژەوە کەس نەیدەوێرا توخنی حەدیقەکەی بکەوێ لەبەر ئەو کوڕەی کە هەڵیبژارد.

ناوەرۆکی چیرۆکەکە: بەخشینی پێگەیەکی تایبەت بە کەسانی تر بۆ بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان.

- لەکۆتاییشدا دەگێڕنەوە کە ئافرەتێك هەبووە زۆر شارەزا بووە لە سوورکردنەوە و برژاندنی ماسی.. ڕۆژێکیان یەکێك لە دراوسێکانیان دێتە ماڵی ئەو ئافرەتە و داوای لێدەکات کە شێواز و نهێنی سوورکردنەوەکەی فێربکات، ئەویش لەکاتێکدا کە دەیویست شێوازەکەی فێربکات، سەر و کلکی ماسیەکەی لێکردەوە و خستیە نێو مەقلیەکەوە (تاوە)، دراوسێکەشیان بە سەرسوڕمانەوە پرسی: ئەوە بۆچی کلك و سەرەکەی ناخەیتە مەقلیەکەوە و لێی دەکەیتەوە؟ ئافرەتەکە کەمێ بێدەنگ بوو.. دواتر گوتی: لە ڕاستیدا منیش نازانم، بەڵام تەنها ئەوە دەزانم کە دایکیشم بە هەمان شێوە ئامادەی دەکرد.. دواتر پەیوەندی بە دایکیەوە کرد و پرسیاری ئەوەی لێکرد، بەڵام ئەویش هۆکاری ئەو بڕینەی نەدەزانی، تەنها گوتی منیش لە دایکمەوە فێربووم.. ئەوەی باشبوو هێشتا داپیرەی لە ژیاندا مابوو، کاتێك پرسیاریان لەو کرد، گوتی: ڕۆژانێك ئێمە زۆر هەژار بووین، ئەوسا تەنها مەقلیەکی بچووکمان هەبوو، جا بۆ ئەوەی ماسیەکە ببرژێنین ناچار دەبووین کە سەر و کلکی ماسیەکە لێبکەینەوە، چونکە جێگای نەدەبوویەوە!

(ناوەرۆکی چیرۆکەکە: زۆر جاران مرۆڤ چەند ڕەفتارێکی هەڵە لە باوانییەوە وەردەگرێت، بێ ئەوەی بیربکاتەوە کە ئەو ڕەفتارە چۆن دروست بووە و هۆکارەکەی بزانێ).

خۆشەویستان ئەوەی خوێندتانەوە تەنها چەند چیرۆکێکی جوان و هانـدەر و بەسـوود بـوون، ڕەنـگە لە چەنـد دانەیەکیشیان خاڵی کەموکــورت و لاوازیـــش هەبـــێ، بەڵام گرنگتـــر لە ڕامـــان و لێوردبـــوونەوە لە پەنـــد و وانەکـــانی ئەو چیرۆکـــانە بـــریتییە لە ئاگـــاداربوون لە ڕۆڵیـــان لە گەیانـــدنی پەیامەکـــان بە شـــێوازێکی چێژبەخش کە ڕەنگە لەبیرکردنیان ئەستەم بێت.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- ڕەنگە چیرۆکێك لە هەزار ئامۆژگاری باشتر بێ.
- گێڕانەوەی چیرۆکەکان تا ئێستاش بە باشترین و کۆنترین هۆکاری گواستنەوەی ئەزموون و کولتوور لە نێوان مرۆڤەکاندا دادەنرێت.
- ئەو کاتەی کە بیرۆکەکانت بە ڕێگەی چیرۆکی بە چێژەوە دەردەبڕی دڵنیابە کە زۆر بە چێژەوە لە نێو خەڵکیدا بڵاودەبنەوە.

***

Scanned by CamScanner

## بیر لە سەرکەوتن مەکەرەوە، بەڵکو بیر لە دروستکردنی نەریتێکی سەرکەوتوو بکەوە

لە تەمەنی بیستودوو ساڵیدا وانەیەکی گرنگ سەبارەت بە دروستکردنی سەرکەوتن فێربووم، ئەوسا بڕیارمدا کە پەیوەندی بە ڕۆژنامە سعودییەکان و گۆڤارە عەرەبیەکانەوە بکەم، بەو هیوایەی لە یەکێك لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا ببم بە نووسەر و نووسینەکانمی تێدا بڵاوبکەمەوە، جا بۆ ئەوەی سەرنجی سەرنووسەرەکان ڕابکێشم (خێرا جێگای خۆم بکەمەوە) سەرەتا بڕیارمدا کە (20) بابەت ئامادە بکەم تا بە یەك جار ڕادەستیان بکەم!

من زۆر متمانەم بە توانای خۆم هەبوو کە دەتوانم لە ماوەی چل ڕۆژدا (20) بابەتی جیاواز بنووسم، بەڵام لە ڕاستیدا لە ماوەی شەش حەفتەدا تەنها توانیم (15) بابەت ئامادە بکەم، (بە سادەیی) جۆرێك لە غرور تووشم هات، ئاخر لەو کاتە کەمەدا نووسینی (20) بابەت ئاسان نییە (بە تایبەتیش بابەتی مەنهەجی، چونکە هەر بابەتێکی لەو جۆرە وەك توێژینەوەیەکی بچووك وایە).

ڕێك لەو ڕۆژەدا زانیم کە سەرکەوتن هێندە پەیوەندی بە چەندایەتییەوە نییە، بە ئەندازەی ئەوەی پەیوەندی بە بەردەوامێتی هەیە، هێندە پەیوەندی بە بەخشینی وزە و توانا و کۆشش نییە، بە ئەندازەی ئەوەی پەیوەندی بە دروستکردنی نەریتێکی ڕۆژانەوە هەیە کە بە درێژایی ژیانمان بەردەوام بێ... بۆیە لە جیاتی سەرقاڵ بوونم بە نووسینی کۆمەڵێك بابەت و وتار، یان نووسینی کتێبێکی

گەورە بڕیارمدا کە نەریتێکی ڕۆژانە بۆ خۆم دروست بکەم، هەر ڕۆژێك تەنها یەك بابەت بنووسم!

ئەمڕۆ؛ کە بە ئەرشیفی ئەلیکترۆنی خۆمدا دەچمەوە، بەر لە هەموو کەسێ خۆم دووچاری شۆك دەبم! چونکە لە ئێستادا (8000) بابەتی ئامادەم هەیە، لە کاتێکدا من هەر ئەو کەسەم کە نەمتوانی (20) بابەت لە ماوەی چل ڕۆژدا بنووسم (ئەوسا دەمگوت هیچ کەسێك نییە بتوانێ بەرگەی ئەوە بگرێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام بێت لەسەر نووسین).

** ** **

ئەم ئەزموونە کەسیەی خۆم، تەنها نموونەیەکە بۆ دەرخستنی گرنگیی دروستکردنی نەریتێکی سەرکەوتوانەی ڕۆژانە بێ ئەوەی خەمی سەرکەوتن لە ئامێز بگیرێ، هەرگیز مێشکت بە بەدەستهێنانی لەشولارێکی جوان و ڕەشیق سەرقاڵ مەکە، بەڵکو ڕۆژانە تەنها دە خولەك بۆ ئەنجامدانی وەرزش تەرخان بکە.. هەرگیز خۆت بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی یان چینی یاخود ئیسپانی سەرقاڵ مەکە، بەڵکو ڕۆژانە تەنها پێنج وشە لە زمانەکە لەبەربکە و ماناکەی بزانە.. خۆت بە لەبەرکردن و پێداچوونەوەی تەواوی قورئان سەرقاڵ مەکە، بەڵکو ڕۆژانە تەنها نیو پەڕی لەبەربکە و پێداچوونەوەی بۆ بکە... بیرت بە کەمکردنەوەی (30) کیلۆ لە ماوەی دوو مانگ سەرقاڵ مەکە، بەڵکو هەوڵبدە نەریتێکی خۆراکیی تەندروست بۆ خۆت دروست بکە و با بە درێژایی ژیانت لەگەڵت بێ.. بیرت بە

بەدەستهێنانی سەروەت و سامانێکی زۆر سەرقاڵ مەکە، بەڵکو لە پیشەی ڕۆژانەت بیر لە داهێنانێك بکەرەوە، بە هەمان شێوە بۆ بوارەکانی تری ژیانت، چونکە تەمەن زۆر خێرا دەڕوات، جا کاتێك تۆ نەریتێکی جوان و سەرکەوتوو بۆ هەر بوارێکی ژیانت تەرخان دەکەیت، دوای ساڵێك یان دوو ساڵ لە ناکاو دەبینی نەك هەر بە ئامانجەکەت گەیشتوویت، بەڵکو لە چەندان شەپۆلی گەورەشت تێپەڕاندووە، هەربۆیەش پێش هەموو کەس خۆت بە بەرهەمی نەریتە سەرکەوتوانەکەت دووچاری شۆك دەبیت (وەك چۆن من بەو ئەرشیفە زۆرەی خۆم دووچاری شۆك بووم).

بە گریمانە با بڵێین تۆ بڕیارتداوە کە کاتژمێرێکی ڕۆژانەت بۆ ئەنجامدانی هەر یەك لەم شتانەی خوارەوە تەرخان بکەیت:

- چارەگە کاتژمێرێك بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.
- چارەگە کاتژمێرێك بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی.
- چارەگە کاتژمێرێك بۆ لەبەرکردنی وشەی ئینگلیزی.
- چارەگە کاتژمێرێك بۆ لەبەرکردنی وشەی فەڕەنسی.

دوای چەند ساڵێك (کە زۆر خێرا تێدەپەڕن) دووچاری شۆك دەبیت، بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، بە لەشولارە ڕێك و تەندروستەکەت، بە زانینی دوو زمانی جیاواز.. هەموو ئەوانەش تەنها بە تەرخانکردنی کاتژمێرێکی ڕۆژانە کە بە وەستانت لە ڕێگەیەکی قەرەباڵغ و سەیرکردنێکی ڕۆژانەی تەلەفیزیۆن بەراورد ناکرێن!

بیرمە کە من ژیاننامەی وەزیری دەرەوەی ئەمیر سعود فەیسەڵم خوێندەوە، زۆر لام سەیربوو کە زانیم ئەو حەوت زمانی جیهانی

دەزانی (لە نێوانیشیاندا زمانی عیبری). لە ڕاستیدا نازانم چۆن بەو ئاستە گەیشتووە، بەڵام با گریمانەی ئەوە بکەین کە ڕۆژنامەنووسێك ئەو پرسیارەی لێدەکات، دەڵێ: لە ماوەی کارکردنم وەك وەزیری دەرەوە خۆم وا ڕاهێنابوو لە هەموو ساڵێك فێری زمانێك ببم.. ئەوسا زۆر سەرسام نابی بە فێربوونی تەنها حەوت زمان، بەڵکو دەڵێی لە ماوەی کارکردنی وەك وەزیر دەبوو (38) زمانی جیهانی فێربووبایە!!

بیرۆکەکە -بە کورتی- بە دەستهێنانێکی سەرکەوتوانە بە دروستکردنی نەریتێکی ڕۆژانەی بەردەوام بەدەست دێت، نەوەك بە بیکردنەوە لە ئەنجام و ئامانجی کۆتایی.. چونکە بە تەنها بە بیرکردنەوەت لە (فێربوونی حەوت زمان، یان نووسینی هەشت هەزار بابەت) دووچاری بێ هیوایی و سستیت دەکەن و کارەکەش پێش دەستپێکردن، بە شکست کۆتایی دێت (بە مردوویی لە دایك دەبێ).

ئایا دەتەوێ تەواوی بیرۆکەکەت لە چەند وشەیەك بۆ کورتر بکەمەوە؟!

**(کەمێکی بەردەوام، زۆر باشترە لە زۆرێکی پچڕ پچڕ).**

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- سەرکەوتن پەیوەست نییە بە چەندایەتی، بەڵکو پەیوەستە بە بەردەوامێتی.
- سەرکەوتنە مەزنەکان تەنها پێویستیان بە نەریتێکی ڕۆژانەی بچووك هەیە.
- کاتێك لەسەر هەر نەریتێکی سەرکەوتووی ڕۆژانەت بەردەوام دەبیت، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك یان دوو ساڵ، دەبینی تۆ ئامانجە سەرەکییەکەت بە چەندین هەنگاویش تێپەڕاندووە!

✿✿✿

## شتەکان بە جێگیری دەمێننەوە تا ئەو کاتەی بیریان لێدەکەیتەوە.. ئەوسا بە ئاڕاستەی تۆ دێن

بیرم نییە لە کوێ و کەی بوو کە ئەو بنەما گرنگەی سەرەوەم خوێندەوە، بەڵام باوەڕی تەواوم بە ڕۆڵ و گرنگیەکەی هەیە، بە ڕێگەیەکی نادیار و ناڕاستەخۆ لە پێکهێنانی ژیان و بیرۆکەکانمان.. بەو واتایەی هەر کات بیر لە سەرکەوتن یان بە گەیشتن بە ئامانجێك، ئەوا بارودۆخەکانی دەوروبەرمان بواری سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکەمان بۆ دەڕەخسێنن.. لە بەرامبەریشدا هەر کاتێك هەست بە ژێردەستەیی و شکست و گەڕانەوە بکەین، ئەوا لە بەردەماندا کۆمەڵێ بەربەست و ئاستەنگ دەبینەوە کە پێشتر هەرگیز بە خەیاڵماندا نەهاتوون (وەك هەر تیپێکی تۆپی پێ کاتێك متمانەی سەرکەوتنیان نەبێ ئەوا شکستیان مسۆگەرە).

لە میانی سەیرکردن و خوێندنەوەی ژیانی کەسە سەرکەوتووەکان، ئەو ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان هێندە لە پرۆسەی خوێندنیان سەرکەوتوو نەبوونە، بەو ئەندازەیی کە لە پێشبینییەکانیان بۆ خودی خۆیان و سەرکەوتنەکانیان گەشبین و ئیجابی بوونە... - منیش وەك خۆم- بە زۆر بارودۆخدا تێپەڕبووم، لە بەشێکیان زۆر هەستم ئاستی متمانە بەخۆبوون و سەرکەوتنم زۆر بەرز بووە هەر بۆیەش تیایاندا سەرکەوتوو بووم، لە بەشێکییان هەستم بە شکست کردووە، هەربۆیەش تیایاندا شکستم هێناوە... نهێنی ئەوەش لە

هەبوونی پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوان بیرکردنەوەکان و ئەو بارودۆخانەی لە دەوروبەرمان دروست دەبن دایە.

لە زانستی دەروونناسی مێشکیشدا یاسایەك هەیە پێی دەگوترێت (یاسای ڕاکێشان، یان پێشبینی) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئێمە خۆمان ئەو ڕووداو و کەس و بارودۆخانە بۆ لای خۆمان پەلکێش دەکەین کە لەگەڵ بیرکردنەوە و تەسەوڕمان بۆ ژیان دەگونجێن.. یەکێك لەو تەکنەلۆژیایانەی کە زانستی "بەرنامەی زمانەوانی مێشك" لەسەری هەڵچنراوە، توانای هەر مرۆڤێکە بۆ دووبارە بەرنامەڕێژکردنی دەروونیی خۆی بە چەندان ڕستەی جیاواز لە پێشتر، تا لە عەقڵی ناوەکی خۆیدا جێگیر دەبن (دواتر تێبینی ئەوە دەکرێ کە بارودۆخەکانی دەوروبەریشی دەست بە گۆڕانکاری دەکەن).

سەیر لەوەدایە کە توانای بیرکردنەوەکانمان لەسەر گۆڕینی ڕووداوەکانی دەوروبەرمان دیاردەیەکە هەموو کەسێ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی هەستی پێدەکات.. ئەمەش لە میانی وتە جیهانی و ئەو پەندە میلیانەی کە لە نێو خەڵکیدا دەگوترێنەوە بە ئاسانی دەبینرێ، بۆ نموونە ئەو وتانەیان وەربگرە:

ئەوەی لە جنۆکە بترسێ بۆی دەردەکەوێ/ باسی گورگ بکە و کۆچانی بۆ ئامادە بکە/ بیر لە چاکە بکەرەوە دێتە ڕێت/ پەندێکی بەڕازیلی: ئەوەی ئەمڕۆ باوەڕت پێی هەیە، سبەی دەیبینی/ فەرمایشتێکی پێغەمبەری ئازیزیش (دروودی خوای لەسەر بێت) کە هەر ئەو واتایانە لە خۆ دەگرێت دەفەرموێت:

((لا تتمارضوا، فتمرضوا؛ فتموتوا)) واتە: ((ئەنقەست خۆتان نەخۆش مەکەن، دواتر نەخۆش دەکەون، دەشمرن))!

هەر لە سەر ئەو بنەمایە تۆ دەتوانی وێنەکە بەو جۆرە بکێشی کە خۆت دەتەوێ، هەوڵیشبدە کە بارودۆخەکانی دەوروبەرت لە ڕێگەی زۆر دووبارەکردنەوەی ڕستە و پەیامە هاندەر و ئیجابیەکانەوە بگۆڕیت (وەك: من هەمیشە بە تەندروستییەکی باش دەمێنمەوە/ پێش پیربوونم زۆر دەوڵەمەند دەبم..) لە بەرامبەریشدا ئەوە بزانە کە هەمیشە پەیام و ڕستە ڕووخێنەر و سلبیەکان و دووبارەکردنەوەیان لە ناخی خۆتدا کاریگەری لەسەر دەروون و داهاتووت دەبێت و ئاستەنگ و بەربەستی گەورەت دەهێنە بەردەم.

هەر بە گوێرەی "بەرنامەی زمانەوانی مێشك" ئەوە دووپات کراوەتەوە کە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی پەیامە ئیجابی و ڕستە هاندەرەکانەوە، دەتوانی بەسەر گفتوگۆی ناوەوەی خۆتدا زاڵ بیت و بەرەو ڕێگا و شێوازێکی دروست ئاڕاستەی بکەیت (بەتایبەتیش پێش خەوتن، تاوەکو عەقڵی ناوەکیت تا بەیانی پێوەی سەرقاڵ بێت). بەو ڕێگایە (تەنها عەقڵی خۆت بۆ خۆت ناشۆیتەوە) بەڵکو بەشداری لە گۆڕینی بارودۆخەکانی دەوروبەریشت دەکەیت و بە شێوەیەك ئاڕاستەیان دەکەیت کە ببنە پاڵپشتیەك بۆ ئامانجە کەسیەکانی خۆت!!

ڕاستە هەوڵدان و دڵسۆزی و ڕوونی ئامانج پێکهاتەی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی هەر کارێك، بەڵام گەشبینی و دڵنیاییمان لە سەرکەوتنی کارەکان هۆکاری شاراوەن و گرنگیەکەیان هیچی

Scanned by CamScanner

لەوانی پێشوو کەمتر نییە، ئەستەمە کەسێك خۆی پێشبینی شکست بکات و ئاستی تواناکانیشی نزم نەبنەوە و بە جێگیری لە جێگەی خۆیاندا بمێننەوە!

هەمیشە خۆت وەك موگناتیسێکی گەورە وێنا بکە، کە گریمانە جوانەکان بەر لە چوونیان بۆ لای هەر کەسێکی تر، بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- شتەکان بە جێگیری دەمێننەوە، تا بیریان لێدەکەیتەوە، ئەوسا بۆ جێبەجێکردنیان خۆیان بەرەو پیرت دێن!
- جیهان بریتییە لە چەند بیرکردنەوەیەکی بەرجەستە، هەنگاوەکانی داهاتووشمان بە گوێرەی پێشبینیەکانمان گۆڕانیان بەسەردا دێ.
- بیرکردنەوەکانمان (وزە) لە نزیک ئێمەوە بەرجەستە دەبن (وەك ڕووداوەکان).

***

Scanned by CamScanner

## تەکنەلۆژیاکانی بەختێکی باش

ئایا باوەڕت بە "بەختباشی" هەیە؟!
ئایا باوەڕت بەوە هەیە، کە یەکێك لەدایك دەبێت کەوچکێك زێڕی لە دەمدایە، یەکێکی تریش کەوچکێك وردە تەختە؟!
من سەبارەت بەو باسە باوەڕم وایە کە ئەوە دەچێتە ژێر ئەو ئەندازانەی کە خودای گەورە لەسەر بەندەکانی داناوە -هەروەها باوەڕیشم وایە- کە بەشێکی زۆریش لەسەر ئەو بڕیارە کەسیانە دەوەستێتەوە کە مرۆڤەکان خۆیان بۆ خودی خۆیان هەڵیاندەبژێرن (بەمەش ڕێژەی بەخت و سەرکەوتن بەرز دەبێتەوە).
زانایەکی دەروونی "ڕیتشارد وایزمان" لەسەر پرسی بەخت (400) کەسی لە کەسە نزیك و هاوڕێکانی خۆی کۆکردەوە کە بەکەسانی بەخت باش ناسرابوون، بۆ ماوەی هەشت ساڵ دیراسەی تەکنەلۆژیاکانی بەختێکی باش و ئەو هۆکارانەی کەسەکان بەرەو بەختێکی باش یان خراپ دەبەن کرد، لەکۆتاییدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە "بەخت حاڵەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیە، دەکرێت هەموو کەسێك فێری ببێ و ڕێژەکەی لە ڕێگەی ئەو چوار بنەمایەی خوارەوە بەرز بکاتەوە":

- توانای مرۆڤ لە دروستکردنی دەرفەت بۆ خۆی.
- دروستکردنی هەڵوێست و بیرکردنەوەی ئیجابیانە.
- کاریگەرنەبوونی بڕیارەکانی بە ڕووداو و ناخۆشیەکانی ڕابردووی.

- قەناعەتی بەردەوامی بەوەی کە ئەو کەسێکی بەختباشە (ئەوە باسای ڕاکیشانمان بیر دەخاتەوە).

هەر سەبارەت بەو پرسە کتێبێکی نووسی بە ناوی "فاکتەری بەخت و چوار بنەماکەی" The Luck Factor: The Four Essential Principles.

سەرەڕای ئەوەی ئەو هۆکارانە بە تەنها ناتوانن بەختێکی باش و سەرکەوتن دەستەبەر بکەن، بەڵام دەتوانن زەمینەیەکی باشتر بڕەخسێنن بۆ زیاترکردنی دەرفەتەکانی خۆشبەختی.

سەبارەت بە بنەمای یەکەم (توانای مرۆڤ لە دروستکردنی دەرفەت بۆ خۆی) وایزامان تێبینی ئەوەی کردووە گرنگترین سیفەت کە کەسە بەبەختەکانی پێ جیادەکرێتەوە، بریتییە لە هەبوونی توانا بۆ دروستکردنی دەرفەتی نوێ بۆ خودی خۆیان، ئەمەش لە میانەی بەدواداچوونیان بۆ دەوروبەریان و ئاگاداربوونیان لەوەی کە هاوشێوەکانیان ئەنجامی دەدەن و بەردەوامبوونیان لەسەر فێربوونی چالاکیە نوێیەکان، هەروەها ئەو جۆرە کەسانە ئارەزوویەکی زۆر بەهێزیان هەیە بۆ بەرزبوونەوە و بەردەوام بەدوای زانست و زانیاری و هاوڕێی نوێوەن (منیش پێم وایە تا چەند مەعریفە و هاوڕێ زیاتر بێت، ڕێژەی دەرفەتی ئیجابی زیاتر دەبێ).

ئەوان لەگەڵ تواناکەیان بۆ دروستکردنی دەرفەت، هاوکات خاوەن بوێریەکی زۆریشن بۆ قۆزتنەوەی هەر دەرفەتێك کە بێ پلانی پێشوەختە دێتە بەردەمیان.. هەروەها ئەوان لە لەدەستدانی ئەوەش ناترسن کە لە دەستیان دایە لە پێناو گەیشتنیان بە

دەرفەتێکی باشتر (کاتێک حەوت فەرمانبەر لە ژوورێکدا کۆ دەبنەوە، بەڵام یەکێک لەو حەوت کەسە لەناکاو جیا دەبێتەوە بڕیار دەدات سەربەخۆ کاربکات و بازرگانی بکات، دواتریش دەوڵەمەند دەبێت، ئەوسا لە دیدی کەسەکانی تریش ئەو کەسە بە کەسێکی بەختیاش هەژمار دەکرێ)!

هەروەها کەسی بەبەخت هەرگیز پشت بەوە نابەستێ ئاخۆ ئەو دەرفەتە لۆژیکیە یاخود نا، هەرگیز ناچێتە نێو وردەکاری کارەکە، ئەگەر بێت و بە سادەتر بڵێین: کەسی بە بەخت دووربینییەکی بەهێزی هەیە بۆ دەرفەتە نوێیەکان.. دەمەوێ شتێکی تریش بۆ ئەوە زیاد بکەم، کەسی بە بەخت هەمیشە گەشبینە، هەمیشە قەناعەتی وایە کە هێشتا باشرینەکە نەهاتووە.. ئەم تیۆرە زۆر ئیجابی و هاندەرە - هەمیشە- کەسەکان دەخاتە جووڵە و بەرەو پێشیان دەبات، لە هەمان کاتیشدا ڕەشبینی کەسەکان بەرەو چەقبەستوویی و گەڕانەوە دەبات.

پاشان ئەوەش لە بیر نەکەین کە "بەختێکی باش" دیوێکی ترە لەو بەخششە ناوازانەی کە خاوەنەکانیان بە باشترین شێوە بەکاریان دەهێنن. - بۆ نموونە- ڕەنگە کەسی خاوەن بەخت پشت بە بیرۆکەیەکی نوێی بازرگانی ببەستێت، یان توانای ئەوەی هەبێ، بە بۆچوونەکانی قەناعەت بە کەسانی دەوروبەری بهێنێ، بەکورتی دەزانێ شانی لە کوێ دادەنێ.. کەسە بەبەختەکان بەگشتی بێ هیوا نابن، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان، ئەوان وەک تەواوی مرۆڤەکانی تر شکست دەهێنن و زەرەر دەکەن، بەڵام

ئەزموونەکانیان دووبارە دەکەنەوە تا بەرهەمەکەی دەچنن، تەنانەت ئەگەر ناچاریش بکرێن بۆ ڕازیبوونیان بەو واقیعە، ئەوا ئەوان ڕێگا و پلانەکانیان دەگۆڕن و جەخت لەسەر لایەنە باش و ئیجابیەکان دەکەنەوە، جگە لەوەش دەرفەتە خراپەکان هەڵدەگێڕنەوە و تا دەگەن بە باشەکان..

لەکۆتاییدا، خودای گەورە تەمەنەنتان لە سەر خۆشبەختی و کامەرانی بەردەوام پێبدات، هەرگیز بە ناو و ڕواڵەت هەڵمەخەڵەتێن.

کەسە بەبەختەکان خۆیان باوەڕیان وایە کە ئەوەی بە دەستیان هێناوە لە ڕێگەی کۆشش و هەوڵی خۆیانە، پێیان وایە کە سەروەت و سامان بە بێ کار و ماندووبوون بەدەست نایەت.. بەڵام هەر کەسێ بە تەنها پشت بە بەخت ببەسێ ئەوا لە جێگای خۆی هەنگاوێك ناچێتە پێشەوە، چاوەڕێی پێشبرکێیەکی تەلەفیزیۆنی یان "مەتەڵێك لە پرسیار و وەڵامەکانی ڕەمەزان" بکات تا لەو گوزەرانی بەرەو حاڵێکی کەمێك باشتری ببات.

## پوختەی تیۆرەکە

- قەدەر بەشێکی گەورە لە بەختە کەسییەکانمان لەخۆ دەگرێ، بەڵام بەشەکەی دیکە دەتوانین بە دەستەکانی خۆمان دروستی بکەین.
- کەسە بەبەختەکان لە ڕێگەی قۆستنەوەی دەرفەتەکان بەختی خۆیان دروست دەکەن.
- گرنگترین سیفەت کە کەسە بەبەختەکان ڕێژەی دەرفەتە باشەکانیانی پێ بەرز دەکەنەوە بریتییە لە بەدواداچوونی بەردەوامیان بۆ بارودۆخەکانی دەوروبەریان و بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان.

***

Scanned by CamScanner

## ڕۆڵی بۆماوەیی و

## قەدەر لە پرسی بەختدا

لە کۆتا بابەتدا (تەکنەلۆژیاکانی بەختێکی باش)، تیشکم خستە سەر ئەو لایەنەی کە دەتوانین دروستی بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین لەسەر پرسی بەختێکی باش، بەڵام لە هەمان پرسدا زۆر باسی قەدەر و (هەروەها کاریگەری میراتگری)مان نەکرد.

ئەوەندە بەسە کە سەیرێکی دەوروبەرت بکەیت تا ئەو کەسانە ببینی کە لە باوانیانەوە سەروەت و سامان و شکۆ و پلە و پۆست و ناوبانگیان بۆ ماوەتەوە، بەشێکیشیان هەژاری و نەخۆشی دڵ و شەکرەیان بۆ ماوەتەوە.

بەڕاستی ئەوە سەیرە، چۆن ڕۆڵی "قەدەر" یان هۆکارە بۆماوەییەکان بکەینە پێوەر؟! بیرمە کە زانایانی کۆمەڵناس لە زانکۆی بریستۆڵ دیراسەیەکی درێژیان لەسەر ئەو پرسە ئەنجامدا، بۆ ئەو مەبەستە (14000) هەزار منداڵیان کۆ کردەوە، تا بزانن ژیانی هەر یەك لە ئێمە بە گوێرەی یاساکانی قەدەر بەڕێوە دەڕوات، یان بە هۆکاری ویست و ئیرادە و ئەو دەرفەتە نوێیانەی کە خۆمان دروستی دەکەین؟!

ئەوەی تێنەگەیشتم ئەوسا، بریتی بوو لە سروشتی ئەو پێوەرانەی کە لە داهاتوودا پشتی پێدەبەستن (بۆ نموونە: کاتێك منداڵەکان دەچنە بازاڕ، یان ئەو کاتەی تەمەنی چل ساڵی تێدەپەڕێنن) بۆ

دیاریکردنی ئەوەی کە ئاخۆ سەرکەوتنەکانی پێشوویان لە ئەنجامی قەزا و قەدەرەوە بووبێ، یاخود ئیرادە، یان پلانێکی تەندروست.

کێشەی ئەزەلیی ئەوەیە (ئایا ئێمە سەرپشکین یان ناچار؟!) ئیرادە و پـــلان لە لایەك، قەزا و قەدەریـــش لە لایەك، دوو ڕووی یەك دراون.. جا کاتێك یەکێك لەو مندالانە لە داهاتوودا دەبێت بە "ملیۆنێر" دەکرێ ئەوسا بانگەشەی ئەوە بکرێ کە ئەو منداڵە بە هۆکاری هەوڵ و کۆششی خۆی گەیشتووە بەو قۆناغە، هەروەك چۆن دەکرێ بدرێتە پاڵ قەدەرەکەی.

بەڵام ئەوەی سەیر بوو لە دیراسەکەی زانکۆی بریستۆل، ئەوەبوو کە هەمان ئەنجامی زانایانی دەروونناسی (زانکۆی ویلز لە کاردیف) دووپات دەکردەوە، ئەوان پێیان وایە هەندێك کەس بە "شووم"ی لەدایك دەبێت بە شێوەی بۆ ماوەیی و بە ڕێگەیەك کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیدایە.. لە میانی پێداچوونەوە بە سەرکەوتنی چەند کەسێك، زانایان ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە "بەختی خراپ" بۆماوەییە و پەیوەستە بە بەشێك لە خێزانەکانەوە، لە بەرامبەریشدا "بەختی باش" پەیوەستە بە بەشەکەی تر لە خێزانەکان...

تێگەیشـــتن لە هۆکـــاری ڕاســـتی ئەو دیراســـەیە، بەشـێك لە دەرئەمجامەکەی شیدەکاتەوە.. چونکە بنەمایەکی داناوە بۆ زانینی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی بێ هیوایی لە ناو بەشێك لە خێزانەکان. پاشانیش زانایان وای بۆ دەچن کە حاڵەتەکانی بێ هیوایی بەردەوام وا لە خاوەنەکانیان دەکات کە بێ بەش بن لە هەر دەرفەتێکی ئیجابی. پیتەر ماکجمان نموونەی ئەو جۆرە بەو کەسانە دەهێنێتەوە

Scanned by CamScanner

که دووچاری بێ هیوایی بۆماوەیی بوونە که خۆیان دەخەنە نێو هەڵوێست و پێگەیەکەوە که هەرگیز لەگەڵ کەسایەتی ئەواندا ناگونجێ، ئەمەش دووریان دەخاتەوە لە دەرفەت و ڕووداوە باشەکان.. هەروەها نموونەش بە حاڵەتی شەرمنی بۆماوەیی دەهێنیتەوە کە چۆن کەسەکان لە چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان دوور دەخاتەوە و ڕێژەی ئامادەبوونیان لە دەرفەتە گونجاوەکاندا کەم دەکاتەوە!!

بەهەر حاڵ، دیدی تۆ هەر چۆنێك بێت بۆ ئەو بابەتە؛ بیرت بێ کە هەمیشە زیاتر و زیاتر لەسەر پرسی بەخت دەوترێ، زۆرێك لەو دیراسانەی کە سەبارەت بە گەشەسەندنی خود ئەنجام دراون لە ئێستا هەموویان کراون بە پلان بۆ بەرزکردنەوەی دەرفەتەکانی بەخت و سەرکەوتن، جگە لەو ئامۆژگاریانەی کە لە بابەتی پێشوو باسمان کردن، گرنگە ئەوەش بزانرێ کە ئەو کەسانەی خاوەن بەختێکی باشن کەسانی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستن و خاوەن پەیوەندیی فراوانن، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە کەسە سەرکەوتووەکان دەناسن.

سادەتر بڵێین؛ تا چەند بازنەی مەعریفە و زانیارییەکانت زیاتر بێت، ئەوا لە بەرامبەردا ڕێژەی بەخت و گریمانە ئیجابیەکانی دەوروبەرت بەرزتر دەبنەوە.

بە ڕستەیەکی سادەتر: (هاونشینی خۆشبەختەکان بە، خۆشبەخت دەبی).

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- هەردووکیان پشکی خۆیان لە دنیا دەبەن؛ ئەو کەسەی ماڵ و ژیان و پۆست دەبات، هەم ئەو کەسەش کە هەژاری و نەخۆشی و برا بچووکیی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە!
- (ئیرادەی نەخشەدانان) و (قەزاوقەدەر) دوو ڕووی یەك دراون.
- تا چەند بازنەی مەعریفە و زانیارییەکانت زیاتر بێت، ئەوا لە بەرامبەردا ڕێژەی بەخت و گریمانە ئیجابییەکانی دەورووبەرت بەرزتر دەبنەوە.

***

هەروەك چۆن ڕێژەی بەخت و کامەرانیمان لە ژیاندا بە ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەکی بچووك و ڕەفتارێکی سادە زیاد دەکات و بەرز دەبێتەوە (هەروەك لە وتاری تەکنەلۆژیاکانی بەختێکی باش باسمان کرد)، ئاواش دەکرێ لە ماوەی چەند چرکەیەك بە هۆکاری چەند هەڵەیەکی بچووك و چەند ڕەفتارێکی گەمژانەی لەناکاو، دووچاری ئاستەنگی گەورە و تێکچوونی ژیان بین.. هەر بە هۆکاری ئەو گەمژەییەشەوە ژیان و داهاتوومان وێران بکەین، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێك جار هۆکاری ئەنجامدانیان بە ویست و مەبەست نەبووبێ.

وەك چۆن پێشبینیکراوە کە ژیانمان بە هۆکاری چەند بڕیارێکی گەورە و پلان بۆ دارێژراو بگۆڕێت (وەك هاوسەرگیری و دیاریکردنی پسپۆڕی زانکۆیی)، هاودەم پێشبینیکراویشە کە بەهۆی چرکەساتێکی تووڕەبوونەوە، یان بڕیارێکی هەڵە یان ڕەفتارێکی نەشیاو گۆڕانێکی بەسەر بێت، کە هەرگیز بە خەیاڵدا نەهاتووە.

پێش ئەوەی زیاتر درێژە بە بابەتەکە بدەم؛ پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە زۆربەی بیرۆکەکانی ناو بابەت و وتارەکانم لە میانی گفتۆگۆکردنم لەگەڵ خەڵکیدا سەرچاوەیان گرتووە.. من سروشتم وایە، هەمیشە بە جۆرێك خەڵکی دەدوێنم و گوێ لە زانیاری و چیرۆکەکانیان دەگرم، کاتێك گوێبیستی دەبم، هاوسەرەکەم یان

یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەم پێم دەڵێن: بۆ شتێکی لەسەر نانووسی؟!

ئەو وتارەی ئێستاش (تیۆری فستق) لە کاتێکدا نووسراوە کە من لەگەڵ کوڕەکەم (فەیسەڵ)دا بووم، کە ڕۆژێکیان زۆر سوور بوو لە سەر لێخوڕینی ئۆتۆمبێل (ئەوسا هێشتا مۆڵەتی شۆفێری وەرنەگرتبوو). منیش پێم دا، لەڕێگادا بەهۆی نەناسینی تەواوی نیشانەکانی هاتوچۆ هەڵەیەکی ئەنجامدا، زۆری نەمابوو دووچاری ڕووداوێکی ترسناك بین... لەو چرکەیەدا مێشکم بەلای دەیان خەیاڵدا ڕۆیشت.. بە خۆمم دەکوت، باشە گەر شتێك ڕوویدابایە و ببوایە هۆی مردنمان، ئەوسا دایکی حیسام بەبێ هاوسەر بە تەنیا لەگەڵ ئەو کوڕەی دەمایەوە کە بڕیاری داوە بچێت بۆ کۆلێژی پزیشکی، کەمێك ڕامام و بیرم لەوە کردەوە کە چۆن هۆکارێکی سادە دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندان کێشەی گەورە لە ژیانماندا.

وەك هەموو باوکێك دەستم کرد بە ئامۆژگاری و چەند تێبینی و ئاگادارکردنەوەیەك، ئارامیی خۆم پاراست و خۆم بە دوور گرت لە سەرزەنشتکردن و نواندنی توندوتیژی بەرامبەری، بۆ ماوەی سێ خولەك بێدەنگ بووم، دواتر پرسیارم لێکرد:

فەیسەڵ، ئایا گوێت لە تیۆری فستق بووە؟!

فەیسەڵ سەرسام بوو بەوەی کە تیۆرێك هەبێت بە ناوی فستق!

گوتی: نەخێر.

گوتم: دڵنیام لەوەی کە گوێت لێ نەبووە، چونکە منیش تازە هاتە خەیاڵم.

وای پێشبینی کرد باسی شتێکی بۆ دەکەم کە پەیوەندی بە هەڵەکەی ئەووە هەیە، زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: جارێکی تر

ئەوە ئەنجام نادەمەوە، بەڵام بەهەر حاڵ پێم بڵێ کە تیۆری فستق چییە؟!

گوتم: وا بیربکەرەوە کە من ڕۆژێك تۆ دەنێرم بۆ کڕینی هەندێك فستق (کە من زۆر حەزم لە فستقە).. تۆش لە کاتی لێخورینی ئۆتۆمبێل لەگەڵ گەنجێکدا تووشی ڕووداوێکی بچووکی هاتوچۆ دەبیت.. ئێوەش هەردووکتان دادەبەزن و دەبێتە مشتومڕتان و لەیەکتری دەدەن، لەناکاو گەنجەکە دەکەوێت و سەری بەر شۆستەی شەقامەکە دەکەوێت و دەکەوێتە حاڵەتی بێهۆشیەوە.. دواتر پیاوانی پۆلیس دێن و بە تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر هاونیشتیمانییەك و زیانپێگەیاندنی دەستگیرت دەکەن.. دوای سێ هەفتە لە بێ هۆشی (مانەوەی تۆش لە زیندان) گەنجەکە دەمرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت.. ئێستا دۆسیەکەت گەورەتر بوو، دوای چەند مانگێك لە کارکردنی دادگا لەسەر دۆسیەکەت، دادوەر بە تاوانی کوشتنێکی (غير العمد) بڕیاری لە سەرتدا.. بەڵام دوای دەرچوونی بڕیارەکە دەردەکەوێت کە گەنجەکە هاوسەر و منداڵێکی تەمەن شەش مانگانی هەیە... بەمەش دادوەر بڕیارەکە هەڵدەواسێت، تا کوڕەکەی گەورە دەبێت و دەگاتە تەمەنێك کە یاسا بۆی دیاریکردووە، ئەوسا ئەو منداڵە بڕیار لەسەر لێخۆشبوون یان حوکم لەسەردانی تۆ دەدات.. ئا بەم شێوەیە بە هیوایەکی لاوازەوە (تا ئەو منداڵە گەورە دەبێت) تەمەنی گەنجێتی خۆت لە زیندان بەسەر دەبەیت، هەموو دەرفەتەکانی چوونە کۆلێژ و هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزانێکی بەختەوەر بۆ تۆ دەبن بە

Scanned by CamScanner

سەرابێك و لە دەستت دەچن.. سەرەڕای هەموو ئەوانەش کاتێك منداڵەکە گەورە دەبێت لە حەقی خۆی خۆش نابێت.. ئەوسا تۆش لە زیندانەدا دەبیت بە پیرە پیاوێك..!

هۆکاری دروستبوونی ئەو چیرۆکەش تەنها (فستق) بوو.

فەیسەڵ زەردەخەنەیەکی کرد، وەك ئاماژەیەك بۆ گەیشتنی مەبەستەکە، بەڵام ئەمجارە هیچی نەگوت!

ئەوەی من لە نووسینی ئەو بابەتە مەبەستمە بیگەیەنم (هیوام وایە ئێوەش بە ڕۆڵەکانتانی بگەیەنن) بریتییە لەوەی کە دەبێ بزانین کە ڕەنگە لە ناکاو داهاتوومان تەواو پێچەوانە بێتەوە، ڕەنگە تەنها لە چرکەیەکدا بە هۆکاری ڕەفتارێکی زۆر سادە، هەموو هیوای ئاواتەکانمان ژێر خاك بکەین.

ئێستا، هەر کاتێك فەیسەڵ بۆ چوونە دەرەوە مۆڵەتم لێ وەردەگرێت، ڕستەیەکی پێ دەڵێم کە تەنها من و ئەو لە مەبەستەکەی دەگەین:

"تیۆری فستق لە یاد نەکەیت!"

ئەویش زەردەخەنەیەك دەکات و دەڵێ: بە چاوان.

کۆتا جار ئاوڕێکی دایەوە و گوتی: "خۆزگە ئەو بابەتەت دەکرد بە وتارێك" لە دواییشدا بوو بە ناونیشانی ئەم کتێبە.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ڕەفتارێکی بچووکی چاوەڕواننەکراو، ڕەنگە ببێتە هۆی کێشە و کارەساتێکی گەورە و بەردەوام و پێشبینی نەکراو.
- بۆ خۆپاراستن لە هەڵەی گەورە، خۆت لە هۆکارە بچووکەکان بپارێزە، بۆ خۆپاراستن لە هۆکارە بچووکەکان، بەردەوام گریمانەی زۆر بخە خەیاڵتەوە.
- ژیانمان بە هێڵێکی ڕاستدا دەڕوات، بە جۆرێك ناتوانین لەو ڕەفتارە گەمژانەی کە بەر لە دوو خولەك ئەنجاممان داوە، پاشگەز ببینەوە.

***

Scanned by CamScanner

## بیست بنەما لەماڵەوە

ڕۆژانە لە لایەن دایکان و باوکانەوە چەندین پێشنیار و فەرمان و ڕێنموونی بۆ منداڵەکان دەخرێتەڕوو، کە زۆربەمان بۆ ڕۆژی دواتر لـــە بیریـــان دەکەیـــن، لە کێشـــەکانی پەروەردەکـــردن: زۆری ئامۆژگاریکردن و نەبوونی چەند بنەمـایەکی ڕوون و دیـار هەمیشە دایـك و بـاوك دەخەنە هەڵوێسـتێکەوە کە ڕەنـگە خۆیـان ئەوەیان بیرنەمێنێ ڕۆژی پێشووتر چیان بە ڕۆڵەکانیان گوتووە.

جا بۆ ئەوەی منیش نەکەومە هەمان هەڵەوە، وتەی شاعیریشمان لەسەر جێبەجێ نەبێت کە دەڵێ:

لا تَنْهَ عن خُلُقٍ وَتَأْتِيَ مِثْلَه عَارٌ عَلَيْكَ إذا فَعَلْتَ عَظِيمُ

هەروەها بۆ ئەوەی لە ئاڕاستەکردنی ئامۆژگارییەکانم بنەمایەکی ڕوون و دیار و کورتم هەبێ، دوو ساڵ پێش ئێستا بڕیارمدا چەند بنەمایەك بنووسم و لە ژووری منداڵەکانمی هەڵبواسم.. جارجارەش گۆڕانکارییەکی تێدا بکەم.

تەنها چەند ڕۆژێك پێش ئێستا بینیم دایکـی حیسـام لە بەرامبەر کاغەزەکە وەستابوو (کە لە ژووری خەوتنی ڕەسیل و مەیاس بوو)، زەردەخەنەیەکـی کـرد و گـوتی: خـۆزگە دەتکـرد بە وتارێك و بڵاوت دەکردەوە، تـاوەکو دایکـان و باوکـانی تـریش وەکو ئێمە لێیان سوودمەند بن.

لە ڕاستیدا پێشنیارێکی خراپ نەبـوو، منـیش پـێم باش بوو کە تەنهـا وەك بیـرۆکەیەك پێشکەشـتان بـکەم، بـێ ئەوەی بچمە نێو

وردەکاری و شتە لاوەکیەکان، چونکە هەموو خێزانێك دەتوانێ لیستێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات و بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و کاتیش گۆڕانکاری تێدا بکات.

ئەمەش ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگارییانەن کە لە ژووری خەوتنی ڕۆڵەکانم هەڵمواسیون:

1- دەنگ بەرزکردنەوە و گفتوگۆی بێ بنەما و مامەڵەکردن بە تووڕەیی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

2- ڕێنمایی و ئامۆژگاری دایك و باوك کارێکی سروشتییە و بە واتای لێدان لە کەسایەتی و نەبوونی متمانە و ڕقلێبوونەوە نایەت.

3- زۆر پێویستە هەمیشە وشەی (هەر ئێستا) بۆ داواکارییەکان و وشەی (ببوورە) لە بەرامبەر هەڵەکان و (سوپاس) بۆ هەموویان دووبارە بکەینەوە.

4- پێویستە ئەوە بزانیت کە سەرکەوتنت لە پرۆسەی خوێندن پرسێکە تەنها تایبەتە بە تۆ، تایبەت نییە بە دایك و باوك، یان هەر کەسێکی تر.

5- بڕوانامەکانی خوێندن گرێنتی سەرکەوتنت لە ژیان پێ نابەخشن، بۆیە پێویستە بە بەردەوامی پەرە بە تواناکانت بدەیت و بەرەو پێشیان ببەیت.

6- ژیان پڕیەتی لە شتی جوان، بەڵام هیچیان بەبێ هەوڵ و ماندووبوون و پارەیەکی زۆر نایەنە دی.

7- هەر کەسێك لە ماڵەکەمان کار بکات، ئەوا وەکو ئێمە مرۆڤێکی خاوەن کەرامەت و شکۆ و مافە مرۆییەکانە، هەر کاتێکیش بیەوێ دەتوانێ جێمان بهێڵێت.

8- هەموو تاکێك بەرپرسیارە لە کارە تایبەتەکانی خۆی و داوا لە کەس ناکات بۆ ئەنجامدانیان (تەنانەت لە داگیرساندنی گلۆپێکیش).

9- نانی نیوەڕۆ و ئێوارە لە یەك کات بۆ هەموان دادەنرێت، هەر کەسێکیش دوابکەوێت دەبێت خۆی ئامادەی بکات!!

10- بردنە ژوورەوەی کۆمپیوتەر و موبایل بۆ ژووری خەوتن قەدەغەیە (لە کاتی سەعیکردنیش هەردووکیان لەگەڵ کارپێکردنی تەلەفیزیۆن قەدەغەن).

11- دوا کات بۆ شەونخوونی و نەخەوتن کاتژمێر دەی شەو (لە ڕۆژانی قوتابخانە) بەیانیش هەر کەسە و خۆی هەڵدەستێت و خۆی ئامادە دەکات.

12- جەختکردنەوە لە سەر خواردنی نان و خۆراکی تەندروست، لە زۆربەی کاتەکانیش پشتبەستن بە خواردنی ماڵەوە.

13- هەر لە بەر ئەو هۆکارە، هێنانەوەی خواردن لە دەرەوە زیاتر لە دوو جار لە هەفتەیەکدا قەدەغەیە.

14- ئەو کاتەی خێزانەکەمان کۆ دەبێتەوە ئاساییە ئەگەر ڕاجیایی و بۆچوونی جیاواز هەبێت، هەر لەبەر ئەوە پێویستە فێری گۆڕینی بۆچوون و ئەدەبی دانووستان و بنەمای دەنگدان و ڕازیبوون بە بڕیاری کۆتایی ببین.

15- هەروەها تێبینی ئەوەش بکەن، هەرگیز دایك و باوك جیاوازی لە نێوان ڕۆڵەکانیاندا ناکەن، بەڵام ڕەفتاری ڕۆڵەکان (ئەندازەی ڕێزگرتنیان لە دایك و باوك) وا دەکات کە بە ڕێگەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ هەر یەکێکیاندا بکەن (لەوەش

دڵنیابە کە هەمـوو خەڵکـی هەر بەو ڕێـگەیە مـامەڵەت لەگەڵـدا دەکەن).

16- لەکۆتاییدا؛ لە دوای دەرچوون لە ناوەنـدی، هـیچ کەسـێك بۆی نیـیە لە مـاڵەوە بمێنێـتەوە، ئەوەی دەربچێـت دەچێـتە زانکـۆ، کەوتـووش دەبێـت بە دوای کارێکـدا بگەڕێـت، بـۆ کچـانی کەوتووش بە دوای زاوادا دەگەڕێن.

(تێبینی بکە، من لە لیستی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکاندا چوار خـاڵم سڕیوەتەوە، ئەوەش لە بەر ئەوە بوو کە زۆر تایبەت بوون).

** ** **

لە خوارەوەی ئەو بنەمایـانەش چەنـد چوارگۆشـەیەکم دروسـت کـردووە تیایانـدا سـزام بـۆ سـەرپێچیەکان نووسـیوە، بەمشـێوەی خۆارەوە:

- نووسینەوەی لیستی بنەماکان بە دەسـت (تـاوەکو لە جـاری داهاتوو بیری بێتەوە).
- بڕینـی بەشـێك لە ڕۆژانەکەی (بە گـوێرەی دیـاریکردنی دایك و باوك).
- بێبەشکردن لەو ئامێرانەی کە ئەو حەزی لێیانە (کۆمپیـوتەر، ئایپاد، مۆبایل..).
- مـانەوەی لە ژوورەکەیـدا، یـان کوژانـدنەوەی کارەبـا لە ژوورەکەی.

- نەچوونە دەرەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك.

هەروەك پێشتریش گوتم؛ لێرەدا گرنگ گەیشتنی بیرۆکەکەیە، هەر خانەوادەیەك دەتوانێ هەم بنەما هەمیش ڕێکار و سزاکان بە گوێرەی بارودۆخی خانەوادەکەی خۆی بنووسێت.

وەك من بکە و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکان لە ژووری ڕۆڵەکانت هەڵبواسە، هەرنا ئەو بابەتە ببرە و بۆیان هەڵبواسە... هەبوونی شتێکی لەو جۆرە، یان هەر بنەمایەکی دیار، تۆش و ئەوانیش ئاسوودە دەکات، ڕزگاریشت دەبێت لە دووبارە کردنەوەی ئامۆژگارییەك و لەیادکردنیان، چیتریش پێیانەوە ماندوو نابیت.

تاقی بکەرەوە و لە ئەنجامەکەی ئاگادارم بکەرەوە.

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- زۆر دووبارەکردنەوەی ڕێنمایی، بەهاکەی کەم دەکاتەوە، جگە لەوەش پێچەوانەی نووسینەوە زوو لە یاد دەکرێن و کەسی ئامۆژگاریکار و ئامۆژگاری بۆ کراو دووچاری بێزاری دەکەن.
- تەنها دە بنەمای گرنگ هەڵبژێرە و لە شوێنێکی دیار هەڵیانواسە تا هەموان بیانبینن.
- پەروەردەکردن تەنها پەیوەست نییە بە ئاڕاستەکردن، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە سەرمەشقایەتیکردنێکی چاك و باش (ڕێگری لە ڕەفتارێك مەکە کە خۆت ئەنجامی دەدەیت).

***

## چەند ڕێنماییەکی بچووکی ژیان

دایك و باوكان تەنانەت تا ئەو كاتەی ڕۆڵەكانیان هاوسەرگیرییش دەكەن و دەبنە خاوەنی منداڵ، لە ئامۆژگاریكردن ناوەستن.. ئەمەش شتێكی جیهانییە و لای هەموو دایك و باوكێك بۆتە شتێكی سروشتی، تەنانەت ئەو كاتانەی كە خۆشیان هەست بەوە دەكەن كە ڕێنماییەكانیان زۆر دووبارە كراونەتەوە و گوێچكەی ڕۆڵەكانیان پڕبووە لەو جۆرە ئامۆژگارییانە.

هۆكاری ئەوەش زیاتر بۆ ئەو ترسە دەگەڕێتەوە كە هەیانە لە هەڵەپێكردن و فریوخواردنی ڕۆڵەكانیان لە لایەن كەسانی دەوروبەر، ئەمە جگە لە لەلایەنی ڕۆشنبیری ئەو ناوچەی كە تیایدا دەژین.. "جاكسۆن براون" وەك هەموو باوكێك نەیتوانیوە بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵ بێت و ئەو ئامۆژگاریانە ئاراستەی كوڕەكەی نەكات، تا ئەو كاتەش كە كوڕەكەی (ئادەم) زۆری نەمابوو بچێت بۆ زانكۆ، لە شەوێكدا كە خەوی لێنەدەكەوت دێتە خوارەوە و دەچێت بۆ چێشتخانەكە و كاغەز و قەڵەمێك دێنێت و دەست دەكات بە نووسینی چەند ڕێنمایی و ئامۆژگارییەكی بچووك تا لەگەڵ خۆی بیانبات بۆ زانكۆ.. لە سەرەتادا وایدەزانی بە كاغەزێك یان دوو كاغەز كۆتایی بە نووسینەكەی دێت، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو تا گەیشتە (1560) ڕێنمایی و ئامۆژگاری...

ئەگەرچی ئەو پەڕاوكانی وەك دیارییەك بەخشییە ئادەمی كوڕی، بەڵام سەرسامی خانەوادەكەی و هاوڕێكانی هاندەر بوون تا لە

نامیلکەیەکی بچووکدا بڵاویان بکاتەوە و ناوی لێنا (ڕێنماییە بچووکەکانی ژیان) (Life's Little Instruction Book).

لەبەر ئەوەی هەر شتێك لە دڵەوە بنووسرێت دەچێتە دڵەوە، هەر بۆیە ئەم کتێبە بەخێرایی بڵاوبووەوە و ناویشی چووە لیستی نیویۆرك تایمز وەك باشترین و پرفرۆشترینی کتێب بۆ ماوەی چەند ساڵێك (هەندێکیشیان وەك ڕۆژمێرێکی ساڵانە بڵاویان دەکردەوە)!

ئەو ڕێنماییانە - هەروەك کەمێکی تر دەیانبینین- هەمە جۆرن: کردەیی و سۆزداری و پەروەردەیی و ئابووری... لەبەر ئەوەی بەشێکیان زۆر سادەن من لەو لیستەکەدا نەمهێناون، زۆربەیان پەندی ڕاستەقینە و ئامۆژگاری کردەیین، سەنگیان مەگەر تەنها بە زێڕ پێوانە بکرێت.. ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکن:

- ئاگاداری خستنەڕووی بانکەکان بە هەرچەند ئارەزوویان بکەیت.
- لە ڕۆژی لە دایکبوونی هاوسەرەکەت گوڵێك پێشکەشی خەسووت بکە.
- هەرگیز ماڵەکەت بە بێ ئامێری پشکنینی ئاگرکوژێنەوە جێ مەهێڵە.
- تەنها پشت بەخودا ببەستە، بەڵام باش دەرگاکەت دابخە.
- هەرگیز بێ هیوا مەبە، هەمیشەش هێڵێك بۆ گەڕانەوە بهێڵەوە.
- هەرگیز لەو کاتانە بڕیار مەدە کە تووڕەیت!
- بوێربە، ئەگەرنا خاوەن کەسایەتییەکی ڕوون و ئاشکرابە،

کەس هەست بە جیاوازی ئەو دوانە ناکات.

– هەوڵبدە بە مەچەکت سەری سیفۆن و دەرگای گەرماو بکەیتەوە.

– فێربە کە چۆن چێژ لە دەرفەتە شاراوەکان وەردەگریت.

– هەرگیز دەوروبەرت بێ هیوا مەکە، ڕەنگە ئەو شتەی تۆ لێی بێ هیوا دەکەیت، هەموو شتێکی ئەو بێت.

– ئەو کاتەی کتێبێکی باشت دەکەوێتە بەرچاو، تەنانەت ئەگەر نەشیخوێنیتەوە بیکڕە.

– زۆر لە سروشتی خۆت زیاتر نەرمونیان بە، بەڵام هەرگیز ڕێگە نەدەیت کەس باشی و نەرمونیانییەکەت بەکاربهێنێت و ئیستیغلالت بکات.

– بەیانیان (50) جار و ئێوارانیش (50) جار ڕاهێنانی سك ئەنجام بدە.

– هەرگیز بەشداری لە بەرهەم و قازانجی پشکێکدا مەکە کە لە داهاتوودا بەرپرسیاریەتی زیانەکەی ناگریتە ئەستۆ.

– هاوبەشی لەگەڵ کەسێکدا مەکە، کە سێ جار دووچاری شکست بووە.

– هەرگیز پسوولەی دڵنیایی بۆ کڕین بە شێوەی قیست بەکارمەهێنە.

– زەردەخەنە بکە، چونکە هیچی تێناچێ، بەڵام بە پارەش پێوانە و ئەندازە ناکرێت.

- هەرگیز مشتومڕ لەگەڵ پۆلیسدا مەکە (ئەم ئامۆژگاریەم لە باوکیشم گوێ لێبووە).
- ڕۆڵەکانت لە کاتی دەستبەتاڵی لە سەر کارکردن هانبدە،
- لەکۆتاییدا؛ باوەڕ بە هەموو شتێ مەکە کە گوێبیستی دەبی، ئەوەی هەتە هەمووی مەبەخشە، زیاد لە پێویست مەخەوە.

خۆشەویستان ئەو چەند ڕێنمایی و ئامۆژگارییە، تەنها چەند نموونەیەکی هەڵبژێردراون لەناو (1560) ئامۆژگاری، کە باوکێکی خاوەن سۆز بۆ کوڕەکەی نووسیونی و باوەڕیشی وانەبووە کە ڕۆژێک دادێ کوڕەکەی بگاتە حاڵەتێک کە پێویستی بەو ئامۆژگاریانە نەبێ... ڕەنگە نهێنی برەو و ڕەواجی ئەو ئامۆژگاریانە لەوەدا نەبێت کە باوکان بێ ئاگان لێیان (بەڵێ، ڕەنگە بەشێکیان وابن)، بەڵکو ڕەنگە هۆکاری ڕەواجیان ڕاستگۆیی لە دەربڕین و هەڵقولاویان لە ناخی دڵەوە بێت.

جاکسۆن لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "ئەوەندە بەس نییە کە تۆ ڕێگە نیشانی کوڕەکەت بدەیت، بەڵکو پێویستە نەخشەی ڕێگاکەشی پێبدەیت".

منیش دەڵێم: بەداخەوە ئێمە تەنها ئەو کاتانە نەخشەی باوکمان بیر دەکەوێتەوە کە کار لە کار ترازاوە.. خۆزگە هەموو کەسێک ئەزموونی خۆی لەگەڵ باوکی بۆ باس دەکردین.

❊❊❊

## پوختەی تیۆرەکە

- منداڵەکانمان هەرچەند گەورە بن، هەروەك ئەو ڕۆژە وان کە لەدایك بوون.
- تۆ تاکە کەسیت لە نێو مرۆڤەکاندا، کە دایك و باوکت ئارەزووی ئەوە دەکەن تۆ لەوان سەرکەوتووتر بیت.
- کێشەی دایباب ئەوەیە کە هەمیشە لەو باوەڕدان ڕۆڵەکانیان پێویستیان بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییە، کێشەی کچ و کورەکانیش ئەوەیە کە باوەڕیان وایە ئەوان چیتر پێویستییان بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری نییە.

✲✲✲

## ڕێنماییەکانی ژیان.. جاری دووەم

دوای بڵاوبوونەوەی کۆتا وتارم (چەند ڕێنماییەکی بچووکی ژیان)، چەندین نامەم بۆ هات کە داوای چۆنییەتی کتێبەکەی جاکسۆنیان دەکرد (یان ئەگەر بە زمانی عەرەبی هەبێت)، بەشێکیشیان داوایان کردبوو کە بەشەکەی تریش لە ئامۆژگارییەکان لە نووسینێکدا بڵاوبکەمەوە (کە ئەمەش شتێکی مەحاڵە، چونکە ژمارەیان (1560) ئامۆژگارییە).

جارێکی تر دەیڵێمەوە ئەو نامیلکەیە پڕیەتی لە ئامۆژگاری لە باوکێکی سۆزدارەوە بۆ کوڕەکەی پێش چوونی بۆ قۆناغی زانکۆ، باوکەکە (جاکسۆن براون) هەرگیز پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە نووسینەکەی پلەی یەکەم لە لیستی نیویۆرك تایمز بۆ ماوەی چەند ساڵێك داگیر دەکات، هەر لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بووە جوانترین دیاری لە نێوان باوکان و کوڕەکانیاندا.

هەروەك چۆن منیش پێشبینی ئەو دەنگدانەوە زۆرەی خوێنەرانم لە بابەتەکەی پێشوو نەکرد، جا لە بەر ئەوەی زۆربەی کۆمێنتەکان داوای ژمارەیەکی زیاتری ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگاریانەی کردبوو، بۆیە لێرەدا بەشێکی تر لە ئامۆژگارییەکان پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست دەکەین.

- ئەو کاتەی باوکت دەڵێ "لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارەت پەشیمان دەبیتەوە" ئەوا بزانە زۆربەی جار پەشیمان دەبیتەوە.

— پارێزگاری لە ناوبانگت بکە، ڕۆژگار بۆت دەسەلمێنێت کە ئەوە گرانبەهاترین شتە کە تۆ خاوەنداری دەکەیت.

— هەرگیز لە بەربەستە گەورەکان مەترسە، چونکە دەرفەتی گەورەیان لە پشتە.

— ڕەنگە بۆ وەرچەرخانی ژیانت تەنها یەك کەس پێویست بکات.

— بە ئاگاییەوە هاوسەری ژیانت دیاری بکە؛ چونکە ئەوە بڕیارێکە سێ بەشی ژیانت وێنا دەکات.

— بە کردەوەی جوان و سوپرایز، بۆیان دوژمنەکانت بکە بە هاوڕێ.

— ئەو کاتەی دەرفەت لە دەرگاکەت دەدات، تۆ بۆ مانەوە بانگهێشتی بکە.

— بە باشی فێری بنەماکان ببە، دواتر بەشێکیان بشکێنە.

— بڕیار لە سەر سەرکەوتنت بدە، لە میانی تواناکانت لەسەر بەخشین، نەوەك وەرگرتن.

— هەمیشە لە زیناکاران بترسە، هەرچەند جلەکانیان بگۆڕن.

— تەرکیز بخە سەر باشیی شتەکان، نەوەك گەورەیی و زۆری شتەکان.

— دڵخۆشبە بەوەی کە هەتە، هەوڵی بە دەستهێنانی ئەو شتەش بدە کە دڵخۆشت دەکات.

— زیاتر لەوەی لێت چاوەڕێ دەکەن بە خەڵکی ببەخشە.

— ناز بۆ هاوسەرەکەت بکە، بەڵام بۆ منداڵەکانت نا.

- به ئەندازەیەك سەرقاڵ مەبە كە نەتوانی هاوڕێی نوێ بدۆزیتەوە.

- بەشێك لە كاتی خۆت بۆ منداڵەكانت تەرخان بكە، نیوەی سەروەت و سامانیشت با هەر بۆ ئەوان بێت.

- خۆت لە شوێنە بە گومانەكان بە دوور بگرە، چونكە ڕووداوە خراپەكان هەر لەو جۆرە شوێنانە ڕوو دەدەن.

- كەسی شكست خواردوو لە بەخشینی سەروەت و سامان، شكستخواردووە لە هەموو شتێكی ژیانی.

- شتێك مەگرە ئەستۆت كە توانای جێبەجێكردنیت نییە.

- فێری فریاگوزارییە سەرەتاییەكان بە، چونكە هەموان بە بارودۆخێكدا دەڕۆین كە لێی پەشیمان دەبینەوە.

- كاتێك كەسێك پرسیارت لێ دەكات و تۆ ئارەزووی ئەو پرسیارە ناكەیت، زەردەخەنەیەك بكە و بڵێ (بەڵام بۆچی دەتەوێ بزانیت؟).

- هەرگیز ئارامی و متمانە بەخۆبوون و سویچی ئۆتۆمبێلەكەت ون مەكە.

- هاوڕێیەكی كۆنت، بە پەیوەندیەكی تامەزرۆیانە شۆك بكە.

- بە هیچ كەس مەڵێ تۆ قەڵەویت، یان كەچەڵ، یان پیر.. چونكە ئەو پێش تۆ ئەوەی زانیوە.

- بە عەقڵێكی كراوە گەشت بكە و شوێنی نوێ ببینە.

- ئەو كاتەی دەتەوێ خانووێك بكڕیت، ئاگاداری سێ شتی

Scanned by CamScanner

گرنگ بە، شوێنەکەی، دواتر شوێنەکەی، پاشانیش شوێنەکەی.

– (10) شت بنووسە کە دەتەوێت بە دەستیان بهێنیت، پاشان کاغەزەکە بخە دزدانتەوە.

– هەر کەسێك کە تۆ چاوت پێی دەکەوێت شتێکی جیاواز لە کەسایەتیدا هەیە، هەوڵبدە لێیەوە فێر بیت.

– لە کاتی پێکەنین دەنگی دایك و باوکت تۆمار بکە.

– دەسکەگوڵێك بۆ هاوسەرەکەت بنێرە، دواتر بیر لە هۆکارەکەی بکەرەوە.

– هەرگیز چاوەڕێی ئەوە لە منداڵەکانت مەکە کە گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانت بگرن، لە کاتێکدا خۆت چاوەڕێی ئەوە ناکەیت.

– هەمیشە (10%) لە داهاتت پاشەکەوت بکە.

– چەند زیاتر فێربیت، ئەوا ترسی زیاترت خستۆتە سەرشانت.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- تەنانەت ئەگەر تۆ باشترین مرۆڤی سەر زەویش نەبیت، ئەوا ئەوە ڕێگر نییە لەوەی کە باشترین ڕەفتار ئەنجام بدەیت.
- ڕاست نییە بڵێین کەسێك شتێکی نەبێ ناتوانێ بیبەخشێ، ئامۆژگارییەکانمان بۆ منداڵەکانمان باشترین بەڵگەیە.
- دوو کۆپی لەو دوو بابەتەی کۆتایی بگرەوە و لە ژووری منداڵەکانت هەڵیانواسە.

***

Scanned by CamScanner

## بەهەرحاڵ تۆ بەو شێوەیە بە..

"ستیڤن کۆفی" نووسەر و دانەری ئەمەریکی، دوا نووسینی کتێبی (حەوت نەریتە کاریگەرەکەی خەڵك)، زۆر بە ناوبانگ بوو. هەروەها دوای ئەوەش چەند کتێبێکی زۆر سەرکەوتووانەی بڵاوکردەوە وەك: شتی یەکەم یەکەمجار، بنەمای سەرکردەی میحوەری، دەسەڵاتی حەوت نەریتەکە، حەوت نەریتە کاریگەرەکەی خێزان، ژیان لەگەڵ حەوت نەریتەکە، کە چەندین چیرۆکی ڕاستەقینە سەبارەت بە خەڵکانێك کە ئەو حەوت نەریتانەیان لەسەر خۆیان جێبەجێ کردووە لە خۆ دەگرێت...

بە هەر حاڵ، ئەمانەی خوارەوە چەند وتەیەکی جوانی بەڕێز کۆفین، کە شیاوی خوێندنەوە و جێبەجێکردنن لە ژیانی ڕۆژانە:

- ئەگەر چاکە ئەنجام بدەیت خەڵکی بەوە تۆمەتبارت دەکەن کە دەستی شاراوەت لە پشتە، بۆیە لە هیچ بارێکدا لە ئەنجامدانی کاری چاکە مەوەستە.

- ڕاستگۆیی وات لێ دەکات کە خۆشەویست نەبیت و هەمیشەش ئامانج بیت بۆ ڕەخنە... بەڵام تۆ هەموو کات هەر ڕاستگۆبە.

- ئەو پیاوەی بیرۆکەی گەورە هەڵدەگرێت، پیاوانی زۆر سووك و گەمژە دەبنە بەربەستی... بەڵام تۆ لە هەر حاڵێکدا بووبێت بیرۆکەی گەورە دروست بکە.

Scanned by CamScanner

– کەسانی دەوروبەرت نالۆژیکین، جگە لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان هیچیان لا گرنگ نییە... هەر چۆنێك بێت خۆشت بووێن.

– ئەوکاتەی دەگەیت بە سەرکەوتن، چەند هاوڕێیەکی ساختە و چەند دوژمنێکی ڕاستەقینەت بۆ دروست دەبن... بەڵام هەر چۆنێك بوو تۆ هەوڵی سەرکەوتن بدە.

– ئەو کۆشکەی بە چەندین ساڵ دروستی دەکەیت، ڕەنگە بە چەند چرکەیەك لەناو بچێت... بەڵام هەرچۆنێك بێت تۆ کۆشکەکەت دروست بکە.

– ئەوەی ئێستا پێویستی بە یارمەتی تۆیە، دواتر لۆمەت دەکات لەسەر کەموکورتیت... بەڵام هەر چۆنێك بێت یارمەتیان بدە.

– خەڵکی کەسانی لاوازیان خۆشدەوێ، ڕێزیش لە بەهێزەکان دەگرن، بەڵام بەهەر حاڵ تۆ لەگەڵ لاوازەکاندا بە.

– ئەگەر باشترین شتی خۆت بە جیهان ببەخشی، لە بەرامبەردا خراپترینت پێ دەبەخشرێتەوە، بەڵام هەر چۆنێك بێت باشترین شتی خۆت پێشکەش بە جیهان بکە.

– ئەو چاکەی تۆ ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەیت، خەڵکی بەیانی لە یادی دەکەن... بەڵام بە هەر حاڵ تۆ هەمیشە چاکە ئەنجام بدە.

✲✲ ✲✲ ✲✲

(بەهەرحاڵ) وتەکانی بەڕێز کۆفی کۆتاییان هات، بەڵام بیرم کردەوە کە لە سەر هەمان ڕێچکە و شێواز لە خستنەڕووی چەند وتەیەك بەردەوام بم:

– ڕەنگە خەڵکی ستەمت لێبکەن و بە خراپ لێت تێبگەن، بەڵام بەهەرحاڵ تۆ جێیان مەهێڵە و پشتیان تێ مەکە.

– ڕەنگە لە بەدەستهێنانی هەموو ئامانجەکانت شکست بهێنیت، بەڵام بەهەرحاڵ نابێت بوەستیت.

– ئەگەر یەکەم شت زەنگەکە هەڵبواسی، ئەوا دووچاری ئەزیەت و ناخۆشی دەبیتەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەو کارە ئەنجام بدە.

– ڕەنگە هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆ دەوڵەمەند نەبیت، بەڵام هەر چۆنێك بوو تۆ هەمیشە کامەران بە.

– بە بیرۆکە جوانەکانت ناتوانی هەموو کەس لە خۆت ڕازی بکەیت.. بەڵام بە هەر حاڵ تۆ لە هەڵوێستەکانیان دەگەیت.

– سەرەڕای ئەوەی ژیان بە سروشتی خۆی دادپەروەر نیبە، بەڵام بەهەرحاڵ تۆ دادپەروەربە.

– سەرەڕای ئەوەی هەموان درۆ لەگەڵ یەکتری دەکەن، بەڵام بەهەرحاڵ تۆ ڕاستگۆبە.

– ڕەنگە دووچاری نەخۆشی و کارەساتێك بیت کە درێژە بکێشێت، بەڵام لە هەموو بارێکدا تۆ هەر گەشبین بە.

– هەموو ئەو شتانەی کە تۆ ئارەزووی دەکەیت و هیوای بۆ دەخوازی بەدی نایەن، بەڵام لە هەموو بارودۆخەکان تۆ هەر سوپاسگوزاربە.

– ڕاستە بەشێك لە خەڵکی لە یارمەتیدان و مامەڵەکردنیان

لەگەڵتدا ڕژد و بەخیلن، بەڵام بەهەرحاڵ تۆ لەگەڵیان بەخشندە و دەستکراوەبە.

– لە ژیانی خۆتدا چەندان کەسی دەبینی کە بە لووتبەرزی و فیزەوە مامەڵەت لەگەڵدا دەکەن، بەڵام تۆ هەمیشە سادە و خاکی بە.

– ئێستا چەند هەڵوێستکی ئازاربەخشی هاوسەرەکەت بیر دێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ خۆشت بووێ.

– ناتوانی ڕێگری لە خانەوادەکەت بکەیت تا هیچ کردارێکی گەمژانە ئەنجام نەدەن، بۆیە ئەگەر جارجار ڕوویدا قبووڵت بێت.

– لە کۆتاییشدا: هەمووومان هەر دەبێ بمرین، بەڵام هەولبدە بەبێ جێهێشتنی شوێنەوارێك کە لە بیرکردنی مەحاڵ بێ، دنیا جێنەهێڵی.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- وەك خۆت ڕەفتار بکە، نەك وەك ئەوەی ڕەفتارت لەگەڵ دەکرێ.
- هیچ شتێك ئەنجام مەدە، ئەگەر بۆ هەموو کارێکی جوان بیرت لە دەرئەنجامی سلبی کردەوە.
- ناتوانی ڕێگری لە خەڵك بکەیت تا ئازارت نەدەن و گومان لە نیەتەکانت نەکەن، بەڵام دەتوانی وابکەیت کە کاریگەرییان لەسەرت نەبێت.

***

## چەند هەڵەیەك، كە وا باشە ئاگاداریان بیت

خەڵكی لە كاتی گفتوگۆ و مشتومڕەكانیاندا چەند هەڵەیەك ئەنجام دەدەن، كە پێویستە تۆ ئاگاداریان بیت... پێویستە ئاگاداریان بین تاوەكو وەك گەمژەیەك قسە نەكەین، وەك گەمژەیەكیش گوێبیستیان نەبین... - بۆ نموونە- چەند جار ئۆتۆمبێلەكەت لەبەر ئۆتۆمبێلەكەی پشتت گیری خواردووە و نەتتوانیوە بیهێنیتە دەرەوە، كاتێكیش خاوەنەكەی هاتووە لە جیاتی (داوای لێبووردن) گوتوویەتی: "برا خۆ تەنها ئۆتۆمبێلی من وانییە، هەموان پشتی یەكتریان گرتووە".

ئەو هەڵەیە ناو دەنێم (وازهێنان لە تایبەت، نموونەهێنانەوە بە گشت) بەو پێیەی واز لە كێشە تایبەتەكەی خۆی دەهێنێ، نموونە بەوە دێنێتەوە كە زۆربەی خەڵكی ئەنجامی دەدەن.

لەبەرامبەردا هەڵەیەك پێچەوانە هەیە ئەویش (نموونەهێنانەوە بە تاك بۆ جێبەجێكردنی لەسەر كۆ).

نموونەی ئەوەش چیرۆكێكی ڕاستەقینەیە بوو كە هاوڕێیەكم بۆی گێڕامەوە لەسەر دووگیانبوونی پەرستارێك لە هاوڕێكەی.. ئەگەرچی گومانم لە ڕاستیی گێڕانەوەكانی نییە، بەڵام ئەوە واتای خراپی هەموو پەرستارێك ناگەیەنی، چونكە نموونەیەكی دەگمەنە (وەك زانایانیش دەڵێن دەگمەنیش هیچ حوكمێكی لەسەر نادرێت) هەروەها لەبەرئەوەی بە هەزارەها نموونەی پەرستاری دڵسۆز و پاك

هەیە، بۆیە گشتگیرکردنی تاکە نموونەیەك لەسەر چینێك هەڵەیەکی ترە و پێویستە ئاگاداری بین، ئەم هەڵەیە هەڵەی سێیەمی بیرخستمەوە ئەویش (دیاریکردنی هۆکار):

ئەو کارەساتەی بەسەر پەرستارەکە هاتبوو، ئایا لەبەر ئەوەبوو کە کارەکەی ئەو لە نەخۆشخانە بوو؟! یان ڕووداوەکە بە هۆکاری نەبوونی وشیاری ئایینی یان ئەخلاقی پەرستارەکە بوو؟ یان بە هۆکاری تێکەڵاوی و یەکترناسینیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بوو؟! لە ڕاستیدا چیرۆکی هاوشێوە ڕەنگە بە سەدان هۆکاری تر ڕوویدەن، هەر بۆیە چیرۆکەکەی پێشوو حاڵەتێکی تایبەت بووە و گشتاندنی ڕێگەپێدراو و دروست نییە (لانی کەم لەبەر ئەوەی تا کارمەندانی ئەو کەرتە بە خراپ ناونەبرێن).

هەڵەیەکی تر هەیە کە ئەویش هەڵەی (گشتگیرکردنی بێ لێ دەرکردن).

نموونەش بۆ ئەو جۆرە ئەگەر کەسێك سەبارەت بە ئومەتی محمد (دروودی خوای لەسەر بێت) بڵێ: (باشترین ئومەتن کە لە نێو ئومەتاندا) بەمەش نابێ کەسی فاسیق و خراپەکار لە نێو ئەو ئوممەتە هەبێ.. بەڵام لەڕاستیدا بە حوکمی واقیع ئەوە ڕاست نییە، بەڵام ئایەتە پیرۆزەکە بە شێوەیەکی عام هاتووە، بۆیە ئەگەر کەسێك یان حاڵەتێکی تایبەت هەبێ ئەوا بە واتای دژیەکی نایەت لەگەڵ ئایەتەکە.

یەکێکی تر لە هەڵەکان کە من ناوم ناوە (خۆدزینەوە بۆ کێشەیەکی سادە).

مەبەست لەو هەڵەیە ئەوەیە کە هەندێك جار کەسێك خۆی لە ئەسڵی کێشەکە دەدزێتەوە و لێی ڕا دەکات و پەنا بۆ شتێکی لاوەکی و سادە دەبات تا پشتگیری ئامادەبوان بۆ خۆی دەستەبەر بکات. -بۆ نموونە- تۆ یەکێکیت لەو کەسانەی کە هاوبۆچوونی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە ڕێگە بە شۆفێری ئافرەت دەدەن، لەو لاوە یەکێك پێت دەڵێت: ئایا بەوە ڕازی دەبی کە کەسە نەخۆشەکان هێرش بکەنە سەر شۆفێری ئافرەت؟ (بە دڵنیاییەوەش کەس بەوە ڕازی نابێت)، بەڵام پرسیارکەر کێشە سەرەکییەکەی جێهێشتووە و چۆتە سەر پرسێکی سادە تەنها تاوەکو پشتگیری دەوروبەری بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

هەڵەیەکی تر هەیە ناوی دەنێم (ڕاکێشانی سۆزی ئامادەبووان).

لەم هەڵەیەدا کەسی قسەکەر پەنا بۆ جووڵاندنی هەستی ئامادەبوان دەبات و زۆر گرنگی بە بابەتە سەرەکیەکە نادات، بیهێنە بەرچاوی خۆت کە تۆ لە نێو کۆمەڵە کەسێك بۆچوونی خۆت لەسەر پرسەکەی پێشوو (شۆفێری و ئافرەت) دەردەبڕی، لەو لاوە کەسێك هیچ بایەخێك بە بابەتەکە نادات و بە دەنگێکی بەرز دەڵێ: جەماعەت گوێبیستی بوون ئەو برایەمان خودا هیدایەتی بدات چی دەڵێ!! ئایا ئێوە ڕازی دەبن خوشکان و دایکانمان بەو جۆرە بچنە دەرەوە؟!

جا ئامادەبوانیش هەموو بە چاوێکی ڕقەوە ئاوڕێك بەلای تۆدا دەدەنەوە.

هەڵەی پێشوو هەڵەیەکی ترمان بیردەخاتەوە کە ئەویش (هەڵەی بە کەسی کردن)ە.

Scanned by CamScanner

لەم جۆرە هەڵەیە بڕیار لە سەر پرسەکان نادرێت، بەڵکو بڕیارەکە دەخرێتە سەر خاوەنی پرسەکە، یانیش ئەو کەسەی پرسەکەی گواستۆتەوە.. ئەگەر خۆشمان بووێ ئەوا هەموو شتێکی لێ قبوول دەکەین (تەنانەت لاری و نەنگیەکانیشی بۆ شیکار دەکەین و دەیانپۆشین)، خۆ ئەگەر خۆشمان نەوێت و ڕقمان لێبێ ئەوا هەموو شتەکانی ڕەت دەکەینەوە (بە بڕ و بیانووی زۆرەوە، دیارترینیشیان پسپۆڕینەبوون و قسەکردن لەسەر شتێك کە دوورە لە هونەرەکەی).

هەڵەیەکی تر هەیە کە پێی دەگوترێت (هەڵەی تایبەتکردنی هۆکار).

ئەو جۆرە هەڵەیەش بە زۆری لای کەسە توندەکان لە هەموو ئایینەکان دەبینرێ و بەدی دەکرێ، بۆ نموونە کەسێك تەندروستی و دەوڵەمەندی و خۆشبەختی و کامەرانیی خۆی.. بە بەرزی ئیمانی و زۆری چاکەکانی و دڵسۆزی خۆی بە خوداوەند دەبەستێتەوە... ئەو پەیوەندییە ڕەنگە ڕاست بوایە ئەگەر هاتبا و بە هەزاران ئایین بوونی نەبوایە (چونکە بە هەزاران بێباوەڕ لە ئایینە جیاوازەکان) وەکو ئەو لە تەندروستیەکی باش و کامەرانی و خۆشبەختیدا دەژین...

هەڵەی نۆیەم و کۆتایی (هەڵەی هەڵبژاردن).

نموونەی ئەوەش وتەی سەرۆکی میسر "ئەنوەر سادات" لە دوای جەنگی (73) کاتێك گوتی:

"خودا ئێمەی خۆشدەوێ کە بەسەر یەهودیەکاندا زاڵی کردین"

ئەمە لەکاتێکدا یەهودیەکانیش دەتوانن بە هەمان ڕێگە هەمان ڕستە بۆ خۆیـان بەکـاربهێنن، بـۆ نمـوونە بڵـێن: "خـودا ئیمەی زیـاتر خۆشدەوێ، چونکە ئێمە چوار جار بەسەر عەرەبدا سەرکەوتووین".

ئێستاش بوار بە تۆ دەدەم تا لەو هەڵانە ڕابمێنـی و هەڵەی زیاتر بدۆزیتەوە، دەتوانین لەمڕۆوە لە هەڵەکانی خەڵکی رابمێنی و سـوود لە هەڵەکانیان وەربگریـت، بەڵام تکـایە هەرگیـز هەڵەی وەك ئەوان ئەنجام نەدەیت.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- خەڵکی دەتوانن هەموو شتێك بڵێن، جگە لە دانان بە ڕاستی بۆچوونەکانی تۆ.
- خراپترینی هەڵەکان، ئەو هەڵانەن کە پشت بە بەڵگەی دروست دەبەستن، بەڵام لە پرسێکدا کە پەیوەندی بە تۆوە نییە.
- هەڵەی مشتومڕئامێز تەنها وەك گەمژەیەك نیشانمان نادات، بەڵکو بێبەشیشمان دەکات لە دەرفەتی فێربوونی شتە نوێیەکان.

❋❋❋

Scanned by CamScanner

## بەڵگەهێنانەوە بە زۆرینە یان پێشینە

زۆربەی خەڵکی لە گفتوگۆکانیاندا هەوڵی چەسپاندن و سەرخستنی ڕاستی نادەن، بەڵکو هەوڵی چەسپاندنی بیرکردنەوەکانیان دەدەن سەبارەت بەو ڕاستیانەی کە خۆیان ئارەزووی دەکەن (جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان ئەو دووانەدا هەیە). ئەو کاتەی خەمی گەورەمان دەبێتە چەسپاندن و سەرخستنی ئەو ڕاستیانەی کە لەگەڵ بیرۆکەکانی ئێمەدا دەگونجێن، ئەوا دەست دەکەین بە هەڵەکردن و پشتبەستن بە بەڵگەی هەڵە یان بەڵگەگەلێك کە پێچەوانەی لۆژیك و واقیعن.

ئەو کاتەی بۆ نووسینی ئەو بابەتە دانیشتم لانی کەم شەش جۆر لە بەڵگەهێنانەوەی هەڵەم لە مێشکدابوو، کە خەڵکی زۆر پشتیان پێ دەبەستن بێ ئەوەی هەست بە هەڵەکەیان بکەن و بزانن کە ئەوانە بە بەڵگە هەژمار ناکرێن.

لە زۆرترین ئەو هۆکارانەی کە پشتی پێ دەبەستن بۆ جێگیرکردنی بۆچوونەکانیان بریتییە لە: بەڵگەهێنانەوە بۆ زۆرینە یان بۆچوونی زۆرینە (ئەمە لە کاتێکدایە هەبوونی کۆدەنگی و ئیجماع لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو ڕێباز و قوتابخانە و حیزب و گروپەدا شتێکی زۆر مەحاڵە).

بەڵگەهێنانەوە بە زۆرینە یەکێکە لەو هەڵانەی کە ڕۆژانە لە نێو خەڵکیدا گوێبیستی دەبین، بۆ نموونە کەسێك بە کەسێکی تر دەڵێ:

"شتێکی نامەعقولە ئەو هەموو خەڵکە هەڵە بێت و تۆ بە تەنها لەسەر حەق بیت".

بەڵام لە ڕاستیدا دەگونجێ کە زۆرینە لە سەر هەڵە و گومڕایی بن، بۆیە هۆکاری ژمارەیی مەرج نییە بۆ ڕاست و دروستی شتەکان.. - بۆ نموونە- (500) ساڵ پێش ئێستا خەڵکی پێیان وابوو کە زەوی تەختە، هەروەها (150) ساڵ پێش باوەڕیان وابوو کە میحوەری گەردوونە، تەنها (15) ساڵ پێش ئێستا ئێمە باوەڕمان وابوو کە ژیان تەنها لە سەر زەوی هەیە.. بەڵام ئەمڕۆ دەرکەوت کە (بە مەلایین کەس) لەسەر هەڵە بوون و زەوییش هەمان ئەو زەوییەیە کە پێش چوار بەلایین ساڵ هەبووە (هەسارەیەکی خڕی بچووکە).

ڕەنگە باشترین بەڵگە بۆ ئەو پرسە، نموونەهێنانەوە بێت بە چیرۆکی پێغەمبەران کە هەمیشە بە سەر دوو لایەندا دابەش بوونە، یەکەمیان: پێغەمبەرێك بە تەنیا و هەڵگری پەیامێکی ڕاست و دروست، لە بەرامبەریدا زۆرینەی خەڵکی کە لە سەر گومڕایی دەژیان و بەڵگەیان بۆ بۆچوونەکانیان پشتبەستن بوو بە پێشینەکان، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالُواْ بَلْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ﴾ [الشعراء: ٧٤] واتە: ((بتپەرستان گوتیان: (ئێمە ئەوە نازانین) باووباپیرانمان بینیوە ئاوایان کردووە (ئێمەش وا دەکەین)...))

***

ئـایەتەکە بــۆ هەڵەی دووەم پەلكێشــمان دەكــات، ئەویــش بەڵگەهێنانەوە بە کـار و گوفتـار و بـاوەڕی پێشینان، کە نەوە دوای نەوە بۆ ئەو سەردەمە گواستراوەتەوە، بەبێ ڕامـان و شیکردنەوە تـا ئێستاش خەڵکی لەسەریان ڕۆیشتوون و کاریان پێکردووە.

کۆنی و پێشینەیی نە مەرجـن بـۆ ڕاسـتی و دروسـتی نە بەڵـگە، باوەڕ و بۆچوونە کۆنەکانیش نە دووپات دەکـرێنەوە، نە ڕێگرییـان لێ دەکرێـت، بە بەڵـگەی فەرمایشـتی پێغەمـبەری خـودا (درودی خوای لەسەر بێت) ئەو کاتەی پرسیاریان لێکرد سەبارەت حـوكمی وەرگـرتن و نەقلکـردن لە یەهـوود، فەرمـووی: ((إِذَا حَدَّثَكُمْ أَهْلُ الْكِتَـابِ فَـلَا تُصَـدِّقُوهُمْ وَلَا تُكَـذِّبُوهُمْ ، وَقُولُـوا : آمَنَّـا بِاللَّهِ وَكُتُبِـهِ وَرُسُلِهِ..)) واتە: ((ئەگەر ئەهلـی کتـاب قسـەیان بـۆ کـردن، نە بە ڕاستیان دابنێن نە بە بەدرۆ، تەنها بڵێن: باوەڕمان بە خودا و كتێب و پێغەمبەرەکانییەتی..)).

زۆربەی کـات وایە کە ئەو کەسـەی لەنـاو بۆچـوون و بـاوەڕی پێشینەکاندا لەدایـك بـووە و ژیـاوە، بە ئاسـانی نـاتوانێ هەسـت بە هەڵەکـان بکـات؛ بەڵام ئەو کەسـەی لە دەرەوەی ئەو ژیـنگەیە لە دایك بووبێت، بە ئاسانی هەست بە سادەیی و هەڵەی بۆچوونەکـان و پەیڕەوانی دەکات، (بـۆ نمـوونە: ئـێمە زۆر بە ئاسـانی هەسـت بە هەڵەی خواردنەوەی میـزی مانگـا لە هیندسـتان دەکەیـن، هەروەهـا گەمژەیی پێشکەشکردنی برنج بە بتەکانی بوزا لە تایلەند).

لێرەدا سەرنج بدە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو خوراڤیات و بۆچوونە هەڵانەی کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ، ناتوانن بین بە بەڵگەیەك تا دروستی و بلیمەتی و عەقڵانییەتی ئەو

کەسە جێگیر بکەن، کە لەو سەردەمدا دایهێناوە، بۆ پاڵپشتی ئەو جیاوازیەش، باشترین بەڵگە فەرمایشتی پەروەردگاری مەزنە کە دەفەرموویت: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴾ [البقرة: ١٧٠].

واتە: ((ئەگەر بەو خەڵکە نادانە بگوترێت: شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن خواوە ڕەوانە کراوە، دەڵێن: نەخێر، هەر شوێنی ئەوە دەکەوین کە باووباپیرانمان پێوەی ئاڵوودە بوون و لەسەری ڕاهاتوون، ئایا ئەگەر باووباپیرانیشیان تێنەگەیشتوو و هیچنەزان و نەشارەزا و ڕێنموویش وەرنەگرن (هەر شوێنیان دەکەون؟!)).

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- خەڵکی بۆ جێگیرکردن و سەرخستنی حەق تێناکۆشن، بەڵکو بۆ سەرخستنی ئەو بیرکردنەوانەی کە هەیانە.
- زۆرینە مەرجی دروستی و ڕاستی بیرکردنەوە نییە، هەروەها بەڵگەش نییە بۆ گومڕانەبوونی زۆرینە، بە بەڵگەی ژیاننامەی پێغەمبەران.
- بیرکردنەوە کۆنەکان مۆرکێکی پیرۆزیان پێوە لکاوە، بەڵام ئەوە واتای دروستی و ڕاستی نییە، بە بەڵگەی (وَجَدْنَا آبَاءَنَا كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ).

***

## داوای بەڵگە لەسەر شتێك مەکە کە تۆ بانگەشەی بۆ دەکەیت

لە کۆتا نووسینم باسم لە نادروستی و هەڵەی بەڵگەهێنانەوە بە زۆرینە و بۆچوونی پێشینان بۆ چەسپانی ڕاستی کرد، بە بەڵگەی ئەوەی کە خودای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۗ أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴾ [البقرة: ١٧٠]

واتە: ((ئەگەر بەو خەڵکە نادانە بگوترێت: شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەون کە لەلایەن خواوە ڕەوانە کراوە، دەڵێن: نەخێر، هەر شوێنی ئەوە دەکەوین کە باووباپیرانمان پێوەی ئالوودە بوون و لەسەری ڕاهاتوون، ئایا ئەگەر باووباپیرانیشیان تێنەگەیشتوو و هیچنەزان و نەشارەزا و ڕێنموویش وەرنەگرن (هەر شوێنیان دەکەون؟!))).

بەڵام سێیەم هەڵە بریتییە لە داواکردنی بەڵگە لە کەسانی دەوروبەر لە سەر شتێك کە خۆت بانگەشە و بانگەوازی بۆ دەکەیت.. چونکە هەر کەسێك بانگەشە و بانگەواز بۆ شتێك یان بیروباوەڕێك بکات، پێویستە بەرپرسیاریەتی چەسپاندن و سەرخستنەکەشی بخاتە ئەستۆی خۆی (نەوەك گوێگر)، ئەمەش بە گوێرەی بنەمایەکی شەرعی و یاسایی کە دەڵێت: ((البينة على المدعي وليس على من أنكر)) واتە: ((بەڵگە خستنەڕوو لەسەر بانگەشەکارە، نەوەك ئەو کەسەی نکوڵی دەکات)).

بۆ نموونه کاتێك کەسێك بە تۆ دەڵێت چەند دروستکراوێکی بۆشایی ئاسمان کەوتوونەتە سەر زەویی باشووری سعودیە، لەسەر ئەوە کە بەڵگە بۆ ڕاستی و سەرخستنی قسەکانی بهێنێتەوە نەوەك تۆ.

بەڵام با لەسەر نموونەکەی پێشوو گریمانەی ئەوە بکەین کە تۆ گاڵتەت بە هەواڵەکەی ئەو کرد (چونکە هیچ پاڵپشتییەکی نەبوو، نە وێـنە نە ڕاپـۆرتێکی هەواڵـی) ئەویـش بە تـۆی گـوت: "تـۆ نەهـاتنەخوارەوەی ئەو دروسـتکراوانە بسـەلمێنە". بەو لـۆژیکە ئەو دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵەیەکەوە، ئەویش گواستنەوەی بەڵگەی سەلماندنە لە خـۆیەوە بـۆ لای تـۆ و خـۆدزینەوەیە لە هەلگرتنـی بەرپرسیاریەتی، کە ئەوەش پێچەوانە بنەما شەرعی و یاساییەکەیە.

ئەمجۆرە لە بەڵگەهێناوەش بە شێوەیەکی بەربـڵاو لە گفتوگۆی نێوان پەیڕەوانـی ئـایینە جیاجیاکـان بەشێکیان لەگەڵ بەشێك بەدی دەکرێـت، بـۆ نمـوونە تـۆ دەکەویـتە مشتومڕێکی تونـدەوە لەگەڵ ڕاهیبێکی هیندۆسی، پێتدەڵێ: "چۆن بۆم دەسـەلمێنی کە ئایینەکەی من هەڵەیە؟" یان "چۆن دەیسەلمێنی کە خوداکانی من بوونیان نییە؟" یـان "چـون دەیسـەلمێنی کە کتێـب و پەیـامەکەی مـن بە دەسـتی مرۆڤ نووسراوە؟" لەو کاتەدا ئەو کەسەی کە پێویستە ئەو ڕاستیانە بسەلمێنێ و بەڵگەیان بۆ بهێنێتەوە تۆ نیت، بەڵکـو ئەوە، چـونکە ئەو بانگەشەی هەبوونی ئەو شـتانە دەکـات نەوەك تـۆیەك کە ڕەنـگە لە ژیانتدا مێشکت بە پرسیاری لەو جۆرە سەرقاڵ نەکردبێ.

** ** **

چـوارەم جـۆریش لە بەڵگەهێنـانەوەی بەهەڵە بـۆ چەسـپاندنی ڕاستی، بریتییە لە: گۆڕینی بابەتەکە و چوونە دەرەوەی پرسەکە بە شێوەیەکی فێڵاوی.

ئەمەش ئەو کاتە ڕوودەدات کە تۆ قسە لەسەر کێشەیەکی ڕوون و ئاشـکرا دەکەیـت، لەو لاوە کەسـێك بە بەڵـگەی زۆر بەهێـز و ڕەوانبێژانەتر وەڵامت دەداتەوە (بەڵام بەداخەوە بەڵگەکان پەیوەندیان بە کێشەکەوە نییە). بـۆ نمـوونە، ئەو کـاتەی بـابەتێکم سـەبارەت بە جنۆکە نووسی، تیایدا نکوڵیم لە توانای جنۆکە کرد بۆ چـوونە نـاو جەستەی مـرۆڤ، زۆربەی زۆر ڕەخنەکـان کە ڕووبەڕووم کـرانەوە بەو شێوازە بوون (بەڵام جنۆکە لە قورئان و لە فەرموودەشدا بەڵگە لە سەر هەبوونی هەیە).

بێگومـان ئەوە بەڵگەیەکـی زۆر بەهێـزە و ناکرێـت دژایەتـی بکرێت، بەڵام زۆر بەسادەیی هیچ پەیوەندیەکی بە بابەتەکەوە نییە، چونکە مـن نکـوڵی لە توانـاکەی دەکەم بـۆ چوونە نـاو جەستەی مرۆڤ، ئەوەش واتای ئەوەیە کە من قۆناغی باوەڕبوونم بە جنۆکە تێپەڕانـدووە، ئەمە بنەمـاکەی پێشـوومان بیـر دەخـاتەوە کە دەڵـێ: ((البينة على المدعي وليس على من أنكر)).

نمـوونەیەکی تـر، تـۆ دژایەتـی ئەوە دەکەیـت کە ڕۆڵەکانمان لەگەڵ دەوڵەتێکی یاخی بچن بـۆ جەنـگ لە بەر چەنـدین هۆکار، لەولاوە یەکێـك وەڵامـت دەداتەوە و دەڵـێ: (بەڵام جیهاد واجبە، ئومەت لە دوای وازهێنانی لە جیهاد لاواز و سست بووە). بەڵێ ئەم بەڵـگەیەش لە ئاسـتی خۆیـدا زۆر بەهێـزە (بەڵام ئەو کـاتەی کە

پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، دەبێتە بەڵگەیەکی ترسێنەر، چونکە دەتخاتە سوچێکەوە وەك ئەوەی کە تۆ دژایەتی شتێك دەکەیت کە خودای گەورە بە فەرزی داناوە)، ڕاستی بابەتەکەش ئەوەیە کە تۆ دژایەتی چوونی گەنج و لاوەکانمان دەکەیت بۆ جەنگێك کە نە جیهادە و نە فەرزیش، چونکە ئەوان دەچن بۆ شوێنێکی پڕ لە فیتنە و ئاشوب، شوێنێك کە ژمارەی پیاوەکانی هێندە زۆرە ئەگەر بە نیازی جیهاد بن، ئەوا پێویستیان بە کەس نابێ.

پێش ئەوەی کۆتایی بەو بابەتە بهێنم، ڕێگەم بدە بە کورتی ناوەرۆکی ئەو بابەتە و بابەتی پێشووشت بیر بخەمەوە:

لە هەڵە باوەکانی نێو خەڵکیدا (ئەو کاتەی کە دەیانەوێ هەڵوێست و بیرکردنەوەکانیان جێگیر بکەن و سەریان بخەن)، پەنا دەبەن بۆ بەڵگەهێنانەوە بە زۆرینە و پێشینە، دواکارکردنی بەڵگە کە دژی بانگەشەکەیان بێت (کە پێویستە خۆیان بەڵگە بهێننەوە)، پێشکەشکردنی بەڵگەگەلێك کە هیچ پەیوەندیەکیان بە بابەتەکەوە نییە.

## پوختەی تیۆرەکە

- بەوە ڕازی نەبیت کە کەسێکی بانگەشەکار داوای بەڵگە لە تۆ بکات، چونکە هەمیشە کەسی بانگەشەکار دەبێت بەڵگە پێشکەش بکات نەوەك گوێگر.
- ئەو کاتەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت، ڕێگەی نەدەیت لە پرسە سەرەکییەکە دەربچێت و بۆ بەرژەوەندی خۆی بتخاتە سەر بابەتی لاوەکی.
- یەکێك لە هەڵەکانی گفتوگۆ ئەوەیە کە چەندین بەڵگەی بەهێز پێشکەش بکەیت، بەڵام پەیوەندییان بە پرسی باسەکەوە نەبێت.

***

## بۆچوونی پێشتر و نزیکتر...
## توانای بیرکردنەوەت دەشێوێنن

سەرەڕای ژیری و ئاڵۆزی عەقڵەکانمان، بەڵام دەشێ بە چەند هۆکارێکی زۆر سادە تواناکانمان لە سەر بڕیاردان و بیرکردنەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت و بشێوێنرێن.

ئێمە هەمیشە کار لە سەر یەکەم بۆچوون و ئەزموون کە گوێبیستی دەبین دەکەین، بۆ نموونە ئەو کاتەی براکەت یان هاوڕێیەکت هەواڵی ئەوەت پێدەدات کە (300) دوکان لە شارەکە ئاگریان گرتووە، تۆش بە یەکەم بیستن ئەو ژمارەیە لای خۆت دەکەیت بە ژمارەی دروست، دواتر هەر کەسێ بڵێ (150) دوکان بووە، ئەوا تۆ بێ یەك و دوو هەواڵەکەی بۆ ڕاست دەکەیتەوە و دەڵێی نەخێر بەڵکو (300) بووە.

بۆیە ئەو بیرۆکە و بۆچوون و زانیاریانەی پێمان دەگەن، زۆر بە خێرایی ئەو بۆشاییانە داگیر دەکەن کە لە مێشك و کەسایەتیماندا هەیە، بە جۆرێك سڕینەوە و گۆڕانکاری تیایاندا کارێکی قورس دەبێ (تەنانەت ئەگەر دوو خولەکیش پێش ئێستا بیستبێتمان).

خۆزگە ئەو کارە تەنها پەیوەست بوایە بە سووتانی "بازاڕێکی میللی". بەڵکو ترسناکی بابەتی (پێشتر/ سەرەتا) لەوەدایە ئێمە کاتێك بە منداڵی لە سەر چەند بیروباوەڕ و بۆچوونێکی هەڵە پەروەردە دەکرێین، ئەوا ئەو بیروباوەڕە لە عەقڵی ئێمەدا دەبێتە بناغە و پێوەر

بۆ تەواوی بوارەکانی ژیانمان لە تەمەنی دوای بالغبووندا.. چەندیش گەورەتربین و تەمەنمان بەرەو هەڵکشان بچێت ڕەگوڕیشەی ئەو بیروباوەڕانە زیاتر بە زەویدا دەچن، تا وامان لێدێت دەگەینە تەمەنی پیری و دەستەوەستان دەبین لە بەرامبەر بونیادنانی بیرکردنەوەی نوێ و جیاواز.

﴿...لِكَيْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئًا ...﴾ [النحل: ٧٠].

واتە: ((...تاوەکو دەگاتە ڕادەیەك کە دوای ئەو هەموو زانستی و زانیاری و تێگەیشتنەی کە هەیبوو، هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە و هیچ نازانێت...)).

جگە لە کاریگەری هەواڵی سەرەتا، شتێکی تر هەیە کە زۆر جاران ئێمە بۆچوونەکانی خۆمانی لەسەر هەڵدەچنین ئەویش (نزیکتر) لە بازانەی کەسە نزیك و هاوڕێ و دۆستەکان.. بۆ نموونە ئێمە هەمیشە وتە و هەواڵی برایەکمان لا ڕاسترە لە وتە و هەواڵی کەسێکی بێگانە، ئامۆژگاری هاوڕێکانمان زۆر لا گرنگترە لە هی کەسانی شارەزا، فەتوای شێخەکانی ناوچەی خۆمان لە هی شێخەکانی ئەزهەر و زانایانی (الزیتونة و القرویین).

بۆ نموونە ئەو کاتەی براکەت هەواڵی سووتانی (300) دوکانت پێدەدات، زۆر زوو بە هەواڵەکەی باوەڕ دەکەیت، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەنا کە یەکەم کەس بووە هەواڵەکەی بە تۆ داوە، بەڵکو هۆکارێکی تریش هەیە، ئەویش نزیکیی هەواڵدەرەکەیە کە براکەتە و بەراورد بە بێگانەیەك زیاتر متمانە بە ئەو دەکەیت... ئەو کاتەی گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانی هاوڕێکەت دەگریت بە تایبەت سەبارەت بە کڕینی پشکی زیاتر (سەرەڕای چەندین ئاگاداریی

کەسانی شارەزا لەو بوارە)، بەڵام تۆ هەر بە قسەی هاوڕێکەت دەکەیت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تۆ هاوڕێکەت دەناسیت، بەڵام کەسە شارەزاکان ناناسیت.. ئەوکاتەش کە فەتوای زانای وڵاتی خۆت بە پەسەندتر و دروستر دادەنێیت، لەبەر ئەوەیە کە تۆ دیدگا و مەزهەب لەگەڵ ئەواندا یەکە و لە یەکتریەوە نزیکن، لە هەمان کاتدا ئاگاداری بنەما فیقهی و مەزهەبیەکانی زاناکانی دەرەوەی وڵات و شاری خۆت نیت، (مرۆڤیش سروشتی وایە دوژمنی ئەوشتەیە کە نایزانێت).

جا ئەو کاتەی بۆچوون و هەواڵی (پێشتر و نزیکتر) بەیەکەوە کۆ دەکەینەوە، لەوە تێدەگەین کە چۆن بیری خوڕافی و ناعەقڵانی بەسەر عەقڵی مرۆڤدا زاڵ دەبن، تەنها لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە و لە کەسانی نزیك خۆیەوە گوێبیستیان بووە... کاتێکیش یەکێك لە ئێمە دەگاتە تەمەنی کامڵبوونی، خۆی لە نێو کۆمەڵگەیەکدا دەبینێتەوە کە بیروباوەڕە خوڕافی و ناعەقڵانییەکان تەواو بەسەر کەسایەتی و شێوازی بیرکردنەوەیدا زاڵ بوونە، بە ئەندازەیەك کە هیچ جۆرێك لە گفتوگۆ و بەڵگەی لۆژیکی و وانەکانی زانکۆ و.. ناتوانن تۆسقاڵێك گۆڕانکاری لە بیروباوەڕەکانیدا بکەن، (زۆر کەمن ئەو کەسانەی لەو تەمەنەدا گۆڕانکاری بەسەر قەناعەت و کەسایەتییاندا دەهێنن).

لەبەر ئەم هۆکارە بەشێك لە کۆمەڵگاکان بە حوکمی (پێشتر و نزیکتر)، عەقڵی منداڵەکانی دەشێوێنن، بە تێپەڕبوونی کاتیش لە نیعمەتی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شیکاری دایاندەماڵن... تەنانەت

Scanned by CamScanner

کاتێك تاکێکی ئەو کۆمەڵگایانە لە پەرستنی (زۆرینە) خۆی ڕزگار دەکات، بۆی ئەستەمە بە ئاشکرا پێچەوانەی بۆچوونەکانی زۆرینە ڕەفتار بکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو لەکۆتاییدا کەسێکی زیر و فێربوو و خاوەنی عەقڵە، دەزانێ دوای دەرچوونی لەو کۆمەڵگایە و سەرپێچیکردنی بیروباوەڕەکانیان، ئەنجامەکە چۆن دەبێ و چی ڕوودەدات.

بەهەرحاڵ؛

چەنـدین هەڵەی تـریش هەن کە عەقڵەکانمـان دەشـێوێنن و بێبەشیان دەکەن لە بیرکردنەوەکـی تەندروسـت (وەك: بۆچـوونی پێشوەختە، خۆپەرستی کوێرانە، کەمی شارەزایی، یاخیبوونی سۆز...) بەڵام من لەم نووسینەدا زیاتر مەبەستم بـوو قسـە لەسـەر (بۆچوونی یەکەم و نزیکتـر) بـکەم، جـگە لە گرنگییـان لە دروسـتکردنی بیروبۆچوونەکانمان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا، هاوکات لەبەر ئەوەی ئەو دوو پێکهاتەیە بە درێژایی تەمەن لەگەڵمانـدا دەبن، بێ ئەوەی بە شێوەیەکی هۆشیارانە هەست بە لەگەڵ بوونیان بکەین.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- عەقڵی مرۆڤ لەژێر کاریگەری یەکەم بیرۆکە دەمێنێتەوە، کە وەریگرتووە.
- عەقڵی مرۆڤ کۆپییەکی نیمچە دووبارەیە، بۆ ئەو عەقڵانەی کە لە دەوروبەریدا دەژین.
- بە بڕیاری (پێشتر و نزیکتر)، بەشێك لە کۆمەڵگاکان مێشکی منداڵەکان دادەخەن و بێبەشیان دەکەن لە نیعمەتی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شیکاری.

***

## لەبەر ئەوە نا کە تۆ خۆشت دەوێ!

ئـێمە زۆربەی کـات بە ئاسـانی بیروبۆچـوونی ئەو کەسـانە وەردەگـرین کە خۆشـمان دەوێـن و هـاوڕاین لەگەڵیـان، هەروەها بۆچوونی ئەو کەسانەش کە خۆشـمان نـاوێن و هـاوڕانین لەگەڵیان ڕەت دەکەینەوە (ئەگەرچی ڕاستیش بن).

چـاو لە حوکمـدانی بۆچـوون و بیرکردنەوەکـان دەپۆشـین و بڕیاری پێشوەختە لەسەر بێژەری وتە و هەواڵەکە دەدەیـن، ڕێگری لە دەروونـی خۆمـان دەکەیـن تـا ڕاسـتیی بابەتەکـان ببینێـت، بە نیەتەکانی لایەنی بەرامبەر خۆمـان سـەرقاڵ دەکەیـن و دەچینە نێو ململانێیەکی بە شەخسیکردن و مشتومڕێکی نەزۆکەوە.

کێشـەی عەقڵـی مـرۆڤ لەوەدایە کە خەڵکـی لە چوارچێوەی چەند قالبێکدا پۆلێن دەکات، هەمیشە شکاندنەکەی ڕەت دەکاتەوە، تـا ئەو کـاتەی پێچەوانەکەی بـۆ دەردەکەوێ، فاسـیق هەر فاسیقە ئەگەر کاری چاکەش ئەنجام بدا، کەسی چاکەکەر هەر چاکەکارە ئەگەر چەندان خراپەش ئەنجام بـدا، یەکەمـین کە کـارێکی چاکە ئەنجام دەدات دەیەوێ فێڵمان لێبکات، دووەمیشیان مەبەستی خراپە نەبوو کاتێك ئەو خراپەی ئەنجامدا، هەر بۆیە (وەرگرتنی بۆچوونی یەکەم زۆر ئەستەم گۆڕانی بەسەردا دێ).

لەڕاستیدا عەقڵە بچووکەکـان نـاتوانن شـیکاری هەڵوێستەکان و گفتوگۆی بیرۆکەکان بـکەن، بەڵکـو پەنـا دەبەنە بەر چارەسەرێکی

ئاسان ئەویش (پۆلێنکردنی مرۆڤەکانە لە قالبێکی ئامادەکراو).

هەمیشە پێویستە لە خۆت بپرسی: چی دەبێ ئەگەر بۆچوونی ئەو کەسانەی خۆشماندەوێن و متمانەمان پێیان هەیە، هەڵە بێ؟ بۆچوونی ئەوانەش دروست و ڕاست بێت کە خۆشمان ناوێن و هاوڕایان نین؟!

چی دەبێ ئەگەر بۆچوونی ئەو کەسانەی متمانەمان بە زانستەکەیان هەیە، هەڵە بێت (لانی کەم بۆ جارێکیش بێت؟) بۆچوونی ئەوانەش دروست بێت کە هەمیشە گومان لە زانستەکەیان دەکەین و بۆچوونەکانیانمان لا دروست نین (لانی کەم بۆ جارێکیش بێت؟).

بڕیاردان لەسەر گرنگیی بۆچوون و دروستیی بیرکردنەوەکان بە ڕێگەی خۆشەویستی و ڕقلێبوونە و پشتگوێخستنی لێکۆڵینەوە و شیکاری بۆچوونەکان دڵ و عەقڵ کوێر دەکات... بڕیاردانی پێشوەختەش سەبارەت بە بۆچوونی ئەو کەسانەی خۆشمان ناوێن و هاوڕایان نین، چاوەکانمان لە بەرامبەر ئاستی پەیامەکانیان کوێر دەکات و بێبەشمان دەکات لە دەرفەتی فێربوون لێیانەوە، چونکە ڕەنکە بۆچوونێکی دروست لای کەسێك بێت کە لە هیچ شتێکدا لەگەڵی کۆك نیت، لە هەمان کاتدا بۆچوونێکی هەڵە لە کەسێکەوە دەربچێت کە لە هەموو شتێکدا هاوڕای لەگەڵیدا، ئایا دەزانی زۆربەی درۆکان لەو شەیتانەوەیە کە پێغەمبەر خودا (درووودی خوای لەسەر بێت) دەربارەی فەرموویەتی: ((صدَقَك وهو كَذوبٌ)) واتە: ((ڕاستی پێت گوتووە، بەڵام ئەو درۆزنە))، ئایا لە بەرامبەردا

گومانت لە دادوەری داوود (علیه السلام) هەیە دوای ئەوەش دووری لە هەوا و ئارەزوو؟ خودای گەورە دەفەرمووێ:

﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴾ [ص: ٢٦].

واتە: ((داوود گوتی: سوێند بە خوا بێگومان ئەو برایەت ستەمی لێ کردوویت بەوەی دەیەوێت تاکە مەڕەکەی تۆ بخاتە سەر مەڕەکانی خۆی، لەڕاستیدا زۆربەی ئەوانەی شەریک و هاوکارن ستەم لە یەکتری دەکەن، جگە لەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هەیە و کار و کردەوەی چاک ئەنجام دەدەن، ئەوانیش زۆر کەمن، (ئینجا دوو کەسەکە دیار نەمان)، ئەوسا ئیتر داود زانی کە ئێمە تەنها تاقیمان کردۆتەوە، (لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەم: فێربێت بەپەلە حوکم دەرنەکات.. دووەهەم: لەبەر ئەوەی سوێندی خوارد لەسەر شتێک کە لێکۆڵینەوەی دەربارەی نەکردبوو)، ئیتر داوای لێخۆشبوونی لە پەروەردگاری کرد و بە کڕنووش و سوژدەدا چوو، داوای لێبووردنی کرد)).

پێویستە هەڵسەنگاندنت بۆ بۆچوونە کەسییەکان، دوور بێت لە سۆزی خۆت و تایبەتمەندیی ئەو کەسانەی هەڵیاندەسەنگێنی.. بڕیاردان لە سەر ڕابردووی کەسەکان بڕیارێکی بەجێ نییە (خودای گەورە لە ڕۆژی حەشردا دادوەری لە نێوان بەندەکانیدا دەکات)، تەنانەت با بڕیارەکانت دەربارەی بۆچوونی ئەوان لەسەر هەڵوێستەکانیشیان نەبێت.. (دوای جەنگی جەمەل) حارسی کوڕی

حوت بە پێشەوا عەلی گوت: ئەی پێشەوای بڕوادان ئایا پێت وانییە تەڵحە و زوبەیـــر، کە هەردووکیـــان لە دە موژدەپێـــدراوەکەی بەهەشتن، لەسەر گـومڕایین و ناڕاستن؟! پێشـەوا عەلـی لەو کـاتەدا بنەمایەکی لە حوکمدان دانا کە تـا ڕۆژگـاری ئەمڕۆش دووبـارەی دەکەینەوە و دەیڵێینەوە، فەرمووی: (ڕاستی بە پیاوەکانی ناناسرێتەوە، بەڵکو پیاوەکان بە ڕاستی دەناسرێنەوە).

بڕیاردان لەسەر مرۆڤ لەمیانی تەسەوڕات و بۆچوونە گشتییەکان، کاریگەری لەسەر پەککەوتنی بڕیارە تایبەتەکانمان دروست دەکات، ئەوکاتە هەڵەکە گەورەتر دەبێت کە بڕیارێکی گشتی دەخەینە سەر گەل یان هۆزێك و سیفەتێکی هەمیشەییشی پێدەدەین، بێ ئاگا لەوەی کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِنْ تَأْمَنْهُ بِقِنْطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُمْ مَنْ إِنْ تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَا يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ... ﴾ [آل عمران: ٧٥].

واتە: ((لە شـوێنکەوتوانی کتێـبە ئاسـمانییەکان کەسـانێک هەن ئەگەر ماڵ و داراییەکی زۆری بەئەمانەت لەلا دابنێیت (هەر کاتێک داوای بکەیـــت) بەتەواوی بـــۆت دەگێـــڕێتەوە، هەشـــیانە ئەگەر دینارێکی بەئەمانەت لادابنێیت بۆت ناگێڕێتەوە...)).

ئەوەی گریمانەی ئەنجامدانی دەکرێ تەواو پێچەوانەیە..

گریمانە دەکرێ کە گوێ لەو کەسانە بگریت کە خۆشت ناوێن و هاوڕای بۆچوونەکانیـان نیـت، زیـاتر لەو کەسـانەی کە خۆشـت دەوێن و باش دەیانناسیت. ئەو کاتەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسـانە

دەکەیت کە هاوڕای بۆچوونەکانیان نیت، دڵنیابە لەوەی کە تۆ زیاتر مێشکت بەلای هەموو ئاڕاستەکان دەکرێتەوە و ئاگاداری بۆچوونە جیاوازەکانیش دەبیت.. بەڵام ئەگەر بێت و تۆ تەنها گوێ لەوانە بگریت کە خۆشت دەوێن، تەنها نووسینەکانی ئەو کەسانە دەخوێنیتەوە کە هاوبۆچوونی تۆن، ئەوا دڵنیابە کە شتێکی نوێ نایەتە هەگبەی تۆوە... بەردەوامبوون و خوێندنەوە و بەدواداچوونت، تەنها بۆ ئەو بۆچوونانەی کە لەگەڵ ویست و ئارەزووی تۆدا دەگونجێن، دەتخاتە قوشبنێکی تەسکەوە و ڕۆژ دوای ڕۆژیش زیاتر عەقڵ و بیرکردنەوەت دادەپۆشێ.. ترسی کۆمەڵگە لە فرەبۆچوونی لەوەدایە کە دیدگایەکی بەرتەسک بێتە کایەوە و نەوەیەك دروست بێ کە متمانە بە نەزانەکان بکات.

ئایا پێت وایە کە من هەڵەم لەوەی کە بابەتەکە بە دڵی تۆ نانەخشێنم؟!

## پوختەی تیۆرەکە

- کێشەی عەقڵی مرۆڤ لەوەدایە کە خەڵکی لە چوارچێوەی چەند قالبێکدا پۆلێن دەکات، هەمیشە شکاندن ئەو قاڵبە ڕەت دەکاتەوە، تا ئەو کاتەی پێچەوانەکەی بۆ دەردەکەوێ.
- ئەگەر تۆ گوێ بۆ ئەو کەسانە ناگریت کە خۆشت ناوێن، جگە لە نووسینی هاوبۆچوونەکانیشت ناخوێنیتەوە، ئەوا دڵنیابە شتێکی نوێ نایەتە هەگبەتەوە.
- بەردەوامبوونت تەنها لەسەر بەدواداچوونی ئەو بۆچوونانەی کە لەگەڵ ویستەکانی تۆ کۆکن، دەتخاتە قوشبنێکی تەسکەوە.

***

## قەناعەتە کەسییەکانت، بیروبۆچوونی پیرۆز نین

ئەو دەرئەنجامەی کە خۆت پێی دەگەیت، لەلات زۆر لەو بۆچوون و هەواڵانە جێی باوەڕترن کە لە کەسانێکەوە پێت دەگەن.. هەروەها ئەو بیروبۆچوونەی کە لە کەللەسەرتدا گەڵاڵە دەبێت، هەموو ئەو بۆچوون و بیرکردنەوانە دەسڕێتەوە کە لە دەرەوە پێتگەیشتوون.. پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان ئەوەی خۆمان پێی دەگەین لەگەڵ ئەوەی ئێمە قەناعەت بە دروستیەکەی دەکەین هەیە.. ئەو کاتەی کە خۆت بیر دەکەیتەوە (بە مێشکی خۆت تاوتووێی پرسەکان دەکەیت)، ئەوا بێگومان بە ئەنجامێکی خودی دەگەیت، ئەنجامێکی دڵسۆزانە، زۆر بە توندیش بەرگری لێدەکەیت، ئەگەرچی لای خەڵکی بە سادە و هەڵەش ناویبرێت.. ئەنجامە خودیەکان (کە خۆت پێیان دەگەیت)، ڕەنگە ئیجابی بن و لە بەرژەوەندی تۆدا بن، بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە سلبی بن و لە دژی تۆ بن... ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگە تۆ زۆربەی کاتەکان جیاوازی لە نێوان ئەو دوانە نەکەیت، چونکە تۆ لە هەڵوێستێکی دوو لایەنە دایت، وەك ڕکابەر و بڕیار، فرۆشیار و کڕیار، یاسادانەر و ڕەخنەگر (چێشتلێنەر و تامکەر) بەمەش تەرازووی حوکم و ڕەخنەی تەندروست لای تۆ دەشاردرێتەوە.

نەبوونی هۆشیاری و ئاگاداریشمان بەو جیاوازیە، هۆکاری

بەردەوامی ئەنجامدانی هەڵە و پرسیاری ماوە بەسەرچوو ڕاڤە دەکات "چۆن بەو ئەندازەیە گەمژە بوویت؟!" یان "چۆن ئەو کات ئاگاداری ئەو کارە نەبووی؟!" بۆ دەربازبوونیشت لەم کێشەیە پێویستە ئەندازەیەکی زۆر لە خاکیبوونی فیکری و ڕەخنەی خودی بۆ خۆت دەستەبەر بکەیت، هەروەها گوێ بۆ ئەو بۆچوونانە بگریت، کە لەگەڵ تۆدا هاوڕا و کۆك نین... هەروەها پێویستە وەك کۆشش و هەوڵدانێك سەیری قەناعەتە کەسیەکانی خۆت بکەیت و بە کراوەیی بیانهێڵیتەوە و بواری دەستکاریکردن و گۆڕانکارییان پێ بدەیت، بەبێ هیچ دوودڵی و شەرم و بەرگریکردنێکی خۆپەرستانە.

بیرکردنەوە و قەناعەتی لەو جۆرە دڵنیابە لە بەرژەوەندی تۆ بە کۆتا دێن، چونکە هەمیشە دەستگرتن و باپەندبوون بە بۆچوون و قەناعەتە خودیەکان، ئاستی فێربوونی زانست و ئەزموونەکان کەمتر دەکاتەوە، بە بەڵگەی ئەو دێرەی پێشەوا شافیعی کە دەڵێ:

كلما أدبني الدهر    أراني نقص عقلي
واذا ماازددت علمًا    زادني علمًا بجهلي

جگە لەوەش.. باپەندبوون بە بۆچوونە خودیەکان و دەستگرتن پێیانەوە و لانەدان لێیان، نهێنیی بڵاوبوونەوەی غروری و خۆبەگەورەزانین و لووتبەرزی و سەرسام بە خود و... چەندان نەخۆشی ترە.. بەراورد بکە لە نێوان کەسێکی دەوروبەری خۆمان کە زۆر باپەندی بیروبۆچوونەکانییەتی، لەگەڵ کەسێکی وەك پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کە گوتوویەتی: (قسەی ئێمە بۆچوونێکە، ئەگەر کەسێك باشتر لە ئێمە بهێنێ، واز لە بۆچوونەکەی خۆمان دێنین و دەچینەسەر بۆچوونەکەی ئەو) یان کەسێکی وەك مالیکی

کوڕی ئەنەس کە گوتوویەتی: (هەموان قسەیان لێوەردەگیرێت و لێیان ڕەت دەکرێتەوە، تەنها خاوەنی ئەم قەبرە نەبێت (ئاماژەی بۆ قەبری پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) کردووە) یان کەسایەتیەکی وەك پێشەوا شافیعی کە گوتوویەتی: (ئەگەر فەرمایشتەکە ڕاست بوو، ئەوا قسەی من لە دیوار بدەن) یان بیلالی کوڕی سەعد کە گوتوویەتی: (هەر کات بینیتان کە کەسێك بە بۆچوونی خۆی سەرسامە، ئەوا بزانن لە زەرەر و زیان دایە).

ئەگەرچی دان بەوەدا دەنێم کە گۆڕانکاری لە بۆچوون و بیرکردنەوە خودیەکان، کارێکی ئەستەم و قورسە، بەڵام ترسناکیەکەی لەوەدایە کە بە سووربوون و دەستگرتنت پێیانەوە قەناعەتێکت بۆ دروست دەبێت وادەزانیت کە ئەو بۆچوونانە هاوشێوەیان نییە و بە دوورن لە هەموو کەموکورتی و خەوشێك.. هەر ئەو جۆرە لە قەناعەتەش هۆکارە بۆ دروستبوونی زوڵم و ستەم و بیری خۆ زاڵکردن... تەنها لە ئەگەری وەرگرتنی دەسەڵاتێکی کەمدا هەوڵی کپکردنی دەنگەکان دەدەیت و ڕێگە بە بۆچوونی تر نادەیت.

ئەگەر چاوێك بە مێژوودا بخشێنیت، دەیان حاڵەتی سووتاندنی کتێب و ئازاردان و کوشتنی بیرمەندەکان و نەهێشتنی بیرکردنەوە جیاوازەکان دەبینی.. هەموو ئەوانەش تەنها بۆ پارێزگاریکردن لە تاکە بۆچوونێك و مانەوەی تەوژمێکی بچووکە لە دەسەڵات، ئەمە لە کاتێکدا مومارەسەکردنی ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە بە لووتکەی گەمژایەتی دادەنرێت.

لە بەرامبەردا لووتکەی ژیری ئەوەیە کە بەشداری بە کەسانی

Scanned by CamScanner

تر بکەیت و ڕەخنەکانیان قبووڵ بکەیت و بۆچوونەکان لە بێژینگ بدەیت و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامە و شوێن و پلە و پۆست و پایە، باشترینیان دەستنیشان بکەیت.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە -من- باوەڕم وایە گەورەترین و گرنگترین شت کە قوتابیانی کولێژە پزیشکییەکان دەیخوێنن بریتی نییە لە شیکاری جەستەیی و زانستی نەخۆشیەکان و ڕێگاکانی دۆزینەوەی نەخۆشی... بەڵکو بریتییە لە وەرگرتنی "بۆچوونی تر" لە دۆزینەوەی هەر نەخۆشییەك.

هەر بۆیە زۆر جاری دەبینی کە پزیشکێك (ڕاستگۆ و ئەمین) و بەبێ هیچ دوودڵی و شەرمێکەوە زۆر بە ئاسانی بۆچوونی هاوکار و هاوپیشەیەکی لە خۆی کەم ئەزموونتر و بچووکتر وەردەگرێت.

تۆش ئەوەت بیر بێت لە کەللەی سەرتدا تەنها یەك مێشك هەیە، کە جیاوازیەکەی لەگەڵ مێشکی کەسانی تر ڕەنگە چەند پلیکانەیەك بێت (بەرز یان نزم لە پلیکانەکانی پەیژەی ژیری). باشترین چارەسەریش بۆ فراوانکردن و زیادکردنی ئاستی ژیریت بۆ (سێ یان چوار یان پێنج جار) هێندەی ئاستی ئێستات، بریتییە لە ڕاوێژکردن و بەشداریکردن بە عەقڵەکانی تر و بینینی ژیان بە دیدگای ئەوان.

جا چ سەرۆك بوویت یان کەسێکی ئاسایی، هەمیشە ئەوەت بیربێ کە ئەوەی لە سەرەتای نووسینەکەمدا شیمکردەوە سەبارەت بە قەناعەتبوونمان بە ئەنجامە (تەنها لەبەر ئەوەی خۆمان پێی

گەیشتووین) لە گەورەترین عەیبەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤە.

بە واتایەکی تر..

لە یەك کاتـدا ڕۆڵـی ڕکـابەر و حـوکم/ فرۆشـیاری و کڕیـار/ موشـەڕەع و سـوودمەند... چێشـتلێنەر و ئەو کەسـەی بڕیـار لەسـەر باشیی چێشتەکە دەدات، مەگێڕە.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- ئاگاداری بەرهەمهێنانە تایبەتەکانی خۆت بە، چونکە ڕەنگە بەهۆی هۆکارێکی ئایدۆلۆژی ژیانت کۆتایی پێ بێت.
- ئەو کاتەی ڕۆڵی ڕکابەر و حوکم، فرۆشیار و کڕیارو.. دەبینی. پێش ئەوەی فێڵ لە خەڵکی بکەیت، فێڵ لە خۆت دەکەیت و خۆت هەڵدەخەڵەتێنی.
- تەنها قەناعەتبوونت بە دروستیی بۆچوونەکەت، واتە داخستنی عەقڵت لە گریمانەکانی تر.

***

## دایکی ئامۆژگاریەکان

سۆزە تایبەتەکانمان، پۆلێنمان بۆ خەڵك، بۆچوونی پێشوەخت، لایەنگیریی کوێرانە، کەم شارەزایی، یاخیبوونی سۆز، بیری ڕەق، باوەڕی ڕەها... نموونەن بۆ ئەو پێکهاتە و کاریگەرییە دەرەکیانەی کە ڕێگریمان لێدەکەن لە بیرکردنەوەیەکی دروست و تەندروست و بێلایەنانە.

لە کاتی سەرقاڵبوونم بە نووسینی ڕۆڵ و گرنگی بۆچوونی (پێشتر) و (نزیکتر) لەسەر بیرکردنەوە و باوەڕە کەسیەکان، بیرۆکەی نووسینی ئەو بابەتە لە مێشکمدا گەڵاڵە بوو، چونکە کاتێك گەیشتمە کۆتایی نووسینەکە، چەند پێکهاتەیەکی تریشم بیرکەوتنەوە، کە هەمان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە بە بێ ئەوەی هەست بە هیچ کامیان بکەین.

سەرەڕای ئەوەی من ڕەفەیەکی تەواوی کتێبم سەبارەت بەو بابەتە هەیە، بەڵام پێم باشبوو کە بۆ خستنەڕووی پێکهاتەکانی تر، زیاتر پشت بەو بۆچوونە باوانە ببەستم کە لە ناوچەکەی خۆماندا هەن.

جگە لەو کەموکورتی و هەڵانەی کە لە سەرەتای ئەم بابەتە ژماردنم، هاوکات هەڵە و کەموکورتی تریش هەن، لەوانەش:

**لایەنگیری کوێرانە و بەرژەوەندیخوازانە:**

بە هۆکاری کاریگەریی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگە، وامان لێهاتووە

که به جۆرێك بیربکه‌ینه‌وه (به ئامانجی گه‌یشتن به ڕاستییه‌کان نـا) به‌ڵکو به‌و بیرکردنه‌وه‌ی که ئه‌و بۆچوون و بیرکردنه‌وانه سه‌ربخه‌ین که کۆمه‌ڵگاکه‌مان سه‌رمه‌شقیان ده‌کات و له‌گه‌ڵ ویسته‌کانی ئێمه‌دا به‌کانگیرن.. ئه‌و جۆره‌ش له لایه‌نگیری له توندڕه‌وه‌کانی ناو گشت ئایینه‌کاندا ده‌بینرێت.

به‌ڵام ئه‌وه‌ی پێویسـته ئـێمه ئه‌نجـامی بـده‌ین، بـریتییه له بیرکردنه‌وه‌یه‌کی بێلایه‌نانه و دوور له هه‌موو بۆچوونێکی پێشوه‌خت و جێگیرکردنی قه‌ناعه‌ته تایبه‌ته‌کـان، (ئه‌مه‌ش ڕێـك ئه‌و کـرداره‌یه که زانایان بۆ دۆزینه‌وه‌ی شتێك له تاقیگه‌کانـدا ئه‌نجامی ده‌ده‌ن، به‌بێ هه‌بوونی هیچ نیه‌تێکی ڕه‌تکـردنه‌وه، هاوکـات به‌بـێ هه‌بـوونی هیچ بڕیارێکی پێشوه‌خت و جێگیرکراو).

**غرور و به سه‌نته‌رکردنی خود:**

هه‌موان خودی خۆمـان کـردووه به سـه‌نته‌ری بیرکردنه‌وه‌کـان، به‌رده‌وامـیش به‌رگـری له به‌رژه‌وه‌نـدی و بۆچـوونه تایبه‌ته‌کانمـان ده‌که‌یـن، ئه‌مه‌ش شتێکی ده‌گـمه‌ن و که‌م نیـیه، به‌ڵکـو بـریتییه له که‌موکورتیه‌ك که به‌رده‌وام ڕێگریمان لێ ده‌کـات و ناهێڵێـت ڕا و بۆچوونی که‌س و لایه‌نه‌کانی تر ببینین.. تۆ هه‌میشه و به به‌رده‌وامی بۆچوونه‌کانی خۆت لا دروسته، باشـه چ شـتێك ڕێگـره له‌وه‌ی که بۆچوونی که‌سانی تـریش وه‌ك تـۆ دروسـت و ڕاسـت بێـت؟! ئه‌و کاته‌ی تۆ له‌سـه‌ر حه‌قیت، ئایا ئه‌وه واتـای ئه‌وه‌یه که ئه‌وانـی تـر هه‌موویان ناحه‌ق و هه‌ڵه‌ن؟! ئایا ئاسانتر و باشتر نییه که تۆ هه‌میشـه گریمانه‌ی ئه‌وه بکه‌یت که تۆ هه‌ڵه‌یت؟!

Scanned by CamScanner

## ڕازیبوون بە نزیکترین و سادەترینی چارەسەرەکان:

ئەو کاتەی یەکێك لە ئێمە بیر لە کێشەیەك دەکاتەوە، ڕاستەوخۆ بیری بۆ لای ئەو چارەسەرانە دەچێت کە پێشتر ئەزموونی کردوون (سەبارەت بە بێکاری و هۆکارەکانی پرسیار لە هاوڕێکانت بکە، دەبینی هەموو تیشك دەخەنە سەر یەك هۆکار و بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە، تەنانەت شارەزاکانیش هەمان شت لە تەلەفیزیۆن دەڵێنەوە).

هەڵەکەش لەوەدایە کە ئێمە (ناوەستین) بیر لە هەبوونی ئەگەر و هۆکاری قووڵتری کێشەکە ناکەینەوە، هەر بۆیەش پێویستە لەو جۆرە کێشانەدا کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە توێژینەوە زانستیەکان بدوێنین، چونکە ئەوان هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە گریمانەی زیاتر دەخەنەڕوو، یەك لە دوای یەکیش گفتوگۆیان لەسەر دەکەن و تاوتوێیان دەکەن.

## دژایەتیکردن و بەڵگەی دژیەك:

زۆربەی خەڵکی کاتێك دژایەتی و بەرهەڵستی کەسێك یان لایەن و تەوژمێك دەکەن، هەوڵی ناشیرینکردنی جوانییەکانی و گەورەکردنی خراپەکانی دەدەن، هەڵەکەش لەوەدایە کە ئەو جۆرە لە بەرهەڵستیە ڕێگریمان لێدەکات تا بە دیگایەکی تر سەیری پرسەکان بکەین و خاڵە ڕاست و دروستەکانی کەسی بەرامبەر ببینین.. ئەوەش بزانە کە دژایەتیکردنی بەردەوام و بەرهەڵستکردنی کەسی بەرامبەر بە ڕێگەی "تۆ لەسەر هەڵەیت" واتای لەسەرحەقبوونی تۆ ناگەیەنێ، بەڵکو ئەوەی تۆ ئەنجامی دەدەیت

سەرکێشیەکە و بە بەردەوامبوونیشت لەسەری زیان بە ناو و ناوبانگی خۆت دەگەیەنیت.

**پارچەکردن و نموونەهێنانەوەی بەشتی دەگمەن:**

کاتێك گفتوگۆ لەسەر هەر کێشەیەك دەکەین بە تەواوی لە کۆی کێشەکە ناڕوانین، بەڵکو تەنها ئەو بەشەی لێوەردەگرین کە پاڵپشتی بۆچوونە تایبەتیەکانی ئێمە دەکات، ڕەنگە ئەو پارچەکردنەش تەنها هەڵوێست و بۆچوونێکی کەسی، یان ڕووداوێکی خودی، یان لە ماوەیەکی دیاریکراو بێت، بەڵام ئێمە دێنین بەسەر کۆی شوێن و کاتەکەدا دەیگشتێنین.. -تەنها بۆ نموونە- ڕەنگە نموونە بە حاڵەتێکی ناشەرعی بهێنریتەوە بۆ ترسناکیی تێکەڵاوی لە قوتابخانەکان، لە هەمان کاتدا ڕەچاوی هەزاران کەسی پاك و بێگەرد ناکرێت لە هەمان شوێندا... یان هەمان حاڵەت بۆ دامەزراوە یان کۆمپانیایەکی دیاریکراو گشتاندن دەکەین (وەك ئاماژەیەك بۆ خراپی شوێنەکە)، کە ڕەنگە هەمان حاڵەت لە شوێنێکی تریش ڕوودبدات.

**دروستکردنی قالبی پێشوەختە و نموونەی توند:**

هەموومان - بەداخەوە- لایەنگیریەکی کوێرانە و سەرسەختانەی چەند بۆچوونێکی دیاریکراو دەکەین، چەندین قالبی پێشوەختەمان بۆ بڕیاردان لەسەر بیروبۆچوونەکان داناوە، بڕیاردانەکانیش دەگشتێنین.. بەڵام ئەوە بزانە کاتێك تۆ تەنیا لایەنگیریەکی سەرسەختانەی بۆچوونێك دەکەیت. هیچ بەدیلێکی تری بۆ نابینی، ئەو کاتەش کە گشتاندن بۆ بڕیارەکەت دەکەیت (بەسەر ڕەگەزێك، یان تەوژم، یان ئایینێکی دیاریکراو..)، هیچ ڕاجیایی و

جیاوازیەکی تاکی و ئیجابی لە نێویدا نابینی، بۆیە پێویستە هیچ کات گشتاندن بۆ بڕیارەکان نەکەین و نموونە دەگمەنەکان نەکەین بە خاڵی بڕیاردان.

بەڵام سەبارەت بە (**دایکی ئامۆژگاریەکان**) کە بریتییە لە وەبیرهێناوەیەك بەوەی ئێمە ڕۆژانە هەموو ئەو کەموکورتیانە بە ڕێگەیەکی ناهۆشیارانە ئەنجام دەدەین.. دوای زانینی ئەوەش پێویستە بە ڕێگەیەکی هۆشیارانە و عاقڵانە بیربکەیتەوە و بەسەر خودی خۆتدا زاڵ بیت.

پرسیارەکە زۆر بەسادەیی بریتییە لە: یان ئەوەتا هۆشیاری کەموکورتیەکان دەبی و بە سەریاندا زاڵ دەبیت، یانیش گوێیان پێ نادەیت و ڕێگەیان دەدەیت بەسەرتدا زاڵ بن.

سەیری دەوروبەرت بکە، بزانە کام لەو دوو حاڵەتە زاڵترن؟!!

## پوختەی تیۆرەکە

- لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە خاوەنداریێتی چەند بیرکردنەوەیەکی هاوبەش (نیمچە وەك یەك) دەکات، هەر بۆیە بە بەردەوامی ئەوەی هاوشێوە بەرهەم دەهێنێت.
- کێشە لە مومارەسەکردنی هەڵەکانی بیرکردنەوەی تەندروست نییە بە تەنها، بەڵکو مومارەسەکردنیان بەبێ هۆشیاری کێشەیەکی ترە.
- کۆمەڵگە داخراوەکان عەقڵی منداڵەکانیان لە نیعمەتی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بە پێشکەشکردنی تەسەوراتی پێشوەختە و بۆچوونی بۆماوەیی، بێبەش دەکەن.

❁❁❁

## چی دەربارەی لۆژیك دەزانیت؟!

لە شانۆگەری "قوتابخانەی ئاژاوەچییەکان" کەسایەتی ئەبلە عەفەت لە مورسی ئەلزناتی دەپرسێ: (چی دەربارەی لۆژیك دەزانیت؟!).

هۆکاری دووبارەکردنەوەی پرسیارەکەشی ئەوەیە کە ئەو جگە لەو ڕستەیە هیچی تر شك نابات و دەڵێ: "کاتێك کەسێك لە سەری کەسێك دەدات و دەکەوێت، هیچ لۆژیکی تێدا نییە".

سەرەڕای ئەوەی ئەو پێناسە کۆمیدیە دوورە لە پێناسەی حەقیقی لۆژیك؛ بەڵام من هەر جارێك گوێبیستی ئەو ڕستەیە دەبم، گرنگی خوێندنی لۆژیك بۆ ڕۆڵەکانمان لە قوتابخانەکان بیر دەکەوێتەوە.

لۆژیك وەك زانایانی پێشین پێناسەیان کردووە بریتییە لە: "ئامرازێك بۆ پاراستنی بیر و زەین لە هەڵە" بە سادەترین پێناسەشی بریتییە لە "کۆمەڵە بنەمایەك کە ڕێگریمان لێدەکەن لە بیرکردنەوە بە شێوەیەکی هەڵە"، یان بریتییە لە "شێوازێکی بیرکردنەوە، بەرەو دروستیمان دەبات، لە ئەنجامی هەڵە دوورمان دەخاتەوە".

لۆژیك (بە دیدی من) زانست و مەنهەجێکی ئایدۆلۆژی نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی بیرکردنەوە و شێوازێکی هاوبەشە لە شیکردنەوە و بڕیاری دروست.. مرۆڤ بە سروشتی خۆی دروستکراوێکی خاوەن بیرە، بیرکردنەوە بەشێکی گەورەی ژیانییەتی، تەنانەت لە کاتی خەوتن و خۆشووشتن و لێخوڕینی ئۆتۆمبێل... بەڵام هەندێك جار بە ڕێگەیەکی نادروست و هەڵە بیر دەکاتەوە، کێشەی گەورەش

ئەوەیە کە ئاگاداری ئەو ڕاستییە نییە (چونکە هەموو مرۆڤێك بە عەقڵەکەی ڕازییە) باوەڕیشی وایە کە هەر کەسێك دژی بۆچوون و بیرکردنەوەی ئەوبێ، ئەوا بە ڕێگەیەکی هەڵە بیر دەکاتەوە...

هەر لەبەر ئەم هۆکارە بۆ ئەوەی هەموان بە گوێرەی هەبوونی چەند بنەما و ڕێسایەك بڕیار لەسەر شتەکان بدەن و ڕەخنەیان لێبگرن (بە جۆرێك کە تەنانەت دوو کەسیش لەسەریان ڕا جیا نەبن)، لۆژیك هاتە کایەوە.

فەیلەسووفی یۆنانی "ئەرستۆ"، یەکەمین کەس بوو کە بنەماکانی لۆژیکی دانا، لەبەر ئەوەی یەکەم کەسیش بوو کە ڕێگەی دروستی بۆ گەڕان و بڕیاردان لەسەر شتەکان پێ ڕاگەیاندین، بۆیە بە "مامۆستای یەکەم" ناسراوە، لە هەمان کاتدا ئەبو نەسر فارابی بە "مامۆستای دووەم" دەناسرێت، بەو پێیەی یەکەمین کەس بوو هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیری لۆژیکی لە جیهانی ئیسلامی دا.

بەهەرحاڵ؛ خەڵکی بە ڕێگەی جیاواز بیر دەکەنەوە، کە ڕەنگە دوور یان نزیك بکەوێتەوە لە خودی لۆژیکەکە.. من وەك خۆم لە نووسینەکانمدا زۆر وشەی "منطقي" و "بديهي" و "واقعي" بەکاردەهێنم، ئەوەش وەك بەڵگەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی بانگەشە و موبالەغەکان و ئارەزووم بۆ بڕیاردانی عەقڵ و لۆژیك و واقیع.. هەرگیز بەو جۆرە گفتوگۆ و مشتومڕانە ئاسوودە نابم کە بڕیار بە بانگەشە و موبالەغەکان دەدەن و حوکمی عەقڵ و لۆژیك وەلا دەنێن و لە کۆتاییشدا بە دەرئەنجامێکی دوور لە ڕاستی دەگەن.

بە یارمەتی هاوسەرەکەم (کە پزیشکە) توانیم زانیاری لەسەر ئەوە دەست بخەم کە بە "زانستی پزیشکی پشتبەستوو بە بەڵگە"

ناسراوە. ئەمەش تایبەتمەندی و پسپۆڕیەکی پزیشکی نییە، بەڵکو پابەندبوونێکی کەسییە لە لایەن پزیشکەوە، بەوەی کە بە دواداچوون بۆ بەڵگە و تویژینەوە و ئامێرە نوێکانی بواری خۆی بکات... زانستی پزیشکی زانستێکی خێرایە لەڕووی پێشکەوتن و گۆڕانکاری، بواری گومان و خەمڵاندن لە خۆیدا جێناکاتەوە (ئەگەرنا وەك ئەو پزیشکە میللییەی لێدێت کە بە گومان و خەمڵاندن حاڵەتەکەت دیاری دەکات، یان بەوەی کە بەر لە نیو سەدە لە باب و باپیرانی بیستووە).

لەڕاستیدا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە تەواوی جیهان توێژەران کار لەسەر چەند بنەمایەکی لۆژیکی دەکەن کە هیچ بوارێك بۆ ساختەیی ناهێڵێتەوە، ئەویش بە "ڕێبازی توێژینەوەی زاستی" ناو دەبرێت. ئەو ڕێبازە پشت بە ئەزموون و بەڵگە دەبەستێت، بە جۆرێك زانایەك لە ئەڵمانیا دەتوانێ هاوشێوە و هاوپیشە کۆریەکەی بەوە تاوانبار بکات کە لە کۆتا توێژینەوەی پابەندی (ڕێبازی زانستی) نەبووە.

ئێمەش لە ئاست خۆمان پێویستە ڕۆڵ و گرنگی بیرکردنەوەی لۆژیکی بزانین و منداڵەکانمان فێربکەین و لە قوتابخانەکاندا وەك مەنهەجێکی پاك و بێگەرد بۆ بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و شیکردنەوە بگوترێتەوە.. ئەگەر بمانەوێ ئەوان بە ڕێگەیەکی دروست بیربکەنەوە و بە شێوازێکی بێلایەنانە ڕەخنە لە شتەکان بگرن، ئەوا پێویستە ئەوە بکەین و فێری لۆژیکیان بکەین.. فێربوون و گوتنەوەی لۆژیك لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، وەك مەنهەجێك زۆر

پێویستترە لە گوتنەوەی مەنهەجە بەرتەسکەکانی تر کە هیچ ڕۆشنبیرییەك بۆ قوتابی دەستەبەر ناکەن و فێری شێوازی بیرکردنەوەیان ناکەن.

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ دروستکراوێکی خاوەن بیروڕایە، بەڵام زۆرجار بەشێوەیەکی هەڵە بیردەکاتەوە.
- لۆژیك ڕێگەیەکە لە بیرکردنەوە، کە سەیری واقیع و ئەنجامەکان دەکات، لایەنگیری و سۆز و کاریگەریی ڕۆشنبیری پشتگوێ دەخات.
- خوێندنی لۆژیك لە قوتابخانەکان گرنگییەکەی زیاترە، لە خوێندنی چەند مەنهەجێکی چەقبەستوو و وشك، کە هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەك فێری قوتابی ناکەن.

***

## سادەترین ڕاڤە، نزیکترینیانە لە ڕاستی

نیوەڕۆیان کاتێك ئۆتۆمبێلی دراوسێکەت لە بەردەم دەرگاکەیان دەبینی، کام لەم دوو ئەگەرە هەڵدەبژێری؟!

یەکەم: زوو لە کارەکەی گەڕاوەتەوە.

دووەم: ئەوە دزێکە، هەمان جۆری ئۆتۆمبێلی دراوسێکەمانی هەیە، دوای ئەوەی زانیویەتی باوکی دراوسێکەمان کۆچیدوایی کردووە، ئەو دزە بە هەڵی زانیوە و چووەتە ماڵەکەیانەوە!

لەسەر هەمان شێواز:

سەری مانگێگ دەبینی هەژماری بانکیەکەت پەنجا ملیۆن ڕیالی خراوەتە سەر، لە کاتێکدا مووچەکەی تۆ تەنها پێنج هەزار ڕیاڵە، لەو حاڵەتەدا تۆ کام ئەگەرە هەڵدەبژێری:

یەکەم: تەنها هەڵەیەکی بانکییە.

دووەم: تۆ مامێکت هەبووە، چل ساڵ پێش ئێستا گەشتێکی بۆ وڵاتی ئەرجەنتین کردووە و لەوێ نەگەڕاوەتەوە، بەڵام ئەو لەوێ سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکردۆتەوە، کاتێك کۆچیدوایی، کردووە جگە لە تۆ میراتگرێکی شك نەبردووە، بۆیە سەروەتەکەی خستۆتە سەر هەژماری بانکیەکەی تۆ.

سەرنج بدە، هەر دوو ئەگەری یەکەم زۆر سادە و بێ ئاڵۆزی بوون، لە هەمان کاتدا لە ڕاستییەوەش نزیکترن (بەراورد بە هەر دوو ئەگەری دووەم کە زۆر دوورن لە سادەیی و پڕن لە ئاڵۆزی، بە جۆرێك مەگەر تەنها بۆ فیلمە عەرەبیەکان دەست بدەن).

Scanned by CamScanner

ئەو پەیوەندییە جوانەی لە نێوان (دروستی و سادەیی)دا هەیە، بنەمایەکی زۆر گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر شتەکان، لەو لاشەوە دەستەبەری گۆڕانی بیرکردنەوە و بۆچوون و دیدگاکانت دەکات...

بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین، هەمیشە ئەگەری ئاڵۆز بە واتای مەحاڵی ڕوودان نایەت (وەك: دزینی ماڵی دراوسێکەت)، بەڵام ئەو ئەگەرەیان زۆر دەگمەن ڕوودەدات کە تۆ مامێکت هەبووە و ونبووە، دوای وەفاتیشی میراتەکەی بۆ تۆ جێبهێڵێ.

من یەکەمین جارە گوێبیستی ئەو قسەیە ببم، گوایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی فیلمێکی خەیاڵییەوە کە بە "Contact" ناسراوە، بیرۆکەی دروستکردنی ئامێرێکی گەشتکردنی هەیە کە دەتوانێت لە چاوتروکانێکدا مرۆڤ بباتە بۆشایی ئاسمان...

بۆ ئەو مەبەستەش زانایەکی ئافرەتی ئەو بوارەیان دەستنیشان کردووە کە ناوی "دکتۆر ئێلینۆر"ە. (کە لە فیلمەکەشدا بەشداری کردووە و ڕۆڵی خۆی دەبینێ، بیل کلینتۆنیش یەکێکە لە بەشدارانی ئەو فیلمە). سەرەڕای ئەوەی ئامێرەکە چەند جارێك لەکار دەکەوێت و لە گواستنەوەی ئێلینۆر شکست دەهێنێت، ئەویش چەندین جار دووچاری بێهۆشیی دەبێت.. کاتێکیش بە ئاگا دێتەوە سوورە لەسەر ئەوەی بچێت بۆ بۆشایی ئاسمان.. لە هەمان کاتدا سەرۆکی لیژنەی لێپێچینەوە هەوڵی ڕازیکردنی ئێلینۆر دەدات بەوەی کە ئەو لە بۆشایی ئاسماندا بۆ ماوەی چەند چرکەیەك لە هۆش خۆی چووە، بەڵام شکست لە هەوڵی ڕازیکردنەکەی دەهێنێت، چونکە ئێلینۆر ڕەتی دەکاتەوە کە ئەو بۆ هیچ شوێنێك چووبێت، دواتر سەرۆکی لیژنە پێی دەڵێ:

دکتۆرە ئێلینۆر تۆ زانایەکی ڕێزداری، چاکیش ئەو بنەمایە دەزانن کە دەڵێت: "سادەترین ڕاڤە نزیکترینیانە لە ڕاستی" بۆیە منیش ئێستا لێت دەپرسم کامە ڕاڤەیان نزیکترن لە ڕاستی: تۆ بۆ ماوەی چەند چرکەیەك چوویت بۆ جیهانە فەزاییەکان کە چەندین ساڵ لە ئێمەوە دوورە، یان تۆ دووچاری بێهۆشی بوویت و خەونێکت بینی و تیایدا ئەو شتانەت بینین کە ئاواتەخوازی بیانبینی؟ (بەمە بێدەنگ بوو و ملکەچی بۆچوونەکەی سەرۆکی لیژنە بوو).

ئەوەی پاڵنەر بوو بۆ نووسینی ئەم بابەتە ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە لە نێوان دوو ڕاڤەدا ڕاڤە دوور و ئاڵۆز و قورسەکە هەڵدەبژێرین، لە کاتێکدا ڕاڤەیەکی ئاسانتر و نزیکتر لە ڕاستی و دروستی بوونی هەیە.

بۆ نموونە کاتێك یەکێك دووچاری نەخۆشی فێ (صرع) دەبێت، هەر زوو گریمانەی ئەوە دەکەین کە شەیتان چۆتە لاشەیەوە، لە کاتێکدا ڕاڤەیەکی ئاسانتر و نزیکتر لە لۆژیك بوونی هەیە، ئەویش (دانیشتوانی کەنداو بەراورد بە هەر ناوچەیەکی جیهان زیاتر دووچاری ئەو نەخۆشییە دەبن).

یان ئەو کاتەی یەکێك لە ئێمە بە ئۆتۆمبێلە نوێیەکەی تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەبێت، هەر زوو دەڵێین ئەوە (چاوەزارە)، لە کاتێکدا ڕاڤەی ئاسان و نزیکتر لە واقیع و لۆژیك ئەوەیە کە بگوترێت: تەنها حاڵەتێکی هاتوچۆ بوو، هۆکاری ڕووادانەکەشی ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە باش شارەزای ئۆتۆمبێلە نوێکەی نەبووە.

هەر کاتێك ئومەتی ئیسلام دووچاری بەڵا و کێشەیەکی گەورە دەبێتەوە، هەر زوو ئەگەری بوونی پیلانێکی گەورە لە لایەن

ئەمەریکا و وڵاتە زلهێزەکان دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەنگە ڕاڤەی سادە و دروست بۆ ئەو پرسە ئەوە بێت کە ئەوەی ڕوودەدات هۆکارەکە خۆمانین و دەستی خۆمانە.

هەر لەبەر ئەو هۆکارە ئاواتەخوازم کە ئەو بنەمایە وەربگریت و لە ژیان و چۆنییەتی بڕیاردانت لەسەر شتەکان کاری پێبکەیت.. هیوادارم وەك ئەو پزیشکانە بیربکەیتەوە کە کاتێك نەخۆشێك دەچێتە لایان، سەرەتا گریمانەی ئەو نەخۆشیە سادانەی بۆ دەکەن کە زۆربەی خەڵکی دووچاریان دەبێت.. پێش ئەوەی پشکنین و گریمانەی نەخۆشییە دەگمەن و قورسەکانی بۆ بکەن.

بە ڕستەیەکی زۆر سادەتر.. بێ ئاڵۆزی.. نزیکتر لە واقیع:

ئەو کاتەی لە نیوەشەودا لە نێو ڕەشماڵەکەت گوێبیستی خشپەخشپێك دەبی، بیرت بۆ وشترەکەت بچێت، پێش ئەوەی بیرت بۆ ورچێکی ناوچە جەمسەرییەکان بچێت.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- سادەترین ڕاڤە، هەمیشە وەك نزیکترین ڕاڤە لە ڕاستی و لۆژیکی دەمێنێتەوە.
- ئارەزوومان بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستەکانمان -هەندێ جار- وامان لێدەکات کە پەنا بۆ ئەگەر و گریمانەی زۆر ئاڵۆز و دەگمەن ببەین.
- بەناو زاناکان هەزاران گریمانەی ئاڵۆز پێشکەش دەکەن، بەڵام زانای حەقیقی تەنها تیۆرێکمان پێدەبەخشێ، کە زۆر نزیکترە لە ڕاستی و لۆژیك.

***

Scanned by CamScanner

## چیتر پرسیار (السؤال) له خەڵك مەكە، پرسینەوە (التساؤل) له خۆت بكە

سەرەتا ڕێگەم بدە لێت بپرسم: ئایا جیاوازی نێوان (السؤال) و (التساؤل) دەزانیت؟

من وەڵامت دەدەمەوە:

(السؤال) پرسیارێكە ئاڕاستەی كەسی بەرامبەر دەكرێت، بەڵام (التساؤل) پرسیارێكە لە حاڵەتی سەرسامبوون و بینینی شتی نامۆ ئاڕاستەی خودی خۆت دەكرێت.

(وەڵامەكە بەوەندە كۆتایی نایەت).

ئەو كاتەی ناتوانین وەڵام بدەینەوە پرسیار (السؤال) لە كەسانی دەوروبەر دەكەین. بەڵام (التساؤل) ئالیەتێكە بۆ ویستەكانی خود، بۆچی؟ چۆن؟ كێ؟ كەی؟ لەخۆ دەگرێت.

پرسیارەكان (الأسئلة) بە ئاشكرا ئاڕاستە دەكرێن و كەس لێت ناشارێتەوە، بەڵام (التساؤلات) بە نهێنی ئاڕاستەی خود دەكرێن، بەتایبەتیش ئەو كاتەی كە بەرهەڵستی سیاقی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی دەكەیت و بەرەنگاری دەبیەوە.

(السؤال) هەمیشە لە بەرامبەریدا وەڵامێكی خێرا و ئامادەكراوی پێشوەختە هەیە، بەڵام (التساؤل) كاتێكی زۆری دەوێ تا خۆت وەڵامەكەی دەدۆزیتەوە، ڕەنگە هەندێك جار بمری و هیچ وەڵامێكت دەست نەكەوێت.

ئەو کاتەی لە کەسێکەوە وەڵامێکت پێدەگات، ڕەنگ وەریبگریت و قەناعەتی پێبکەیت، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە ڕەتی بکەیتەوە و پێی ڕازی نەبیت.. بەڵام ئەو کاتەی پرسیار لە خودی خۆت دەکەیت، قەناعەت بە وەڵامەکەش دەکەیت، چونکە لە ناخی خۆت سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیەش هەوڵ دەدەیت هەمان وەڵام بڵاوبکەیتەوە و دەوروبەریشت پێی ئیقناع بکەیت.

بەشێك لە هاوڕێکانم پێم دەڵێن: بۆچی لە نووسینەکانتدا زۆر پرسیار ئاڕاستەی خود دەکەیت؟! وەڵامیان دەدەمەوە: تاوەکو خوێنەر خۆی وەڵامەکەی دەست بکەوێت.

سەردەمی مامۆستایەتی تەواو بووە، لە ئێستادا کتێبیش تەنها وروژاندنی پرسیارە بۆ مێشکی خوێنەر، دواتریش بواری پێدەدرێت تا خۆی وەڵامەکە بدۆزێتەوە.. ئەو کاتەی کە خۆی بە وەڵامەکە دەگات زۆر قەناعەتی پێدەکات، بە جۆرێك ئەگەر ئەو وەڵامەی لە گەورەترین فەیلەسووف و بیرمەندەوە پێگەیشتبا، بەو جۆرە قەناعەتی پێ نەدەکرد.

چیرۆکی پێغەمبەران هەمیشە بە پرسیاری گەورە لە خود دەست پێ دەکات، تا ئەو کاتەی خۆیان وەڵامەکەی دەزانن، کاتێکیش زانیان بە هیچ جۆرێك لێی پاشگەز نابنەوە، ئەو کاتەی کە سەرانی قوڕەیش ماڵ و سامانی زۆریان خستە بەردەم پێغەمبەر خودا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تا لەوە پەشیمان بێتەوە کە پێی گەیشتووە، ئەو لە بەرامبەردا فەرموویەتی: ((يَا عَمُّ، وَاللَّهِ لَوْ وَضَعُوا الشَّمْسَ فِي يَمِينِي، وَالْقَمَرَ فِي يَسَارِي عَلَى أَنْ أَتْرُكَ هَذَا الْأَمْرَ مَا تَرَكْتُهُ))

واتە: ((ئەی مامە، واللە ئەگەر خۆر بخەنە دەستی ڕاستمەوە، مانگیش بخەنە دەستی چەپمەوە تا واز لە گەیاندنی ئەو پەیامە بهێنم، وازی لێناهێنم)). پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) لە ئەشکەوتی حەڕا بەردەوام پرسیاری لە خودی خۆی دەکرد و وەڵامی دەدۆزیەوە، تا ئەو کاتەی جیریل (علیه السلام) وەڵامەکانی تری پێ ڕاگەیاند.. پێغەمبەر ئیبراهیمیش (علیه السلام) هەمیشە پرسیاری لە خودی خۆی دەکرد، بە دوای پەروەردگاری تاك و تەنیا دەگەڕا و دەیویست خۆی بە وەڵامەکەی بگات، ﴿... لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ﴾ [الأنعام: ٧٧].

واتە: ((...ئەگەر پەروەردگارم هیدایەتی نەدامایە، ئەوە بێگومان لە ڕیزی دەستەی گومڕاکان دەبووم)).

زۆر کتێب لە ڕابردوودا بە شێوەی پرسیار و وەڵام نووسراون، بەڵام لە دوای ئەرستۆ و ئەفلاتوون، فەیلەسووفی گەورە ئەبو حەییانی تەوحیدی (310-414 هـ) بە شێوەیەکی دیار لە سەر پرسیارکردن لە خودی نووسیوە.. چونکە لە نووسینەکانیدا هەمیشە بەشداری بە خوێنەر دەکات، وای لێدەکات بەردەوام پرسیار لە خودی خۆی بکات سەبارەت گیان و ڕوح و نهێنییەکانی وجود، شاراوەکانی زمان، ڕەوشتی خەڵکی، ڕێبازەکانی بیرکردنەوە، پەیوەندی بە فەلسەفە بە ئایین، بەتایبەتییش لە کتێبی (الهوامل والشوامل) کە (175) پرسیاری خودی لە خۆ دەگرێت، هەر بۆیەش پێم وایە کە کتێبەکانی تەوحیدی زیاتر خوێنەر ئیقناع

دەکەن، ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە خـــوێنەر بەشـــدار دەبێـــت لە ئاراستەکردنی پرسیارەکان و وەڵام بۆ دۆزینەوەیان.

هەموو ئەوانە ئەوە جێگیر دەکەن کە لە پشت پرسیارکردن لە خود (التساؤل)، عەقڵێکـی گەورە و بیرێکـی ڕوون و پـاڵنەرێکی حەقیقی بۆ زانینی وەڵام هەیە، بەڵام (السؤال) زۆربەی کاتەکـانە، بە شێوەیەکی بەسەرچوو یان لەناکاو، یان موستەعار دێـت، یـانیش لە دەرئەنجامی عەقڵێکی بەتاڵەوە دروست دەبێ.

پرسیارکردن هیچ عەیبەیەکی تێدا نییە (بەڵکـو کلیلـی زانستە)، بەڵام عەیبەیەکی گەورەیە ئەگەر ببێتە تاکە ئامراز بـۆ بەدەسـتهێنانی زانست.. عەیب ئەوەیە کە عەقڵت بە کراوەیی بۆ وەڵامە ئامادەکراو و هەڵوێستە کەسیەکانی دەوروبەرت جێبهێڵـی.. ئەگەر (داواکـارانی زانسـت) پرسـیار بـکەن، ئەوا فەیلەسـووف و بیرمەنـدان پرسـیار لە خۆیـان دەکەن، تـا ئەو کـاتەی بە باشـترین چارەسـەر دەگەن، لە دواییشدا وەڵامەکەیان بۆ خودی خۆیان دەبێتە وەڵامێکی ئامادەکراو بۆ کەسانی ئاسایی.

بەڵام ئەوەی بۆ تۆ گرنگە، ئەوەیە کە پرسیارەکانت بـۆ خەڵکـی کەم بکەیـتەوە و بـۆ خـودی خۆشـت زیـاتر بکەیـت.. سـەرنج لە پرسیارەکانی خەڵکی بـدەیت، بۆچوونەکانیـان دەربـارەی ئەو و ئەم بزانیت، پرسیاری لەبەرچـی؟ و چـۆن؟ لە خـۆت بکەیـت، تـا ئەو کاتەی بە وەڵامێکی تایبەت دەگەیت.

درۆ لەگەڵ دەروونــی خۆتــدا مەکە، خــۆت لە پرســیارەکان مەدزەوە و سەری خـۆت مەخە نـاو لـم، پرسـیاری ئاڵۆز و قـورس

بوروژێنه، له وه‌ڵامه‌كه‌شیاندا ڕاستگۆ و بوێربه‌.. هه‌ر پرسیارێك كه‌ خۆت وه‌ڵامی بۆ ده‌دۆزیته‌وه‌ عه‌قڵیشت له‌گه‌ڵیدا گه‌وره‌تر ده‌بێ، دڵت پێی ئاسووده‌تر ده‌بێ، ژیانت پێی جێگیرتر ده‌بێ..

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- پرسیار، ڕاوەرگرتنێکی ئاشکرا و خێرایە بۆ زانینی وەڵام، بەڵام پرسیارکردن لە خود، گەڕانێکی خودیی بێدەنگە، ڕەنگە بە درێژایی تەمەن بە وەڵامەکەی نەگەین.
- پرسیارکردنی بەردەوامت لە خەڵکی، واتە لەکارخستنی عەقڵت و داخستنی ئالیەتی ڕەخنە لە ناخت.
- پرسیارەکان بۆ خەڵکی کەم بکەرەوە، بەڵام بۆ خودی خۆت زیادیان بکە، وەڵامەکانیشت ژێر گڵ مەخە.

***

## کاریگەریی چوار

هەموومان وا بیر دەکەینەوە کە بیرکردنەوەکانمان سەربەخۆن، لە بڕیارەکانمان ئازادین، دەرئەنجامەکان جیاوازن... بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە زۆر لاساییکەرەوەین، بەردەوام لە گۆڕانکاریدایین و جێگیر و سەربەخۆ نین، هەمیشەش ملکەچی عورف و کۆمەڵگەین و ئاگاداری بانگکردنەکانی عەقڵ و لۆژیک نین..

ئەو کاتەی لە ژیان و بیرکردنەوە و باوەڕت ڕادەمێنی (ئەوانەی کە پێت وایە باوەڕ و بۆچوونی کەسیی تایبەتی خۆتن)، بۆت دەردەکەوێت کە (99%)یان وەك میرات بۆت ماونەتەوە، یان وەرگیراون، یانیش عورف و عادەتی گۆمەڵگەن.. ئەمەش بە هەوڵی زۆری ئەزموونە دەروونییەکان یەکلایی بوونەتەوە و جێگیر کراون، کە مرۆڤ هێندەی دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و لاساییکەرەوەیە، هێندە سەربەخۆ و جێگیر و ئازاد نییە.

تاقیکردنەوە و ئەزموونێکی زۆر جوان هەیە کە ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە، نۆ کەس لە ژوورێك دانراون، وەك ئامادەکارییەك بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی پیشە.. هەشت لەو کەسانە نمایشکارن و کەسانی خۆیانن و شێواز و سروشتی فیڵەکە دەزانن، تەنها یەکێکیان هیچ نازانێ کە ئەویش بابەتی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنەکەیە.. لە چرکەساتی دیاریکراو زەنگێك لێدرا، هەشت کەسە نمایشکارەکە لە شوێنی خۆیان وەستان، کەسی

نۆیەمیش (کەرستەی ئەزموونکردنەکە) ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەستانی ئەوان وەستا، جارێکی تر زەنگەکە لێدرایەوە، ئەوجارە ئەوان دانیشتن، ئەویش لە دوای ئەوانەوە دانیشت.. چەندین جار ئەو کردارە لەسەر چەند کەسێکی جیاواز دووبارە کرایەوە، هەموویان چاویان لە هەشت کەسەکە دەکرد، ئەوان چیان بکردبا، ئەو تاکە کەسانەش دووبارەیان دەکردەوە، بێ ئەوەی کەس بزانێت، یان بپرسێت هۆکار چییە؟!

خۆشیی ئەو تاقیکردنەوەیە لەوەدابوو کە دواتر دەستیان کرد بە دەرکردنی یەك لە دوای یەکی هەشت کەسەکە، لە هەشت بۆ حەوت بۆ شەش... تا تەنها ئەو کەسە مایەوە کە کرابوو بە کەرستەی تاقیکردنەوەکە (بێ ئاگا لە تاقیکردنەوەکە). سەرەڕای ئەوەی بە تەنیاش مایەوە، بەڵام هەرکات گوێبیستی دەنگی زەنگەکە دەبوو هەڵدەستایەوە، لەگەڵ دەنگێکی تر دادەنیشت.. نەك تەنیا ئەوەندە، بەڵکو زۆر بە خێرایی کاری لەسەر بیرۆکەکەش دەکرد، بە ئەندازەیەك دوای ئەوە هەر کەسێکیان ناردبایە بۆ ژوورەکە پێی دەگوت کە دەبێ پابەندی زەنگەکان بیت، لەگەڵ دەنگی یەکەم هەڵبستیت، لەگەڵ ئەوەی دووەمیش دابنیشی..

لە ڕاستیدا ئەو تاقیکردنەوەیە بە زۆر شێواز و ڕێگە ئەزموونکراوە، هەمووشیان ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە (99%) خەڵکی ناتوانن کە لاسایی ڕەفتارەکانی دەوروبەریان نەکەنەوە و پابەندی عورف و نەریتەکانی کۆمەڵگە نەبن و چاو لە یەکتری نەکەن، بەتایبەتیش ئەو کاتەی چوار کەس کارێکی هاوشێوە

Scanned by CamScanner

ئەنجام دەدەن (تەنانەت گوتراوە: ژمارە چوار ژمارەیەکی جادووییە بۆ چاولێکەری و لاساییکردنەوە).

ئەو کاتەی تەنها تاکە کەسێك لێمانەوە نزیکە، ئەوا تا رادەیەك نیمچە سەربەخۆ و جێگیرانە کارەکانمان دەکەین، بەلام کاتێك لە تەنیشتمانەوە دوو کەس دەبینین کە کارێکی هاوشێوە ئەنجام دەدەن دووچاری دڵەڕاوکێ و دوودڵی و لێشێوان دەبین.. ئەوسا یان لێیان دەچینە پێشەوە و هاوڕێیەتیان دەکەین، یانیش شوێنەکە جێدەهێڵین ئەگەر بین بە سێ کەس! بەلام هەر کاتێك بین بە چوار کەس ئەوا هەموان دەست دەکەین بە لاساییکردنەوەیان و ئەنجامدانی هەمان ئەو کارەی ئەوان ئەنجامی دەدەن.

لە یەکێك لە باڵەخانە بەرزەکان، لە ڕێگەی کامێرایەکی شاراوە دیمەنێك تۆمارکراوە کە کەسێك دەست لە دوگمەی بەرزکەرەوە (مصعد) دەدات، لەناکاو بەشێوەیەکی زۆر سەیر چوار کەس لە تەنیشتیەوە رادەوەستن... هەموویان دەستیان بەرزدەکەنەوە و دەستەکانیان دەخەنە سەر پشت ملیان (وەك دیلی جەنگ) کەمێکیش خۆیان بەرەو پێشەوە دادەنوێنن.

ئەو کەسەی کە بابەتی تاقیکردنەوەکەیە تووشی شۆك دەبێت! دوودڵ دەبێت لە چوونە ناو مەسعەدەکە، بەلام لەکۆتاییدا دەچێت، ئەویش دەستی وەکو ئەوان لێدەکات تا دەگاتە نهۆمی داواکراو.. ئەو نمایشە لەسەر نزیکەی دە کەسی تر تاقی دەکرێتەوە، (هەشت لەو کەسانە) هەمان ئەو شتانەیان دووبارە کردەوە کە کەسە نمایشکارەکان ئەنجامی دەدەن.

کاتێك ئەو دیمەنەم بینی، ئەو تاقیکردنەوەیەم بیرکەوتەوە کە کاریگەری کۆمەڵەیەك لەسەر بڕیارەکانی تاك دەسەلمێنێ.. زانای دەروونناسی ئەمەریکی "سولیمۆن ئاشس" بۆ تاقیکردنەوەیەك لەگەڵ شەش کەس ڕێکدەکەوێت، بۆ ملکەچکردنی کەسی حەوتەم (کەسی حەوتەم ئاگاداری بابەتەکە نییە).. هەر یەکێك لەو شەش کەسە کاغەزێکی درایە دەست کە چوار هێڵی ئاسۆیی لەسەر کێشرابوو (هێڵی یەکەم ناونرابوو X سێ هێڵەکەی تریش ناونرابوون بە c,b,a).

پرسیارەکەش ئەوەبوو: کام لەو سێ هێڵە درێژیەکەی یەکسانە بە درێژی هێڵی (X). ئەگەرچی وەڵامی ڕاست هێڵی (a) بوو، بەڵام سولیمۆن لەگەڵ شەش کەسەکە ڕێککەوتبوو کە هەموویان هێڵی (b) هەڵبژێرن، تا بزانن ئایا کەسی حەوتەمیش (کە تەنها ئەو ئاگاداری بابەتەکە نییە) دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو هەڵبژاردنە... دوای دووبارەکردنەوە لەسەر چەندین کەس، دەرکەوت کە 86% کەسی حەوتەم درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات، ئەو هەڵبژاردنە هەڵدەبژێری کە شەش کەسەکە هەڵیدەبژێرێ و دەچێتە ژێر کاریگەریی ئەوان، وەك ئەوەی بە خۆی بڵێت: (مەعقول نییە هەموویان هەڵەبن، تەنها من ڕاست بم).

هەموو ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانە، ئەوە دەسەلمێنن کە مێشکی ئێمە لە ئامادەکارییەکی تەواودایە بۆ لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی کەسانی پێش خۆمان، ئەگەرچی بشزانین کە ئەوەی ئەنجامی دەدەین کردارێکی نامۆیە و پێچەوانەی لۆژیکە... هەروەك چۆن ئەوەش دەسەلمێنن کە زۆر کەم و دەگمەنن ئەو کەسانەی

(کاتێك دەبینن لە ناو کۆمەڵە کەسێکن کە بە ڕێگەیەکی هەڵەدا دەڕۆن)، متمانەیـــان بە بڕیارەکـــانی خۆیـــان هەیە و عەقڵیـــان بەکاردەهێن.

ئەوەی من لام ترسناك و کێشەیە ئەوەی کە زۆربەمان ڕازیبوونی کۆمەڵگە و دواکەوتنی خەڵکی عەوام بە باشتر دەزانن، لەوەی کە خۆیان جیابکەنەوە و پێچەوانەی بۆچوونی گشتی بجووڵێنەوە و ڕەفتار بکەن (بەمەش قوربانی بە بیروبۆچوونەکانی دەدات).

ئەو دیاردەیە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کۆمەڵگەکان چۆن بیردەکەنەوە و لەبەرچی بەڕێگەیەکی هاوشێوە کاردەکەن (کە لە شێوەی جووڵەی مێگەل دەچێ).. هەروەها گرنگە بۆ زانینی کاریگەری کۆمەڵگە لەسەر تاك، بە جۆرێك هەر کاتێك چەند کەسێکی کەم ببینی کە کارێك یان ڕەفتارێکی هاوشێوە ئەنجام دەدەن، ئەویش هەمان شت ئەنجام دەدات، بێ ئەوەی سەیری لایەنە خراپ و باشەکانی کارەکە بکات.

هەر بەڕاستی زۆر سەیرە! تەنانەت ئەو کاتەی تاك هەست بە گەمژایەتی یان ترسناکیی بیرۆکە و کردارەکەش دەکات (وەك سەربڕینی کەسانی بێتاوان، تەنها بەچوونی بۆ ناو ڕێکخراوێکی تیرۆستی ئەو کارە بە حەڵاڵ دەزانێ) بەڵام لە ئەنجامدانی ناوەستێت و بەردەوام دەبێت... لە ناخەوە لە ترس و دڵڕاوێکدا دەژیت.. ترسی ئەوەی هەیە کە لە کۆمەڵەکە بێتە دەرەوە (وەك ئەو پیاوە کە لەگەڵ دەنگی زەنگەکە هەڵدەستا و دادەنیشت، سەرەڕای ئەوەی پێکەنینی بە گەمژەیەتی کردارەکەی دەهات). لە هەموو ئەو کردارانەش

خراپتر ئەوەیە کە ئەو کـاریگەرییە لە تەمەنـی منـداڵییەوە دروسـت بێت، یان لەلایەن یەکێك لە تاکەکانی خانەوادەیەکەوە بێت، یانیش ملیۆنان کەس تیایدا هاوبەش بن!!

ئێستا لە گۆگڵ گەڕانێك بکە و بە دوای بابەتی (بینیومانە باب و باپیرانمـان ئاوایـان کـردووە) بەلکـو ببیـتە یەکێـك لە ڕزگـاربووانی کاریگەری (چوار).

بیریشت بێت کە چەندە دوودڵ دەبیـت پێش ئەوەی بچیـتە نـاو مەسعەدەکە.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- عەقڵی مرۆڤ زۆر بە ئاسانی ملکەچی هەر کردارێکی بە کۆمەڵ دەبێت، ئەگەرچی بشزانێ کە کردارەکە نامۆ و پێچەوانەی لۆژیکە.
- قوربانیدان بە بۆچوون و قەناعەتەکانت، ڕەنگە بەهای ڕازیبوونت بێ بە سیستەم و کۆمەڵگەیەکی چاولێکەر و لاساییکار.
- ئاگاداربوونمان بە (کاریگەریی چوار)، یارمەتیدەرە بۆ پارێزگاریکردن لە قەناعەتە کەسی و بۆچوونە تایبەتەکانمان ئەگەرچی بژاردە خراپەکان ژمارەیان یەکجار زۆریش بێ.

Scanned by CamScanner

## خۆت مێشکی خۆت بشۆ

لەبەرچی پێویستە کە خۆت مێشکی خۆت بشۆیت؟!

وەڵام: چونکە ئەگەر خۆت نەیشۆیت، کەسێك لە جیاتی تۆ دەیشوات.

مێشکمان هەمیشە و زۆر بەئاسانی لە ئامادەباشیدایە بۆ پێشوازیکردن لە ئامـاژە و ڕێنموییەکـان و وەرگرتنـی بۆچـوونی کەسانی دەوروبەر.. ئەگەر بە وردی سەرنج لە ئاستی مەعریفییت بدەیت، بۆت دەردەکەوێت کە (99%) ئەو زانست و مەعریفەی کە دەیزانیت بەرهەمی عەقڵە دەرەکییەکانی ترە و تۆ لەوانت وەرگرتووە.

لەبەر ئەوەی کە تۆ ناتوانێ لە کۆمەڵگە بێ نیاز بیت، ناشتوانی ڕێگە لە کاریگەرنەبوونت بە دەوروبەر بگریت، هەر بۆیە تاکە ڕێگە کە لەبەردەمت مابێ ئەوەیە کە هەوڵبدەیت خۆت مێشکی خۆت بشۆیت، هەرنا لانی کەم هەوڵ بدەیت هەست بەو ڕێگەیە بکەیت کە بێ ئاگا بە دەوروبەرت کاریگەر نەبی.

کە دەڵێم (بێ ئاگا/ بێ هۆش) لەبەر ئەوەی عەقڵی ناوەکیت فەرمان و ڕێنموییەکان زۆر ئاسانتر وەردەگرێت، بەراورد بە عەقڵی بە ئاگا (بەهۆش).. لە حاڵەتی هۆشیاریی تەواودا مرۆڤ زۆر لەو بۆچوون و ئاراستانە ڕەتدەکاتەوە کە لەگەڵ پەروەردە و بنەما و بۆچوونە پێشوەختەکانی کۆك و هاوڕا نین (بە تایبەتیش ئەگەر بێت

و خـاوەنی بیرکردنەوەیەکـی ڕەخنەیـی بێـت). بەڵام لە حـاڵەتی ڕۆژانەیدا، بە ڕێگەی بێ ئاگا و ناهۆشیار زۆر بە ئاسانی کۆمەڵێك ئامـاژە و بۆچـوونی زۆر وەردەگرێـت، کە زۆربەیـان لە ڕێگەی دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و گفتوگـۆی هاوڕێیـان و گـروپ و تەوژمەکـانی کۆمەڵگـاوەن (ئەوەش نـاودەنێم: مێشکشووشـتنەوەی نەرم).

بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرە ئەوەیە کە ئەو شۆڕشـە نەرمە تەنها لە ڕێگەی هەستکردن بە ڕاستییەکان دەتوانین ڕووبەڕووی ببینەوە و لە بەرامبەریدا بوەستینەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی چەنـد دانیشتنێك لەگەڵ خود (بۆ شووشتنەی مێشك) دەتـوانرێ بسـڕێنەوە و لابیرێن (هەروەك چۆن من ڕۆژانە پێش خەوتن ئەو کردارە ئەنجام دەدەم).

هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە کـاریگەری ئامـاژە و فەرمانەکان زۆر لەسەر دەروون بەهێزتر دەبن کاتێك ئێمە تەرکیزیـان دەخەینە سەر و بە ئارامی وەریان دەگرین، (لە نێوان

دوو کەوانە: کاریگەریەکەیان زیاتر دەبێت ئەو کاتەی دەخرێنە حاڵەتی نووستنی موگناتیسی).

هەروەك چۆن پزیشك دەتوانێ نەخۆش بخاتە حاڵەتی (خەوتنی موگناتیسی)، تۆش دەتـوانی بە دەسـتی خـۆت ئەو کـردارە ئەنجام بدەیت، ئەمەش لە ڕێگەی چەند ئاماژەیەکی داواکـراو ڕوودەدات، بۆ نموونە ئەگەر تـۆ بتەوێ لە قەڵەوی ڕزگـارت بێ، یـان بتەوێ وەرزش ئەنجـام بـدەیت، یـان واز لە جگەرەکێشـان بهێنێـت، چارەسـەرەکەی زۆر بە سـادەیی ئەوەیە کە تـۆ مێشـکی خـۆت بە

دەستی خۆت بشۆیت، ئەمەش بە چەند پاڵنەر و و فەرمانێکی دژە کردار دەبێت.

بەڵام ئەگەر لە حاڵێکدا تۆ لات قورس بوو ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر ببینی، ئەوا دەتوانی چەند نامەیەکی دەنگیی خۆت تۆمار بکەیت و لە کاتی پشوودان لە تاریکیکدا گوێیان بۆ بگریت (وەك: من زۆر باوەڕم بەخۆم هەیە/ خواردن بە خێرایی ناخۆم/ لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەر ناترسم/ پێش سەری ساڵ واز لە جگەرەکێشان دەهێنم/..).

ڕەنگە گوێگرتن لەو ڕستانە لە سەرەتادا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات وەك ئەو دڵۆپە ئاویان لێدێت کە تاشە بەردێکی ڕەق کون دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو کردارانە لە ژێر سەرپەرشتی کەسێکی شارەزا لە خەوتنی موگناتیسی ئەنجام بدرێن.

کاریگەری ئەو ڕستە تۆمارکراوانە، وەکو کاریگەری خەواندنە موگناتیسیەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێت. هەندێك کەس هەیە زۆر بە جدی وەریان ناگرێت، هەربۆیە ملکەچبوون و تەسلیمبوونیشی ئاسان نابێت، بەڵام لە بەرامبەردا کەسانێك هەن کە بیرۆکەکەیان لا باشە و قەناعەتی تەواویان پێ هەیە، هەر لە سەرەتا خۆیان بۆ قۆناغی هۆشیاری ئامادە دەکەن، گوێ لە ڕستە تۆمارکراوەکان دەگرن و لەدواییشدا دەیکەن بە کردار و واقیع.

تەنانەت ئەگەر بەو پێشنیارەش سەرسام و ڕازی نەبوویت، ئەوەت بیر بێت کە هەموو کات دەتوانی بۆ دوو ڕێگەی تر بگەڕێیتەوە و بەهۆیانەوە مێشکت بشۆیتەوە.

ڕێگەی یەکەم: بریتییە لەوەی لەبەردەم ئاوێنە ڕاوەستی (تا وا هەست دەکەیت کە کەسێکی جیاواز لە بەرامبەرت وەستاوە)، دواتر چەندین ئاماژە و فەرمان بەسەر خۆتدا دەکەیت کە ببنە هۆی گۆڕانکاری و دروستکردنی چەند نەریتێکی بەردەوامی ڕۆژانە.

ڕێگەی دووەم: پشوودان لە جێگەی تاریک و داخستنی چاوەکانت و دووبارەکردنەوەی (لانی کەم سەد جار) چەند ڕستەیەکی هاندەر و ورەبەخش و وزەبەخش.

هەر بەو بۆنەیەوە.

وا بیر نەکەیتەوە کە من شتێکی نوێم پێ ڕاگەیاندووی و پێشتر ئەزموون نەکراوە.. نەخێر.. بیربکەرەوە، کە تۆ چەند جار ئەو وشانەت دووبارە کردۆتەوە: الحمدالله، سبحان الله، لاحول ولا قوة إلا بالله.. دە جار، سەد جار، هەزار جار... لە دوای تەواوکردنیشیان چەندە هەستت بە ئاشتی و ئارامی کردووە؟!

ئەمە تەنها نموونەیەکە بۆ حاڵەتی شووشتنەوەی مێشکی ئیجابی.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- مێشکمان بە بەردەوامی لە ململانێی بیرکردنەوەکاندا دەژی، ئەگەر هەڵوێستی خۆتی تێدا دیاری نەکەیت، ڕەنگە بە باری زیاندا بکەوێت.
- بیرکردنەوەکانمان کەسایەتیمان پێکدەهێنن، ئەگەر خۆت مێشکی خۆت نەشۆیت، ئەوا کۆمەڵگە لە بری تۆ بۆت دەشوات.
- ئاماژەدان و قسەکردن لەگەڵ خود، لە ناخەوە دەمانگۆڕێت و ئامادەمان دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرەوە.

***

## ئەو کەسەی کە دەزانێ،
## بەڵام نازانێ کە دەزانێ

عەرەب هەر لە کۆنەوە گوتوویەتی: "خەڵکی چوار جۆرن":

- جۆرێکیان دەزانێت، دەشزانێ کە دەزانێ، ئەوە کەسێکی زانایە و زانستی لێوەربگرن.
- جۆرێکی تر دەزانێت، بەڵام نازانێ کە دەزانێ، ئەوە کەسێکە کە زوو شت لە بیر دەکات، بۆیە بیری بخەنەوە.
- جۆرێکیشیان نازانێت، بەڵام دەزانێت کە نازانێت، بۆیە فێری بکەن.
- جۆری کۆتاش کەسێکە کە نازانێت، ناشزانێ کە ئەو نازانێ، ئەوە کەسێکی گەوج و گەمژەیە و خۆتانی لێ بەدوور بگرن.

بەگوێرەی بۆچوونی خۆم، پێم وایە کە دەکرێت هەر چوار جۆرەکە لە یەك کاتدا لە مرۆڤێکیشدا هەبن، چونکە هەندێکجار ئێمە وەك زاناکان ڕەفتار دەکەین، هەندێك جاریش وەك قوتابییەك داوای زانست و زانیاری دەکەین، هەندێ جار وەکو گەمژە، هەندێ جارانیش ئەوە لە بیر دەکەین کە پێشتر فێربووینە.

بەڵام ڕاستییەکی تاڵ هەیە ئەویش ئەوەیە کە هیچ کەسێك

نایەوێ و ئامادە نییە کە دان بە گەمژەیی خۆی دابنێ (نازانین، ناشزانین کە نازانین) ئەمەش پەیوەندی بە غروری مەعریفی و هەڵسەنگاندنێکی بەرزخوازانەی بۆ خود هەیە.

دیارترین نموونە بۆ ئەوە، کوڕە هەرزەکارەکەتە، هێشتا بە چاکی پێنەگەیشتووە کەچی وا بیردەکاتەوە کە زۆر لە تۆ و هاوشێوەکانی پێشووی خۆی زاناترە، وەك ئەوەی تۆ فێری شۆفێریت کردووە، کەچی خۆی پێ لە تۆ زاناترە.

دوو توێژەر بە ناوەکانی "دایڤید دانیج" و "جەستن کروجەر" لە زانکۆی کۆڕنیل توێژینەوەیەکیان ئەنجام دا، تیایدا ئەوەیان جێگیر کرد، کە هەموو کەسێك کەمتر لەو ڕادەیە دەزانن کە خۆیان پێیان وایە دەیزانن، زۆربەشیان وا بیر دەکەنەوە کە پێویستیان بە زانینی زیاتر نییە... لەمیانی چەند چاوپێکەوتنێکیشاندا لەگەڵ چەند قوتابیەك، ئەوە ڕوون بووەوە کە زۆربەیان نەزانن بە خودی خۆیان، ئاگاداری خودی خۆیان نین، زۆرێکیشان باوەڕیان وایە کە بەشی خۆیان لە ژیان و زانست دەزانن و پێویستیان بە هیچی تر نییە.

هەر کەسێك بەو جۆرە زانستی خۆی هەڵبسەنگێنێ (زیادەڕۆیی تێدا بکات و وابزانێ هەموو شتێك دەزانێ)، ئەوا وەك ئەو کەسە وایە کە لە ڕێگەیەکی هێڵ بۆ کێشراوی ناو دارستانێکەوە دەڕوات، کەچی ئەو وا دەزانێ لەبەر شارەزایی خۆیەتی کەوا بە ئاسانی ڕێگاکە دەبڕێت.. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەو نازانێ لە تەنیشتەکانی ڕێگاکە چی ڕوو دەدات، ئاگاداری ئەو پانتاییە گەورەیەش نییە کە لە دەرەوەی شەقامەکەدا بوونی هەیە!!

ئەو دەرئەنجامەش (کە بە دیاردەی "دایڤید دانیج" و "جەستن

کروجەر" ناو دەبرێت) ئەوەش شیدەکاتەوە کە بۆچی گەنجان، یان نەوەی نوێ لەم سەردەمەدا گوێ لە جیلی پێش خۆیان ناگرن، بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە، جیلی ئێستا پێی وایە کە هەموو شتێك دەزانێت، واش بیر دەکاتەوە کە ئەوان هەندێ شت دەزانن جیلی پێش خۆیان نەیانزانیوە (سەرەڕای ئەزموونێکی زۆریان لە ژیان).. هەروەها حاڵەتەکانی غروری و خۆ بە هەمووشتزانین شیدەکاتەوە لای بەشێك لە گەنجانی ئەم سەردەمە و شیکار دەکات.

با لە نێوان خۆم و خۆتدا بێ؛ دیاردەی "دایڤید دانیج" و "جەستن کروجەر" (یان هەستنەکردنمان بە ئەندازەی نەزانینمان)، یەکێکە لە پەکخەرەکانی بیرکردنەوەیەکی دروست و سەلامەت... ئێمەش بە دەست چەندین کەموکووڕیی فکرییەوە دەناڵێنین، وەك: خۆویستی، لایەنگیری، نموونەهێنانەوە بە مەوجوود، ڕقلێبوونەوە ڕۆشنبیری، بەرهەڵستینەکردنی زۆرینە، جەخت خستنە سەر بێدەنگکردنی ڕکابەر، نموونەهێنانەوە بە زۆرینە (بە ڕێگەی ئایا تۆ لەو هەموو خەڵکە ژیرتر و زاناتری؟) نموونەهێنانەوە بە لە پێش بوون و نەوەکانی پێشوو (ئایا تۆ لە کەسانی پێشووتر باشتر دەزانی؟!) بەخشینی پیرۆزی بە بۆچوونەکان (زۆربەی زاناکان وادەڵێن)، شاردنەوەی ئەنجام لە پێناوی دووپاتکردنەوەی بۆچوون (بە ڕێگەی ئەی پێشتریش ئەوەم پێ نەگوتن؟!)...

ئەوەی زۆر سەرسامی کردم پەندێکی میللی بوو، کە هەموو عەیب و کەموکورتییەکانی بیرکردنەوەی تێدا کۆکراوەتەوە و دەڵێ: (ئەو کاتەی کە خودای گەورە ڕزق و ڕۆزی دابەش کرد،

کەس بە بەشی خۆی ڕازی نەبوو، بەڵام کاتێك عەقڵی دابەش کرد، هەموان بە عەقڵەکەیان ڕازی بوون).

بەڵێ خۆشەویستان؛

ئەو کاتەی خودای گەورە ڕزق و ڕۆزی دابەش کرد هیچ کاممان بە بەشەکەی خۆی ڕازی نەبوو، هەموان داوای زیاتر دەکەن لەوەی پێیان بەخشراوە.. بەڵام سەبارەت بە عەقڵ هاوکێشەکە تەواو پێچەوانەیە، هەر یەك لە ئێمە بەپێی پێوەرێکی تایبەت بەخۆی بڕیار لە سەر دەوروبەری دەدات، هەرگیزیش گریمانە و تەسەوڕی هەڵە بۆ بۆچوونەکانی دانانێ.. باوەڕی وایە کە ژیرترین کەسە، وا بیر دەکاتەوە کە کلیلی هەموو کێشەکان لای ئەو دەست دەکەوێت، بەڵام ئەگەر دەرفەتێکی بچووکی پێبدەین (ئەوسا نازانێ کە نازانێ).

لەسەر ئەو بنەمایە؛ نزیکترین کەس لە عەقڵ و دانایی، ئەو کەسەیە کەوا هەست بە کەموکورتییەکانی خۆی بکات، عەقڵی خۆی بێ خەوش نەزانێ لە هەڵە و پەڵە.. ئەو کەسەیە پەی بەوە دەبات کە عەقڵی بچووك و تەمەنی کورتمان، ناتوانێ لە هیچ شتێکدا بگاتە ئاستی تێگەیشتنی کامڵ و تەواوەتی.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- نەزانترین و گەمژەترین کەس ئەو کەسەیە کە نازانێ، ناشزانێ کە نازانێ.
- زۆربەی کەسەکان کەمتر لەو ئەندازەیە دەزانن کە خۆیان بۆ خۆیان داناوە، لە هەمووشیان زاناتر ئەو کەسەیە کە ئەو راستەیە لە خۆیدا بەدی بکات.
- خۆویستی، لایەنگیری، نموونەهێنانەوە بە مەوجود، ڕقلێبوونەوە، ڕۆشنبیری، بەرهەڵستینەکردنی زۆرینە، جەختستنە سەر بێدەنگکردنی ڕکابەر، نموونەهێنانەوە بە زۆرینە و پێشینە.. نموونەن بۆ پەکخەرەکانی بیرکردنەوەی دروست.

***

## ڕەسەن (الاصل) و

## ڕیزپەڕ (استثناء) و پیاوی پێنجەم

تاریکی ئەسڵ و ڕەسەنە، ڕووناکی حاڵەتێکی پێویستیە... هەروەك چۆن ساردوسڕی ڕەسەنە و گەرمی حاڵەتێکی دروستکراوە؛ هەروەها نەزانین ئەسڵە و زانین حاڵەتێکی لێ بەدەرکردنە، غروری ئەسڵە، دانانیش بە کەموکورتی بیروباوەڕێکی دروستە.

بیرم دێ جارێکیان شتێکم لەسەر دزێکی گەمژە خوێندەوە، کە ویستوویەتی دزی لە یەکێك لە بانکەکانی ئەمەریکا بکات، بەڵام پاسەوانەکان توانیویانە دەستگیری بکەن و ڕادەستی پۆلیسی بکەن... هۆکاری دەستگیرکردنەکەشی ئەوەبوو کە دزە شەربەتی لیمۆی لە چاوەکانی کردبوو، چونکە لە ڕاپۆرتێك گوێبیستی ئەوە بووبوو کە شەربەتی لیمۆ وەك مەرەکەبێکی شاراوە بە کاردەهێنرێت، ئەویش وایزانیبوو ئەگەر لە چاوی بکات ئەوا کەس نایبینێت و ناکەوێتە بەرچاوی کامێراکانی چاودێری، بەمەش چاوەکانی سووتاونەتەوە و هیچی نەبینیوە و کەوتۆتە دەستی پۆلیس!!

کێشەکە لەوەدا نییە کە دزەکە نەیزانیوە دەکەوێتە بەرچاوی کامێراکان، (چونکە ڕەنگە زۆرێك لە ئێمەش شێوازی کارکردنی کامێراکان نەزانین)، بەڵام گەمژەیی ئەو دزە لەوەدایە کە هەستی بە نەزانیی خۆی نەکردووە (ئەوەش بابەتی ئەمرۆمانە)!!

ڕۆژێکیان نووسەری بە ناوبانگ "برنارد شۆ" نامەیەك بۆ زانای

گەورەی بـواری فیزیـا "ئەنیشـتاین" دەنێرێـت لە نامەکەیـدا بـۆی نووسیوە کە زانست ئاڵۆزیەکی زۆری خستۆتە ژیانمانەوە، بەو پێیەی کێشەیەك چارەسـەر دەکات لە بەرامبەردا دە کێشـەی دیکە زیاد دەکات... دوای چەند ڕۆژێك ئەنیشتاین وەڵامی دەداتەوە و نکوڵی لە ڕاستی قسـەکەی برنـارد ناکـات، بەڵام لە بەشـێکی وەڵامەکەیـدا نووسـیویەتی: زاسـت وەك ئەو شـوێنە بچـووکە وایە کە تیشـکێکی بچـووکی بـازنەیی کەوتـۆتە سـەر لە نێـو پانتـاییەکی بەرفـراوان و بێکۆتای تاریکی (تاریکی لێرەدا مەبەستی پێ لە نەزانییە).

هەرچەندێکیش بازنەی ڕووناکی و تیشـکەکە زیـاتر بێـت، ئەوا هەست دەکەیت کە پانتایی تاریکیەکەش زیاتر دەبێت.. ئەوەش بەو واتایە دێـت کە زانسـت کێشـە و پرسـیار زیـاد ناکـات، بەڵکو ئەو کێشە و پرسیارانە هەر لە سـەرەتاوە بوونیـان هەبـووە، بەڵام بەهۆی نەزانی ئێمەوە هەستیان پێنەکراوە، بۆیە تا چەند بازنەی زانینـی ئێمە و ڕووبەری زانستمان فراوانتر بێـت، ئەوا لە بەرامبەردا پانتـایی شتە ون و نەزانراوەکـانیش زیـاتر و فراوانتـر دەبـێ... ئەو دیـاردەیە زۆر سـەیرە (بەرزبـوونەوەی ڕێـژەی نەزانـی بە بەرزبـوونەوەی ڕێژەی زانسـتە) پێشـەوا شـافیعی بە چەنـدین سـەدە پـێش ئەنیشـتاین ئەو ڕاستییەی زانیوە، لە دێرێکدا دەڵێ:

كلمـــا أدبـــني الـــدهر أراني نقـــص عقلـــي

واذا مـــاازددت علمًـــا زادني علمًـــا بجهلـــي

کێشـە ڕاسـتییەکە لە عەقڵـی کەسـە گەورەکـانی وەك: پێشـەوا شـافیعی و ئەنشـتایندا نیـیە، (چـونکە ئەوان لە هەمـوو کەس زانـاتر

بوونە بە پانتایی و ئەندازەی نەزانی خۆیان) بەڵکو کێشەکە لە عەقڵە سادەکاندایە، ئەو عەقڵانەی کە پێیان وایە هەموو شتێك دەزانن، بێ ئەوەی ئاگاداری پانتایی و سنووری نەزانـی و جەهلی خۆیـان بن، کە هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ کابرای دزی سەرەوە.

تـۆ؛ نابێـت بە ئاسـتی زانینـت نەزان بیـت، هەرگیـزیش هیـوای ئەوەت بۆ ناخوازم کە لەگەڵ خەڵکیدا پێبکەنی بێ ئەوەی بزانی کە بـۆچی پێـدەکەنن..؟! هەرگیـز نەکەی مەغـرور بیـت و واهەسـت بکەیت کە تۆ بەدەر کراویت لە خەڵکی، یان وا بزانـی مـن لەگەڵ کەسێکی تر دەدوێم، نەخێـر بەڵکـو لەگەڵ تـۆمە... هەردوو تـوێژەر "دایڤید دانیج" و "جەستن کروجەر" (کە لە کۆتا وتـاردا ناسیمانان) لە توێژینەوەکەیاندا بە ژمارە و وێنە ئەوەیان چەسپاندووە کە هەموو تاکێك کەمتر لەو ئەندازەیە دەزانێت کە خـۆی پێـی وایە دەیزانـێ، بەڵام زۆربەیـان ئەوە ڕەت دەکەنەوە و نایـانەوێ دان بەو ڕاستییەدا بنێن.

هۆکاری ئەو غروریەش (بە بڕوای مـن) هەمووـمان سنوورێکی زانینمـان هەیە، کە وەك خـاڵێکی ڕوونـاکی وایە... کاتێـك بە تەنها چاو دەخاتە سەر تیشکەکە هەستێکی بۆ دروست دەبێت و پێی وایە کە ئەو بە هەموو زانیاریەك گەیشتووە و هیچ نەماوە نەیزانـێ، بـۆیە بەو حاڵەتەی خۆی زۆر ڕازی دەبێت، بێ ئەوەی لای گرنگ بێت کە بیر لە ڕووبەری تاریکی دەوری خاڵە ڕووناکەکە بکاتەوە.

وەك ئەو غـرووره مەعـریفیەی کە لای بەشـێك لە ڕۆشـنبیران دروست بووە (ئەوانەی خاڵێکی ڕووناکیان بۆ خۆیان دروستکردووە

و تەنها سەیری ڕووبەری ڕووناکیەکە دەکەن) بەوەش متمانەیەکی بەهێزیان بە خودی خۆیان و زانست و ئاستی مەعریفییان لا دروست دەبێت، بەجۆرێك ڕەتی دەکەنەوە کە پانتایی و بازنەی مەعریفیان گەشە پێبدەن و فراوانتری بکەن، بە هیچ بازنەیەکی تریش ڕازی نابن..

ئەم دیاردە مرۆییە بە حاڵەتی پێنجەم لە کێشەکانی مەعریفە دادەنرێت (بە ئەندازەی ئەو مەعریفەتەی کە پێمان وایە ئێمە هەمانە).

یان بە جۆرێکیتر بڵێین؛ ئەگەر عەرەب (لە وتاری پێشوو) مرۆڤی بۆ چوار پلە پۆلێن کردبێ لە نێوان ئەوانەی کە دەزانن و نازانن، ئەوا ئەمڕۆ بە پشتبەستن بە توێژینەوەکەی "دایڤید دانیج" و "جەستن کروجەر" دەتوانین پلەی پێنجەم و پیاوی پێنجەمیش زیاد بکەین ئەوەیش ئەو پیاوەیە کە: نازانێ، ناشیهەوێ بزانێ کە نازانێ.

ئەمەش پیاوێکی بێکەڵك و خۆپەرستە، بۆیە هاونشینی مەکەن و کاتی خۆتانی لەگەڵدا بەفیڕۆ مەدەن.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- نەزانین حاڵەتە ئەسڵ و ڕەسەنەکەیە، بەڵام زانین حاڵەتە ڕیزپەڕەکەیە.
- تا چەند بازنەی مەعریفیمان گەورەتر بێت، بازنە و ڕووبەری نەزانینمان فراوانتر و گەورەتر دەبێت.
- ئەو کاتەی نەزانین لەگەڵ خۆویستی و خۆپەرستیدا تێکەڵ دەبێت، پیاوێکی لێ دەردەچێ کە نازانێ، ناشیهەوێ بزانێ کە نازانێ.

***

Scanned by CamScanner

زۆربەمان -بێ ئەوەی هەست پێ بکەین- تەنها بە یەك ڕێگە بیردەکەینەوە، هەموو دنیا هەر بە هەمان بینین دەبینین (بە هەمان چاویلکە).. یان کەسانێکی سلبین، یان خاوەن سۆز، یانیش خۆویست و سەرشێت، بڕیاری زۆر دەردەکەین و پێشمان وایە تەنها ئەوەی ئێمە ڕاستە و هەنگاوێك لێیان نایەینە دواوە و لێیان پەشیمان نابینەوە.

بەڵام وا بیربکەرەوە کە تۆ بەڕێوەبەرێکی گشتیی لە یەکێك لە کۆمپانیایەکان... ڕۆژێکیان وا بڕیار دەدەیت کە خۆت بیر نەکەیتەوە و هەڵسەنگاندنی پڕۆژە نوێیەکە بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکە جێبهێڵیت.. بەوشێوەیە بانگهێشتیان دەکەیت بۆ کۆبوونەوەیەکی گرنگ، لەو کاتەدا دەتەوێ بۆچوونیان لەسەر بیرۆکە و پڕۆژە نوێیەکە بزانی، بەڵام دەبینی ئەوان کە شەش بەشن، هەر یەکەیان خاوەنی کەسایەتییەکی جیاواز و بیرکردنەوەیەکی جیاواز و هەڵوێست و بۆچوونی جیاوازە:

1- دەستەی یەکەم دژی بیرۆکە و پڕۆژە نوێکەیە، وایدەبینێ کە پێویست بەو سەرکێشیە ناکات، چونکە کارەکان زۆر بە باشی بە ڕێچکەی خۆیاندا دەڕۆن.. ئەو جۆرە کەسانە یان کەسە ڕەشبینەکانن و -هەمیشە- لە لایەنە سلبیەکانی پڕۆژەکە دەڕوانن، یان سوودمەندەکانن و نایانەوێ ئەو سەقامگیریەی لە کارەکانیدا هەیە تێکبچێ (وا سەیری ئەو دەستەیە بکە کە کڵاوی ڕەشیان لەسەرە)!

2- بەڵام دەستەی دووەم هەر لەگەڵ پێشکەشکردنی بیرۆکەکە ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لێدەگرێت، چونکە یان پێی سەرسام نین، یانیش بە گوێرەی دووربینیی خۆیان لایان وایە کە گونجاو نییە. ئەم دەستەیەش زۆر سلبین وەك دەستەی یەکەم، لەبەر یەك شتیش ئەو کارە ئەنجام دەدەن؛ چونکە کەسانی زۆر میزاجین و بە ڕێگەی "لێم مەپرسە بۆچی بیرۆکەکەم لا گرنگ نییە" دژایەتی پرۆژەکە دەکەن. (لەبەر هەڵگری سیفەتی میزاجلا کڵاوی سوور دەخەینە سەر ئەم دەستەیە).!!

3- دەستەی سێیەم، دەستەیەکی ناوەندگیرە، نە ڕەزامەندی لەسەر بیرۆکەکە دەکات نە دژایەتیش، بەڵام داوای ڕاستییەتی و ئامار و ژمارە دەکەن تا بگەن بە ئەنجامێکی ڕوون و دیار... لەسەرخۆن لە هەندێك شت، بەڵام بیرکردنەوەکەیان عەقڵانی و سەلامەتە... (چونکە سیفەتەکەیان بەو شێوەیە کڵاوی ڕەنگ سپی دەخەینە سەریان)!

4- دەستەی چوارەم، ئەو دەستەیە کەسانی داهێنەر و لێهاتوون، گوێدەگرن، پاشان گفتوگۆت لەگەڵ دەگەن و شتی جیاواز و نوێ دەخەنە سەر پرۆژەکەت و دەخەنە بەرامبەر ناڕاستەیەکی باشتر... ئەو دەستەیە جیاوازن لەوانی پێشوو، چونکە کاتێك ڕەخنەش لە بیرۆکەکەت دەگرن شتی باشتر و بەدیلی جوانتر دەخەنە ڕوو، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش وا پێویستە کە گوێیان لێبگیرێ و پشتیان تێنەکرێ، چونکە لەکۆتاییدا سەرکەوتنەکە هەر بە ناوی تۆوە تۆمار دەکرێت... (هەر لەبەر ئەو هۆکارەش کڵاوی بەرهەمهێنانیان دەخەینە سەر، کە ڕەنگی سەوزە)!

5- دەستەی پێنجەم، بە سروشتی خۆیان دەستەیەکی گەشبین، زۆر گرنگـی بە لایەنە سـلبیەکان نـادەن، هەمیشـە سـەیری لایەنە باشەکانی پڕۆژەکە دەکەن، پەرۆشـن بـۆ هەر هەنگـاوێکی نـوێ و هەمیشە ڕوحێکی ئیجابیانەیان هەیە.. پێشنیاری جـوان دەخەنە ڕوو و هیوا و ئاواتی زۆر لەسەر لایەنە باشەکاندا هەڵدەچنن. (بۆیە وا باشە ئەم دەستەیە کڵاوی ڕەنگی زەردیان بخرێتە سەر)!

6- بەڵام (کڵاوی شین) هیچ کەس نایخاتە سەر جگە لە (تۆ) سەرۆکی دانیشتنەکە... ئەو ڕەنگە ڕەنگی ئاسمانە، بە جۆرێك هەموو ئەوانەی لە خواری تـۆوەن بە گـەورەیـی دەتبینـن.. پێویسـتە تـۆ ئەو بەهرەیەت هەبێ کە هەموان لەژێر فەرمانی تۆدا کار بکەن، هەرگیز لەگەڵ خاوەن کڵاوە ڕەنگ زەردەکان تێکگیر مەبە، داوای پێشـنیار و بۆچوونی زیاتر لە دەستەی کڵاوە سەوزەکان (داهێنەرەکان) بکە، لە ترسـی خـاوەن کـڵاوە ڕەشـەکان (سـلبیەکان) تێـبگە، ئەنـدازەی پاڵنەری سـۆزی خـاوەن کـڵاوە سـوورەکانیش (خـاوەن سـۆزەکان) بزانە، خاوەنی کڵاوە ڕەنگ سپیەکانیش (نێوەندگیرەکان) فەرامۆش مەکە و داتـا و زانیـاری زیاتریـان پێبـدە، تـا لەکۆتاییـدا بگەیـت بە ئەنجامێکی هاوسەنگ و دیدگایەکی واقیعی و گشتگیر!!

بەهەرحـــاڵ، ســـەرەڕای ئەوەی بیـــرۆکەی ئەو کۆبـــوونەوەیە بیرۆکەی خۆمە، بەڵام بیرۆکەی شەش کڵاوەکە تایبەت نیە بە من: "دکتۆر ئیدوارد دوبونۆ" خاوەنی ئەو بیرۆکەیە، کە لەماڵتا لە دایك بـووە، لە ئۆکسـفۆرد خوێنـدویەتی، بە سەرمەشـقی (چـۆنیەتی بیرکـردنەوە) دادەنرێـت. لە چەنـدین کۆمپانیـا و دامەزراوە وەك

ڕاوێژکار کاری کردووه، خاوەنی (37) کتێبه لەو بوارەدا، یەکێك لە گرنگترین کتێبەکانیش بریتییه لە کتێبی "بیرکردنەوەی زیادە" لە کتێبه هەره بڵاوەکانیشی لە نێو خەڵکدا بریتییه لە کتێبی (بە ڕێگەی شەش کڵاوەکە بیربکەرەوە)!

لە کتێبی (بە ڕێگەی شەش کڵاوەکە بیربکەرەوە) خەڵك فێر دەکات کە چۆن بە ڕێگەی جیاوازتر بیربکەنەوە، یارمەتیشمان دەدات تا کارەکان بە شەش ڕەنگ و ڕووخساری ترەوە ببینین..

بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ تۆ ئەوەیە: کە تۆ پێویستت بە شەش ڕاوێژکار نییە بۆ بیرکردنەوەت لە پرۆژەیەکی نوێ... تەنها ئەوە بەسە کە وا خەیاڵ بکەیت تۆ کڵاوێکی ڕەنگ شینت لەسەرە، پاشان زەرد بۆ (هاندانت لەسەر پرۆژەکە) دواتر سوور بۆ (پشتبەستن بە دوربینی) پاشان سپی بۆ شیکردنەوەی زیاتر و سەیرکردنێکی ناوەندگیریانە) پاشان کڵاوە ڕەنگ ڕەشەکە تا (بیر لە خراپترین ئەگەرەکان بکەیتەوە) دواتریش کڵاوە سەوزەکە بۆ (دانانی چەند چارەسەر و دەرچەیەك بۆ پرۆژەکە) لە دوای ئەویش کڵاوە ڕەنگ زەردەکە بخەرەوە سەرت (تا بزانی پرۆژەکەت تا چ ئەندازەیەك سەرکەوتوو دەبێت)، لە کۆتاییشدا هەموو کڵاوەکان بخە ناو کڵاوە ڕەنگ شینەکە و بیخەرەوە سەر سەرت، تا گشتگیری و تەواویەتی کار و پرۆژەکەت ببینی!!

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- کێشەکان وەك کڵاوەکان شەش ڕەنگ لە خۆ دەگرن، هەوڵ بدە لە هەموو ڕووەکانەوە بیانبینی.
- پشتبەستن تەنها بە عەقڵی خۆت غرووریە، بیرکردنەوە و وەرگرتنی بۆچوونی ئەوانی تر ژیری و لێهاتوویيە و عەقڵێکی گەورەیە.
- ئەگەر هیچ سەرێکت لە دەور نەبوو، ئەوا گشت کڵاوەکان بخە سەری خۆت.

✲✲✲

Scanned by CamScanner

## وەك دار بیربکەرەوە

بیرت ماوە کۆتا جار کە حیسابی شتێکت دەکرد؛ لەو کاتەدا بە دوای کاغەز و قەڵەمێکدا دەگەڕایت تا حیساب و بیرت لەسەر کاغەکە کۆبکەیتەوە و باشتر ڕێکی بخەیت.

ڕاستە ژیانمان زۆر جەنجاڵ بووە بە بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان (و مۆبایل) کە یارمەتیمان دەدەن لەسەر پلاندانان و بیرکردنەوە بە شێوەیەکی ئاسان و دروستتر. بەڵام؛ سەرەڕای گرنگیان و سوودبینین لێیان، کاغەز و قەڵەم وەك دوو باشترین هۆکار دەمێننەوە بۆ پشتبەستن پێیان لە کرداری بیرکردنەوە بە شێوەیەکی دروست و فراوانتر..

پێویستیت بە کاغەز و قەڵەمە؛ چونکە مێشکی تۆ سنوورەکەی دیاریکراوە و توانای بە دواداچوونی چەندان هەنگاوی کەڵەکەبوو و دەرئەنجامی نییە. من وەك خۆم کاتێك بیرۆکەی نووسینی وتارێکی سادەم بۆ دێت و پاشان پشت بە کاغەز و قەڵەم دەبەستم زۆر بە خێرایی ئەو بیرۆکەیە دەبن بە چەند بیرۆکەیەك، کە پێشتر هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتبوون.

جا حاڵەتی لەم جۆرە گرنگیی نووسین لە بەدواداچوون و دارشتنی نەخشەڕێگا و ڕێکخستنی ئەنجامەکانمان بۆ دەردەخات.. گۆڕان و گواستنەوە لە حاڵەتی زیهنییەوە بۆ ڕێگەی تۆمارکردن توانا عەقڵیەکانمان زیاد دەکات و یارمەتیدەرێکی باشیش دەبێ بۆ

سەرهەڵدان و لەدایکبوونی بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە. - بۆ نموونە- تۆ حیسابکردنی مووچەی خانەنشینت لەسەر قورسە، چونکە پێویستی بە چەند هەنگاوێك هەیە بۆ گەیشتن بە ئەنجام، هەروەك چۆن پرۆژە بازرگانییەکان و دانانی نەخشەیەکت بۆ خانوویێکی تازە لا قورسە (یان نووسینی کتێبەکەت لە داهاتوو) بە بێ گەڕانەوەت بۆ کاغەز و قەڵەم.

نەك هەر ئەوەندە بە تەنها، بەڵکو بەکارهێنانیان دەمانگەڕێنێتەوە سەر شێوازی بیرکردنەوەی دروست کە بە شێوازی نەخشەکانی مێشك ناو دەبرێ؛ ئەگەر سەرنج بدەیت زۆربەی خەڵك (کاتێك نەخشە ڕێگایەك بۆ ژیانیان دادەنێن، یان حسابێکی تایبەت بە خۆیان دەکەن) ئەو کارە بە ڕێگەی یەك لە دوای یەك ئەنجام دەدەن، وەك شێوازە 12345.

لە باشیەکانی ئەو ڕێگایە ئەوەیە کاتێك تۆ گریمانەی ژمارە (1) سەرکەوتوو نابێت دەرچەیەکی ترت دێتە پێش و ڕاستەوخۆ بیرکردنەوەت دەچێتە سەر گریمانەی ژمارە (2)، لە حاڵەتی شکست تاکە شتێك لە بەردەمتدا بێت چوونتە بۆ گریمانەی ژمارە (3) لەویشەوە بۆ (4) و.... بەڵام لە کەموکورتیەکانی ئەو جۆرە ڕێگایە ئەوەیە کە بیرکردنەوەکەت بە ڕێگەیەکی تەسك و ڕاستدا دەڕوات، بەو واتایەی تۆ لە ئەگەری شکستدا تەنها یەك گریمانەت لەبەردەمدا دەبێت، (جا ئەگەر ئەو بناغەیەی کە هەر لەسەرەتاوە بیرۆکەکەی لەسەر دانراوە هەڵە بووبێت، ئەوا هەنگاوەکانی داهاتوو هەموویان بە هەڵە دەڕۆن و هەوڵ و ماندووبوونەکان بێ سوود دەبن)!

"تـۆنی بـۆزان" تـوێژەری بەریتـانی بە خـاوەنی بیـرۆکەی (نەخشەکانی مێشك) دادەنرێت، ئامۆژگاری تاکەکان دەکات بەوەی کە لە جێبەجێکردنـی ئەو دەرچە و گریمانـانەدا پشت بە کـاغەز و قەڵەم ببەستن (نەوەك ڕێگەی یەك لە دوای یەك)... بۆزان بۆچوونی وایە کە پێویسـتە ئامـانجە سـەرەکییەکە بە "قەدی دار "بچـوێنرێ، چونکە لەوەوە قەدە لاوەکیەکانی تر جیا دەبنەوە و دروست دەبن و دواتریش دەبن بە لکەداری بچووك بچووك... دانـانی بیرۆکەکـانیش لەسـەر کـاغەز بەو شـێوەیە پـاڵنەرێکی بەهێـز دەبێـت بـۆ مێشـك، دەرئەنجامی باشتریشت پێدەبەخشێ، لە هەمان کاتیشـدا متمـانەیەکی بەهێزت پێدەدات تـا هـیچ لە گریمانەکـانی داهـاتووت لە دەسـت نەدەیت.

جـا بـۆ ئەوەی گریمـانەکەی بـۆزان زیـاتر ڕوون بکەیـنەوە، بە گریمانەی ئەوە بکەین کە تۆ ناوت "عەبدوڵڵا"یە.

سـەرەتا نـاوت لە ناوەڕاسـتی کـاغەزەکە بنووسـە، دواتـریش بازنەیەکی گەورە بە دەوری نـاوەکەت بکێشە... لە نـاو بـازنەکەش چەند بازنەیەکی بچووك بکێشـە و لە نـاو هەر یەکێکیـان ئەو شـتانە بنووسـە کە لات گـرنگن، وەك: سـەروەت، کـامەرانی، گەشـت؛ سەقامگیری خێزانی.. ئێستا یەکێك لە بازنە بچووکەکان هەڵبژێرە (بۆ نموونە بازنەی سەروەت) لە ناو ئەویشدا چەند بازنەیەکی بچـووکتر بکێشـە و تیایـدا ئەو هۆکـارانە بنووسـە کە دەتـوانی بە هۆیـانەوە بگەیـت بە ئـاواتەکەت (کە سـەروەتە). کاتێـك لەو کـردارە تەواوبووی، بە هەمان شێوە بۆ ئامانجەکـانی تریشت هەمـان کـردار

Scanned by CamScanner

ئەنجام بدە، ئەوسا دەبینی کە چەندان بیرۆکەت بۆ گەڵاڵە بووە، چەندان ڕێگەت بۆ دروستبووە کە تۆ بەهۆیانەوە دەتوانی بە ئاواتە سەرەکییەکانت بگەیت!!

هەر کە بۆ جاری یەکەم ئامۆژگارییەکەی بۆزان دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت کە زۆر گرنگ و سەلامەتە، بەڵام دواتر تێدەگەیەن کە ئێمە بە کردار ئەنجامی نادەین... لە واقیعی ژیانی خۆماندا فەرمۆشمان کردووە، هەر بۆیە بیرۆکەکان بە یەك ئاراستەی ڕاست و تەسکدا دەڕوات، - بۆ نموونە- گەنجێك بۆ داهاتی ژیانی تەنها یەك پیشەی لە مێشکدا هەیە، بەڵام کاتێك بازنەکان دەکێشێت و هۆکارەکانی گەیشتن بە ئامانجەکەی دیاری دەکات ئەوسا دەزانێ کە زیاتر لە پیشەیەکی لەبەردامدایە... هەر بۆیە دەڵێم دانان و نووسینی بیرۆکەکان لەسەر کاغەز بابەتەکە لە بیرۆکەیەکی ناجێگیرەوە دەگۆڕێت بۆ بابەتێکی جێگیر، ئێمە زۆر جاران بۆ ئەنجامدانی بیرۆکەیەك گەرم دەبین و بوێری و ئازایەتی دەمانگرێ، بەڵام دواتر کە نایخەینە سەر کاغەز لە ناکاو دووچاری گرفتێك دەبین ئەویش لەبیرچوونەوەیە!

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەم کە بۆزان دڵنیایی لەوە دەدات کە فێرکردنی منداڵەکان بە شێوازی لق لق (نەوەك ڕێگەی یەك لە دوای یەك) ئاستی ژیریی و لێهاتوویی لای منداڵ زیاد دەکات، چارەسەری زیاتریش بۆ ئەو کێشانە دەخەنەڕوو کە دێنە سەر ڕێگایان.

منیش وەك خۆم، ئەو ڕێگەیەی بۆزان بە دروست دەزانم،

هیواخـوازم تـۆش جێبەجێـی بکەیـت، هیواخوازیشـم کە (ڕێـگەی بیرکردنەوە) بکرێت بە وانە و بخرێتە ناو مەنهەجی فێرگەکانمان.

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- مێشکمان توانایەکی سنوورداری هەیە بۆ بەدواداچوونی هەنگاو و دەرئەنجامەکان بە شێوەی زیهنی.
- نووسینەوەی بیرۆکەکان تەنها بیرۆکەکان ناپارێزێ، بەڵکو دەشیانگەیەنێ بە ئاستێکی باشتر و هەمەجۆرتر.
- مرۆڤ بە شێوازێکی ڕاست و یەك لە دوای یەك بیر دەکاتەوە، بەڵام کاغەز و قەڵەم وای لێدەکات کە شێوازی بیرکردنەوەی بە ئاڕاستەی جیاواز و هەمەجۆردا بچێت.

***

## بەگوێرەی لیستەکە ڕەفتار بکە

من لەو کەسانە نیم کە زوو زوو دەچن بۆ دەرەوەی ماڵ... هەر بۆیەش پێداویستییەکانی ماڵەوە و کارەکانم لەسەر کەڵەکە دەبن (ئەو کارانەی کە لە دەرەوەی ماڵ ئەنجام دەدرێن)، بە جۆرێك ناچار دەبم لە مانگێکدا ڕۆژێك بۆ بەجێگەیاندنیان تەرخان بکەم.. جا کاتێك کارەکان بەو جۆرەیان لێدێ، خەمی جێبەجێکردنیان لەسەرم وەك "چیای ئوحوودیان "لێدێ، هەندێ جاریش لە خۆم دەپرسم: تۆ بڵێی بە ڕۆژێك لەبەریان دەربچم؟!

بەڵام؛ جار دوای جار بۆم دەردەکەوێ تا چەند کارەکانم ڕوون و دیاربن (لە مێشکمدا وەك لیستێك بن)، ئەوا ئاسانتر لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆم جێبەجێ دەکرێن، بۆشم دیار دەکەوێ کە خەمی جێبەجێکردنیان گەورەترە لە جێبەجێکردنیان.

بەڵام ڕێك پێچەوانەی ڕوودەدات، ئەو کاتەی کە کارەکان دیارنین و شێوازی جێبەجێکردنیان ون و ناڕوونە، دواتر ڕۆژەکەم لێ دەڕوات بێ ئەوەی هیچ لە کارەکانم بە شێوەیەکی پێویست ئەنجام دابێ.

لە ڕاستیدا ئەوە تەنها نموونەیەکە کە گرنگی دانانی لیستێکی پێشوەختە بۆ ئەو کارانەی کە نیەتی ئەنجامدانمان هەیە دەردەخات.. دەکرێت ئەو لیستە ڕۆژانە بێت، یان هەفتە، یان مانگانە، یان دەکرێ بۆ درێژایی ژیان بێ... پێویستە فەرامۆشیش نەکرێت و لەسەر کاغەز بنووسرێت و بخرێتە خشتەیەکەوە، چونکە تەنها بە نووسینەوەی

(وەك لە دوا بابەت شیمانکردەوە) کارەکە و شێوازی جێبەجێکردنی ئاسانتر و ڕوونتر دەبێت.. کێشەکە ئەوەیە کە عەقڵی ئێمە تەرکیزێکی بەو شێوەیەی نییە تا بتوانێ چەند بابەتێك و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیان بۆ ماوەیەکی درێژ لای خۆی بهێڵێتەوە.. هەروەها توانای ئەوەی نییە کە پۆلێنیان بکات و پێشینە بدات بە کارە لە گرنگ و خێراکان، بەڵام بە کرداری نووسینەوە هەموو ئەو هۆکارانە دەستەبەر دەبن.

نەبوونی ڕوونی لە ئامانجەکان و پێنەدانی پیشینەی جێبەجێکردن بە کارەکان لە مێشکی خۆماندا، هۆکارن بۆ بەفیڕۆدانی کات و کەڵەکەبوونی کارەکان و ڕۆیشتنی ڕۆژەکان بەبێ بەدەستهێنانی هیچ کام لە ئامانجەکان..

ئەوەش کێشەیەکی بڵاوە و هۆکارەکەشی سەرقاڵبوون و بەرتەسکیی کات نییە (وەك زۆرێك لە ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەین)، بەڵکو هۆکارەکەی نەبوونی لیستێکە بۆ ڕێکخستن و ئەولەویەتدان بە ئەنجامدانی کارەکان... هەمان وتە بۆ چوارچێوەی تەواوی ژیانیشمان هەر دروستە.. -بۆ نموونە- ئەگەر لە زۆربەی خەڵکی بپرسی: "لە دنیادا هیوای چی دەخوازیت؟" ئەوە بە چەند وشەیەکی سادە وەڵامت دەداتەوە دەڵێ: "بەختەوەری" و"دەوڵەمەندی" تەنانەت هەیە دەڵێ "مردنێکی باش". بەڵام هەموو ئەوانە چەند وشەیەکی گشتین و هیچ جۆرێك لە پلان و ستراتیژی و تەنانەت شێوازی جێبەجێکردنیش لەخۆ ناگرن (بەو پێیەش بێ ئەوا تەواوی ژیانمان لە گەڕان بە دوای ئەو شتانە بەفیرۆ دەچێ).

لە وتاری پلانت چییە بۆ ژیان؟ (دووەم وتار لەم کتێبە) ئاماژەم

Scanned by CamScanner

بەو جیاوازییە گەورەی نێوان "پلانی کار" و ئەو هیوا و ئاواتانە دا، کە هەموان تێیدا هاوبەشن (وەك: سەروەت، کامەرانی، سەرکەوتن).
"پلانی کار" پێویستە خشتەیەکی زەمەنی و هەنگاوی کرداری و هۆکاری جێبەجێکردن بگرێتەخۆ، بەو جۆرە هەمیشە کۆتاییەکەی بە گەیشتن بە هیوا و ئاواتەکان کۆتایی دێت (سەروەت، کامەرانی، سەرکەوتن).

ئەگەرچی دان بەوەدا دەنێم کە **"پلانی کار"** سەدا سەد گەیشتنەکەت بە شوێنی مەبەست لە خۆ ناگرێ، بەڵام بە دڵنیایی زۆر باشترە لە نەبوونی هیچ پلانێك، بۆیە تا چەند پلانی کارەکە باش و ورد بێت، ئەوا ڕێژەی سەرکەوتن و گەیشتنت بە شوێنی دیاریکراو بەرزتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە تا چەند پلانەکەت خراپ و بە کەموکورتی بێت، ئەوا لە گەیشتنت بە شوێنی دیاریکراو درەنگتر دەکەویت.

جا لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە پێویستە گرنگی و بەهای دانانی لیست بۆ ژیانمان بزانین، کە ئامانجە سەرەکیەکان و چۆنییەتی جێبەجێکردنی کارەکان بە ڕێگەیەکی ڕوون و ڕێکخراو لە خۆ دەگرێت، ج جای ماوەکەیان کورت بێت یان درێژ، گرنگ ئەوەیە ئامانجە سەرەکیەکە بەسەرکەوتوویی بەدی بێت، پەروەردگاری کارزان دەفەرمووێ: ﴿ أَفَمَن يَمْشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ [الملك: ٢٢].

واتە: ((جـا ئایـا ئەو کەسـەی کە دەمەو ڕوو کەوتـووە و بەو حاڵەوە دەڕوات، چاکتر ڕێگە دەزانێت؟ یان ئەو کەسەی کە بەسەر شەقامێکی ڕاست و ڕەواندا بە ڕێك و پێکی دەڕوات بەڕێوە؟!)).

بەر لەوەی بیرم بچێ.

ئایا دەزانی کە ناونیشانی وتارەکەم چیبوو پێش ئەوەی بڕیاری گۆڕینی بدەم؟!

**"ئەگەر نەتزانی بۆ کوێ دەچیت، ئەوا هەموو ڕێگاکان بە (هیچ) کۆتاییان دێت".**

***

## پوختەی تیۆرەکە

- چەندە کارەکە لە مێشکتدا ڕوون و ڕێکخراو بێت، ئەوا جێبەجێکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراو ئاسانتر دەبێت.
- کامەرانی و دەوڵەمەندی و سەرکەوتن پلان نین، بەڵکو چەند هیوا و ئارەزوویێکن کە هەموان تیایدا هاوبەشن.
- زۆربەی ئەوانەی هۆکاری سەرقاڵی دەدەنە پاڵ جێبەجێنەکردنی کارەکانیان، ئەو کەسانەن کە توانای ڕێکخستنی ژیانی تایبەتی خۆیان نییە.

***

## به دوای (%20)دا بگەڕێ

لە ساڵی 1897 بیرمەندی ئەڵمانی "فێلفرێدۆ باریتۆ"، یاسایەکی ئابووری زۆر سەیری دۆزیەوە کە ناوی نا "80/ 20". ئاشکرای کرد کە (%80) لە داهاتی تاك (هەروەها کۆمەڵگە) تەنها لە بەرامبەر (%20)ی کۆشش و ماندووبوونەوە بەدەست دێ. سەرنج بدە (%80)ی داهاتی دەوڵەمەند و زەنگینەکان لە بەرامبەر ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی بچووکەوەیە، کە هاوسەنگە لەگەڵ (%20) ماندوبوونیان لە تەواوکارەکان... بە هەمان شێوە سەرنج بدە زۆربەی ئەو داهاتانەی گەلان بە دەستی دەهێنن (%80) لە ڕێگەی سامانەکانیانەوەیە کە هاوسەنگە بە (%20) تەواوی سامانی نیشتیمانی.

بەڵام لەمڕۆدا سەرنج دەدرێ کە (%20) لە هەموو گەلێك (زۆربەی جار چینی دەوڵەمەندە)، خاوەنداریێتی (%80) سامانی کۆمەڵگە دەکەن.

هەروەها (%20) لە دەوڵەتانی جیهان (زیاتر پیشەسازیەکان)، خاوەنداریێتی (%80) سەروەت و سامانی زەوی هەموو جیهان دەکەن (وەك سەرچاوەی وزە).

هەروەها (%20) کۆمپانیاکان بەرپرسن لە بەرهەمهێنان و قۆرخکردنی (%80) بازاڕە دیاریکراوەکانی (وەك: دەرمان و خواردنەوەکان)!

Scanned by CamScanner

هەروەها دەمەوێ ئاماژەش بەوەش بکەم، مەرج نییە هەمیشە بنەمای (80 / 20) وەك خۆی جێبەجێ بکرێ، بەڵکو زۆر جاران دەکرێت (90 / 10) بێت، یا (70/ 30) تەنانەت (60/ 40).

بیرۆکەکەی لێرەدا ئەوەیە کە بوونی (کەمێکی جیاواز)، بەرپرسە لە زۆرینەی بەرهەمێنانی جیهان؛ ڕەنگە (90%) داهاتی دەوڵەتێکی دیاریکراو بەرامبەر بێت بە (10%) تەواوی بەرهەمی جیهانی، لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندانی یابان خاوەنداریێتی (60%) بەرهەمی کۆمەڵگەدا ناکەن (کە ئەوە شتێکی باشە)، چونکە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا گروپێکی دەسەڵاتدار خاوەنداریێتی (95%) سامانی نیشتیمانی دەکەن!!

بە تێپەربوونی کات ئەوە دەردەکەوێت کە دەکرێت ئەو بنەمایە گشتگیر بکرێت بەسەر تەواوی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر لە نێوان مرۆڤەکاندا... بۆ نموونە:

- لە (85% ) ڕووداوەکانی هاتوچۆ، تەنها لە (15%) شۆفێران لێی بەرپرسن.
- لە (90%) هەڵە پزیشکییەکان، تەنها لە (10%) پزیشکان لێی بەرپرسن.
- لە (80%) لە هۆکارەکانی قەیرەیی، تەنها (20%) ئەو کچانە لێی بەرپرسن کە سوورن لە سەر تەواوکردنی خوێندنیان.
- لە (75%) ڕاوکردنی نایاسایی، کۆمەڵە کەسێك کە ڕێژەکەیان (25%) بەرپرسن، ئەوانیش ئەو دەوڵەمەندانەن کە هۆگری ڕاون و بەشەکەی تریش خاوەن دەسەڵاتەکانن.

Scanned by CamScanner

• له (80%) خزمەتگوزارییە شارەوانی و تەندروستییەکان (20%) شارە گەورەکان قۆرخی دەکەن!

بە هەستکردنمان بەو هاوکێشە سەیرەیە دەتوانین چارەسەری (80%) هەر کێشەیەك بکەین، تەنها بە زانینی گرنگترین ڕەگەز و پێکهاتەکانی ناوی... -بۆ نموونە- کاتێك سەرژمێرییەکان ئەوە دەردەخەن کە (85%) ڕووداوەکانی هاتوچۆ تەنها (15%)ی شۆفێران لێی بەرپرسن، ئەوسا دەبێ ئەو چینە لە شۆفێران جیابکرێتەوە (بۆ نموونە: ئایا هەرزەکارەکانن؟) لە دواییشدا چارەسەری لایەنە گەورەکەی کێشەکە بکرێ...

هەروەها کاتێك دەردەکەوێ کە (90%) هەڵە پزیشکییەکان تەنها (10%) پزیشکەکان لێی بەرپرسن، زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ ئەو جۆرە پزیشکانە دیاری بکرێن و جارێکی تر بە شیاوبەتی پیشەییاندا بچنەوە، یانیش چاودێری توندیان بخەنە سەر... بە هەمان شێوە کاتێك ئەوە جێگیر دەبێ کە (60%) بەرزبونەوە ڕێژەی قەیرەیی هۆکارەکەی پەیوەستە بە هەڵبژاردنی تەواوکردنی خوێندن لەلایەن کچانەوە و لە بەرامبەر بژاردەی هاوسەرگیری، ئەوا دەبێ هەڵمەتێکی چارەسەری بۆ ئەو بابەت دیاری ڕابگەیەنرێ بە تایبەتیش لەو کۆلیژانەی کە تایبەتن بە کچان.

ئێستا دێینە سەر ئەو خاڵەی کە تۆ لات گرنگە:

تەنانەت لەسەر ئاستی تاکە کەسیش، دەکرێت بنەمای (80/ 20) لە ژیان و کار و دابینکردنی کات و کۆشش سوودت پێبگەیەنێ. - بۆ نموونە- (80%) داهاتی تۆ لە ڕێگەی تاکە

پیشەیەکەوە بەدەست دێت، ڕەنگە لە بەدەستهێنانیشیدا ڕۆژانە تەنها (20%) هەوڵ و کۆششت تیایدا بخەیتەگەڕ (ئەوەش واتای ئەوەیە تۆ هێشتا زۆر کات و توانات ماوە بۆ ئەوەی ئاستی داهاتت بەرزبکەیتەوە).

ئایا سەرنجت داوە (80%) ئەوەی تۆ ماندوو دەکات و ئارەقت پێ دەڕێژێ تەنها (20%) داهاتت بۆ دابین دەکات (ڕەنگە کەمتریش بێت، وەك لە بابەتی دواتر بە دیار دەکەوێ)

لە هەمان کاتیشدا زۆربەمان هەمیشە سکاڵای بەرتەسکی کات و سەرقاڵیی و نەبوونی کاتێك بۆ دایشتن لەگەڵ منداڵەکان.. دەکەین، بێ ئاگا لەوەی (80%) کاتەکانمان بە سەیرکردنی تەلەفیزیۆن و شەونخوونی و گفتوگۆ و چات لەگەڵ هاوڕێکان بەسەر دەبەین!

ئەگەر سەرنجی پیشەکەشت بدەیت، دەبینی (80%) کار و چالاکی و سەرکەوتن و ناوبانگت لای بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانت بە بەگەرخستنی (20%) تواناکانتە لە کارەکەت. ئەگەر کەمێکیش ڕابمێنی لەو ماوەیەی کە لە کاریت دەبینی زۆربەی کاتی ڕۆژانەت لە دەوام بە قسەکردن و گفتوگۆکردن و ڕۆتینات دەڕوات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پلەت بەرز دەکرێتەوە، سوپاس و پێزانین وەردەگریت لە بەرامبەر کارێکی جوانت یانیش سەرکەوتنێك...

بۆیە دوای ئەو وتانە، ئەم ئامۆژگاریەم لێ قبووڵ بکە:

ئەگەر ویستت بە کەمترین کۆشش و خێراترین کات سەربکەوی... ئەگەر ویستت زیاتر چێژ لە کاتە بەتاڵەکانت وەربگریت و چالاکییەکانت زیاتر بن... ئەوا بە دوای (20%) بگەڕێ، واز لە (80%) بهێنە، چونکە شیاوی ئەوە نییە تۆ ئەو هەموو هەوڵەی بۆ بدەیت و خۆتی بۆ ماندوو بکەیت.

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- هەمیشە بە دوای لە سەدا بیستدا بگەڕێ، چونکە (%80) ئەنجامی باشییت پێ دەبەخشێ.
- سەرکەوتنت بە ڕێژەی (%100) لە بەرامبەر کۆششت بە ڕێژەی (%100)، واتە گۆڕانی تۆ بۆ ڕۆبۆتێك، کە نە چێژ لە ژیان وەردەگری، نە لە بەرهەمی سەرکەوتنەکانی.
- ئەزموونکردنی بنەمای (80/ 20) بواری ئەوەت پێ دەدات کە سەرکەوتن و چێژ بەیەکەوە کۆبکەیتەوە.

❁❁❁

# کەواتە.. بە توانایەکی زیاتر و کۆششێکی کەمترەوە کار بکە

ڕاست نییە ئەگەر بگوترێ هەموو کار و پیشەیەك پێویستی بە توانایەکی زۆر و خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششێکی زۆر هەیە.. بەڵکو دەکرێ بڵێین تەواو پێچەوانەی ئەو قسەیە دروستە، چونکە دەشێ بە کەمترین هەوڵ و کۆشش و ئارەقکردن بگەین بە قازانج و کار و پیشەیەکی شیاو.

وەك - نموونەیە- هەر فەرمانبەر یان کرێکارێك کە تۆ دەیناسیت و لە نووسینگە یان فەرمانگە یان ماڵ لای تۆ کار دەکات.. سەرنجی بدە دەیەوێ بە کەمترین ئارەقکردن و ماندووبوونەوە کارەکە تەواو بکات، لە بەرامبەریشدا دەیەوێ مووچەیەکی زۆر یان ڕۆژانەیەکی زۆر بە دەست بخات.

لە جیهانی گیاندارانیش بە هەمان شێوەیە، گیاندارە کەڵبدارەکان دەیانەوێ بە کەمترین لە هەوڵ بگەن بە نێچیرەکان، هەر بۆیەش چاوەڕێ دەکەن تا دەرفەتی دەڕەخسێ و نێچیرەکە نزیك دەبێتەوە.. ئەوسا بڕیار دەدات و لە دواوە زەفەری پێدەبات و دەیکاتە ژەمێکی خۆشی خۆی.. لە بۆشایی ئاسمانیش هەسارەکان و تەواوی مەجەڕەکان هەمیشە بە ڕێڕەوێکی ئاساندا دەسووڕێنەوە.

هەمان ئاست لە جیهانی نەوەوەی و ئەلیکترۆنیاتیش دەبینرێ، کۆتاکەیان دەیەوێ بە کەمترین هەوڵ و بە بەخشینی کەمترین وزە کرداری خۆی تەواو بکات.

Scanned by CamScanner

جا بەو پێیەی تۆش بەشێکیت لەم گەردوونە، بۆیە مافی خۆتە کە بە کەمترین کات و بە بەخشینی کەمترین وزە ببیت بە خاوەنی داهاتێکی زۆر (چ جای لە ژیانی پیشەییت بێت، یان خێزانی، یان کۆمەڵایەتی..). بۆ گەیشتنیش بەو ئامانجە پێویستیت بە فێلکردن و شیکردنەوە نییە (چونکە نەوەوەی هەسارەکان هیچ لەم دەستەواژانە نازانن).

- بۆ نموونە- لە پیشەی ڕۆژانەی خۆتدا، ئەگەر سەرنج بدەیت زۆربەی هاوڕێ و هاوپیشەکانت دەیانەوێ بە کەمترین هەوڵ و ماندووبوون کار و ئەرکەکانیان تەواو بکەن، جا چ بە هەڵدانەوەی فایلەکان بێت یان بە بەجێهێشتنی شوێنەکانیان بێت، لە هەمان کاتدا تۆش دەتوانی هەمان شت ئەنجام بدەیت، وەك ئەوان بە ئاسانی کاتەکات تێپەڕ بکەیت (بەڵام) تۆ دەوانی بە تەرکیزکردنت لەسەر ئەرك و پیشەی ڕۆژانەت بە کەمترین کات کاری زۆر لەوان زیاتر و باشتریش ئەنجام بدەیت.

منیش وەك خۆم لە ماوەی کارکردنم لە کرداری فێرکردن، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە ئەو کارەی بە هەشت کاتژمێر تەواو دەبێ، دەکرێت لە ماوەی دوو کاتژمێر یان سێ کاتژمێر هەمان شت ئەنجامبدرێ و پێشکەش بکرێ (بە مەرجێ دەرگاکەت دابخەیت و خۆت لە هاوڕێکانت دوورەپەرێز بگریت و مۆبایلەکەت دابخەیت و واز لە ڕۆژنامەکان بهێنیت). بەمشێوەیەش تۆ کاتێکی زۆر بۆ خۆت دەگێڕیتەوە و هەوڵێکی باش دەبەخشیت و بە دەستهێنانی باشیشت دەبێ، بێ ئەوەی فێڵ لە کەس بکەیت و دووچاری هیچ

دوودڵـی و ڕاڕایـیەك ببیـت، یـان دووچـاری هـیچ جۆرێـك لە سەرزەنشت ببیتەوە!

ئامانج لە نووسینی ئەو بابەتە تەنها ئاگـادارکردنەوە و ڕاکێشانی سەرنجی تۆی ئـازیزە (نەوەك پێشکەشکردنی چەنـد ئامۆژگـاری و ڕێنمـوونییەك)، بـۆیە دەتـوانی هەر دوو ئامـانجەکە بە یەکەوە کۆبکەیتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی بنەمای (80/ 20).

کاتێك درك بەو ڕاستییە دەکەیت ڕێژەی ئاگاداری و هۆشیاریت لە بەرامبەر ئەو ڕەفتار و نەریت و توانایانە بەرز دەبێتەوە کە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و کاراییت لە گشت بوارەکانـدا، (بەمەش 80% داهات و دەرئەنجامی ڕۆژانەت بەدی دەهێنـی)، لە بەرامبەریشـدا هەوڵبـدە ڕزگـارت بێـت لەو نەریـت و ڕەفتـار و کردارانەی کە بۆ ئەنجامدانیان کاتێکی زۆر و وزەیەکی گەورەیـان پێویستە، لە هەمان کاتیشدا دەستهات و داهاتەکانیشیان زۆر کەم و بێ بایەخن!!

زۆر بە کورتی.. هەوڵبدە وەگ ئەو پڵنگە بیت کە هەر لەگەڵ یەکەم سەیرکردنی نێچیرەکەیەوە، دەزانـی ئایا ئەو نێچیرە شیاوی ئەوەیە هەوڵی بە دەستهێنانی بۆ بدرێ و دوای بکەو یان نا؟!

ئەگەر وەڵامەکەت (نەخێـر) بـوو ئەوا پێویسـتە هەوڵـی بەدەستهێنانی بدەیت بە کەمترین وزە و خێراترین کات!

## پوختەی تیۆرەکە

- بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی باشی داهات لە بەرامبەر بەخشینی کەمترین هەوڵ، مافێکی ڕەوای خۆتە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کاراییت.
- کارایی واتا ئەنجامدانی کاری گرنگ بە کەمترین کات، بە کەمترین هەوڵ، بەبێ هیچ قوربانیدانێك.
- خۆت دەربازبکە لەو نەریت و ڕەفتارانەی کە بۆ ئەنجامدانیان کۆششێکی زۆریان دەوێ، لە بەرامبەریشدا ئەنجامەکانیان لاواز و بێ بایەخن.

***

## له ماوەی سێ خولەکدا چی دەکەیت؟!

باوکم کارگەیەکی بۆ دروستکردنی زێڕی هەبوو. بەڵام زۆر بەخیل و چروك بوو، بە جۆرێك زەوی شوێنەکەی بە قوماشێکی سپی داپۆشیبوو، تا تۆزی سەر زێرەکە بکەوێتە سەری و بەفیرۆ نەچێ. لە کۆتایی هەفتەش قاچەکانی خۆی تەڕ دەکرد و لە سەر پارچە قوماشە سپیەکەی دەسوڕایەوە، تا ئەگەر شتێکی پێوەبێت بە قاچەکانییەوە بنووسێ.. بەم کارەی چەند دەنکۆڵەیەکی بچووکی زێری بە دەست دەهێنا.. بەڵام ئەو، ئەم کردارەی خۆی بە نهێنی پیشە دەزانی!

نازانم ئەوە چیرۆکی چ کەسێکە، بەڵام بینینی ئەو چیرۆکە وای لێکردم تا بیر لە حاڵەتێکی هاوشێوە بکەمەوە کە ڕەنگە لە ژیانی هەموان بوونی هەبێ، لە ژیانی هەر یەکێکمان چەند خولەکێکی بە فیرۆچوو هەیە، کە زۆر گرانبەهاترن لە دەنکۆڵە زێڕە کەوتووەکان.. هەموان سکاڵای کەمی و کات و سەرقاڵیی دەکەین؛ بەڵام تەنانەت ئەگەر زۆریش سەرقاڵ بین (وەك زۆربەمان بانگەشەی ئەو سەرقاڵییە دەکەین!) زۆرێك لە ئێمە ڕۆژانە لایەنی کەم دوو کاتژمێر لە کۆی خولەکە بڵاوەکان بە فیرۆ دەدات، لە وەستانت لە ترافیك.. لە ڕێگەی ڕۆیشتنت بۆ لای دوکاندارەکەی گەڕەك.. لە وەستانت لە ڕیز.. لە کاتی وەستان لە ژێر ڕەشاشی گەرماو.. کاتێکی گرنگ و بە بەهات لە دەست دەچێت، کە دەتوانی بە کەمێك لە توانایی هەمووی لە بەرژەوەندی خۆت بقۆزیتەوە!!

من خۆم ئەو بیرۆکەیەم بەو شێوەی خوارەوە لە ئەزموونەکانی کەسایەتی خۆم جێبەجێکرد:

- لە کۆتا ساڵی قۆناغی ناوەندی بڕیارمدا کە فێری زمانی ئینگلیزی ببم، هەر ئەو کات دەستم پێکرد و وشە نوێیەکانم لەسەر پارچە کاغەزی بچووك دەنووسیەوە تا لەبەریان بکەم (لە کاتە بەتاڵەکان). کاتێك لە ماڵەوە دەچوومە دەرەوە سەیرم دەکردن، لە کاتی وەستان لە ترافیك سەیرم دەکرن، لە کاتی ڕۆیشتنم بە ڕێگادا.. تەنانەت لە ماڵەوە بە ئاوێنەی دەستشۆری ماڵەکەی خۆمانەوە هەڵمدەواسین، تا لەگەڵ هەر دەستشووشتنێك، یان هەر دەم و ددان شووشتنێك بیانبینم و بیانخوێنمەوە!

- بەڵام ئەزموونی دووەمم لە ڕەمەزانی ساڵی (1416)ی کۆچی بوو، کاتێك سورەتی کەهفم لەبەرکرد، ئەویش بە دووبارەکردنەوەی (10) ئایەت لە ڕۆژێکدا.. ئەمەش تەنها لە ڕێگەی ڕۆیشتنم بۆ حەرەم.

- ئەزموونی سێیەمم ئەو کاتە بوو کە یەکێك لە هاوڕێکانم زیاتر لە سەد شریتی دەنگیی پێدام کە وانەکانی شەرحی (عمدة الأحكام)ی "محمد المختار الشنقيطي" تێدابوو. سەرەتا کاتێکی گونجاوم بۆ گوێگرتن لێیان تەرخان کرد.. بەڵام لە ماوەیەکی دیاریکراودا توانیم گوێ لە هەموویان بگرم، ڕۆژانە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل گوێم لە شریتێك دەگرت.

- تا ساڵی (2006) من دوو پیشەم ئەنجام دەدا، لە میرنشینی مەدینە وەك فەرمانبەری حکومی، لە ڕۆژنامەی ڕیازیش وەك

نووسەرێکی ڕۆژانە.. جا لەبەر ئەوەی پێویست بوو کە من ڕۆژانە لە گۆشەی تایبەت بە خۆم بابەتێکم هەبوایە، دەبوو زۆر بە دوای زانیاری و هەواڵی زانستیدا بگەڕابام و بەدواداچوونم بۆیان کردبا؛ هەروەها لەبەر ئەوەی کە بەیانیان کارم دەکرد و ئێواران دەمنووسی هیچ کاتێکی وام بۆ نەمابوویەوە جگە لە (خولەکە بڵاوەکان) بۆ بە دواداچوونەکانی ترم.. ئا بەم شێوەیە وام لێهات بتوانم کتێبێک بنووسم بە کۆکردنەوە ئەو خولەکە بڵاوانە، گیرفانەکانم پڕکردبوو لە چیرۆکی جیا جیا، لەگەڵ خواردنەوەی قاوەی بەیانیانیش سەیری کەناڵی (دیسکەڤەری)م دەکرد.. تەنانەت من کتێبخانەیەکم لە گەرماویش هەبوو (هیچ بابەتێکی بە زمانی عەرەبی تێدا نەبوو، ئەگەر ئەو زانیارییەت لا گرنگ بوو)!

سروشتی مرۆڤەکانیش وایە کە هەرگیز بێ کێشە و گرنگیدانی جیا جیا نییە؛ بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە سوود لە خولەکە بڵاوەکان وەربگیرێ بۆ ڕاپەڕاندن و بەجێگەیاندنی ئەو کارانەی کە خەمی ڕاپەڕاندنیان زۆر گەورەترە لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنەکەیان.. بۆ نموونە ئەو کاتانەی سێ خولەکی بەتاڵت هەیە، پێشنیارت بۆ دەکەم کە یەکێک لەم کارانەی تێدا ئەنجام بدەیت:

- پەیوەندییەک بە پورتەوە بکە، کە ماوەی ساڵێکە سەردانت نەکردووە.

- چەند ڕاهێنانێکی تایبەت بە سک و دابەزینی ورگ ئەنجام بدە.

— پەرە زیاد و ناپێویستەکانی ناو دزدانەکەت بدڕێنە و بیانخە زبڵدانەوە.

— پەڕەی ڕۆژمێری ئەمڕۆ لێبکەرەوە و هۆنراوەکەی پشتی لەبەربکە.

— ئینتەرنێت بکەرەوە و پارچە ڤیدیۆیەکی سوودبەخش سەیربکە.

— سەیرێکی هەژماری خۆت بکە.

— لامپا یان گڵۆپە سووتاوەکەی چێشتخانە بگۆڕە.

— سەیرێکی لیستەکانت بکەرەوە.

— ئاوی ڕادیێتەی ئۆتۆمێلەکەت بپشکنە.

— سەر و ڕیشت ڕێکبخە.

— نینۆکەکات بکە.

— مێزەکەت پاکبەرەوە.

— سەیری ڕۆژنامەیەك بکە.

— چەکمەجەی ئۆتۆمبێلەکەت ڕێکبخە.

— چاویلکەکەت پاك بکەرەوە.

— ناوچاوانی هاوسەرەکەت ماچ بکە.

— ئەو بابەتە ببرە و لە سەرەوەی دەستشۆرەکە هەڵیبواسە.

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- لە ژیانی ڕۆژانەماندا چەند خولەکێکی پەرتوبڵاو هەن، ئەگەر کۆبکرێنەوە دەبنە سامانێکی بە نرخ.
- ئەو کاتەی خولەکی بەتاڵت بۆ دروست دەبێت، خێرا لە خۆت بپرسە: (چ شتێك بوو من لە مێژە نیەتی ئەنجامدانیم هەبوو؟).
- سێ خولەکی زیادە لە هەر کاتژمێرێك، یەکسانە بە کاتژمێر و چارەگێك لە ڕۆژێکدا، ڕۆژ و نیوێك لە مانگێك، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر تۆ بەڕاستی و بە واتای وشە پێیەوە خەریك بیت.

***

Scanned by CamScanner

## پەلەکردن لە شەیتانەوەیە،
## بەڵام خێرایی نیشانەی ئەزموونداریییە

پێم بڵێ: چ کاتێك لە ئەنجامدانی هەر کارێك دوا دەکەویت؟!

ئەو کاتەی کاتێکی تەواوت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکە!!

چەند جار دیدار و کاتێکی دیاریکراوت لەگەڵ کەسێکدا هەبووە و هەستت کردووە هێشتا زووە و خۆت بە شتی تر سەرقاڵ کردووە.. درێژەت بە کارەکەت داوە و وەك هەمیشەش لە کاتی دیاریکراوت لەگەڵ کەسەکەدا دوا کەوتوویت؟!

ئێستا حاڵەتەکە پێچەوانە بکەرەوە؛ ئاگادارکەرەوەی مۆبایلەکەت کاری نەکرد، تۆش لە ترسی دواکەوتنت بۆ دەوام بەخێرایی هەڵدەستیت و خۆت ئامادە دەکەیت جلەکانت دەپۆشی (لەسەر پەیژەی قادرمەکە)... پاشان... دەبینی تۆ لە کاتی گونجاو و دیاریکراودا گەیشتویت!!

ئەوە تەنیا حاڵەتێکی زیهنی بوو بۆ بەراوردکردنی کەسێك و کەسێکی تر، لە کات بۆ کاتێکی تر؛ لە حاڵەتی یەکەم دواکەوتنت تەنها لەبەر ئەوە بوو کە تۆ پێت وابوو کاتێکی زۆرت لەبەردەستدایە بۆ چاوپێکەوتنەکە، بۆیە دواکەوتیت و کاتەکەت لێ بەفیرۆ ڕۆیشت، بەڵام لە حاڵەتی دووەم تۆ لە کاتی گونجاوی خۆت گەیشتیت، چونکە تۆ هوشیار بوویت و کاتێکی کەمت بەخشی بە کردارە سەرەتاییەکان و بەخێراییەکەت چارەسەرت کردا

له حاڵه یه‌که‌م (سه‌ره‌ڕای هه‌بوونی کاتێکی زۆر)، که‌مێکی تر.. که‌مێکی تر.. و درێژه‌تدا به‌ ئه‌نجامدانی کاره‌که‌ت. به‌ڵام له‌ حاڵه‌تی دووه‌مدا (سه‌ره‌ڕای به‌رته‌سکی کاته‌که‌ت) به‌ڵام شته‌ سه‌ره‌تاییه‌کان لای تۆ ڕوون و دیاربوون، هه‌ر بۆیه‌ به‌ سه‌رکه‌وتوویی گه‌یشتیته‌ شوێنی دیاریکراو.

له‌ سه‌یرکردنی ژیاننامه‌ی که‌سه‌ گه‌وره‌ و سه‌رکه‌وتووه‌کاندا هه‌میشه‌ هه‌ست به‌وه‌ ده‌که‌یت که‌ ئه‌وان به‌ به‌رده‌وامی به‌ده‌ست که‌می کاته‌وه‌ ناڵاندوویانه‌، به‌ڵام له‌ هه‌مان کاتیشدا کاری وا گه‌وره‌یان ئه‌نجامداوه‌، که‌ به‌ چه‌ندین قۆناغه‌وه‌ له‌ پێش کاری که‌سه‌ ده‌ستبه‌تاڵه‌کانه‌وه‌ دێن.. هۆکاری ئه‌وه‌ش بۆ ئه‌وه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ که‌ که‌می کات ئاستی ئه‌وانی به‌رزکردۆته‌وه‌ و تواناکانی زیاد کردووه‌، تا وایان لێهاتووه‌ که‌ کاره‌کانیان زۆر به‌سه‌رکه‌وتوویی و له‌ که‌مترین کاتدا به‌ ئه‌نجام گه‌یاندووه‌. له‌ هه‌مان ده‌مدا هه‌ر که‌سێ پێی وابێت که‌ کاتێکی زۆری له‌ به‌رده‌مدایه‌ بۆ ئه‌نجامدانی کاره‌که‌ی، ئه‌وا شکست یاوه‌رێتیی ده‌کات و ته‌مه‌نی به‌فیڕۆ ده‌ڕوات و به‌ هیچ ده‌سکه‌وتێکیش ناگات!

جیاوازی له‌ نێوان خێرایی و په‌له‌کردن هه‌یه‌... که‌سه‌ سه‌رکه‌وتووه‌کان ئه‌زموون و ژیریی خۆیان بۆ ئه‌نجامدانی کاره‌کانیان به‌ که‌مترین کات ده‌خه‌نه‌گه‌ڕ. به‌ڵام که‌سه‌ شکستخواردووه‌کان ئه‌و کاته‌ په‌له‌په‌ل له‌ کاره‌کانیاندا ده‌که‌ن کاتێك ده‌زانن کاتیان له‌به‌رده‌ست نه‌ماوه‌ بۆ ئه‌نجامدانی کاره‌که‌یان، هه‌ر بۆیه‌ش ئه‌نجامی کاره‌که‌یان هه‌میشه‌ به‌ هیچ کۆتایی دێ!

سەرکەوتووەکان هەر کات کارێکی نوێیان بێتە ڕێ، بە دەروونی خۆیاندا دەچنەوە و خشتەیەك بۆ ئەنجامدانی دادەنێن و کاتەکانیان ڕێك دەخەن. بەڵام شکستخواردووەکان دەشڵەژێن و مێشکیان ئاڵۆز دەبێ و نازانن لە کوێوە دەست پێ بکەن، هەر بۆیە لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە.

وینستۆن چێرچڵیش سەبارەت بەو ڕاستییە دەڵێ: "ئەگەر ویستت هەر کارێك لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت، ئەوا بیدە بە کەسێکی سەرقاڵ!" هەروەها بیرمەندی ئینگلیزی "تشسترفیلد" دەڵێ: "کەسانی خاوەن عەقڵ و هۆشمەند خێرایی دەکەن، بەڵام هەرگیز پەلەپەل ناکەن".

هەر یەك لە ئێمە ڕەنگە لە دەوروبەری خۆمان چەند فەرمانبەرێکی وا بناسین، کە زۆر تەمبەڵن و هیچ کارێك جگە لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و خواردنی گوڵەبەڕۆژە ئەنجام نادەن. کاتێکیش کارێکیان پێ دەسپێردرێ (تەنها یەك کار) تووڕەدەبن و هات و هاوار دروست دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەرکەکە بخەنە سەر شانی کەسێکی تر. لە هەمان کاتدا فەرمانبەرانێك هەن کە بە تەنها یەکێکیان تەواوی کارەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی و زۆر بەخێرایی و بە پوختی ئەنجامیان دەدات، بە جۆرێك سەرنجی هەموو دەوروبەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

بازرگانێك چیرۆکێکی نموونەیەی بۆ گێڕامەوە.. گوتی:

سکرتێرێکم هەبوو زۆر چوست و چالاك بوو، زۆر قورسایی کارەکانی لەسەر من لادابوو، لەگەڵ فراوانبوونی کارەکەم ئەویش

کارەکانی زیاتر دەبوون، بەڵام توانا و خێرایی ئەو هەر وەکو خۆی بوو و هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات. من لە ناخەوە دڵتەنگ بووم بۆی، دەمگوت دەبێ چ کاتێك بتەقێتەوە و پێمبڵێ (من دوو هاوکاری ترم دەوێ)؟ لە کۆتاییشدا ئەو ڕۆژە هات، لە ڕێگەی هاوڕێیەکم پێی گوتم، چونکە خۆی زۆر شەرمن بوو. ئەوسا بانگم کرد و لێم پرسی: تۆ چی پێشنیار دەکەیت مامۆستا؟ گوتی: لە سکرتاریەت بەشێك دروست دەکەین کە پێویستی بە پێنج فەرمانبەرە، هەر یەکێك لەو فەرمانبەرانە بە ئەرکی بەشێکی کۆمپانیاکە هەڵدەستێ. بیرۆکەکەم زۆر لا جوان بوو، هەر وەك کە گوتی بەشەکەمان کردەوە، بەڵام دەزانن چی ڕوویدا (چی ڕوویدا؟!) ئاستی ئەنجامدانی کارەکان زۆر دابەزی، سەرەڕای ئەوەی بوون بە شەش کەس! وایان لێهاتبوو کارەکانیان دوادەخست و بە چاکیی ئەنجامیان نەدەدا و زۆر جارانیش خۆیان لە کارەکان دەدزیەوە.

لێم پرسی: پاشان چیت کرد؟! گوتی: جا چی بکەم، بەشەکەم بە تەواوی هەڵوەشاندەوە و مووچەی مامۆستا عادلم زیاد کرد!!

ئەوسا بیرۆکەی ئەو نووسینەم هاتە مێشك و وتەکەی چێرچڵم بۆ گوت!!

***

## پوختەی تیۆرەکە

- هەر کاتێك وا هەست بکەیت کە کاتێکی زۆرت لەبەردەم دایە بۆ ئەنجامدانی کارەکەت، ئەوا دوا دەکەویت.
- کەسانی شارەزا خێرا دەبن، بەڵام هەرگیز پەلەپەل ناکەن، بەڵام کەسە شکستخواردووەکان هەمیشە پەلە دەکەن و بە هیچیش ناگەن.
- کەسێکی سەرقاڵ زۆر باشترە لە کۆمەڵەیەك کە ناتوانن خۆیان ڕێك بخەن.

✲✲✲

Scanned by CamScanner

## گیراوەیەکی نەرویجی

کەسانێك هەن لە بیرکردنیان ئەستەمە؛ چونکە (لە ڕاستیدا) چەند هەڵوێستێکیان پێ بەخشیووە ئەستەمە لە یاد بکرێن.. ئەو حاڵەتانەش زۆر بەخێرایی ڕوودەدەن، بەتایبەتی ئەو کاتەنەی کە خۆت لە دەرەوەی شاری خۆت دەبینیتەوە، چونکە سروشتەکە وایە کە گەشتیار هەمیشە لە دەرەوەی نیشتمان یان شاری خۆی ئەزموون و هەڵوێستی زۆر خێرایی دێتە پێش، وەك لەوەی کە لە زێدی خۆی.

ئێستاش فەرمانبەری پێشوازی یەکێك لە ئوتێلەکانی ئۆسلۆم لە بادە (ئەو ئوتێلەی کە چەندین ڕۆژم تیایدا بەسەر برد، بە ئەندازەیەك وام لێهاتبوو کە هەموو فەرمانبەرەکانیم دەناسی) ئەو فەرمانبەرەی کە لێم پرسی: باشە تۆ بۆ بە درێژایی ڕۆژ پێدەکەنیت؟ گوتی: چونکە هەموو ڕۆژێك لای من ژیانێکی نوێیە.

وەڵامەکەی سەرسامی کردم، منیش ئەو ڕۆژەم وەك دیارییەکی نوێی پەروەردگار سەیر کرد (هەر ئەمەیە کە ناوم ناوە گیراوەیەکی نەرویجی). لە بەرامبەریشدا نەمدەتوانی ڕێگری لە مێشکم بکەم کە بیر لەو کەسانە نەکاتەوە کە بەناوی خواپەرستییەوە ڕووی خۆیان گرژ دەکەن، لەکاتێکدا دەکرێ بە زەردەخەنەیەك بە ڕووی براکەتدا چاکەیەك دەست بخەیت.

من (وەك باوەڕی خۆم) هەرگیز باوەڕم بەوە نەبووە کە

خۆشبەختی و کامەرانی پەیوەستن بە پارە و رۆشنبیری و تەنانەت بە باوەڕیش.. ئەگەر پەیوەست بێت بە پارە و سامان ئەوا (وەك لە کۆتا وتار باسمان کرد) هەرگیز لەم جیهانە پان و بەرینە هەژارێکت نەدەبینی کە زەردەخەنەیەك بکات.. ئەگەر هاتبا و پەیوەست بوایە بە باوەڕ، ئەوا هەرگیز پیاو چاکەکان دڵتەنگ نەدەبوون و بە ئاسانیش لە نێوان هەزارەها ئایینـدا جیا نەدەکرانەوە.. ئەگەر پەیوەست بوایە بە زۆری زانست و رۆشنبیرییەوە ئەوا دەتبینی کە کەسە زانا و رۆشنبیرەکان خۆشبەخترین کەسانی دنیا دەبوون.

لە بەرامبەردا چەندان جار کەسانی زۆر هەژاری وڵاتانی هەژارم بینیوە کە بە هەموو شێوەیەك هەژاری باڵی بەسەردا کێشاون و دەستی لە بیناقاقا ناون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەیەکی زۆر لە کامەرانی و بەختەوەری لە رووخسارياندا بەدی دەکەیت.. من یەکێك بووم لە پێشوازیکارانی میوانانی خزمەتکاری هەردوو حەرەم، کاتێك بۆ یەکەمین جار خەڵکی غەزەم بینی کە بۆ مەراسیمی حەج هاتبوون، وا پێشبینیم کرد و گوتم رەنگە شوێنەواری خەم و شکان و نارەحەتی و ئەو گەمارۆدانەی کە وڵاتی ئیسرائیل لە بەرامبەر ئەواندا پەیڕەوی دەکات، بە رووخساریانەوە دیار بێت، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەوان زۆر لە ئێمە لێبووردەتر و دڵخۆشتر و کامەرانترن و دەنگی پێکەنینەکانیان لە دوورەوە دەبیسترا.

لە ڕاستیدا نائومێدی و بەدبەختی (وەك کامەرانی)، هیچ کەسێك ناتوانێت لە دەرەوە لەسەرت فەرز بکات.. بەڵام لە بەرامبەردا..

Scanned by CamScanner

کامەرانی و خۆشبەختی (وەك بەدبەختی) لە ناخەوە بە گوێرەی هەڵوێست و ڕێگای بیرکردنەوە و دیدت بۆ ژیان هەڵدەقوڵێ. بۆیە تاوەکو بە ئاسوودەیی و کامەرانی بژیت، پێش گەڕانت بە دوای دەرەوەی خۆت، ئەوا بە دوای هۆکارە مەعنەوییەکان و کەسایەتی و خانەوادەدا بگەڕێ.. هەرگیز لە لایەنە هەڵەکە مەڕوانە، بەڵکو لە لایەنە ئیجابیەکە بڕوانە، ئەوسا دەبینی کە چەند کامەران و دڵخۆش دەبیت، واز لە ئەزموونکردنی شتە مادییەکان بهێنە بۆ گەیشتن بە کامەرانی، شتێکی بچووکی مەعنەوی زۆر زیاتر لە شتە مادییە گەورەکان دڵخۆش و کامەرانترت دەکات (وەك پەیوەندیکردنت بە هاوڕێلێکت، سەیرکردنی تۆم و جیری لەگەڵ منداڵەکانت).

ئەگەر دەتەوێ کامەران بژیت و خەیاڵت ئاسوودە بێ، ئەوا واز لە گرنگیپێدانی ئەو شتانە بهێنە کە خەڵکی ئەنجامی دەدەن، یان چییان هەیە و چۆن لە ژیانی تایبەتی خۆیان ڕەفتار دەکەن...

هەرگیز خۆت لەگەڵ کەسدا بەراورد مەکە، گرنگیش بە بۆچوونی کەس مەدە، هەر شتێکیش لەگەڵ میزاج و سروشتتدا نەگونجا، ئەوا بە ڕێگەیەکی جوان ڕەتی بکەرەوە.

واز لە پەشیمانی و پێداچوونەوە بە هەڵەکانی ڕابردووت بهێنە، هەموو بەیانییەك بە جۆرێك هەستە کەوا تۆ سەر لە نوێ ژیانێکی نوێت پێبەخشراوەتەوە.

خۆت بە هیچ ڕاجیایی و ناکۆکییەکی مێژوویی و مەزهەبی و باوەڕی کە چەندین سەدە بەر لە ئێستا ڕوویانداوە سەرقاڵ مەکە، چونکە: ﴿...فَٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ﴾ [البقرة: ١١٣]

Scanned by CamScanner

واتە: ((...خوداش لە ڕۆژی قیامەتدا دادگایی نێوانیان دەکات لەوەی کە ناکۆکن تیایدا)).

هەرگیز لە خەم و خەفەت و ناڕەحەتیدا مەژی، ویژدانی خۆت ئازار مەدە بە شتانێکی بچووك کە لە ڕابردوودا ئەنجامت داون (ڕەنگە ئەوانە شتانێك بن کە خودای گەورە لە نوێژێکەوە بۆ نوێژێکی تر لەسەرتی سڕیبێتەوە، یان لە هەینییەك بۆ هەینییەکەی تر، یان لە ڕەمەزانێك بۆ ئەوی تر..) هەر کەسێکیش بڵێ خەڵکی تیاچووە، ئەو ئەو لە ناوی بردوون.

هەرگیز ژیانی خۆت قورس مەکە، چێژ بە دڵت بیەخشە و بەشتی ئارامبەخش ئارامی بکەرەوە، هەمیشە ئەو دوو دێڕەی (ئیلیا ئەبو مازی)ت بیر بێت کە دەڵێ:

من یظن الحیاة عبئا ثقیلا هو عبء علی الحیاة ثقیل

أیها الشاکي وما بك داء کن جمیلا تری الوجود جمیلا

جار جارە بگەڕێوە بۆ سەر خوێندنەوەی وتاری (چەند هەنگاوێکی بچووك بۆ بەختەوەری)، لیستێکیش بۆ خۆت دروست بکە، ئەو شتانەی تیادا بنووسە کە زۆر هەرزانتر لە سەروەت و سامان و پلە و ماڵ و موڵك دڵخۆشت دەکەن و کامەرانیت پێ دەبەخشن.

ئەگەر تا ئێستاش ئەو لیستەت دروست نەکردووە و شتەکانت نەنووسیون (لە بەرامبەریدا دەستەوەستان و دۆشداماوی)، زۆر بە سادەیی پێت دەڵێم دەتوانی ئەو شتانە ئەنجام بدەیت کە لە وتار و بابەتی داهاتوودا پێتی ڕادەگەیەنم.

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەگەر کامەرانی پەیوەست بوایە بە پارە و سامان و دەسەڵات و باوەڕ، ئەوا هەرگیز هەژاران زەردەخەنیان نەدەهاتە سەر لێوان، هەرگیز دەوڵەمەندەکان غەمبار نەدەبوون، پیاوچاکانیش دوچاری تەنگوچەڵەمە نەدەهاتن.
- ڕۆژەکەت بە کامەرانی دەست پێ بکە، ڕابردوو کۆتایی هات، داهاتوو دیار نییە، ئێستات دیارییەکی خودایە و پارێزگاری لێبکە.
- ئەگەر کامەرانی لە ناخی خۆتەوە سەرچاوە نەگرێت، هەموو گەنجینەکانی دونیا ناتوانن کامەرانت بکەن، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بەدبەختی لە ناخی خۆتەوە سەرچاوە نەگرێت، هەموو نائومێدی و ناخۆشییەکی دونیا ناتوانن ملکەچت بکەن.

Scanned by CamScanner

## چەند هەنگاوێکی بچووک بۆ بەختەوەری

پێشووتر، وتارێکم بە ناونیشانی "پارە بەختەوەری دەکڕێت، بەڵام چەند مەرجێك" نووسی، لەوێ دان بەو ڕاستییەدا دەنێم کە دەتوانی بە دە ملیۆن دۆلار بەختەوەری و سەرکەوتن (بەبێ هیچ پێشینەیەك) بە دەست بهێنیت، بە ئەندازەیەك وات لێدەکات کە خەمەکانت لە یاد بکەیت و دڵتەنگیی خۆت لە بەرامبەر هاوسەر و هاوڕێکانت بشاریتەوە، ئەو ڕۆژە بە بەبێ خەوتن دەمێنیتەوە.. لە بەیانی ڕۆژی دواتر دەچیت بۆ شوێنی کارت تا یاداشتی دەستلەکارهەڵگرتنت پێشکەش بە بەڕێوەبەر بکەیت، (ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر شیاوی ئەوە بێت بچیت)، لەوێشەوە بەرێ دەکەویت بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلی خەونەکانت، هەر لەوێوە بەرەو نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە، تاوەکو ڤێلایەك بکڕیت کە پێشتر بە خەیاڵتدا نەهاتووە، لە کۆتایی هەفتەش هەندێك خزم و کەسوکارت بۆ پەیدا دەبن کە پێشتر هەر گوێبیستی ناویشیان نەبوویت!

بە کورتی، چەند ڕۆژێکی زۆر خۆش بەرێ دەکەیت، تیایدا هیوا و ئاواتەکانت بەدی دێن و کێشەکانت دەشاریتەوە (ئەوسا هیچ فەیلەسووفێك ناتوانێت باوەڕت پێ بهێنێت کە پارە ناتوانێ بەختەوەریی بکرێت).

بەڵام ئەگەر بازێك بۆ ساڵێك یان دوو ساڵی دواتر بدەین چی

Scanned by CamScanner

ڕوودەدات؟ بچین ئەو کاتەی کە تۆ لەگەڵ ئەو ژیانە ڕاهاتوویی و لە هەموو ڕووداوەکان بێزاربوویت، ئێستا لای تۆ ڤیلا و مارسیدیس هیچ واتایەك نابەخشن، ئایا ئەوسا باوەڕ بەوە دەکەیت کە پارە ناتوانێت بەختەوەری و کامەرانی دەستەبەر بکات؟!

بێگومان بەدەستهێنانی ملیۆنێك دۆلار بەختەوەر و کامەرانت دەکات.. کڕینی ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز و جوان بەختەوەرت دەکات، گەشتکردنت بۆ دەرەوەی وڵاتت دڵخۆشت دەکات، بوون بە خاوەنی ڤێلا بەختەوەرت دەکات (بەڵێ دەتوانم تا کۆتایی وتارەکە ئەو شتانەت بۆ بژمێرم کە دڵخۆش و بەختەوەرت دەکەن..).

بەڵام کێ گوتوویەتی کە بەختەوەریی تەنها بەو کەلوپەلە مادی و تەکنەلۆژیانەوە دەستەبەر دەبێت؟!

بۆچی ئەوەمان فەرامۆش کردووە کە بەختەوەری هەستێکی کەسیە و دەکرێ لە ڕێگەی چەند شتێکی مەعنەوی بچووکەوە دەستەبەر بکرێ، کە ڕەنگە بە بیری زۆرێك لە ئێمەدا نەیەن؟!

ئەگەر هاتبا و بەختەوەری پەیوەست بوایە بە پارە، ئەوا هەرگیز کەسانی هەژار پێنەدەکەنین، هەرگیز کەسێکی برسی زەردەخەنەی نەدەهاتە سەرلێوان، هەرگیز کەسێکی نەدار بەختەوەر نەدەبوو.. بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی هەژارەکان لە ئاستێکی بەرزتری بەختەوەری و ئاسوودەیی بیر و خەیاڵدا دەژین، بەراورد بە دەوڵەمەندەکان، چونکە ئەوان زیاتر جەخت دەخەنە سەر سەرچاوە نامادییەکان، بیر لەو هەموو ڕێگە مادییانە ناکەنەوە کە هەن، هەروەها لەو ڕووەش

ئاسوودەن کە بیر لە لەدەستدانی هیچ شتێکی گرانبەها ناکەنەوە، چونکە نیانە، هەر ئەمەشە وایان لێدەکات کە کەمتر لە دڵەڕاوکێ و ترسدا بژین.

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە تۆ؛ دەوڵەمەند بیت یان خاوەن ژیانێکی مامناوەند، دەتوانی ئاستی هەستکردنت بە بەختەوەری بەرزبکەیتەوە (بە شێوەیەکی بەردەوام، نەوەك تەنها بۆ هەفتەیەك یان دوو هەفتە) ئەمەش لە ڕێگەی کاڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرچاوە مادییەکان و تۆکمەکردنی پەیوەندییەکانت بە سەرچاوە نامادیە بچووکە کەم تێچووەکانەوە.

بۆ نموونە ئەو کاتەی پەیوەندی بە هاوڕێ کۆنەکەتەوە دەکەیت (کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە)، یان ئەو کاتەی سەری باوکت یان قاچی دایکت ماچ دەکەیت، یان ئەو کاتەی بڕێك پارەتی (زیاتر لە پێویستی خۆی) بۆ ئەو خوشکەت دەبەیت کە هاوسەرەکەی وەفاتی کردووە، ئەو ساتەی کە دیارییەك (کە لەمێژە خەونی پێوە دەبینێ) بۆ کوڕەکەت دەکڕی، ئەو کاتەی گوێ لەو سروودە دەگریت کە لە سەردەمی هەرزەکاریت گوێت بۆ دەگرت، یان ئەو کاتەی بەر لە خەوتن گوڵاوە بۆنخۆشەکەی خۆت بەسەر بالیفەکەتدا دەپرژێنی، یان ئەو دەمەی لە پێش خەوتن لە تەنیشت کچە بچووکەکەت پاڵدەدەیتەوە... ئەوا تۆ کەشێکی ئارام و بەختەوەرانەت بۆ خۆت دروستکردووە (کە هەموان زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەنجامیان بدەین)، ساتەکانی خۆت پڕکردوون لە کامەرانی... ئەوا تۆ بۆ خۆت چەند نەریتێکی کەسیت دروست کردوون کە بەختەوەرییەکی بەردەوامت بۆ دەستەبەر دەکەن،

پێچەوانەی کڕینی ئۆتۆمبێلێکی بە نرخ و جوان کە چەند ڕۆژێک یان مانگێك دڵخۆشت دەکات و دواتر ئەو هەستەت پێ نابەخشێ.

من -وەك خۆم- باوەڕم وایە کە هەموو مرۆڤێك لیستێکی بەختەوەریی هەیە، کە ڕەنگە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیا بێت، لیستی بەختەوەری ڕەنگە هەڵسەنگاندنی پێکهاتەکانی بڕێك قورس بێت، بەڵام من ئامۆژگاریت دەکەم بە دانانی ئەو لیستە.. من لە خوارەوە لیستی بەختەوەریی تایبەت بە خۆمتان نیشان دەدەم، داواکارم دوای خوێندنەوەیان، تۆش هەوڵبدەیت کە لیستێکی هاوشێوە بۆ خۆت دروست بکەیت.

ئەگەر لێم بپرسی ئەو شتە بچووکانە چین کە دڵخۆشت دەکەن؟ ئەوا وەڵامت دەدەمەوە و پێت دەڵێم کە ئەم شتانە بەختەوەرم دەکەن:

- خولەکەکانی سەرەتای بەیانی.
- بینینی کەسێك بە جوانی ڕەفتار دەکات.
- (سێ هاوڕێ) دەمخەنە پێکەنین تا گریان.
- گوێگرتن لە نوکتەی نوێ.
- بینینی هەر دیمەن یان گرتەیەکی پێکەنیناوی.
- ئامادەبوونم لە هەر کتێبخانەیەك.
- سەیرکردنی هەر فیلم کارتۆنێك لەگەڵ یاسری کوڕم.
- بۆنکردنی گوڵاوێکی خۆش بەر لە خەوتن.
- یەکەم قەمپاڵ لە سێو.
- کۆتا دڵۆپەی قاوەی نێو فنجان.

Scanned by CamScanner

- لایەکەی تری بالیف.
- گەیشتنی ئەو کتێبە نوێیانەی کە بە پۆستە کڕیونم.
- کۆتاییپێهێنانی نووسینەکەم پێش نوێژی نیوەڕۆ.
- کۆبوونەوەی خوشك و براکانم لە ڕۆژی پێنجشەممە لە ماڵی باوکم.
- هاتنەوەی ڕەسیل و مەیاس لە قوتابخانە.
- هاتنەوەی خۆم لە گەشت.
- سەیرکردنی فیلمێکی جوان و بە چێژ.
- گەیشتنی نامەیەکی گرنگ لە ڕێگەی سندوقی پۆستەوە.
- هەموو (26)ی مانگێك (ڕۆژی وەرگرتنی مووچەکەم).
- خواردنی نانی بەیانی لە هوتێلێکی گەورە.
- بینینی دیمەنێکی جوانی سروشتی (ئەگەر بە وێنەش بێت).
- مانەوە لە دەوری ئاگر لە شەوێکی سارد.
- ئەو کاتەی خۆر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە ژێر هەوردا دەشاردرێتەوە.
- ئەو کاتەی لە ناکاو هاوسەرەکەم پارچە شوکولاتەیەکم پێدەدات.
- ئەو کاتەی کەسێکی خۆشەویست پەیوەندیم پێوە دەکات.
- ئەو کاتەی بڕێك پارە بەدەست دەهێنم کە پێشبینیم نەکردووە.

– ئەو کاتەی وێنەیەکی کۆنی خۆم دەبینم و یادگارییەکانم بیر دەخاتەوە.

– ئەو کاتەی بۆنی قاوە دەکەم، یان نانی برژاو، یان بۆنی زەوی دوای بارانبارین.

– دواشتیش؛ کە کۆتاییش نییە... ئەو کاتەی هەموو ئەوانەی پێشووم بیردێتەوە..

ئەوانەی سەرەوە تەنها چەند هەنگاوێکی سادە و ئاسان بوون بۆ بەختەوەربوون (کە بەهۆیانەوە دەتوانی بەسەر ڕۆتین زاڵ بیت)، چەند هەنگاوێك کە تێچووەکەیان زۆر کەمە... ئەوەی گرنگە جارێکی تر بیرت بخەمەوە، ئەوەیە کە داواکارم تۆش لیستێك بۆ خۆت دروست بکەیت و ئەو هەنگاوە سادانەی تێدا بنووسیت کە دەبنە هۆی بەختەوەرییت لە ژیان، بەڵام بەداخەوە ڕەنگە فەرامۆشی بکەیت یانیش نەتوانی بەسەر مادە زاڵ بیت و ئەو هەنگاوانە بۆ خۆت لە لیستێکدا ڕیزبکەیت.

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- هۆکارە مادییەکان بەختەوەرییەکی کاتیمان پێدەبەخشن، بەڵام هەڵوێستە کەسییەکانی خۆمان، بەختەوەرییەکی بەردەوامان بۆ دەستەبەر دەکەن.
- پێکەنینی منداڵ و زەردەخەنەی هەژارەکان، باشترین بەڵگەن لەسەر نەبوونی پەیوەندی بەختەوەری بە پارەوە.
- لە ژیانتدا چەندین هۆکاری بچووك هەن بۆ بەختەوەری، هەوڵبدە بیاندۆزیتەوە، ئەگەر نەتزانی چۆن؟ لە سێ شتی گرنگەوە دەست پێبکە کە زیاتر لە مووچەکەت دڵخۆشت دەکەن.

## (19) پێشنیار

## بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە

چەند ساڵێك پێش ئێستا لە شاری مۆمبا لە هیندستان، چووم بۆ نۆرینگەی پزیشکێکی بەناوبانگ.. دوای دوو کاتژمێر سکرتێرەکەی پێی گوتم کە جەنابی دکتۆر لەبەر زۆری نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە ناتوانێ ئامادە بێت، زۆر توورە بووم، چونکە کاتێکی زۆرم لە چاوەڕوانیدا بەفیڕۆ دا، تەنانەت بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەو کاتە ویستم ئەو تابلۆیە ببەم کە لە ژووری چاوەڕوانی هەڵواسرابوو، چونکە زۆر جوان بوو، (بەڵام دواتر پەنام گرت بە خودای گەورە و وێنەیەکم بە موبایلەکەم لێ گرت).

تابلۆیەکە تابلۆیەکی هونەری نەبوو، وێنەی فۆتۆگرافیش نەبوو، بەڵکو چەند ئامۆژگارییەك بوون کە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوون، ناونیشانەکەی "(19) پێشنیار بۆ سەرکەوتن" بوو، بەڵام من وام بە باش زانی بکرێت بە ((19) پێشنیار بۆ ژیانێکی بەختەوەر).

نازانم نووسەرەکەیان کێیە، ناشزانم ئاخۆ پەیوەندییان بە پزیشکەکەوە هەبوو یاخود نا، بەڵام کاتێك گەڕامەوە بۆ سعودیە، بە کۆمپیوتەر نووسیمەوە و دوو کۆپیم لێ ڕاکێشا، کۆپیەکم لە چێشتخانە هەڵواسی، ئەوەی تریان لەسەر مێزەکەی حیسامی کوڕم.

سەرەڕای ئەوەی من هەموو ڕۆژێك ئەو بابەتە دەبینم، بەڵام ئەوە یەکەمین جارە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەو (19) پێشنیارە بە ئێوەش ڕابگەیەنم، دڵنیام ئێوەش بە بینینی بابەتەکە سەرسام دەبن و

ڕۆڵەکانتان لە دەوری خۆتان کۆدەکەنەوە و پێیان ڕادەگەیەنن:

1- هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی گونجاودا بکە، چونکە ئەو هۆکاری (90%) بەختەوەری یان دڵتەنگکردنتە تا کۆتایی ژیان.

2- لەو بوارەدا کار بکە کە خۆشتدەوێ و شیاوی ئەوەیە کە گەنجێتیت لەپێناویدا بەسەر ببەیت.

3- با ئامانجی یەکەمت لە ژیاندا بریتی بێت لە گرنگیدان بە خانەوادە و خێزانەکەت و خۆشگوزەرانییان.

4- لەو ئەندازەیە زیاتر بە هاوڕێ و کەسە نزیکەکان و نیشتیمانەکەت ببەخشە کە لە تۆی پێشبینی دەکەن.

5- خۆت چەقبەستوو مەکە، هەمیشە داوای لێخۆشبوونی هەڵەکانی ڕابردوو بۆ خۆت و کەسانی دەوروبەرت بکە.

6- هەموو ڕۆژێ بە نهێنی کارێکی چاکە ئەنجامبدە، پێش ئەوەی چێژی وەرگرتن بکەیت، هەوڵبدە چێژ لە بەخشین وەربگریت.

7- ئەگەر لە نێوان برسیەتی و قەرزوەرگرتن سەرپشك کرایت، ئەوا برسیەتی هەڵبژێرە.

8- تاوەکو برسی نەبیت و ملکەچی کەس نەبیت، لە داهاتی ڕۆژانەت بڕێکی کەم پاشەکەوت بکە، هەرچەند کەمیش بێت.

9- واز لە هاوڕێ شکستخواردووەکانت بهێنە و خۆت وابەستەی هاوڕێ سەرکەوتووەکان بکە، ئەوانەشی کە بۆ یارمەتیدانت هەرگیز دوودڵی ناکەن.

10-وەك بینینەوەی ئەو هاوڕێیەت کە چەندین ساڵە نەتبینیوە مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بکە.

11- هەرکات ویستی ئەنجامدانی کاریکت هەبوو، ئەوا بە دڵسۆزی و پاك و بێگەردییەوە ئەنجامی بدە.

12-هەمیشە هەوڵبدە داهێنەر و دەستپێشخەر بیت، تەنانەت ئەگەر ئەو کارەت چەند جاریك دووچاری هەڵەشت بکاتەوە.

13-بوێربە و هەوڵبدە بە تەنها بەرپرسیاریەتی هەڵەکانت هەڵبگریت.

14-هەمیشە گەشبین و ئیجابی بە، ئەمرۆت بە لاپەڕەیەکی نوێ دەست پێ بکە.

15-زۆر نەرمونیان و بەوەفا بە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کارت لەگەڵدا دەکەن.

16-بەختەوەری و کامەرانی پەیوەستە بە ڕێگەی ڕوانینی تۆ بۆ ژیان.

17-بۆچوونی خەلکی سەبارەت بە خۆت پشتگوێ مەخە، چونکە ڕەنگە چەند کەموکورتیەکت هەبێ خۆت نەیانبینی.

18-هەمیشە سەیری لووتکە بکە، وەکو ئەو مێروولەیە بە کە چەندین جار سەردەکەوێت و دەکەوێتە خوارەوە تا بە ئامانجەکەی بگات.

19-لەکۆتاییدا؛ شتێك ئەنجام مەدە کە دایکت شانازی پێ نەکات، یانیش وا لە باوکت بکات کە شەرمی بەو کارەت بێ.

***

Scanned by CamScanner

## ڕێژەیی بۆچوونە هەڵەکان

عەیب نییە بۆچوونێکی هەڵەت هەبێ، عەیب ئەوەیە عەقڵ و بیرکردنەوەیەکی چەقبەستووت هەبێ و پرۆسەی گۆڕانکاری ڕەتبکاتەوە، ئەم هاوکێشەیە هەروەك چۆن لە سەر کەسانی ئاسایی و خەڵکی گشتیی جێبەجێ دەبێ، بە هەمان شێوە لەسەر زانا و دانا و بیرمەند و خاوەن عەقڵە جیاوازەکانیش جێبەجێ دەبێ، چونکە دواجار ئەوانیش مرۆڤن، هەڵە دەکەن و دەپێکن، سەردەکەون و شکست دەهێنن.. ڕەنگە زۆر جاریش بەگوێرەی حەز و مەیلی خۆیان بڕیار بدەن و ئەو ئاڕاستەیە هەڵبژێرن کە خۆیان گەشەیان لەسەری کردووە.

بە هەمان شێوە ئەم هاوکێشەیە لەسەر گەل و کۆمەڵگە وڵاتە گەورەکانی دنیاش جێبەجێ دەبێ، چونکە هەرچۆنێك بێت مرۆڤ زادە و بەرهەمی ئەو ژینگە و کەشوهەوایەیە کە تیایدا گەورە بووە، هەربۆیە هیچ سەیر نییە کە چەند کەسێك بیرۆکەی لە یەك نزیکیان هەبێت و بۆچوونەکانیان هاوبەش بن، هەرنا لە بیروباوەڕە بۆماوەییەکان، یان لە بۆچوونە دووبارەکاندا هاوبەشییان هەیە.

تۆش دەتوانی بە گەڕانەوەت بۆ ڕابردوو و بەدواداچوون بۆ ئەو بیروباوەڕ و بۆچوونانەی کە لەو سەردەمەدا باو و بڵاو بووە، لەو ڕاستییە دڵنیا بیتەوە، تەنانەت لە سەردەمی باپیرم و باپیرت... جا کاتێك ئەو کردارە ئەنجام دەدەیت ئەوەت بۆ دیار دەکەوێ کە هەر هەوڵێکی تاکە کەسی درابێت بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکەکان

ئەوا بە هەزاران دەنگــی نــاڕازی لە بەرامبەریــدا قیــت بــۆتەوە، زۆربەشی ئەو دەنگانەن کە زۆر پەیوەستن بە بیروباوەڕی پێشینانی خۆیان، هەروەها ئەوەشت بۆ دەردەکەوێ کە هەر کەسێ هەوڵی بۆ ڕاستکردنەوەی بیرێکی هەڵە دابێت، ئەوا پێش هەموو کەس، کەســە نزیــك و خــزم و هاوڕێکــانی بە دژە ئاڕاســتەی ئەو وەستاونەتەوە، بێ ئەوەی ساتێکیش گوێیان لە بۆچوونەکەی گرتبێ و لە وتەکانی ڕامابن!

هەمــوو ئەو بارقورســی و چەقبەســتووییە ئەوەمــان پێدەڵێت کە بۆچی هەنــدێك لە کۆمەڵگاکــان بە درێژایی چەنــدین ســەدە هیچ گۆڕانکــارییەکی ئەوتۆیــان بەســەردا نەهــاتووە، هەروەهــا بــۆچی بیــرۆکەی نــوێ پێویســتی بە نەوەی نــوێ هەیە، بەر لە وەرگرتنــی بیرۆکەکان و گفتوگۆ لەسەر کردنیان؟!

کاتێك تۆ درك بەو ڕاستییە دەکەیت، ڕاستەوخۆ دەبیتە کەسێکی لێــووردە و نەرمونیــان و گونجــاو لە بەرامــبەر گشــت بۆچــوون و بیرکردنەوە نوێیەکان.. پێویستیش بەوە ناکــات کە چەنــد ســەدەیەك بژی تا بزانی کە تۆ لە فڵانە سەردەم و لە فڵانە بۆچووندا نەزان یان سادە یان هەڵە بوویت.

سەرەڕای ئەوەی ئێمە تا ئێســتا قســەمان لەســەر لایەنــی تــاکی و کۆمەڵایەتی لە ڕێژەیی بۆچوونە هەڵەکان بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دیاردەیە لەســەر تەواوی ئەو بــوارە پێشــکەوتوانەی کە بە خەیاڵتــدا دێن جێبەجێ دەبێ.

بۆ نمــوونە لە بــواری پزیشــکی، زۆربەی پزیشــکە گەورەکــان

ئەوەیان ڕەتکردەوە کە پێش زیاتر دووسەد ساڵ میکرۆب هەبووبێ، هەربۆیەش زۆر بایەخیان بە تەعقیمکردن و پرسی گواستنەوەی نەخۆشی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نەداوە. (بەتایبەتیش لە کاتی نەشتەرگەری) لە کاتێکدا هەبوونی میکرۆب ڕەنگە بووبێتە هۆکاری مردنی هەزاران نەخۆش هەر لە سەردەمی ژیانی ئەو پزیشکانەدا... ئەو پرسە هەر وەك خۆی مایەوە و گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدرا، تا "لویس باستیر" (لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم) ئەو ڕاستییەی سەلماند و مەترسی میکرۆب و ڕۆلی لە گواستنەوەی نەخۆشی بەدەرخست، لەگەڵ ئەوەدا دەستیان کرد بە بەکارهێنانی جلی تایبەت و لەدەستکردنی دەستەوانەی تایبەت و بەکارهێنانی کەلوپەلی تایبەت لە کاتی نەشتەرگەری و کردارە پزیشکییەکانی دیکە... لە دوای ئەوە نەشتەرگەرییەکان ئەنجامی باشتریان دەبوو، ژیانی هەزاران کەسیش بە هۆکاری تەعقیمکردن و پاکڕاگرتن لە مردن دەپارێزرا...

لە زانستی فەلەکناسیشدا بیری سەنتەریەتی زەوی و دیاریکردنی شوێنی زەوی وەك چەق و ناوەندی گەردوون (تەنها لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەری دەژین) بۆ ماوەی چەندین سەدە کە ئەستەمە بە ئاسانی دیاری بکرێ، باوترین بیر بوو... زانایانی ئەو بوارە جگە لەو بیرکردنەوەیە، بیریان بۆ لای هیچ بۆچوونێکی تر نەدەچوو، تا لە ساڵی (1543) کاتێك "کۆپەرنیکۆس" زانای پۆڵەندی ئەوەی جێگیر کرد کە ئەو پانتاییە جوگرافییەی کە ئێمە لەسەری دەژین تەنها هەسارەیەکی بچووکە و بە دەوری هەسارەیەکی گەورەدا

دەسوورێتەوە، کە ئەویش بە بەلایین مەجەرە و ئەستێرەی تر لەخۆ دەگرێت... بەڵام سەرەڕای دەرخستنی ئەو ڕاستییە لە ڕێگەی تەلسکۆبەکانەوە، کەچی دوای ئەوەش کەنیسەی کاسۆلیکی هەر لەسەر باوەڕی کۆنی خۆی بەردەوام بوو و زۆر بە توندی دژایەتی ئەو بۆچوونەی کرد، بەو بیانووەی کە پێچەوانەی چەمکەکانی ئینجیلە.

لە بواری جوگرافیاشدا هەموان باوەڕیان بە تەختایەتی زەوی هەبوو، کەس پێیوانەبوو کە گۆی زەوی خڕ بێت، دەیانگوت زەوی وەك چینێکی تەختە (بە ئەندازەیەك پاشاکانی ئەوکاتی ئەورووپا ڕەتیانکردەوە کە پشتگیری مادی گەشتەکەی "کۆلۆمبس" بکەن، چونکە پێیان وابوو زەوی تەختە و کاتێك تەواو دەبێ کۆلۆمبس دەکەوێتە خوارەوە). بەڵام سەرەڕای پشتڕاستکردنەوەی گۆی زەوی لەم سەردەمەدا و هەبوونی چەندان بەڵگەی وێنەیی کە لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە گیراون، تا ئێستاش ئەو کەسانەی کە لە ناوچەیەکی بچووکدا دەژین و بیرکردنەوەکانیشیان لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە، نکوڵی لەوە دەکەن و هەر لەسەر بیرە کۆنەکەیان پێداگیرن...

لە بواری کرداری ئەندامەکانی جەستەشدا، شارستانیەتە کۆنەکان باوەڕیان وابوو کە جگەر (جەرگ) کرداری پاڵنانی خوێن بۆ جەستە ئەنجام دەدات نەوەك دڵ، بۆ نموونە یەکێك لە پزیشکە هەرە دیارەکانی ئیغریق "جالینۆس" باوەڕی وابوو کە جگەر پاڵ بە خوێنەوە دەنێت و دەینێرێت بۆ ئەندامەکانی تری جەستە تا ئەوانی

تر وەك سووتەمەنییەك بە كاری بهێنن.. ئەو بیركردنەوەیش بۆ ماوەی چەندین سەدە بەردەوام بوو، تا زانای عەرەبی "ئیبنو نەفیس" ئەوەی ئاشكرا كرد كە خوێن بە جەستەدا دەسوورێتەوە و بەرپرسی ئەو كارەش لە جەستەدا بریتییە لە دڵ، بەڵام ئەورووپا لە ساڵی (1628) لەلایەن پزیشكی ئینگلیزیەوە "ولیەم هارفی" بەو ڕاستیە گەیشت و دانی بەوەدا نا كە دڵی بە ئەنجامدانی ئەو كردارە هەڵدەستێت!!

تەنانەت لە بواری ئایینیشدا چەندان بۆچوون دەبینین كە دژ بە لۆژیك و واقیع دەوەستنەوە، یانیش لەگەڵ ئەو شتە جێگیرانە ناگونجێن كە لەم سەردەمەدا سەپێنراون.. - بۆ نموونە- یەهودیی (ئەرسوزكس) نكوڵی لە هەبوونی دەیناسۆڕ دەكەن (یان هەر گیاندارێكی تر كە لە ئێستادا وەچەی نەمابێ)، ئەمەش بە بەڵگەی كورتیی تەمەنی زەوی، چونكە باوەڕیان وایە كە تەمەنی زەوی لە پێش لەدایكبوونی پێغەمبەر مووسا (علیه السلام) لە پێنج هەزار ساڵ تێپەر ناكات.. هەمان بیروبۆچوون و باوەڕ لای بەشێك لە مەسیحیە پارێزگارەكان دەبینین، ئەوانەی كە بۆچوونیان وایە تەمەنی زەوی لە (6020) ساڵ تێپەڕ ناكات، ئەم بۆچوونەش لەسەر ئەو باوەڕە هەڵچنراوە كە ڤاتیكان بانگەشەی بۆ دەكات و پێی وایە زەوی پێش لەدایكبوونی پێغەمبەر عیسا (علیه السلام) تەنها (4004) ساڵ بووە.. لە توراس و مێژووی ئیسلامیی خۆمانیشدا چەندین بیرۆكەی سەیر و نامۆ سەبارەت بەو پرسانە دەبینرێ، بەتایبەتیش دوای سەردەمی خەلافەت.

هەموو ئەو نموونانە ئەوە دەچەسپێنن كە زانا و دانا و بلیمەت و

کەسانی خاوەن عەقڵیش، لە سەردەمی خۆیاندا بە ڕێژەی جیاواز بۆچوونی هەڵەیان هەبووە و پێشیان وابووە بۆچوونەکانیان ڕاست و دروستە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین کە گەشەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لە سنوورێکدا ناوەستێت، پێشکەوتنی مەعریفیشمان ئەو کاتە زۆر و کەڵکە دەبێت کە بۆچوونەکانمان ڕاست بکەینەوە، هەمواری چەمك و ئەزموون گریمانەکانمان بکەین.

بە گوێرەی کۆتا دەرئەنجامیش (دەرکەوتووە کە ئێمە لەو سەردەمەدا خاوەنداریتی چەندان چەمکی هەڵە دەکەین و باوەڕیشمان وایە کە زۆر دروست و تەواو و بێ کەموکورتین، بەڵام دوای ماوەیەکی تر ڕۆڵە و نەوەکانمان دێن و گاڵتە بەو بۆچوونانە دەکەن و ڕەتیان دەکەنەوە).

جا بەو پێیەی کە تۆ ماوەی سەدەیەك یان دوو سەدە ناژیت، پێویستە دان بە ڕێژەییبوونی هەڵەکاندا بنێیت و ئەوەت لا قبووڵ بێت، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەگەیشتووین بە حەقیقەتی ڕەها.. پێویستە سوود لە عەقڵت وەربگریت، قەناعەت بە خۆت بکەیت کە زانا و دانا و کەسە بلیمەتەکانیش مەبەست دەپێکن و هاوکات بۆچوونی هەڵەشیان هەیە، باوەڕیان پێدەکرێ و بە درۆش دەخرێنەوە، ڕەنگە هەندێك جاریش بە هەوا و ئارەزووی خۆیان بڕیار بدەن..

***

## پوختەی تیۆرەکە

- عەیبە نییە ئەگەر تۆ بۆچوونێکی هەڵەت هەبێ، بەڵام عەیبە ئەوەیە کە عەقڵ و بۆچوونێکی چەقبەستووت هەبێ و گۆڕانکاری ڕەت بکەیتەوە.
- "ڕێژەییبوون" تیۆرێك نییە تایبەت بێت بە زانستی فیزیا و گەردووناسی، بەڵکو پەیوەستە بە بۆچوون و بیرکردنەوە و گریمانەکانیش.
- هەر هەوڵێکی تاکەکەسی بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان بە هەزاران دەنگی ناڕازی لە بەرامبەردا دەوەستێتەوە، هەر ئەوەشە وایکردووە کە بەشێك لە کۆمەڵگاکان چەندین سەدە بەبێ گۆڕانکاری بژین.

Scanned by CamScanner

## چۆن لە بیرۆکە جوانەکان ڕزگار دەبیت؟!

هەمـوو مرۆڤێـك خـاوەنی عەقڵـێکە کە توانـای بیرکـردنەوە و داهێنان و ڕزگاربوونی لە کێشـەکان هەیە، (هەوڵ مەدە بـاوەڕم پـێ بێنی کە تۆ پێشتر هەوڵێکی لەو جۆرەت نەداوە). سـەرەڕای ئەوەش هەمـوو مرۆڤێـك (کەمێـك نەبـێ) لە داهێنـان و بیرکـردنەوە و ڕاگەیانـدنی چارەسـەرە نوێیەکانیـان دەترسـن.. هەوڵ دەدەن بیانشارنەوە و لە ناخی خۆیانـدا بیانهێڵنەوە و تەنانەت بیشیانکوژن، ئەوەش لەبەر کۆمەڵە هۆکارێك (کە لە دێرەکـانی خـوارەوە دێـنە سەر باسکردنیان).

تەنانەت ئەو کـاتەی یەکێـك لە ئێمە لە کۆتوبەنـدەکانی نـاخی خۆی یاخی دەبێت و بوێری ئەوە دەیگرێت کە بیرۆکە جوانەکـانی خۆی بدرکێنی و پەرەیان پێبدات، ئەوا چەندین بەربەست و کـۆتی کۆمەڵایەتی لەبەردەمیدا قیت دەبنەوە و هەوڵ دەدەن ئەو بیرۆکانەی لە گۆڕ بنێن و بیکەنەوە کەسـە شـەرمن و بێـدەنگەکەی پێشوو. بە دید و بۆچوونی من هەموو مرۆڤێك بێ ئەوەی هەوڵێکی زۆر بدات و خۆی مانـدوو بکـات، دەتـوانێ بیرۆکەکـانی خـۆی و بیـرۆکەی کەسانی تـریش بکـوژێ، چـونکە کوشـتنی شـتێك زۆر ئاسـانترە لە داهێنان و جێبەجێکردنی هەر شتێك!!

بەر لەوەی قسـە لەسـەر کۆتەکـانی کۆمەڵگا بکەیـن (کە دەبنە هۆی کپکـردنەوەی بیرۆکـە جوانەکانـت)، سـەرەتا ڕێگەم بـدە کە ئەوەت پێبڵێم کە تـۆ چـۆن دەتـوانی ئەو بیرۆکـانە بکوژیت کە بە

خەیاڵ و مێشکتدا دێن:

- **هەر بیرۆکەیەك کە بە مێشکتدا دێت دەتوانی لە ڕێگەی زۆر لێ وردبوونەوە و زۆر شیکردنەوە و سووربوون لەسەر بێهەڵەیی، ئەو بیرۆکەیە لە ناو ببەیت.**

هەموو بیرۆکەیەکی نوێ بە کەموکورتییەوە لە دایك دەبێت، پێویستی بە کاتێکی درێژ هەیە تا کاری لەسەر بکرێت و گەشەی پێ بدرێت، دەشتوانی هەر لە سەرەتاوە بیکوژیت، ئەمەش بە ڕێگەی خستنەڕووی بە شێوەیەکی تەواو هەر لە سەرەتاوە (بزوێنەری ئۆتۆمبێل وەك نموونەیەك وەربگرە، پێش 100 ساڵ داهێنراوە، بەڵام ئایا دەتوانین بە هەمان بزوێنەری فیراریی ئەم سەردەمە بەراوردی بکەین؟!).

- **هەروەها دەتوانی بیرۆکەکانت بە ڕێگەی زۆر گوێگرتن لە ئامۆژگاریی کەسانی شارەزا بکوژیت و لەناویان بەریت.**

سروشتی کەسانی شارەزا وایە کە زۆر نەرمونیان نین، هەمیشە لە چوارچێوەیەکی توند و ڕەقەوە بڕیار لەسەر شتەکان دەدەن.. لە هەمان دەمدا بیرۆکە نوێیەکان نەرمن و بە سروشت هەڵگری چەند کەموکورتییەکن، هەر بۆیەش بە پشتبەستن بە ئەزموون و شارەزاییە کۆنەکان، هەڵسەنگاندنەکە قورس دەکەن.. بەڵام دەتوانی بۆ فێربوونی چۆنییەتی شکاندنی بەربەستەکان و چۆنییەتی گەیشتن بە ئەنجامی باشتر گوێیان لێ بگریت و سوودیان لێ وەربگریت.

Scanned by CamScanner

- **هەروەك چۆن دەتوانی هەمیشە گوێ لە گومانەکانی ناخت بگریت:**

هەموومان مەیلی ئەوەمان هەیە کە لە بەخشش و توانا و سەرکەوتنە داهاتوویەکانمان کەم بکەینەوە.. هەمووومان ئەو پرسیارە ساردکەرەوەمان لە خۆمان کردووە (من کێم تا ئەو کارە ئەنجام بدەم؟!) ئایا پێت وایە کەسێك هەبێت بەو جۆرە بیری نەکردبێتەوە؟ دەبێ کەسی زیرەکتر لە من هەبێ هەوڵی دابێت و شکستی هێنابێت؟! ئا بەو ڕێگەیە بەردەوام دەبیت لە بیرکردنەوە تا خۆت بیرۆکەکەی خۆت دەکوژیت.

- **ترسان لە زەرەر و ڕەخنەگرتن، ڕێی کوشتنی هەموو جۆرە بیرۆکەیەك خۆش دەکەن:**

ئەگەر تۆ لە زەرەر و زیان بترسیت، ئەوا هەرگیز بوێریی ئەوەت نابێ کە هیچ هەوڵێك بدەیت، ئەگەر تۆ لە قسەی خەڵك دەترسیت، ئەوا هیچ مەڵێ و پابەندبە بە بێدەنگی و ئەوە ئەنجامبدە کە ئەوان لە تۆی پێشبینی دەکەن، بەڵام ئەگەر نیازت وایە بچیتە ڕیزی سەرکردە و داهێنەران، ئەوا پێویستە خاوەن بوێری و ئازایەتی بیت و لە ڕەخنە و زەرەر نەترسیت، لەکۆتاییدا دەبینی کە چۆن هەموان دەبنە شوێنکەوتەت و بە دوای هەنگاوەکانتەوە دێن!!

- **هەروەها بۆ کوشتنی بەهرەی داهێنانت، بەو جۆرە بیربکەرەوە کە خەڵکی بیر دەکەنەوە:**

داهێنان واتە سەرپێچی باو و شکاندنی تەواوی بنەماکانی پێشوو.. واتە دەرچوون لە ئاراستەی سەپاو و هێنانەبوونی نەبوونێك، بەڵام

ئەو کاتەی بە هەمان شێوازی خەڵکانی تر بیردەکەیتەوە، ئەوا تۆش دەچیتە ڕیزی ئەوان و ئەو جێگیری و سەربەخۆییەی کە هەتبوو ناتمێنێ.. بەمەش بێ بەرامبەر دەبیتە خاوەنی یانەی مێگەل!!

- **هەروەها دەتوانی جەخت بخەیتە سەر بەدەستهێنانی سەروەت و سامان و ناوبانگ، پێش سەرکەوتن و هەر داهێنانێك:**

ماڵ و سامان و ناوبانگ دەرئەنجامی دووەمن لە دوای سەرکەوتن و داهێنانەوە دێنە بوون.. کەسە شکستخواردووەکان هەمیشە گرنگی بە سەروەت و سامان دەدەن، بێ ئەوەی ڕەچاوی بنەماکانی سەرکەوتن و هۆکارەکانی شکست بکەن.. بەڵام سەرکەوتووەکان هەمیشە تواناکانیان بۆ جیاوازی و بنەماکانی سەرکەوتن دەخەنەگەڕ، کاتێکیش دەگەنە ئەو قۆناغە، ئەوا لەناکاو بە سەروەت و سامان و ناوبانگیش دەگەن.

- **هەروەها لە ڕێگەی ملکەچبوون بۆ بۆچوونە بۆماوەییەکان و ڕەخنە نەگرتن لە بیرە باوەکان، بیرۆکە جوانەکانی خۆت بکوژیت.**

هەندێك لە کۆمەڵگاکان، چەندین بیروبۆچوونی هەڵە، ماوەی چەندین سەدە لە ناو خۆیان دەهێڵنەوە.. بەمجۆرەش بە تێپەڕبوونی کات ئەم بیروبۆچوونانە دەبنە بیروباوەڕی پیرۆز و کەس بۆی نیە گومانیان لێ بکات و گفتوگۆیان لەبارەوە بکات.. ئەو گەشەسەندنە نوێیەی سەردەمی ئێستا لە ئەوروپا هەیە، دوای لەگۆڕنانی بیروبۆچوونە هەڵەکانی کەنیسە و فەلسەفەی ئەو سەروەختە هاتووەتە کایەوە، لە بەرامبەریشدا، ئەوروپا ڕێبازی ڕەخنە و گومان و ملکەچکردنی هەموو شتێك بۆ مەنهەجی ئەزموونگەرایی بونیاد نا.

- **بۆ کوشتنی بیرۆکە جوانەکانت، تەنها ئەو بۆچوونانە وەربگرە کە لەگەڵ تۆدا دەگونجێن، تەنها ئەوەش بخوێنەوە کە پشتگیری بۆچوونی تۆ دەکات!**

ئەوکاتەی تەنها ئەو شتانە دەخوێنیتەوە کە هاوبۆچوونی بیرکردنەوەکانی تۆن، ئەوا تۆ هیچ شتێکی نوێ فێرنابیت.. ئەو کاتەش کە خۆپەرستانە دوای ویستەکانت دەکەویت، ئەوا هەر لەو گۆشەیە دەمێنیتەوە کە تیایدایت.. بەڵام بیرکردنەوەی بوێرانە و کار و سەرکەوتنی گەورە، ڕێگاکەی دوور و ماندووکەرە و پێویستی بەوەیە کە هەموو بۆچوونەکان بخوێنیتەوە، شیکردنەوەش بۆ ئاراستە جیاوازەکان بکەیت و بە دوای خاڵە جیاواز و ئارەزووە پێچەوانەکانت بگەڕێیت.

- **ئەگەر هاتوو یەکەم وەڵام وەربگریت و بونیادی بیرۆکەکەت لەسەر یەکەم پێشنیار بونیاد بنێی، ئەوا دەتوانی زیاتر بیرۆکە پڕشنگدارەکانت بکوژی:**

زۆربەی خەڵکی هەر ئەوە ئەنجام دەدەن.. یەکەمین وەڵام کە گوێبیستی دەبن وەریدەگرن و بونیادی کار و چارەسەرەکان هەر لەسەر ئەو وەڵامە دادەمەزرێنن و بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەنەوە.. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە زانایان و تویژەران هۆشداری لەسەر گرنگیی زاڵبوون بەسەر ئەو کەموکورتییە دەدەن، ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی گریمانەی زۆر و جیاواز، پاشانیش ئەزموونکردنی یەك لە دوای یەك بۆ گەیشتن بە باشترین چارەسەر.

- **هەروەها گرنگە کە واقعیی بیت و هەمیشە بە عەقڵانی و لۆژیکیی بیربکەیتەوە:**

ئەوە ئەو خاڵەیە کە کەسە ژیر و عاقڵەکان پەیڕەوی دەکەن، بەڵام شێتەکان، وەك: نیوتن و ئەنیشتاین و ئەدیسۆن و بیل گیتس، جگە لە کەوتنەخوارەوەی سێویك لە دارێك، بیر لە هیچی تر ناکەنەوە، یانیش بیر لە ئامرازەکانی چوون بۆ سەر مانگ، ئامرازەکانی تۆمارکردنی دەنگی مرۆڤ، یان دروستکردنی بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان دەکەنەوە!!

- **هەروەها بۆ کوشتنی بیرۆکە جوانەکانت، دەتوانی گرنگی بە بۆچوونی کەسە ڕژد و حەسوود و ڕەخنەگرە ڕووخێنەرەکان بدەیت:**

غیرە و حەسوودی، دوو نەریتی ڕەسەنی مرۆڤن.. ڕەخنەگرتن و هەڵەدۆزینەوەش زۆر ئاسانترن لە دۆزینەوە و داهێنانی شتێکی نوێ.. لەبەر ئەوەی کە هیچ مرۆڤێکیش لە کاریگەیی خەلکی ڕزگاری نابێت و سەلامەت نابێ، بۆیە زۆربەی بلیمەتەکان بۆ بەسەربردنی ژیانیان، پەنا دەبەنە بەر دوورەپەرێزی و خۆدوورگرتن لە خەلکی (بە ئەندازەیەك بلیمەتیی بە جۆرێك لە ئۆتیزمی سووك هەژمارکراوە).

- **هەروەها ئەگەر ویستت ژیانێکی ئاسوودە بژیت و مێشك ئارام بێت و کەس ڕقی لێت نەبێ، ئەوە ئەنجام بدە و بیرۆکە جوانەکانت بکوژە:**

بۆچی دەروونی خۆت دووچاری شکاندن و ڕەخنەگرتن دەکەیتەوە؟! بۆچی مێشکت بە توێژینەوە و بیرکردنەوە سەرقاڵ دەکەیت؟! بۆچی دەروونی خۆت بە نووسین و هۆشداریکردنی خەڵك ماندوو دەکەیت؟! بۆچی لەگەڵ کۆمەڵگاکەت و ئەو

کەسەی کە دەیەوێ پێت بڵێ هەموومان یەکسانین (وەك ددانەکانی شانە) ڕاجیا دەبیت؟! ئایا وازهێنان و ڕزگاربوون لە بیرێکی داهێنەرانە و جێهێشتنی هەسارەی زەوی ئاسانتر نییە؟!!

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- تۆ یەکەمین کەسی کە لە بەرامبەر بیرۆکە جوانەکانت دەوەستیتەوە و پێش ئەوەی لە کەللەی سەرت دەربچن هەوڵی کوشتنیان دەدەیت.
- دوو ڕێگات هەیە لە ژیان: جێهێشتنی وەك ئەوەی کە هاتیتە ناوی، یانیش جێهێشتنی بە بیرۆکەیەکی نوێ و کۆمەڵێك ڕەخنەوە.
- مرۆڤ دروستکراوێکی بیرکەرەوەیە، بەڵام کەسەکان دروستکراوێکی کۆمەڵایەتین و لە درکاندنی بۆچوونەکانیان دەترسن.

***

Scanned by CamScanner

## چۆن بیره جوانەکانی کەسانی تر دەکوژێت؟

له بابەتی پێشوو (چۆن ڕزگارت دەبێ له بیرۆکه جوانه‌کانت) گوتم:

تەنانەت ئەو کاتەی یەکێك له ئێمه له کۆته ناوەکییه‌کانی خۆی یاخی دەبێت و بوێریی ئەوه دەیگرێت که بیرۆکه جوانه‌کانی خۆی بدرکێنی و پەرەیان پێبدات، ئەوا چەندین بەربەست و کۆتی کۆمەڵایەتی لەبەردەمیدا قیت دەبنەوه و هەوڵ دەدەن ئەو بیرۆکانەی له‌گۆڕبنێن و بیکەنەوه کەسه شەرمن و بێدەنگه‌کەی پێشوو. پێش قسەکردن لەسەر کۆت و نەریته‌کانی کۆمەڵگه، ڕێمبده باسی ئەوەت بۆ بکەم که تۆ چۆن دەتوانی هەر بیرۆکەیەکی خۆت، که به مێشتکتدا دێ بیکوژیت و له ناوی بەریت؟!

بەڵێ هەر بەو جۆره دەستم کرد به چۆنییەتی کوشتنی ئەو بیرۆکانەی که به خەیاڵ و مێشکی تۆدا دێن، بێ ئەوەی بیر له هیچ ئاستەنگێگ بکەمەوه که دێته سەر ڕێگەم بۆ کوشتنیان.

با ئەوەش له نێوان خۆم و خۆتدابێ، هەر گەمژەیەکی دەسەڵاتداریش دەتوانێ بیرۆکەی کەسانی تر بکوژێت، تەنها به هەبوونی ئەم سێ چەکه سەرەکییەی که له دەستیدایه:

حەسوودی، دنیابینییەکی تەسك، هەبوونی دەسەڵاتێکی فەرمی بەسەر کەسه ژێرەکاندا.

ژیری و زانست و ڕۆشنبیرییت لە هەر ئاستێکدا بێت، تەنها بە هەبوونی ئەو سێ چەکە دەتوانی ڕووبەڕووبووی هەر داهێنان و کارێکی گەورە ببیتەوە، کە لە دامەزراوە یان فەرمانگە پیشەیەکەت ئەنجامی دەدەن.

بەڵام ئاستی ژیری و زیرەکیت هەر چەندێك بێت، بەڕێوەبەرێکی گەمژە لە فەرمانگە یا کۆمپانیا یان هەر شوێنێکی دی.. دەتوانێ لە بەرامبەرت ڕاوەستێ و هەر بیرۆکە و داهێنانێکی جوان کە لە مێشکتدا هەیە، بە زیاتر لە بیست ڕێگە لە باری ببات و بیکوژێت، پێش ئەوەی یەك وشەش گوێ لە تۆ بگرێت و گوێ بۆ شیکردنەوە و باسکردنی بیرۆکەکەت بگرێ، دەڵێ:

- ئەوە لە بواری ئێمە نییە (بەو واتایەی پێویست بەوە ناکات گەشە بە دەروونی خۆمان بدەین).

- یان چی دەڵێن سەبارە بە ئێمە (ئێمە ترسنۆکین ئارەزووی ڕکابەری ناکەین).

- ئەگەر بیرۆکەکەت سەرکەوتوو بوایە لە ڕابردوو ئەنجام دەدرا، (لێمانگەڕێ هەرنا کەمێك بیری لێبکەینەوە).

- بەڕێوبەری گەورە لە بیرۆکەکەت ناگات (واتە تۆ ئەو کەسەی تێگەیشتووی)!!

- بیرۆکەکەت زیاتر پێویستی بە دیراسەکردنە، (بمرە ئەی داهێنەر، تا بەهار دێت).

- ناتوانین ئەو هەموو کارە لە یەك کاتدا ئەنجام بدەین، (کەواتە با دەرگای کۆمپانیا دابخەین و ئاسوودە بین).

- دامەزراوەکە ڕێگە نادات (لەبەرچی؟).
- ئەوەمان پێشتر ئەنجام داوە، (بە دڵنیاییی بە ڕێگەیەکی هەڵە ئەنجاممان داوە).
- بیرۆکەیەکی جوانە، (بەڵام لە نادیار دەترسێ).
- بودجەی پێویستمان لەبەردەستدا نییە، (بەڵام لە ناکاو بۆ بەرژەوەندی کەسی پەیدا دەبێ).
- دەسەڵاتی پێویستمان نییە بۆ ئەنجامدانی، (چونکە لە ژینگەیەکداین هەرگیز بۆ داهێنان هان نادرێین).
- تەنها گرنگی بە کارەکەت بدە (سەرۆکەکەت مێشکی بەستوویەتی).
- بەڵگەیەکمان پێشکەش بکە (بەڵگەیەکی دەمکوتکەر).
- ڕاپۆرتێکی لەسەر بنووسە (نەوەك لە بیری بکەیت).
- با بزانین (نەوەك ئەو لە بیری بکات).
- کەم و سەخیف مەبە (ئیرەیی بە بیرۆکەکەت دێ).
- ئێمە سەرکێشی ناکەین، (کەواتە با چاوەڕێی چینییەکان بکەین تا ئەو کارە ئەنجام بدەن).
- زیاد لە پێویست تێچووی دەوێ، (ئایا دیراسە سوودی هەیە؟!).
- بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە سەیرت دەکات، (ڕەنگە سەیرکردنێك لە هەزار لۆمە و سەرزەنشت باشتر بێت).
- نا؛ ئێمە هەمیشە کار بەو ڕێگایە دەکەین (گەیشتۆتە قۆناغی بیرکردنەوەی پیری).

- فلان دامەزراوە پێشتر ئەوەی ئەزموون کردووە، (کەواتە با سوود لە هەڵەکانیان وەربگرین).
- چیت پێ باشە وا بکە، (دەسەڵاتی بیرۆکراسیەتی خۆی دەپارێزێ).
- واقعی بە، (واتە لەگەڵ مێگەلەکە بە).
لە کۆتاییشدا؛ با بیرێکی لێبکەمەوە وەڵامت دەدەمەوە (ئەمانە ئەو ڕستانەن کە لە هەموو دەستەواژەکانی تر ئەدەبانەتر دەردەبڕدرێن، بەڵام لە هەمووشیان زیاتر کاریگەرییان هەیە لەسەر کوشتنی ڕاز و بیرۆکەکان).

***

## پوختەی تیۆرەکە

- بیرۆکەی جوان لەگەڵ دروستبوونی چەندان بەربەست و ئاستەنگ، لە بەرامبەری دروست دەبێت.
- داهێنان حاڵەتێکی ویستییە، تەنها کەسانێکی کەم پێیوە پابەند دەبن، بەڵام کوشتنی بیرۆکەی داهێنەرانە پەیڕەوی زۆرە.
- 99% ئەو بەڵگە و بیانوانەی کە دێنە ڕێگات، یەکێك لەو سێ جۆرە کەسەی لە پشتە: نەزان، کەسێکی بێ توانا، حەسوود.

✲✲✲

## ئەگەر ویستت کەس ڕەخنەت لێ نەگرێ، ئەم کارەی خوارەوە ئەنجام بدە:

ئەگەر ویستت هیچ کەسێك ڕەخنەت لێ نەگرێ، ئەوا هیچ کارێك ئەنجام مەدە!

ئەوە ئامۆژگارییەکە، هەر کەسێ هەوڵ و تێکۆشانی دابێت تێی دەگات، چونکە هەر کاتێك کارێکی ئەنجام دابێت، خێرا کەوتۆتە بەر ڕەخنەی ڕووخێنەر و ستەمکارانە، کە خاوەنەکانیان هیچ کات پێیانەوە ماندوو نەبوون، تەنانەت بە نیەتی تێگەیشتنیش نەیاندرکاندوون.

ڕەخنەگرتن و بڵاوکردنەوەی هەڵە، کارێکە ئەنجامدانی لەسەر هەموان ئاسانە، (تەنانەت دەشێ لای هەموان شتێکی غەریزی بێت) هاودەم سەرکەوتن و ئەنجامدان هەوڵ و ماندووبوون و پابەندبوونی دەوێ و هەموو کەس بەرگەی ئەنجامدانی ناگرێت.

زۆر ئاسانە ڕەخنە لە کتێبێك یان نامەیەکی زاستی بگریت، کە خاوەنەکەی ماوەی پێنج ساڵ پێوەی سەرقاڵ بووە، (بۆ تۆ تەنها پێنج خولەك بەسە تا ڕەخنەی لێبگریت)، بەڵام ئایا تۆ دەتوانی کتێبێك یان نامەیەکی زانستی لەو شێوەیە بە هەمان بەقەبارە و ئاست بنووسیت؟!

زۆر ئاسانە ڕەخنە لە بەشێکی بچووکی کارێکی گەورەی بوارێکی گەشەپێدان بگریت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر هاتبا

و تۆ بەرپرس بوایت لە ئەنجامدانی ئەو کارە، ئایا تۆ دەتتوانی شتێکی باشتر لەوە ئەنجام بدەیت؟!

لە بەرامبەردا؛ تەنها بە ئەنجامدانی کارێک، بەرامبەرەکانت ڕەخنەت لێدەگرن و تۆمەتبارت دەکەن و ڕەنگە برینداریشت بکەن.. ئەوە واتا تۆ هەمیشە لە بەردەم دوو بژاردە دایت؛ یان کار دەکەیت و پێش دەکەویت و بەرهەمت دەبێ، یانیش پاشەکشە دەکەیت و دەوستیت و هیچ شتێك ئەنجام نادەیت!

هەر لەسەر ئەو بنەمایە، با وا گریمانە بکەین کە تۆ ئاراستەی دووەم هەڵدەبژێری، (ئەگەر ویستت هیچ کەس ڕەخنەت لێ نەگرێت)، من بەم خاڵانەی خوارەوە ئامۆژگاریت دەکەم:

- هیچ هەڵەیەك ئەنجام مەدە و هەمیشە لەسەر حەق بە.
- ژیانت لە تاریکی بەسەر ببە و هەرگیز خۆت نیشانی کەس مەدە.
- هەرگیز بەرپرسیاریەتی هیچ شتێك لە ژیان هەڵمەگرە.
- هەرگیز مەچۆرە هیچ پێشبڕکێیەکەوە، (مادام پلەی یەکەم بەدەست ناهێنی).
- دەبێ هەموو شتێکی ژیانت تەواو و ورد بێت 100%.
- هەمیشە بەئاگایی و تەواویتی و کەمالەوە ڕەفتار بکە.
- هاوڕێی وا هەڵبژێرە کە هیچ کات ڕەخنەت لێ نەگرن و هیچت پێ نەڵێن.
- لە قسەکانت وەك دووڕوویێك بدوێ، چونکە دەبێ قسەکانت بە دڵی کەسی بەرامبەر بێت.

- واز لە خەون و ئارەزووەکانت بهێنە و گرنگیی بە ویستی دەوروبەرت بدە.
- سادە بە و واز لە وتە و فەرمایشتی زانا و کەسە ڕۆشنبیر و بیرمەندە گەورەکان بهێنە.
- بۆ خۆت ژیر بە و هەرگیز تێکەڵی ئەو دەستانە نەبیت، کە سروشتی پیشەکەیان وایە ئاستی مەعریفیت ئاشکرا دەکەن.
- لە نووسین و کتێب دانان دوور بکەرەوە و هەرگیز خۆت لەو کـاره مەدە، چـونکە بەو کـاره دەرگـای ڕەخنەگـرتن بـۆ بەرامبەرت دەکەیتەوە.

بەڵام دوای هەموو ئەوانە، لە ڕەخنە گرتن سەلامەت و پارێزراو دەبیت؟!

بێگومان وەڵامەکە (نەخێر)ە، چونکە ڕازیکردنـی هەموو خەڵك ئامانجێکە هەرگیز نایەتە دی.

هەر لەسەر ئەو بنەمـایە، ئامۆژگاریت دەکەم پابەنـدی هـیچ لەو ئامۆژگارییانەی سەرەوە نەبیت، چـونکە سروشـتی مـرۆڤ وایە کە هەرگیـز کامـل و تەواو نـابێ.. هەمـوان هەڵە دەکەیـن و دەپێکیـن، بەڵام باشـترینمان ئەوانەن کە تەوبە دەکەن و پەشـیمان دەبـنەوە.. هەمـــوانیش هەوڵ دەدەیـــن و شکســـت دەهێنـــین، بـــۆ هەر هەوڵـدەرێکیش دوو پاداشـت هەیە.. ڕەنـگە هەمیشـە سـەرکەوتوو نەبین، هەروەها ڕەنگە هەمـوو کـات نەتـوانین بۆچوونەکانمـان شی بکەینەوە، بەڵام لە هەموو بارەکاندا نابێـت لە ترسـی ڕەخنەگـرتن و قسەی خەڵك بوەستین و پاشەکشە بکەین.

با ئەوە لە نێوان من و تۆدا بێت؛ تەنانەت ئەو ناونیشانەی کە بابەتەکەمان پێ دەست پێکرد (هیچ شتێك ئەنجام مەدە ئەگەر ویستت کەس رەخنەت لێ نەگرێت) ئەویش رەخنەی لێ دەگیرێت، هەر بەم نزیکانە تاوانبارت دەکەن و دەڵێن "هیچت ئەنجام نەدا ".

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ڕەخنەگرتن و هەڵەبڵاوکردنەوە، کارێکی هێندە ئاسانە گەمژەکانیش دەتوانن ئەنجامی بدەن.
- مێژوو ناوی ڕەخنەگرەکان ناپارێزێ، وڵاتانیش پەیکەر بۆ ئەو کەسانە دروست ناکەن، کە بە دوای هەڵەی خەڵکەوەن.
- ئەگەر ویستت هیچ ڕەخنەیەکت لێ نەگیرێ، ئەوا هیچ کارێك ئەنجام مەدە، بەو ڕێگەیەش لە دوای مردنت هیچت پێ ناڵێن، جگە لەوەی کە دەڵێن ترسنۆك بوو نەیدەوێرا هیچ کارێك ئەنجام بدات.

Scanned by CamScanner

## تا ژیانت تێکنەدەیت،
## مەبە بە هۆکاری (90%)

دوای بڵاوکردنەوەی وتارێکی پێشووم بە ناوی (بەدوای (20%)دا بگەڕێ)، یەکێك لە خوێنەران پەیوەندی پێوەکردم و داوای ڕوونکردەوەی زیاتری لێکردم، منیش بنەماکەم لە نوێوە بۆ شیکردەوە، بێ ئەوەی لە یەك وشەشدا بمپچڕێنی و قسەکانم پێ ببڕێت..

بێدەنگ بوو تا من لە شکردنەوەی بیرۆکەکە تەواو بووم، لەکۆتاییدا پێی گوتم: ببوورە، پرسیاری من دەربارەی بنەمای (10/90) بوو، نەوەك (20/80).

کەمێك وەستام و پاشان گوتم: باشە، لە ڕاستیدا منیش هیچ بیرۆکەیەکم سەبارەت بەو بنەمایە نییە، ئەو دەستی کرد بە شیکردنەوە و منیش گوێم بۆ شل کردبوو، جارجارە ڕامدەگرت و پرسیارێکم لێدەکرد..

بەڵام ئەو بنەمایەی کە لە میانی ئەو گفتوگۆیەوە پێی گەیشتم، بنەمای پسپۆری دەروونیی بەناوبانگ "ستیڤن کۆفی" بوو، لە کتێبی حەوت نەریتە چالاکەکەی خەڵك کە دەڵێ: (10%) ئەو کێشانەی کە بۆت دروست دەبن، (لە دەرەوەی ویست و ئیرادە و بەرپرسیاریەتی تۆدان) بەڵام ئەوەی ماوەتەوە بریتییە لە (90%)، ئەویش لە داهاتوودا ڕوودەدات و پشت بەو کاردانەوەیە دەبەستێت

کە تۆ لە بەرامبەر (10%) ئەنجامی دەدەیت.

بۆ نموونە ئێمە ناتوانین ڕێگریی لە (پەککەوتنی ئۆتۆمبێلەکەمان) بکەین، یان (دواکەوتنی فڕۆکە) یان (ونبوونی جزدان)، ئەو نموونانە بۆ (10%) واتا توانا و ویست و ئیرادە و بەرپرسیاریەتی تۆی تێدا نییە)، بەڵام لە بەرامبەردا دەتوانین بەسەر دەروونی خۆماندا زاڵ بین و لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانە بوەستینەوە و ڕێگە نەدەین کێشەکە گەورە بێت و قەبارەکەی بگاتە (9%).

بۆ نموونە با گریمانەی ئەوە بکەین کە تۆ نانی بەیانی لەگەڵ خانەوادەکەتدا دەخۆیت، کچەکەت کوپێک چای لە دەست دەکەوێتە خوارەوە و دەڕژێتە سەر جلەکانت.. سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕووداوە لە دەرەوەی ویستی تۆدایە، (لە دەرەوەی ویستی دەوروبەرەکەشتدایە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە توندی سەرزەنشتی کچەکەت دەکەیت، ئەویش لە بەرامبەردا هەست بە شەرمەزاری دەکات و دەست بە گریان دەکات، لەو لاشەوە ڕەخنە لە هاوسەرەکەت دەگرێت لە سەر ئەوەی کە کوپە چایەکەی لەسەر لێواری مێزی نانخواردنەکە داناوە، لەگەڵ ئەویش دەبێتە مشتومڕتان و دواتر دەبینن کە منداڵەکان لە دەورتان وەستاون و سەیرتان دەکەن، خۆت لەوانیش توورە دەکەیت و بە توورەییەوە پێیان دەڵێیت کە بچن خۆیان ئامادە بکەن بۆ قوتابخانە.. دواتر کاتێک دەچیت بۆ ئەوەی تۆش خۆت ئامادە بکەیت.. لەو کاتەدا پاسی تایبەت بە گواستنەوەی منداڵەکانت هاتووە و لەبەر ئەوەی ئەوان لەبەر دەرگا ئامادە نەبوون، جێیهێشتوون.. هەر بۆیە ناچار دەبێت کە

خۆت بیانگەیەنیت بۆ قوتابخانە، چونکە لە کاتی ئاسایی خۆیان دواکەوتوون، تۆش بەخێرایی ئۆتۆمبێلەکە لێ دەخوڕیت، بەو هۆیەشەوە لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆوە سەرپێچیت لەسەر تۆمار دەکرێت و دووچاری پێبژاردن (غرامة) دەبیتەوە، کاتێکیش منداڵەکان دەگەنە بەر دەرگای قوتابخانە، پێتنالێن "خوات لەگەڵ بابە"، کاتێك تۆش دەگەیتە سەر کاری خۆت، یەکەم شت بەڕێوەبەرەکە ڕووبەڕووی خۆت دەبینیتەوە و (گوێبیستی وشەیەکی ناخۆش دەبیتەوە)، هەر بۆیەش ناچار دەبیت ملکەچ بیت و هەرچیت پێبڵێ قبووڵت بێ..

ئا بەم شێوە ئەو ڕۆژەت هەروەها ڕۆژی خانەوادە و هاوسەر و منداڵ و موراجیعەکانی فەرمانگەکەشت، هەموویان دەکەونە دۆخێکی نائاسایی، هەموو ئەوانەش تەنها بە هۆکاری ڕژانی کوپێك چا.. واتە هەموو ئەو کاردانەوانەت لە بەرامبەر ئەو (10%) بوو، کە لە دەرەوەی ویستی کچەکەت ڕوویدا و (90%) کێشەکانی تر خۆت هۆکار بوویت و لە ژێر ویستی تۆدا بوون.. جا ئەگەر کەمێك لەگەڵ دەروونی خۆت بدوێی و بە ڕووداوەکاندا بچیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە هەڵەکە نە لە هاوسەرەکەت بووە، کە خواردنی بەیانی ئامادە کرد و مێزەکەی ڕازاندەوە، نە لە کچەکەت بووە، کە ویستی ماچت بکات و چایەکەی لێ ڕژا، نە لە پۆلیسی هاتوچۆ بووە، کە واجبی خۆی ئەنجامدا و غەرامەی کردیت، نە لە بەڕێوەبەرەکەت بووە، کە بەدواداچوونی بۆ ئامادەبوونی فەرمانبەرەکانی کرد و بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردیت، بەڵکو هەموو کێشەکان دەگەڕێنەوەی بۆ لای تۆ، چونکە نەتتوانی بە

ڕێگەیەکی عەقڵانی و هێمنانە کێشەکە چارەسەر بکەیت و ڕێگە نەدەیت لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە بێت.

ڕەنگە هەمان شت ئەو کاتە ڕووبدات کە فڕۆکەکەت دوا دەکەوێت، تۆش بە شێوەیەکی خراپ و ناعەقڵانی ڕەفتار دەکەیت، لە کۆتاییشدا هەر دەفڕێت و بەرزدەبێتەوە، بەڵام ئەوسا ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە کاردانەوە خراپەکانت قەبارەی کێشەکەی گەیاندە (90%)... یان ئەو کاتەی دەکەویتە نێو قەرەباڵغییەکەوە، تووڕە دەبیت و قسەی نەشیاو لە دەمت دێتە دەرەوە، فشارت بەرز دەبێتەوە و لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانی تری دەوروبەرت دەکەویتە ململانێ، (دواتر بۆت دەردەکەوێ کە تۆ تەنها (30) چرکە دواکەوتوویت). بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا، ئەگەر بەسەر دەروونی خۆتدا زاڵ بیت و ڕێگە نەدەیت کێشەکە لە قەبارەی سروشتیی خۆی کە (10%)ـە گەورەتر بێت، لە کاتی قەرەباڵغییەکە خۆت بە شتێك سەرقاڵ بکەیت، شتێك بخوێنیتەوە، یان پەیوەندیەك بکەیت.. ئەوا بێگومان هیچ شتێك ڕوونادات و قەبارەی کێشەکەش لەوە گەورەتر نابێت.

خۆشەویستان؛ هەموومان ئەوە دەزانین کە ژیان بێ کێشە و ناخۆشی نییە، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە زیاتر لە (10%)ی ڕوداوەکانی ڕۆژانە پێکناهێنن، بەڵام (90%)ی ئەوەی ڕوودەدات، لەو هۆکارە خراپانەوە سەرهەڵدەدات کە تۆ وەك کاردانەوە لە بەرامبەر (10%)ـەکە دەیگریتە بەر.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- (10%)ی کێشەکان لە دەرەوەی ویستی ئێمەن، بەڵام (90%)ی ئەوەی ڕوودەدات، لەو هۆکارە خراپانەوە سەرهەڵدەدەن، کە تۆ وەك کاردانەوە لە بەرامبەر (10%) دەیگریتە بەر.
- ناتوانی ڕێگریی لەوانە بکەیت کە ئازارت دەدەن، بەڵام دەتوانی ڕێگریان لێبکەیت کە ئەنجامی ئازاردانەکەیان لەسەر تۆ نەبینن.
- بە گوێرەی تیۆری فستق: ئاگری تووڕەیی لە پریشکی بچووکەوە دەست پێ دەکات، کە ڕێلێگرتنیان لە سەرەتاوە زۆر ئاسانە.

***

Scanned by CamScanner

# باشترین پیشە لە جیهان

هەمومان پێویستە کاربکەین و ببینە خاوەنی پیشەیەك بۆ بژێوی ژیان.. بەڵام... ئایا دەزانی کە باشترین پیشە لە جیهان کامەیە؟! ئایا تایبەتمەندییەکانی باشترین پیشە دەزانیت؟! ئایا باوەڕت وایە کە باشترین پیشە ئەوەیە کە زۆرترین داهاتی مادیت بۆ دەستەبەر دەکات؟! یانیش پیشەیەکە خۆشت دەوێت و هۆگری ئەنجامدانی بوویت؟! یان ئەو پیشەیەیە کە لە ڕێگەیەوە بەناوبانگ بوویت و سەرکەوتنی گەورەت لە ڕێگەیەوە بەدەستهێناوە؟!

وەڵام: هەموویان بەیەکەوە..

هیچ ناو و بوارێکی دیاریکراو بوونی نییە.. بۆیە جوانترین پیشە ئەو پیشەیەیە کە خۆشت دەوێ و خۆتی تێدا دەدۆزیتەوە و بە هۆگرییەوە ئەنجامی دەدەیت.. ئەو پیشەیەی کە خۆت بە دەستەکانی خۆت دروستی دەکەیت (وەك پڕۆژەیەکی تایبەت)، هیچ کەسێك بۆ بەجێگەیاندنی ناچار و ملکەچت ناکات، یان ئەو پیشەیەی کە ڕۆژەکەی بەچێژەوە لەگەڵدا بەسەر دەبەیت.. ئەو پیشەیەی سەرەڕای هەموو ئەوانەش، بە کاتێکی کەم و هەوڵێکی خاکیانە، داهاتێکی مادی باشت بۆ دەستەبەر دەکات.

عەیبە و نەنگی نییە گەر تۆ پیشەیەکی حکومی یان ئەهلی ئەنجام بدەیت، بەڵام باشتر وایە کە بە خێرایی خۆت لە هەردووکیان دەرباز بکەیت و خۆت بکەیت بە خاوەنی ئەو پیشەیەی کە خۆشت دەوێ و بەرژەوەندی خۆتی تێدا دەبینیتەوە.

ئەو کاتەی خۆت بۆ خۆت باشترین پیشە دەدۆزیتەوە، ئەوا لەگەڵ دۆزینەوە پیشەکەت هۆگری و ئارەزوو و بەهرە تایبەتییەکانی خۆشت دەدۆزیتەوە.. ئەو کاتەی کە خۆت باشترین پیشە بۆ خۆت دەدۆزیتەوە، هەرگیز لە هەژاری ناترسیت و بە درێژایی ژیانیش ناچاری کارکردن نابیت..

- بەڵام چۆن ئەو کارە ئەنجام دەدەیت؟!
- چۆن باشترین پیشەکەت دەدۆزیتەوە؟!
- چۆن ئەو پیشەیە دەدۆزیتەوە کە هەم هۆگری و کارامەیی، هەمیش داهاتێکی باشیشی تێدا هەبێ؟!

ئەگەر تا ئێستا ئەوەت نەزانیوە کە چۆن باشترین پیشە بدۆزیتەوە، ئەوا ئەو هۆکار و ئامرازانەی خوارەوە یارمەتیدەرت دەبن:

- بۆ نموونە بۆچی ناگەڕێیتەوە بۆ سەردەمی منداڵیت و لە خۆت بپرسی کە تۆ ئارەزووی چ پیشەکت دەکرد و خۆشتدەویست؟!
- ئەو بەهرانە بیری خۆت بخەرەوە کە خەڵکی تۆی پێ وەسف دەکەن، (تەنانەت بەهۆی ئەوەی ئەو کارەت هێندە خۆش دەوێ، خەڵك بە شێت بۆ ئیشە وەسفت دەکەن).
- ئەو شتانەم پێ بڵێ کە تۆ زۆر بە ئاسانی ئەنجامیان دەدەیت، هەستیش دەکەیت کە پێویستت بە فێربوون و بڕوانامە نییە بۆ ئەنجامدانیان.
- ئەی چی سەبارەت بەو بوارەی کە تۆ ئارەزوو دەکەیت

قسەی لەسەر بکەیت، ئەوانی تریش هەموویان گوێت بۆ دەگرن...

- ئەو پیشەیە چییە کە تۆ بەردەوام تیایدا سەرکەوتوو بوویت بەسەر دەوروبەرەکەتدا، تەنانەت دەتوانی خۆبەخشانەش ئەنجامی بدەیت؟!

لە خستنەڕووی ئەو پرسیارانە بۆ خودی خۆت بەردەوام بە، تا لەکۆتاییدا (خۆت) دەدۆزیتەوە. هەرگیز ڕێگە نەدەیت فێڵ لێکەن هەواڵت پێ بدەن لە سەر (باشترین پیشە لە جیهان) چونکە ئەوە شتێکی کەسی و تایبەتە لە تاکێك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.

نووسینی وتار، ڕەنگە ئەو بوارە نەبێت کە تۆ خۆتی تێدا بدۆزیتەوە، (بەڵام بە بۆچوون و دیدی شەخسیی من) باشترین پیشەیە لە جیهان. چونکە ئەم پیشەیە ئارەزووی منە و حەزم لێیەتی و خۆشم دەوێ، چێژی لێ وەردەگرم.. خۆشەویستی خوێندنەوە و بەدواداچوون و گەڕان بە دوای بیرۆکەی نوێ.. لە دواییشدا نووسینەوەیان لەسەر کاغەز لە ترسی لەناو چوونیان. هەرگیز باوەڕ ناکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان من لەو کارە بوەستم، تەنانەت ئەگەر مووچەکەشم بوەستێ و ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش نەمێنن کە وتارەکانمی تێدا بڵاودەبێتەوە.. ئەوەی زۆر زیاتر پیشەکەمی جوانتر کردووە ئەوەیە، کە من بەردەوام لە ڕێگەیەوە فێری شتی نوێ دەبم، هەروەها لە بەرامبەریشدا داهاتێك وەردەگرم، بێ ئەوەی لە ماڵی خۆم بچمە دەرەوە، تەنانەت ئازادییەکی زیاتری لە خەڵکی ئاسایی پێ بەخشیوم، مۆڵەتی ساڵانە و دیاری و هاندانی وەرزی... لە بەرامبەر ئەنجامدانی وەردەگرم!!

ئەوەت لا سەیر نەبێ؛ ئەوە حاڵ و گوزەرانی هەر کەسێکە کە زوو بڕیاری داوە لە کۆیلەبوونی پیشە و مووچە و بەرهەمێنانەوە خۆی ڕزگار بکات و بەرەو ئارەزووە تایبەتییەکانی بچێت.

هەموو بازرگان و هونەرمەند و یاریزانە بەناوبانگەکان، بڕێکی زۆر لە بەرامبەر ئەو کارانەیان وەردەگرن کە خۆیان هەر لە سەرەتاوە عاشقی بوونە و ئارەزووی ئەنجامدانیان کردووە، بێ ئەوەی خۆشیان بە هیچ دەوامێکی فەرمی وابەستە بکەن.. هەر یەکێك لەوانەی کە باسمان کردن، ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن لای ئەوان باشترین پیشەیە لە جیهان. کامە یاریزانەت دەوێ بیری لێ بکەرەوە، ڕۆژانە چەندان ملیۆن تەنها لە بەرامبەر ئارەزوویێکی تایبەتی خۆی وەردەگرێت!! (بەمشێوەیەش بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی لە یەکێك لە یانەکان خانەنیشن دەکرێت).

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- کەس ناتوانێ هەواڵی باشترین پیشەی جیهانت پێدات، بەڵکو ئەوە وابەستەی ئارەزووە تایبەتییەکانی تۆ و پێداویستییە داراییەکانتە.
- ئەو پیشەی بۆ تۆ گونجاوە بریتییە لەو هیوا و ئاواتەی کە خۆشتدەوێ (+) داهاتێکی گەورە کە لە بەرامبەر هیوایەکەت وەریدەگری.
- هونەرمەند و یاریزانەکان، نموونەی بەهرەمەندانن، برێکی زۆر لە بەرامبەر ئەنجامدانی ئارەزوویەکی تایبەتی خۆیان وەردەگرن.

Scanned by CamScanner

## تۆ کێی: سەرۆك یان بەڕێوەبەر؟!

جارێکیان لە یەکێك لە ساڵەکانی خوێندن، چووم بۆ فێرگەی کوڕە بچووکەکەم، سەبارەت بە بەڕێوەبەر لە پاسەوانی قوتابخانەکەم پرسی.. ئەویش پرسیارەکەی بە جۆرێکی تر ئاراستە کردمەوە و گوتی: مەبەستت سەرۆکی پەروەردەییە؟! گوتم بەڵێ سەرۆکی پەروەردەیی.. منی برد بۆ ژوورەکەی، هەر لەگەڵ چونە ژوورەوەم هەستم بەوە کرد کە هەڵەکەی من لە چ شوێنێك دابوو.

لەسەر مێزی ژوورەکەی چوارچێوەیەکی بچووك دانرابوو، تێیدا نووسرابوو "سەرۆکی پەروەردەیی فلان کوڕی فلان". زەردەخەنەیەکم بە ڕوویدا کرد وەك ئاماژەیەك کە ئەوەم بەلاوە جوانە، کە وشەی بەڕێوەبەری گۆڕیوە بە سەرۆکی پەروەردەیی، ئەو ئاماژانە لای کەسانی شارەزا لە کارگێریی ناشاردرێنەوە.

دوای چوونە دەرەوەم بڕیارمدا کە وتارێکی تایبەت بە جیاوازی نێوان سەرۆك و بەڕێوەبەر بنووسم، (چونکە تەنها بە زانینی جیاوازی نێوان ئەو دوو چەمکە، ڕەنگە شۆڕشێکی تەواو سەبارەت بە دیدگای تۆ بۆ ئامانجەکان و ڕێگاکانی جێبەجێکردن و ئامرازەکانی کارگێڕی ڕووبدات).

- بەڕێوەبەر هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، واتە بەڕێوەبەرایەتی کارێك و ئەندامەکانی دەستەکە دەکات، بەڵام سەرۆك خۆی کارەکە دادەهێنێ و ئەندامەکانی دەستە یان فەرمانگەکەی ناچاری جێبەجێکردن و کارلەسەرکردن دەکات.

Scanned by CamScanner

- بەڕێوەبەر بە گوێرەی یاسا و ڕێکارەکان کار دەکات... لە کاتێکدا سەرۆك جەخت دەخاتە سەر ئامانجە کۆتاییەکان و چۆنییەتی گەیشتن پێیان بە ڕێگەی داهێنەرانە و دوور لە بەکارهێنانی ڕێگەی بیرۆکراسی.

- بەڕێوەبەر (هەروەك لە ناوەکەیەوە دیارە) بەڕێوەبەرایەتی چەند کەسێك دەکات، کە پێشتر ڕاهێنراون بۆ بەجێگەیاندن و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی لە لایەن کەسێکی سەروتر لە خۆیانەوە فەرمانیان پێکراوە.

- بەڵام سەرۆك ئەو سنوورەی تێپەڕاندووە و خۆی دەستەیەکی کار دروست دەکات و باوەڕی بە ئامانجەکانییەتی. کۆشش و هێزی هەموان یەك دەخات تاوەکو هەموان بەیەکەوە کارێکی گەورە ڕاپەڕێنن، (وەك نموونەیەك: جەنگیزخان تیرەکانی مەغۆلی یەکخستن و کردنی بە یەك هێز، تا بە ئامانجێکی گەورە بگات، کە ئەویش دەستگرتن و زاڵبوون بوو بەسەر جیهانی ئەوکاتدا).

- بەڕێوەبەر قسە دەکات و گوێ ناگرێت، فەرمان دەکات و گفتوگۆ ناکات، خەمی گەورەی جێبەجێکردنی فەرمانەکان و سەرپێچینەکردنی یاساکانە... بەڵام سەرۆك ڕێگە بە فەرمانبەرەکانی دەدات و گوێیان لێدەگرێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات و بۆ داهێنان و پێشکەشکردنی باشترینی بیرۆکەکان هانیان دەدات.

- بەڕێوەبەر توند و ڕەقە، بێهیوایی لە نێو فەرمانبەرەکانی بڵاودەکاتەوە و بۆ دەستپێشخەری هانیان نادات (لە بەرامبەریشدا

فەرمانبەرەکانیش لە پێشکەشکردنی بیرۆکەی دەستپێشخەری دەترسن لە ترسی سنووربەزاندن و سەرپێچیکردنی ڕێکارەکان). لە کاتێکدا سەرۆك گیانی هاندانیان و بڕەودان و نەرمونیانیان لەنێودا بڵاو دەکاتەوە و پشت بە سیستەمی بەخشش و دیاری دەبەستێت، نەوەك سزا.

- ئەوە واتای ئەوە نییە کە بەڕێوەبەری توند خراپە... بەڵکو ڕەنگە لای کەسانی سەروی خۆی باشترین بەڕێوەبەر بێت، چونکە ئەو شتە دروست و ڕاستەکان ئەنجام دەدات... بەڵام سەرۆك گرنگی دەدات (نەك بە ئەنجامدانی کارەکانی بە ڕێگەیەکی دروست)، بەڵکو بە ئەنجامدانی (کارەکانی بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز) ئەمەش سەرنجی کەسانی دەوروبەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ.

- بەڕێوەبەر ڕەنگە دەستەوەستان و ملکەچ بێت، کاتێك دووچاری کێشەیەکی نوێ دەبێتەوە (کە لە نامیلکەی ڕێنمایی و ڕێکارەکاندا نییە). بەڵام سەرۆك بە تەحەددییەکی نوێ وەریدەگرێت و بە ڕێگەیەکی داهێنەرانە هەوڵی تێپەڕاندنی دەدات، (کە ئەویش لە نامیلکەی ڕێنمایی و ڕێکارەکاندا نییە).

*** *** ***

بە کورتی و پوختی و گشتی دەتوانین بڵێین کە بەڕێوەبەر جێبەجێکارە و سەرۆك داهێنەر... بەڕێوەبەر کار بە بڕیار دەکات و

سەرۆك بڕیار دادەنێ.. .بەڕێوەبەر نزیك دەڕوانێ بەڵام سەرۆك دوور... بەڕێوەبەر بیر لە سەقامگیری دەكاتەوە سەرۆك لە داهێنان... بەڕێوەبەر پرسیار دەكات بۆچی ئەوەت ئەنجام دا؟ سەرۆك پرسیار دەكات بۆچی ئەوە ئەنجام نەدەین؟ض! بەڕێوەبەر هەوڵی ئارامكردنەوەی جیاوازییەكان دەدات، بەڵام سەرۆك هەوڵی یەكخستنی بۆچوونە جیاكان دەدات... بەڕێوەبەر بە هێزی دەسەڵاتەكەی كاریگەری لەسەر خوار خۆی دروست دەكات، بەڵام سەرۆك بە هێزی بیركردنەوەكان.

لە هەموو ئەوانەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێ كە سەرۆك لە هەمان كاتدا بەڕێوەبەریشە، بەڵام بەڕێوەبەر سەرۆك نییە. لەوەوە بۆمان دەردەكەوێ كە ناپلیۆن و جەنگیزخان و شا عەبدولعەزیز سەرۆكی گەورەبوون (چونكە توانیویانە كە تیرە و هۆزە جیاجیاكانی وڵاتەكانیان كۆبكەنەوە و هێزەكانیان یەكبخەن و ئامانجی گەورەی پێ بەدەست بهێنن) لە هەمان كاتدا بەڕێوەبەرە سەركەوتووەكان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە بونیادنانی دەوڵەت و بەڕێوەبردن و دروستكردنی دامەزراوەكان.

ئێستا؛ تۆ خودی خۆت لە كامەیاندا دەبینیتەوە؟!

بەڕێوەبەرێكی توند كە خەمی گەورەی جێبەجێكردنی ڕێنماییەكانە و زۆر گوێ بە ئەنجام و ئامانج نادات، یان سەرۆكێكی داهێنەر و دانەری ڕێنمایی و یاساكان بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئەنجام؟! بەڕێوەبەرێك كە ئامانجی یەكەمی ڕێكخستن و ڕۆیشتنی كارەكانە وەك كاتژمێری سویسری، یان سەرۆكێك كە

Scanned by CamScanner

دوور دەڕوانێ و کارەکەی بە دیگایەکی نوێ و بیرۆکەی تازە و داهێنەرانە زۆر بە جوانی تێدەپەڕێنێ؟!

وەڵامەکەت هەر کامێکیان بوو، هەوڵبدە هەردوو بەهەرەکە ئاوێتەی یەکتر بکەیت.

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- بەڕێوەبەر کەسێکە کاروانەکە ڕێك دەخات، بەڵام سەرۆك بەرەوپێشی دەبات تا ڕێگاگە بگرنە دەست.
- بەڕێوەبەر دەپرسێ بۆ ئەوەت ئەنجامدا؟ بەڵام سەرۆك پرسیار دەکات چۆن ئەوە ئەنجام بدەین؟
- ئەوکاتەی کە ڕێنماییەکان وەك خۆی جێبەجێ دەکەیت، دەبیت بە بەڕێوەبەر، بەڵام کە دەگەیتە ئامانجێکی گەورەتر لە ڕێکار و ڕێنماییەکان، ئەوسا دەبیت بە سەرۆك.

❁❁❁

## خۆت مەخەرە گۆشەیەکەوە.. بەڵکو ئەوانی تر

من خۆم لەو باوەڕەدام کە هەر کارێك یان هەر ئامانجێك (کە هیوای بەدەستهێنانی بۆ دەخوازین) پێویستی با کاتێکی درێژترە، هەروەها پێویستی بە بڕێکی زیاترە لەو پارەیەی کە بۆی دەخەملێنین.. ڕەنگە خۆشت ئەوەت ئەزموون کردبێ کە کاتێك نیەتی ئەنجامدانی کارێکت هەبێ (دروستکردنی باڵەخانەیەك، یان هەر کارێکی بازرگانی)، دەبینی لە کۆتاییدا هەم کاتەکەی، هەمیش بڕی تێچووەکەی لەوە زیاترە کە تۆ لە سەرەتادا بۆت خەملاندووە؛ ئەو باڵەخانەی کە بە نیاز بوویت لە ماوەی ساڵێك تەواوی بکەیت، درێژە دەکێشێت بۆ دوو ساڵ یان سێ ساڵ، ئەو پڕۆژەیەی کە سەدهەزارت بۆ تەرخان کردبوو، گەیشتە دووسەد یان سێسەد هەزار، کە لە هەردوو بارەکەشدا ڕەنگە خەملاندنی تەواوت بۆ کردبێ.

هەر لەبەر ئەو هۆکارە، من وەك خۆم هەر کاتێك نیازی گەشتێکم هەبێ، بە ڕێژەی لە سەدا بیست یان سی بڕی خەرجییەکە زیاد دەکەم، لەبەر ئەوەی زۆربەی جار زیادبوونی بڕی خەرجییەکان پێشبینیکراوە، چونکە ڕەنگە هەندێك شتی لاوەکی بێتە پێشەوە کە لە سەرەتادا پێشبینی هاتنە پێشیان بۆ نەکراوە (بۆ نموونە وەرگرتنی لیست لە کۆمپانیای پەیوەندییەکان، بڕی تێچووی پلیتی

فرۆکە بەرز دەکاتەوە).

بەڵام سـەبارەت بە کـات و زیـادبوونی لە ئاستی پێشبینیکراو، سروشـتەکەی وایە کە پێویسـتە هەمیشـە پێشـبینی زیـادبوونەکەی بکەیت، بۆیە لە هەمـوو بارەکانـدا پێویسـتە بیـری خۆت ئاسوودە بکەیت و بەردەوام بـۆ ئەنجامـدانی پـڕۆژە و گەشتەکانت کاتێکی زیاتر لە خەیاڵی خۆتدا پێشبینی بکەیت، هەمیشە پێشبینی دواکەوتنی فڕۆکە بە هۆی زۆریی گەشتیاران و گرفتەکانی کەشوهەوا و ئەو حاڵەتانە ئەگەری ڕوودانی هەیە.

*** *** ***

ئەو بنەمایە زۆر گرنگە (ئەنجامـدانی هەمـوو کارێک ماوەیەکی درێژتر دەخوازێت، هەروەها پـارەیەکی زیـاتر لەو پارەی کە بۆی خەملێندراوە)، بۆیە وا پێویسـتە کە لە هەمـوو کارێکدا کە نیەتی ئەنجامدانت هەیە جێبەجێی بکەیت.

هەر لەبەر ئەو هۆکـارە هەمیشـە ئەو بنەمـایەت لەیـاد بێـت، لە پەراوێزی گشت کارەکانتـدا شـوێنێکی بۆ دابین بکە، تاوەکو بە هۆکاری چەند هەنگاوێکی سـادە پـڕۆژەکەت دووچاری شکست نەبێت.

بەڵام؛ لە بەرامبەردا پێویستە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە (تەنها لە نێوان خۆم و خۆتدا بێ)، پێویستە تەنها خۆت بەو ڕێژەیە بزانی کە دەیخەیـستە پەراوێـزی ڕێـژەی خەملێنـدراو.. بە واتـایەکی تـر: ئامۆژگاریـت دەکەم کە لە جێبەجێکـردنەکەی پشـت بە هـیچ کەسێکی دەوروبەرت مەبەستە، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی پشت بە

هیچ فەرمانبەرێکت یان یاریدەدەرێك مەبەستە، چونکە ڕەنگە لە داهاتوودا بیانووی کورتهێنان و دواکەتن و بەفیڕۆدان بکەنە هۆکار.

گەمژەییە ئەگەر بەو فەرمانبەرە بڵێی کە لای تۆ کار دەکات (بە ئاسوودەی خۆت کارەکە ئەنجام بدە)؛ چونکە بەکارهێنانی ڕستەی لەو جۆرە، واتە پێکردنی گڵۆپی سەوز تاوەکو کارەکە هەر ئەنجام نەدا، یان ئەو کاتەی بە فیتەرێك دەڵێیت (هەر کات وەختت هەبوو ئۆتۆمبێلەکە چاکبکەرەوە)، دوای یەك هەفتە دێیتەوە ئەو لە جێگای خۆی وەستاوە و ئۆتۆمبێلەکەشت چاك نەکراوە، بەڵام لەوە و لەوەی پێشووش خراپتر ئەوەیە کە تۆ بودجەیەکی کراوە بدەیت بە کەسێك، بۆ بەجێگەیاندنی کارێك، چونکە کاری لەو جۆرە ڕێخۆشکەرە بۆ نارێکی لە ئەنجامدانی کارەکە، جگە لەوەش بە واتای هەڵکردنی گڵۆپی سەوز دێت، تا ئەو کەسانەی کە کارەکەت پێ سپاردوون، بە ئاسانی دزیت لێبکەن و شیکاری جیا جیات بۆ بکەن لەو حاڵەتانەی ئەگەر تێچووەکەی زۆر بوو.

هەڵوێستی لەو جۆرە نابێت لە توندیەوە سەرهەڵبدات، بەڵکو دەبێت تەنها وەك مامەڵەیەك بگرێتەبەر، بە ئامانجی ئەوەی بگەیت بە باشترین ئەنجام... ئەوە ڕوونبۆتەوە کە ئێمە ئەو کاتەی باشترین بەهرەکانی خۆمان بۆ بە دەستهێنانی باشترین دەرئەنجام دەخەینەگەڕ و دەیانخەینە گۆشەیەکەوە، دەتوانین سەرکەوتن و ئەنجامی زۆر باشتر بە دەست بهێنین.. ئەگەر یادگەی خۆت بگێڕیتەوە بۆ دواوە، ئەووەت بۆ دەردەکەوێ کە ئەو کارەی بۆ ئەنجامدانی مانگێك یان دوو مانگت داناوە، بەڵام (کاتێك جگە لە خۆت دەخەیتە

گۆشەیەکەوە)، ئەوا لە ماوەی هەفتەیەك یان دوو توانیوتە ئەنجامی بدەیت.

لەڕاستیدا دەتوانیت توانا و لێهاتوویی فەرمانبەرەکانت لە کات و بودجەیەکی دیاریکراودا چڕبکەیتەوە، چڕکردنەوەی کات لێرەدا تەنها هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و تەرکیز و تواناکانیان، بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی باشتر لە کاتێکی کەمتردا. بەڵام لە بەرامبەردا هەمیشە شکست یاوەری هەر کارێك دەکات ئەگەر کاتێکی کراوە بدرێتە فەرمانبەرەکان، چونکە وابیر دەکەنەوە کە کاتێکی زۆریان لە بەردەستدایە بۆ تەواوکردنی، بەمەش کاتێکی (ڕەنگە تەواوی تەمەن) زۆر بەفیرۆ دەدەن بێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێك.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- دواکەوتن لە بەدەستهێنانی هەر ئامانجێك کە پلانت بۆی دارشتووە، باشترە لەوەی کە کاتێکی کراوە بە خۆت ببەخشی بۆ ئەنجامدانی.
- ئەگەر کارەکە تایبەتە بە خۆت -سەرەتا- تێچوویکی زیاتر و کاتێکی درێژتری بۆ پێشبینی بکە.
- ئەگەر کارەکەش پەیوەست بوو بە فەرمانبەران، ئەوا کەمترین کات و کەمترین بوودجەیان پێبدە، هیچ شتێکی تریان پێشکەش مەکە تا ئەو کاتەی دەزانیت ئەگەر پێیان نەدەیت شکست دەهێنن.

***

## چۆن دەزانی تۆ کەسێکی گرنگیت؟!

لە دەوروبەرمان کەسانێك هەن کە لاشمان نەبن، هەست بە ونبوونیان ناکەین، خۆ ئەگەر لاشمان ئامادەبن، شتێك لە بابەتەکە ناگۆڕن... بەداخەوە ئەمە دۆخی بەشێك لە فەرمانبەرەکانمانە لە کەرتی میری؛ ئەگەر ئامادەی دەوام بن، شتێکیان پێ زیاد نابێ، ئەگەر ئامادەش نەبن هیچ کاریگەرییەك دروست ناکەن.. - هەندێ جار- دەچیتە بەشێکەوە دەبینی ژوورەکەیان هیچ کەسێکی تێدا نییە (زۆر جارانیش بە بیانووی نانخواردن و نوێژ و چوون بۆ قوتابخانەکان) جگە لە کەسێکی ئەمین کە هەموو ئەرکی کەسەکانی تریشی کەوتۆتە ئەستۆ... ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زۆریی ڕێژەی فەرمانبەران لە فەرمانگە میرییەکاندا نەوەك بەڵگە بێت بۆ ناپابەندی... بەڵگەشە لەسەر گرنگینەدانی فەرمانبەر بە خودی خۆی.

ئەو پرسیارانەی کە بۆتۆ گرنگن:

چۆن دەزانیت کە تۆ کەسێکی گرنگیت لە کارەکەت؟!

چۆن دەزانیت کە تۆ کارێکی گرنگ و بەسوود بۆ کۆمەڵگە و کەسانی دەوروبەرت ئەنجام دەدەیت؟!

چۆن دڵنیا دەبیتەوە لەوەی کە تۆ کەسێکی بەشداری لە هەوڵەکانی دامەزراوەکەتدا، نەوەك تەنها کەسێکی زیادەیت و نە شتێك پێش دەخەیەت، نە شتێك دوا دەخەیت؟!

ئەگەر یەکێك یان زیاتر لە یەکێك لەو سیفەت و

تایبەتمەندیانەی خوارەوە لە کەسایەتیتدا هەبوو، ئەوا بزانە کە تۆ کەسێکی سەرکەوتوو و گرنگیت:

- ئەگەر نەچوویتە دەوام یان دواکەوتیت یان مۆڵەتت وەرگرت و کارەکە وەستا تا کاتی چوونی تۆ.
- ئەگەر بەڕێوەبەرەکەت بەخشیش و هاندان و دیاری پێبەخشیت و لە ناکاو پلەی بەرزکردیتەوە، (ئەمە لە کاتێکدا ئەوە دەزانی ئەو کارە باشترە لەوەی کە ڕووبەڕوو پێت بڵێ کە تۆ کەسێکی گرنگیت).
- ئەگەر بە بەردەوامی هاوکار و کەسانی لە خۆت بەرزتر ڕاوێژیان پێ کردیت و لە چارەسەرکردنی کێشەکان پشتیان پێت بەست، ئەوا بزانە کە تۆ کەسێکی گرنگ و سەرکەوتوویت.
- هەر کات هەستت کرد کە ئەوەی تۆی بە دامەزراوەکەت پەیوەست کردووە گرێبەستێکی فەرمی و مەرجێکی ڕێکاری نییە، بەڵکو تەنها ڕۆڵبینینێکی زیندوانەیە، ئەوا بزانە کە تۆ فەرمانبەرێکی گرنگیت.
- هەر کات زانیت لە کەسایەتیتدا توانایەك هەیە بۆ دۆزینەوە و چارەسەری نوێی پەیوەست بە کەمکردنەوەی تێچووەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و سەرکەوتن، ئەوا بزانە کە تۆ کەسێکی گرنگ و سەرکەوتوویت.
- هەر کات ئەو کەسەی کە تۆ کاری بۆ دەکەیت تێبینی ئەوەی کرد (ئەگەر خۆشت تێبینی بکەیت)و کە تۆ کارەکەت بەراورد بە هاوکارەکانی ترت زۆر بە باشی و خێرایی ئەنجام

دەدەیت، ئەوا بزانە تۆ کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و گرنگت هەیە.

- هەر کات مامەڵە گرنگەکان لە بەر قورسی نێردرانە لای تۆ، یان موراجیعەکانی پێشوو لە جاری دووەمدا ناوی تۆیان هێنا و داوای تۆیان کردەوە، ئەوا بزانە تۆ فەرمانبەرێکی سەرکەوتوو و گرنگیت.
- هەر کات گەیشتیتە ئەو باوەڕەی کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە واز لە کارەکەت بهێنیت و پڕۆژەیەکی تایبەت بە خۆت دروست بکەیت و ئەزموون و تواناکانتی تێدا بخەیتەگەڕ، ئەوا بزانە کە تۆ کەسێکی سەرکەوتوو و گرنگیت.

بەبێ گومان؛ پیشە و فەرمانبەریی کارێکی عەیبە نییە، هەرگیزیش ئامۆژگاری کەسە سادە و ئاساییەکان ناکەم بۆ وازهێنان، بەڵام عەیبە ئەوەیە کە تۆ لە نێوان دوو بژاردە دابیت و کار لە سەر هیچ کامیان نەکەیت.

یەکەم: ببیت بە کەسێکی دیار و ژمارەیەکی قورس لە شوێنی کارەکەت.

دووەم: هەر لە سەرەتاوە کەسێکی جیاواز و خاوەن تایبەتمەندی بیت، بەڵام بیر لە وازهێنان لە فەرمانبەرێتی نەکەیتەوە و دەست بە پڕۆژەکەیەکی تایبەت نەکەیت.

پێش ئەوەی تۆ هەواڵی ئەوەم پێبدەیت، من دەڵێم: ئەگەر قورسی نەبوایە، ئەوا هەموو خەڵک دەبوونە گەورە و خاوەنکار.

❋❋❋

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- بەهای تۆ لە کارەکەت مووچەکەت دیاری دەکات، ئەو خزمەتانەشی کە پێشکەشی خەڵکی دەکەیت بەهات لە ژیان دیاری دەکەن.
- پێش ئەوەی داوای مووچەیەکی زۆرتر بکەیت، ببە بە کەسێك کە هەرگیز نەتوانن لێت بێ نیازبن.
- ئەو کاتەی دەبیتە ژمارەیەکی قورس لە دامەزراوەکەتدا، مافی خۆتە کە ببیت بە هاوبەشی کارەکە، هەرنا مافی خۆتە وازبهێنیت و پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆت دابمەزرێنیت.

***

Scanned by CamScanner

## فێربە چۆن بڵێی (نا)!

یەکەمین کارکردن لە ژیانم لە فێرگەیەکی نوێی ناوەندی بوو، کە تازە کەوتبووە بواری دامەزراندنەوە.. تەنها لە چوار پۆل پێکهاتبوو، دەستەی فێرگەکەش تەنها پێنج مامۆستا و بەڕێوەبەرێک و خزمەتگوزارێك بوون، لەبەر ئەوەی من بچووکترینیان بووم، هەروەها لەبەر ئەوەی کە تازە لە قۆناغی دامەزراندن دابووین هەموان وەك یەك گروپ و خێزان کارمان دەکرد، بەڵام من زۆرترینی کارەکانم ئەنجام دەدا... من کاروباری نەهاتنی فێرخوازان (غیابات) ڕێوڕەسمەکان و مووچە و کاروبارەکانی تری فێرخوازان و نووسراوەکان و تەنانەت کۆپیکردنی نووسراوەکانیشم لە ئەستۆ گرتبوو.. لەبەر ئەوەی منیش زۆر بە جدی کارەکانم دەکرد، لە هیچ کارێك دوا نەدەکەوتم، سەرەڕای ڕاپەڕاندنی ئەو هەموو کارە، هەندێك جار یارمەتی مامۆستاکانی تریشم دەدا لە ئامادەکردنی وانە تایبەتییەکانیان.. من ترس و لاوازیم لە فەرهەنگدا نەبوو، بەڵکو زۆر باوەڕم بە بنەمای یارمەتیدان و هاوکاری هەبوو.. لە ڕاستیدا هەموو کارەکانی ئێمە لە یەك ژووردا بوو، تەنانەت خواردن و خواردنەوەشمان هەر بەیەکەوە بوو، هەر لە هەمان ژوور..

بەڵام لە ناکاو هەموو ئەو هەڵوێستانە گۆڕان، چونکە کارگێڕیی فێرکردن بریکارێکی نوێی بۆ ڕەوانە کردین، ئەو منی نەدەناسی، وەك یاریدەدەرێکی خۆی مامەڵەی لەگەڵ مندا دەکرد.. ڕۆژێکیان کە من و مامۆستاکانی تر خۆمان بۆ خواردنی نیوەڕۆ ئامادە دەکرد،

هاتوو لیستی مووچەی مامۆستا و فەرمانبەرەکانی فریدایە سەر مێزەکەم (ئەوسا بە دەست ئامادەمان دەکرد)، داوای لێکردم کە جارێکی تر سەر لە نوێ هەمووی ئامادە بکەمەوە.. منیش بێ ئەوەی هیچ خۆم تێك بدەم، کاغەزەکانم دژی ئاراستەی فڕێدانەکانی ئەو پێچەوانە کردەوە و فرێم دایەوە سەر مێزەکەی و گوتم: خۆت ئەو کارە بکە.

ئەگەرچی من ئەو کارەم زۆر بە لەسەرخۆیی و هێمنی کرد، گوتنی ئەو ڕستەیەشم بە هەمان شێوە، بەڵام لە ناخمدا شتێك پێی دەگوتم: "هەڵوێستەکەت زۆر توند بوو". دواتر کە چوومە دەرەوە و ئەوم جێهێشت، نەمتوانی ئەو هەواڵە لە بەڕێوەبەرەکەم بشارمەوە، بەڵام ئەو لەجیاتی ئەوەی لۆمە و سەرزەنشتم بکات، پێکەنی و گوتی: "من لەمێژە گوتوومە ئاخۆ دەبێ کەی فەهد بتەقێتەوە". لەگەڵ ئەو وتانەی بەڕێوەبەرەکەم هەستم بەوە کرد کە ماوەیەکی چەندە زۆرە ستەمم لە خۆم کردووە بە نەگوتنی (نەخێر).. هەر لەو ڕۆژەوە بڕیارمدا هاوکاری و یارمەتیدانەکانم لەسەر هەموو ئەوانە بپچڕێنم کە شیاوی یارمەتیدان نین، بڕیاریشمدا کە لە کاتی گونجاو و پێویستدا بە هەموو زمانەکان وشەی (نەخێر) بەکاربهێنم (لا، نو، نن، نخت، هییت، فینیتو، تدا، نیفر)..

سەیر لەوەدابوو گوتن و دەربڕینی (نەخێر) لە چەند هەڵوێست و کارێکدا ڕێز و خۆشەویستییەکی زیاتری لە پێشوو بە کەسایەتی مندا بوو، ڕەنگە زۆربەمان باوەڕی وابێ کە نواندنی نەرمونیانی و نەگوتنی (نەخێر) و ڕەتنەکردنەوە، گرێنتی بەدەستهێنانی خۆشەویستی و ڕێزی دەوروبەر بێت.. بەڵام لەڕاستیدا پێچەوانەی

ئەو بۆچوونە بە تەواوەتی ڕاستە، چونکە زۆربەی کات نەگوتنی نەخێر و ڕەتەکردنەوە بە ئیستغلالکردن و سنووربەزاندنی کەسانی بەرامبەر کۆتایی دێت.. چونکە یارمەتیدانی بەردەوام هاندەرێکە بۆ پاڵدانەوەی کەسی بەرامبەر، تا بە شێوەیەك ئیستغلال دەکرێ وەکو سەلەیەکی لێدێت لە قوشبنێك، ئەوەی جلی پیسی هەبوو فڕێی دەداتە ناوی..

لە بەرامبەردا کاتێك دەڵێ (نا، نەخێر) (بە شێوازێکی جوان و زەردەخەنەیەکی کەمەوە)، ئەوە دەسەلمێنیت کە تۆ سەربەخۆیت و لەبەردەم بژاردە دایت، دەتوانی بڵێی نایکەم، دەتوانی ئەنجامی بدەیت، بەوەش خۆشەویستی و ڕێزی دەوروبەرت مسۆگەر دەکەیت.

بە پێویستی نازانم کە جیاوازی نێوان یارمەتیدانێکی خۆویستانە و دەستپێشخەریەکی خۆویستانە لەگەڵ کارێکی جوانت، بەڵام لە ژێر ئیستغلالکردنی دەوروبەرتەوە بۆ باس بکەم، یارمەتیدان سروشتی خۆی وایە، کە دۆخێکی کاتیە و لە کاتی دیاریکراو و پێویست، پێشکەش بە لێقەوماو و کەسانی پێویست دەکرێ، بەڵام دەبێتە هۆکاری پاڵدانەوە و ئیستغلالکردن، ئەگەر ئەو جۆرە لە یارمەتیدان سیفەتێکی هەمیشەیی وەربگرێت و شێوازی داواکردنی فەرمی تێدا نەمێنێ (تەنانەت ئەگەر یارمەتیدانەکە پەیوەست بێ بە ئەرکی فێرگەی منداڵە بچووکەکەشتەوە).

لەبەر ئەوەی "یارمەتیدان و هاوکاری" کارێکی زیادەیە و لەسەر ویستی تۆ دەوەستێ و هیچ پاداشتێکی لە بەرامبەردا چاوەڕوان ناکەیت، پێویستە بە خێرایی هەڵوێستی خۆت لە ئەنجامدان یان

ئەنجامنەدانی یەکلایی بکەیتەوە، ئەوەش لەسەر بارودۆخی کەسی بەرامبەر و شێوازی داواکردن و ئاستی پەیوەندیت لەگەڵیدا دەگۆڕدرێت.. بەڵام هەر کاتێك هەستت بە جۆرێك لە ئیستغلال و سنووربەزاندن کرد، تاکە شتێك کە لە سەر تۆ پێویستە ئەنجامی بدەیت وتنی: (نەخێر، ببوورە، ناتوانم یارمەتیت بدەم..) زۆر بەڕوونی. هەر کاتێکیش ئەوەت ئەنجام دا، هەرگیز گومانی ئەوە مەکە و لەوە مەترسە کە بەرامبەرەکەت پێی وایە تۆ کارێکی هەڵەت ئەنجامداوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێشبینی ئەوە لەو بکە کە وەك هاوڕێیەك ڕێزی بڕیارەکەت دەگرێت، گومانی باشەت پێدەبات و دەڵێ ڕەنگە کاتی نەبێ و ئیشوکاری لەسەر کۆبووبێتەوە.

هەر کەسێ ئاگادار نییە بە گرنگی بەکارهێنانی ئەو وشە بە سوودە، بیری بهێنەوە، کەوا ئەوە ئێمەین پێی دەڵێین کە شێوازی مامەڵەی لەگەڵ ئێمەدا چۆن بێت (ئێمە خۆمان داوات لێدەکەین کە پێمان بڵێی نەخێر).. ئەمرۆش وەك هەموو ڕۆژێك دەرفەتێکی نوێت هەیە تا بڵێی (نەخێر) بێ ئەوەی لە لەدەستدانی هیچ کەسێك بترسیت!

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ڕازیبوونت بە هەموو شتێك، بە پابەندبوون و لێنیشتنەوە کۆتایی دێت لە سەر هەموو شتێك.
- یارمەتیدان دۆخێکی کاتییە و پێشکەش بەو کەسانە دەکرێت کە بەڕاستی شیاوی یارمەتیدانن، نەوەك سیفەتێکی هەمیشەیی.
- ئەو کەسانەی کە توانای گوتنی (نا، نەخێر)یان هەیە بەبێ برینداركردنی هەستی بەرامبەر، خاوەنی ڕێز زۆر و کەسایەتییەکی جیاوازن.

✿✿✿

Scanned by CamScanner

## مامەڵە بەو جۆرە لەگەڵ خەڵکدا مەکە،
## وەك ئەوەی ئەوان لەگەڵ تۆدا دەیکەن

لە فێبرایەری ساڵی 2010 بە گەشتێك چوومە ناوچەیەك، کە کەوتبووە دەرەوەی سیدنی پێیان دەگوت: "چیایە شینەکان".. من بە تەنها نەبووم، دایك و هاوسەرەکەشم لەگەڵمدابوون، نزیکەی بیست سەرنشینی تریش لە پاسەکە بوون.. لە ڕێگەی گەڕانەوە پیاوێك لەگەڵ هاوسەرەکەی لە نزیکمەوە دانیشتن... دوای کاتژمێرێك لە بێدەنگی ئاوڕێکی بە لای مندا دایەوە و گوتی: تۆ لە کوێوە هاتووی؟ سەرسام بووم بەوە (ئێستا دەزانن بۆ!) بەڵام من بە هێمنی پێم گوت: لە سعودیەوە.. لێم نەپرسی تۆ لە کوێوە هاتووی، بەڵام گفتوگۆکەمان درێژەی کێشا، هاوسەرەکەی و هاوسەری منیش تێیدا بەشداربوون..

کاتێك گەیشتینە سیدنی، دوای گەیاندنەوەی بەشێك لە گەشتیاران بۆ هۆتێلەکانیان، ئێستا کاتی دابەزینی ئەو ژن و مێردەیە، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکان.. پێش ئەوەی لە پاسەکە بچێتە دەر، دەستی بۆ لای من هێنا و تەوقەیەکی لەگەڵدا کردم و پێی گوتم: فەهد تۆ پیاوێکی زۆر نەرمونیانی.. دواتر زەردەخەنەیەکی فێڵاوی کرد و گوتی: بەڵام تۆ دەزانی من لە کوێوە هاتووم؟! منیش بە زەردەخەنەیەکی زیاتر و بە هەمان شێوازی ئەو گوتم: لە ئیسرائیل.. زەردەخەنەکەی لە سەر لێوان پچڕا

و گوتی: واتە تۆ لە سەرەتاوە دەتزانی؟! سەرم بەرەو خوار لەقاند (بەڵێ). لە ڕووخساریدا سەرسامییەك دروست بوو، دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەی دابەزی بێ ئەوەی یەك وشەی تر بدرکێنێ!!

ئەوەی ڕوویدا لە نێوانمان بە جۆرێکی زۆر ئاسایی بوو، من بەو جۆرەی کە پەروەردە کراوم مامەڵەم لەگەڵیدا کرد، ئەوەك بەو جۆرەی کە ئەوان لە غەزە لەگەڵ خوشك و براکانمان دەیکەن.

مامەڵەم لەگەڵیدا زۆر ئەرمونیانانە بوو، چونکە ئەو بژاردەیە زۆر باشترە لە بژاردەکانی تر..

ئەگەر بە شێوازێکی تر بوایە، هەرگیز نەمدەتوانی سەرکەوتوو بم لەوەی کە ئەو بۆچوونە لەمێژینانەی سەبارەت بە موسڵمانان و عەرەب هەیەتی بیگۆڕم، ئەگەر گریمانەی ئەوەش دابنێین کە بمتوانیبا بیگۆڕم.. دڵنیام عەرەب نەدەبوونە خاوەن ناوبانگێکی باشتر ئەگەر هاتبا و لێمدابایە، یان گاڵتەم پێکردبا و قسەم پێ گوتبایە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە چەندین کەسی تریش کە هەڵگری ڕەگەزنامەی جیاواز بوون لە نێو پاسەکە بوون.

ئەوەی پێمخۆشە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە، جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەو کەسەی خۆشت دەوێ، لەگەڵ چۆنییەتی هەڵسوکەتت لەگەڵیدا هەیە.. - بۆ نموونە- تۆ ناچارنیت لە ڕێزگرتن و خۆشویستنی هەموو کەسانی دەوروبەرت، بەڵام لەسەر پێویستە کە بە ئەدەب و ئەرمونیانییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت و پەروەردە و شێوازە ڕەسەنەکەی خۆتیان پێ نیشان بدەیت.

کاتێك لە سیرە و ژیاننامەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) وردەبیتەوە، چەندان هەڵوێست دەبینی کە تیایدا

Scanned by CamScanner

پێغەمبەری خودا لە لایەن نەزان و نەفامەکانەوە توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام دراوە و هەڕەشەی لێکراوە، بە ئەندازەیەك کە وای لێهاتووە یەکێك لە هاوەڵان هێندە تووڕە دەبێ و هەڵدەستێتەوە و مۆڵەت لە پێغەمبەری ئازیز (دروودی خوای لەسەر بێت) دەخوازێ تا لە ملی ئەو کەسە بدات، بەڵام پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) زەردەخەنەیەکی کردووە و هەردوو لای هێناوەتە دۆخێکی تر، کابرا موسڵمان بووە و هاوەڵەکەش ئارام... ڕابمێنە چۆن مامەڵەی لەگەڵ هاوبەشدانەران و بێباوەڕانی مەککەدا کرد لە ڕۆژی فەتحدا، هەموان چاوەڕوانی تۆڵەیەکی توندیان دەکرد، بەڵام ئەو فەرمووی: بڕۆن ئێوە ئازادن..

ئێستاش ئەو وانانەم بیر ماوە کە لە قۆناغی سەرەتایی سەبارەت بە ژیانی پێغەمبەری ئازیز (دروودی خوای لەسەر بێت) بۆمان باس دەکران، بەجۆرێك منیان سەرسام و بەجۆش دەکرد، ئارەزووم دەکرد زۆر زوو وانەکانی تر تەواو ببن تا بگەڕێمەوە هەموو باسەکان بۆ دایکم بگێڕمەوە.. بەڵام زۆر ئازارم دەچەشت بەو گێڕانەوانەی کە تێیدا باس لە برسیکردن و گەمارۆدان و ئازاردان و کوشتنی موسڵمان دەکرا، بەڵام لە کاتی گێڕانەوەی ئەو جۆرەشدا، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی کۆتاییەکەم دەکرد تا سەرکەوتنی موسڵمانان و زاڵبوونیان بەسەر ناخۆشییەکاندا ببیستم.. کاتێك لە کۆتا وانەکاندا گەیشتینە فەتحی مەککە، من لە زیهنی خۆمدا لیستێکم دروست کردبوو، پێم وابوو لێیپێچینەوە و تۆڵە لە زۆرێك لەو کەسانە دەکرێتەوە کە لە ڕۆژانی دەسەڵاتیان پێغەمبەری خودا

(دروودی خوای لەسەر بێت) و موسڵمانیان ئازار داوە، بەڵام ئەوەی کە گوێبیستی بووم زۆر جیاواز بوو لە پێشبینییەکانی من..

لە بری سزا و بەدیلگرتن و تۆڵە، پێغەمبەری ئازیز (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی گوتن: ((بڕۆن ئێوە ئازادن.. سەرزەنشتان ناکرێ، خودای گەورە لە من و لە ئێوەش خۆشبێ..)) بەڵێ، هەر بەو سادەییە (بڕۆن ئێوە ئازادن)، جگە لەوەش، نزای خێریان بۆ دەکات و دەفەرمووێ: خودای گەورە لە من و لە ئێوەش خۆشبێ!!

ئەوسا لێی تێنەگەیشتم؛ چونکە بە بۆچوونی من دەبوو ڕێك پێچەوانەی ئەو هەڵوێستە ڕوویدابا.. ئاخر کاردانەوەی مرۆڤەکان هەمیشە بە تۆڵە و لێپێچینەوە کۆتایی دێت..

هەستم کرد چیرۆکەکە درێژە و هێشتا تەواو نەبووە، هەستم دەکرد هەڵەیەك لە کۆتایی گێڕانەوەکە هەیە.. بۆیە کاتێك چوومەوە ئەو هەواڵەم بە دایکم نەگوت، چونکە بەڕاستی زۆر لام سەیربوو، ئەو هەموو زوڵم و ستەمە بە ئازادکردن کۆتایی پێ بێت!! هیوام دەخواست بۆ (بەیانی) مامۆستاکەم بێت و بڵێ: هێشتا گێڕانەوەکە کۆتایی نەهاتووە و هەڵوێستی موسڵمانانم هێشتا بۆ باس نەکردوون!

بەڵام تەواو بوو..

ئەوکات لەوە تێنەدەگەیشتم کە بەخشین و لێبووردن لە ئەخلاق و ئادابی کەسە گەورەکانە، لێخۆشبوون لە سیفاتی حەکیم و کەڵە پیاوانە، نەمدەزانی کە چاکەکاری واتە بەردەوامینەدان بە خوێنڕشتن..

ئەگەرچی تۆڵەسەندنەوە و کوشتنەوە شتێکی مەشروع و

ڕێپێدراویشە، بەڵام هەرگیز ناگاتەوە بە لێخۆشبوون و بەخشین و لێبووردەیی.

لەڕاستیدا هەموو تاکێک کار لەسەر ئەو بنەمایە دەکات کە لەکۆتاییدا سەربکەوێت و بۆ جیهانی بسەلمێنێ کە ئەو لەسەر حەق بووە.. لە "غاندی" ڕابمێنە چۆن بە ڕێگەیەکی سەلامەت و تەندروست توانی هیندستان ئازاد کرد و ئینگلیزی بخاتە دەرەوە، لە کۆتاییشدا خۆشەویستی ملیۆنان کەسی بە دەست هێنا.. سەیری "نیلسۆن ماندێلا"ش بکەن لە باشووری ئەفریقیا، چۆن پشتی بە سیاسەتی لێبووردەیی و چاکەکاری بەست لەگەڵ هەرێمی سپیپێستەکاندا، لەکاتێکدا ئەوان نزیکەی سی ساڵ زیندانییان کرد، هەر بەو سیاسەتە دوور لە جەنگ و خوێنڕێژییە، توانی هەنگاوێکی گەورەی پێشکەوتن بە وڵاتەکەی ببەخشێ.. لەو فێرخوازانە بپرسە کە بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چوون بۆ ئەمەریکا، یەهودییەکان چۆن مامەڵەتان لەگەڵدا دەکەن؟ بە دڵنیاییەوە وەڵامەکەیان تووشی سەرسوورمانت دەکات، دەبیستی کە چۆن بە ئەدەب و نەرمونیانییەوە مامەڵە لەگەڵ عەرەب و موسڵماناندا دەکەن (ئەمە لەبەر خۆشەویستییان نییە بۆ عەرەب و موسڵمانان، بەڵکو شێوازێکی تایبەت بە خۆیانە بۆ ڕاکێشان و بە دەستهێنانی دڵی کەسانی بەرامبەر)!

منیش ئامۆژگاریت دەکەم کە تۆش بەو ستراتیژەوە مامەڵە لەگەڵ خەلکیدا بکەیت، سروشت و پەروەردەت چۆنە بەو شێوەیە بە، نەوەک بە گوێرەی مامەڵەی کەسانی دەوروبەر لەگەڵ تۆدا.. هەرگیز پێت ناڵێم هەمیشە ملکەچ بە و سەرت دانوێنە.. نەخێر،

بەڵکو پێت دەڵێم سروشتی تایبەتی خۆت و ئەو پەروردەیەی لە دایك و باوکتەوە فێری بووی ئاوا بە، ئەوسا دەبینی ئەو کەسانەی کە مەبەستی خراپەیان هەیە بەرامبەرت، چۆن شەرم دایاندەگرێت و لە ئاستتدا ملکەچ دەبن.

لەگەڵ مندا لەم فەرموودەیە ڕابمێنە ((اتَّقِ اللهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأتْبِعِ السَّيِّئَةَ الحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ)). واتە: ((لە خودا بترسە لە هەر شوێنێك بوویت، لە دوای هەر خراپەیەك چاکەیەك ئەنجامبدە دەیسڕێتەوە، بە ڕەوشت و ڕێزەوە لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوت بکە))، سەرنج بدە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) نەیفەرمووە (لەگەڵ موسڵماناندا) یان لەگەڵ گەل و عەشیرەتەکەتدا، یان لەگەڵ ئەو کەسانەی هاوڕاتن. بەڵکو فەرموویەتی: لەگەڵ خەڵکیدا (هەموو خەڵك) بە بێ هیچ مەرج و جیاکردنەوەیەك..

✲✲✲

## پوختەی تیۆرەکە

- تۆ ناچار نیت ڕێز لە هەموو کەسێك بگریت، بەڵام لەسەرت پێویستە کە بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بکەیت.
- سەرەڕای ئەوەی کە تۆڵەسەندنەوە و کوشتنەوە ڕێپێدراون، بەڵام هیچ شتێك وەك لێخۆشبوون و لێبووردەیی دڵی مرۆڤەکان کەمەندکێش ناکات.
- مامەڵەی جوان و باش شتێکی بژاردەیی نییە، بەڵکو پێویستییەکە لەگەڵ هەموو کەسێکدا.

***

Scanned by CamScanner

## گفتوگۆ لەگەڵ دڵەکان ئەزموون بکە

هەرزەکارێکی تازە پێگەیشتوو بووم کاتێک لە ساڵی 1991 لە ڕۆژنامەی (المدینة) یەکەم وتارم بڵاوکرایەوە.. سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە ڕازی بوو بەوەی کە گۆشەیەکی ڕۆژنامەکە بە من ببەخشێ، داواشی لێکردم کە وێنەیەکی خۆمی بۆ بنێرم تا لە سەرەوەی نووسینەکانمی دابنێ. هەستم بە دڵخۆشییەکی زۆر کرد، بۆیە هەر زوو وێنەیەکی زۆر سادەی منداڵیی خۆم بۆ نارد. بەڵام هەر زوو هەستم بەو هەڵەیە کرد و بە خێرایی چووم چەند وێنەیەکی ترم گرت، تا باشترینیان بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بنێرم، بەڵام وێنە نوێیەکەم بە هیچ جۆرێك لەسەر ڕۆژنامەکە دەرنەدەکەوت، زۆر هەوڵمدا بۆ گۆڕینی، چەند جارێکیش پەیوەندیم بە خودی سەرنووسەر و جێگرەکەشی کرد، بەڵام بێسوود بوو.

کاتێك بێهیوا بووم لە گۆڕینی، ڕۆژێکیان پەیوەندیم بەو کەسە کرد کە ئەرکی دەرچوونی چاپەکانی ئەنجام دەدا و پێم گوت: "دایکم سەلامت لێدەکات، دەشڵێ: ئەو وێنەیەی من زۆر ناشیرینە خۆزگە بۆ جاری داهاتوو دەیانگۆڕی!" ئەویش پێکەنی و گوتی: "لەبەر خاتری دایکت هەر بەیانی دەیگۆڕین" بەڵێ هەرواش بوو، گۆڕییان.

ئەو چیرۆکە پێمان دەڵێ قسەکردن و دواندنی هەر کەسێك بە

(لایەنی مرۆیی) کاریگەری زۆر زیاترە لە دواندنی بەشێوەیەکی فەرمی.. جا کاتێك هەوڵە فەرمییەکانت شکست دەهێنن، هەوڵبدە دڵەکان بدوێنی و لایەنە مرۆییەکان بەکاربێنی بۆ ڕازیکردن و گەیشتن بە ئامانجەکەت.

هەروەها یەکێکی تر لەو نموونانە کە زۆر جاران باسی دەکەم "مامەڵەیەکی حکومی" بوو بۆ هاوژینە پزیشکەکەم، یەکێك لە بەرپرسەکان کە هێندەشی نەمابوو بۆ خانەنشینبوون، بەڵام گرێی خستبووە نێو کارەکە.. ئەگەرچی سکاڵام لە دژی بردە لای وەزارەتی تەندروستی و نووسینگەی ئەمیریش، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر ڕایینەکردنی، بە بیانووی پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

بەڵام دواتر بڕیارمدا کە خۆم سەردانی نووسینگەکەی بکەم (وەك دوا هەوڵ)، لە ماوەی قسەکردنمان بینیم وێنەی منداڵێکی بچووك زۆر بە جوانی لەسەر مێزەکەی دانراوە (من وام گومان برد کە نەوەیەتی). دوای چەندین جار لە تکاکردن گوتی: "من لەبەر ویستی وەزیر یان ئەمیر یان هەر کەسێکی تر قسەی خۆم ناگۆڕم"، منیش وەك دوایین هەوڵ گوتم "تەنانەت لەبەر ئەو منداڵە جوانەش"، ئاوڕێکی دایەوە بەلای وێنەکەدا و چەند چرکەیەك بێدەنگ بوو، دواتر بە دەنگێکی زۆر نەرم و لەسەرخۆ گوتی: "لەبەر خاتری ئەو فریشتەیە بەیانی سەرم لێبدەرەوە، خێر دەبێت إن شاء الله". بەڵێ لە کۆتاییشدا کارەکە هەر بە خێر گەڕا..

لەگەڵ باسکردنی ئەو دوو بەسەرهاتە چیرۆکی مامۆستایەکی

میسرپم بیرکەوتەوە کە ناوی "بەدریە حسین" بوو، چۆن دڵی ئەو گەنجەی دەدواند، کە لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە فێرگە جانتاکەی لێ دزیبوو.. کێشەکەش هەر لەوەدا نەبوو کە تەواوی مووچەکەی (کە تازە وەریگرتبوو) تێدابوو، بەڵکو چەکی بانکیەکەی و ناسنامەی کەسی و مۆبایلەکەشی هەر لەو جانتایەدا بوو.. لەو کاتەدا هەمووان هانیان دەدا کە پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکات، بەڵام ئەو بڕیاریدا کە پەیوەندی بە دزەکەوە بکات (ئەویش لە ڕێگەی موبایلێکی تر بۆ موبایلەکەی خۆی کە لە ناو جانتاکە بوو).

گەنجەکە موبایلەکەی لەسەری داخست، بەڵام ئەو ئەمجارە نامەیەکی بۆنارد، لە نامەکەیدا بۆ دزەکەی نووسی: "من دەزانم تۆ گەنجێکی جوامێر و مەردی، دەزانم ئەگەر بارودۆخت زۆر سەخت و دژوار نەبوایە هەرگیز دزیت نەدەکرد، هەر لەبەر ئەوە دەتوانی پارەکە بە حەڵاڵی بۆ خۆت ببەیت، بەڵام تکات لێدەکەم کە کەلوپەلەکانم بۆ بگەڕێنیتەوە". بەڵام کاتێك هیچ وەڵامێکی لە گەنجەکەوە بۆ نەهاتەوە، ئەمجارە نامەیەکی تری بۆ نارد و تێیدا نووسی: "من ئێستاش پێم وایە کە تۆ گەنجێکی بەرێزی، هەر بۆیەش ناچمە لای پۆلیس و سکاڵات لێ ناکەم، بۆیە تکات لێدەکەم کە کەلوپەلەکانم بۆ بگەڕێنەوە، چونکە زۆر پێویستیم پێیانە". کاتێك بە هەمان شێوەی پێشوو هیچ وەڵامێکی نەبوو، ئەمجارە نامەی سێیەمی بەم جۆرە بۆ نووسی: "بۆ ئەوەی بۆت بسەلمێنم کە من لە وتەکانم ڕاستگۆم و پۆلیست لێ ئاگادار ناکەمەوە، خۆت شتەکان مەهێنەوە، بیدە بە کەسێك و با بیاهێنێتەوە بۆ ئەو ناونیشانەم کە لە ناو جانتاکەدایە".

دوای ناردنی چەند نامەیەکی لەو جۆرە، لە درەنگانی شەو،

دەنگی زەنگی ماڵەکەیان بە ئاگای دێنێ.. کاتێک دەرگای ماڵەکەیان دەکاتەوە دەبینێ جانتاکەی لەبەر دەرگا کەوتووە بە هەموو کەلوپەلەکانییەوە، لەو لاشەوە گوڵێکی سوور و پاکەتێک چوکلێت!

چی لەو بەسەرهاتانەوە فێردەبین؟!

واز لە شێوازە فەرمییەکان بێنە (ئێمە گەلێکی بەسۆزین، بە سۆز مامەڵە دەکەین). واز لە پۆست و پایەش بێنە (لەکۆتاییدا هەموان مرۆڤین). هەرگیز ڕێنمایی و یاساکان نەترسێنن (ئەوان دانراون، شکانیان ئاسانە) ئەوەی زۆر بەسوودی تۆ تەواو دەبێ و دەتگەیەنێتە مەبەست، تەنها دواندی دڵەکانە، خاترانەیەکی جوانە، وشەیەکی ناسکە، یان خاتری وێنەیەکی زەردەخەنەئامێزە کە لەسەر مێزێک دانراوە.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەوەی بە نەرمونیانی بە دەست دێت، بە هێز بە دەست نایەت.
- دواندنی دڵەکان و کەمەندکێشکرنیان بۆ ڕاییکردنی کارەکان، هیچی کەمتر نییە لە ڕاییکردنیان بە شێوازی یاسایی و ڕێنمایی.
- لەسەرت پێویستە ملکەچ بی بۆ یاسا و ڕێنماییەکان، بەڵام ئەو کاتەی کە دەگەیتە قۆناغی سڕبوون، پێویستە لە ڕێگەی سۆزەوە بیانشکێنیت.

***

Scanned by CamScanner

# لەبەرچی "نەرمونیانی گەورەی ڕەوشتەکانە؟"

عەرەب دەڵێ: "نەرمونیانی گەورەی ڕەوشتەکانە"، بەڵام لەڕاستیدا هەروایە، چونکە ئارامی بە دەروون دەبەخشێ، تووڕەیی کپ دەکات، لەبری خراپە بڕیار لەسەر چاکە دەدات، هەموو ئەوانەش لە کەسێکدا کە توانای تۆڵەی هەیە و دەتوانێ مافەکەی بە ئاسانی وەربگرێت.

"ئەبو حامیدی غەزالی" دەڵێ: "کەسی نەرمونیان ئەو کەسەیە کە "تووڕەیی" دەمارگیری ناکات، هان نادرێت بۆ تۆڵەسەندنەوە، لەکاتێکدا کە توانای تەواوی هەیە بۆ ئەو مەبەستە". بە قەیسی کوڕی عاسم گوترا: نەرمونیانی چییە؟ گوتی: هاموشۆی ئەو کەسانە بکەیت کە پەیوەندییان لەگەڵ تۆدا بچڕاندووە، بەو کەسانەی ببەخشی کە تۆیان بێبەش کردووە، ئەو کەسەش ببەخشی کە ستەمی لێت کردووە.

نەرمونیانی سیفەتێکی کەسانی باوەڕدار و ڕاستگۆیانە، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ ... ﴾ [آل عمران: ١٣٤] واتە: ((ئەوانەی لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوە و خۆگرن، لە

خەڵکی خۆش دەبن و لێبووردەن...)). لە ئەنەسەوە گێڕدراوەتەوە: مـن لەگەڵ پێغەمـبەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) دەڕۆیشـتم، پێغەمـبەری ئـازیز جلوبەرگێکی خەتـخەت (نەجرانـی) لەبەر بوو، گەیشتینە کـابرایەکی دەشـتەکی، زۆر بە جلوبەرگەکەی پێغەمـبەری خـودا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) سەرسـام بـوو، تەنـانەت سـەیری سەرشـانەکان و ئەولاو ئەولای جلەکەشـی کـرد، پاشان دەشتەکییەکە گوتی: ئەی موحەممەد، فەرمان بکە ئەو مـاڵەی کە هی خودایە و لای تۆیە بیدەن بە من، چونکە ئەوە نە ماڵی تۆیە نە هی باوك، پێغەمبەری خوداش (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) بە زەردەخەنەیەکەوە ئاوڕێکی بەلادا دایەوە و فەرمـانی کـرد کە پێی بدەن.

لە کتێبەکـانی توراسـدا هـاتووە کە پیاوێـك جنێـو بە ئەحنەفـی کوڕی قەیس دەدات، لە جنێودانەکەی بەردەوام دەبێت تا ئەحنەف دەگـاتەوە بەردەم مـاڵی خۆیـان، لەبەر دەرگـای مـاڵەکەی وەسـتا و گوتی: ئەی پیاو ئەگەر جنێوێك یان وشەیەکی ناشیرینت ماوە بیڵێ، نەوەك دوایی کوڕەکانم ببیستن و بەو هۆیەوە ئازارت بدەن.

کاتێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز خەلیفە بوو، پیاوێك قسەی ناشـیرینی پـێ دەڵـێ، عـومەریش پێـی دەڵـێ: تـۆ ویسـتت تـووڕەم بکەیت و ویستی شەیتانم تێدا زاڵ بکەیت بەسەر ویستی ڕەحمان، بڕۆ خودا لێت خۆشبێ.

بەڵام نمـوونەی چیرۆکـی مـن بـۆ نەرمونیـانی (کە ڕەنـگە لە کتێبەکانی توراس بە داڕشتنی جیاوازەوە گێردرابێتەوە) ئەوەیە کە لە نێوان موعاویەی کـوڕی ئەبـو سـوفیان، کە خـاوەنی باغێك بـوو لە

مەدینە، لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر کە ئەویش خاوەنی باغێك بوو لە تەنیشت باغەکەی موعاویە ڕوویدا.

سەرەڕای ئەو ڕاجیایەی لە نێوان هەردووکیاندا هەبوو (خودا لێیان ڕازی بێت)، ڕۆژێکیان خزمەتکارێکی موعاویە دەچێتە ناو باغەکەی عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر، هەندێك لە لقی دارەکان دەشکێنێ و زیان بە بەشێك لە باغەکە دەگەیەنێ، عەبدوڵڵا لە بەرامبەر ئەو کارەی خزمەتکارەکە نامەیەك بەو شێوەیە بۆ موعاویە دەنووسێ:

((لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرەوە بۆ موعاویەی کوڕی هیندی جەرگخۆر.. دەستی خزمەتکارەکەت لە باغەکەی من بگرەوە، ئەگەرنا لە نێوان من و تۆدا کارێکی تر هەیە)). نامەکە دەگاتە موعاویە (کە بە نەرمونیانی ناوی دەرکردبوو) لەو کاتەدا موعاویە لە دیمەشق جێنشین بوو، نامەکەی خوێندەوە و دواتر دایە دەستی یەزیدی کوڕی تا ڕای خۆی لەسەر نامەکە بڵێ، دوای خوێندنەوەی، یەزید گوتی: من وای بە باش دەزانم کە تۆ سوپایەکی بۆ بنێریت سەرەتاکەی لە مەدینە بێت و کۆتاییەکەی لە دیمەشق، تا سەری لەلاشە جیا بکەنەوە و بۆتی بهێنن... موعاویە ئاوڕی لای نووسەرەکەی دایەوە و پێی گوت بنووسە:

((لە موعاویەی کوڕی سوفیانەوە بۆ عەبدوڵڵای کوڕی زوبێری کوڕی (ذات النطاقین).. پاشان: گشت دنیا لە بەرامبەر ڕازیبوونی تۆ دادەنێم، هەر کات ئەو نامەیە گەیشتە دەستت، ئەوا باغ و زەوییەکەی منیش بخە سەر باغی خۆت، خزمەتکارەکانم بکە بە

خزمەتکاری خۆت، ئەگەر هاتبا و باغەکەم لە مەدینە تا دیمەشق بوایە، ئەوا هەر پێشکەشم دەکردی...

والسلام)).

کاتێك نامەکە گەیشتە دەستی عەبدوڵلا و خوێندیەوە، عەبدوڵلا دەستی بە گریان کرد و نامەیەکی بەو شێوە بۆ موعاویە نووسی:

((بۆ ئەمیری باوەڕداران موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، خودای گەورە بەرەکەت بخاتە زەوی و باغ و ماڵەکەت، خودای گەورە بەردەوامت بکات لەسەر ئەو نەرمونیانییەی کە تۆی بەو پایە گەیاندووە)).

کاتێك نامەکە گەیشتەوە دەستی موعاویە، موعاویە نامەکەی دایە دەستی یەزید و پێی گوت: کوڕی شیرینم ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو جۆرە تاقیکرایتەوە با وەڵامەکەت بەو چارەسەرە بێت، هەر کەسێك لێبووردە بێت سەردەکەوێ، هەر کەس نەرمونیان بێت گەورە دەبێت.

کاتێك هەڵوێستی لەو جۆرە دەخوێنیتەوە (بێ ئەوەی هیچ کەسێك هەواڵت پێ بدات) هەست دەکەیت کە ئەو جۆرە پیاوە نەرمونیانانە شیاوی خۆشەویستی و ڕێزن..

جا لەبەر ئەوەی نەرمونیانی شتێك نییە بە سروشتی هەموومان لەگەڵ لەدایکبوونەوە پێمان درابێت، ئامۆژگاریت دەکەم کە خۆت فێربکەیت و خۆت لەسەری ڕابهێنی و دەست بکەیت بە جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی لە ژیانی ڕۆژانەت، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە فەرمایشتی پێغەمبەری ئازیزە (دروودی خوای لەسەر بێت)

کە فەرمـــوویەتی: ((إِنَّمَا الْعِلْمُ بِالتَّعَلُّمِ، وَإِنَّمَا الْحِلْمُ بِالتَّحَلُّمِ)) واتە: ((بەڕاسـتی زانسـت بە فێربـوونە، نەرمونیـانی و لەسـەرخۆییش بە خۆڕاهێنـانە)) بـۆیە هەرگیـز وا مـامەڵە لەگەڵ خەڵکـدا مەکە بەو جۆرەی کە ئەوان مامەڵەت لەگەڵدا دەکەن، بەڵکو بـا مـامەڵەی تـۆ بەو جۆرە بێت کە لەسەری پەروەردە و گۆش کراویت.

***

## پوختەی تیۆرەکە

- نەرمونیانی، گەورەی هەموو ڕەوشتەکانە، بۆیە لە خۆتیدا بەرجەستە بکە، تا ببیتە خاوەنی ڕەوشتەکانی تریش.
- تاکە ڕێگە بۆ گۆڕینی دوژمنەکانت بە دۆست، وەڵامدانەوەی خراپەکانیانە بە کرداری باش و جوان.
- تۆڵە سەندنەوە پەرچەکردارێکە لە هەموو کەسێکدا چاوەڕوانکراوە، بەڵام نەرمونیانی تەنها لە کەسانی گەورە نیشانمان دەدەن.

***

## شت (25)

### که له داهاتوودا لێیان پەشیمان دەبیتەوە

پەشیمانی، حاڵەتێکە کە هیچ مرۆڤێک لێی سەلامەت نابێ.. هەموومان پەشیمانین لەسەر ئەو شتانەی کە لە ژیانماندا ڕۆیشتوون و ناشتوانین کات بگەڕێنینەوە بۆ چاککردنیان.. زۆر جاران لە کیبۆرد ڕادەمێنم، ئەگەر بە هەڵە کلیک لەسەر یەکێک لە پیتەکان بکەین، دەتوانین بگەڕێینەوە و جارێکی تر پیتە دروستە بنووسینەوە، وەك لە کۆمپیوتەر ئەو کردارە بە (CTRL+Z) ئەنجام دەدەین.

هەموو مرۆڤێك چەند هەڵەیەکی گەمژانەی تایبەتی و جیاوازی هەیە، بەڵام هەموانیش لە هەندێك هەڵە و لە پەشیمانبوونەوەشیان هاوبەشین.. کاتێك دەستم کرد بە نووسینی ئەو وتارە، هیچ قورساییەکم نەبینی لە دیاریکردنی (هەڵە هاوبەشەکان)، چونکە هەر بەگوێرەی خەملاندنی خودی خۆمەوە لام ئاسایی بوو کە ئەو هەڵانە دیاری بکەم و بیانووسم.

لە ماوەی دە ساڵ، یان بیست یان سی ساڵی داهاتوو (بەگوێرەی تەمەنی ئێستات)، زۆربەمان لەو شتانەی خوارەوە پەشیمان دەبینەوە:

1- بۆ نموونە- لە بەسەرنەبردنی کاتێکی زیاتر لەگەڵ دایك و باوکت پەشیمان دەبیتەوە.

2- هیچ شتێکت پاشەکەوت نەکردووە.

3- وازت لە پیشەکەی ئێستات نەهێنا بۆ ئەو دەرفەتەی کە هاتە پێشت.

4- وەك پێویست نەتخوێند... یان زیاد لە پێویست بە خوێندنەوە سەرقاڵ بوویت.

5- کوڕ و کچەکانت گەورە بوون، بەڵام وەك پێویست لەگەڵیان نەبووی.

6- لەو پارانە پەشیمان دەبیتەوە کە کۆتکردونەتەوە لەسەر حیسابی پەروەردەکردنی خێزانەکەت.

7- پەشیمان دەبیتەوە لەسەر وشەی (دوایی دوایی) و فێڵ لەخۆکردن بۆ بەدیهێنانی خەونەکانت.

8- لەسەر هەموو کارێك کە خیانەتت لە مرۆڤێك کردبێ، یان کەسێکی ناشیرین کردبێ کە ئەو خۆشی دەوێ.

9- لە هەر کاتێك کە لاواز و دوودڵ بوویت، لە گوتنی (نەخێر).

10- لەسەر پێدانی بڕیارەکانی تایبەت بە ژیانی خۆت بە کەسانی تر.

11- لەسەر هەر باوەڕێك کە پێوەی پابەندبووی و لەکۆتاییدا بۆت ئاشکرابووە کە هیچ بنەمایەکی نەبووە.

12- لە هەر بیرۆکەیەك کە زانیوتە بێ بنەمایە، بەڵام لە سەرەتای تەمەنتەوە دەستبەرداری نەبوویت.

13- لەسەر هەر کردارێکی ناویژدانیت کە وازت لێهێناوە و تاوەك بەستەڵەکی سەهۆڵی لێهاتووە.

Scanned by CamScanner

14- لەسەر هەر بیرۆکە و دەرفەتێك کە لە تەمەنی گەنجیتدا نەتقۆستۆتەوە.

15- هەر چرکەیەك کە بوویتە هۆی گریانی دایك و باوکت.

16- لە بەستنی هەر دەمامك و ماسکێك کە بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵك بەکارت هێناوە.

17- لەسەردانەنەکردنی هەر هاوڕێ و نزیکێك (خاڵ و مام..) تا وەفاتی کردووە.

18- هەر هاوڕێیەتییەکی ڕاستگۆیانە کە ونت کردووە، یان دەستبەرداری بوویت.

19- لەسەر هاوسەرگیرییەکی شکستخواردوو و بەردەوام بۆ ماوەی چەندان ساڵ.

20- لەسەر هەموو ئامۆژگاری و دەرفەتێك کە خراوتە بەردەمت و لە کاتی خۆیدا گرنگییەکەت نەزانیوە.

21- لە هەر هەوڵێك کە هەر زوو ملکەچ بوویت بۆی و لە دوایشدا پێچەوانەی دەرچووە.

22- لە هەر هەڵوێستێك کە تیایدا ستەمت لە مرۆڤێك کردبێ.

23- لە هەر هۆکارێکی سادە و بێ بنەما کە بوویێتە هۆی خۆتوورەکردنت لە هاوژین و منداڵەکانت.

24- بێگومان لەسەر بەشوودانی کچەکەشت بە کەسێك، کە هێشتا باش نەتناسیبوو، پەشیمان دەبیتەوە.

25- لە کۆتاییشدا هەمووومان لەسەر بەجێهێشتنی دنیا بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی باشی خۆمانی تێدا جێبهێڵین، پەشیمان دەبینەوە.

بۆیە پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ و کاتەکە بەسەر بچێ، ئەو گریمانانە بکە بە پەڕەیەکی تاقیکردنەوە و هەوڵبدە وەڵامیان بدەیتەوە و نمرەی (25) بۆ خۆت دابنێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نمرەیەی کە بۆ خۆتی دادەنێی (یان ئەو تەمەنەی کە ئێستا پێی گەیشتوویت) ئەمە بە دەرفەتێکی نوێ بزانە و هەوڵبدە کە لە داهاتوودا پەشیمان نەبیتەوە، پێش ئەوەی بگەیتە خاڵێك کە گەڕانەوەی تێدا نییە.

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- چاوەڕوانی پیری مەکە تا لیستی پەشیمانییەکانت بۆ بخاتە ڕوو.
- سەرەڕای ئەوەی هەموو مرۆڤێك هەڵەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام زۆربەشمان لە هەندێك هەڵە و گەمژایەتی هاوبەشین.
- ئەو شتانەی کە لە داهاتوودا لەسەریان پەشیمان دەبیتەوە، هەمان ئەو شتانەن کە لە ئێستادا بە شەرمەوە ئەنجامیان دەدەیت.

***

Scanned by CamScanner

## لەکۆتاییدا

## ژیانی ئێمە کیبۆردی کۆمپیوتەر نییە

وا لە کۆتایی کتێبەکە نزیك دەبینەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە کە دان بنێین بە ڕۆڵ و گرنگیی کیبۆردی کۆمپیوتەر لە تەواوکردنی ئەو کتێبە.. نازانم چەند جار پەنجەم خستۆتە سەر دوگمەکان، بەڵام ئەوە دەزانم کە پەنجەم زوو زوو ڕوویان دەکردە سەر دوو دوگمە، هەستم دەکرد زۆر ئەو دوو دوگمەیان خۆشدەوێ، ئەویش (CTRL) و پیتی (Z) بوو، چونکە بە پەنجەداگرتن لەسەر هەردووکیان لە یەك کاتدا بواری ئەوەیان پێ دەدام کە هەنگاوێك بگەڕێمەوە دواوە، بێگومان گەڕانەوەی هەنگاوێکیش واتە سڕینەوەی هەڵەیەك و دەستپێکردنەوەیەکی نوێ..

زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە ئەو کتێبە دەخوێننەوە ئەو ڕاستییە دەزانن کە لە کاتی نووسینی هەر وشەیەك یان ڕستەیەکی هەڵە، چارەسەر ئەوەیە کە ئەو دوو دوگمەیە (CTRL) و پیتی (Z) بەیەکەوە دابگیرێن، تاوەکو جارێکی تر بواری ئەوەت پێبدرێت کە بە دروستی وشەکە یاخود ڕستەکە بنووسیتەوە.

من وەك خۆم لە هەر کارێکدا کە بمەوێ ئەنجامی بدەم، تەنها بە هەبوونی ئەو دوو دوگمەیە لەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەم هەست بە متمانە و باوەڕبەخۆبوونێکی زۆر دەکەم، چونکە ئەگەر

چەندین جاریش هەڵە بکەم، ئەوا ئەوان دەرفەتم پێدەدەن بۆ گەڕانەوە و دەستپێکردنەوەیەکی نوێ.

هەر لەبەر ئەو هۆکارە زۆر جار ئاواتەخواز بووم کە ئەو دوو دوگمەیە لە ژیانی ڕۆژانەشمدا بوونیان هەبوایە، تاوەکو توانیبام بە هۆیانەوە لە هەڵەکانم پاشگەز بووبامەوە و لە یادگە و بیر و هۆشمدا سڕیبامنەوە و جارێکی تر لە نوێوە دەستم پێ کردبایەوە!

پرسیاری من بۆ تۆ ئەوەیە (یان پرسیارەکانم) ئەگەر هاتبا و لە ژیانی تۆدا ئەو دوو دوگمەیە هەبوایە، ئەو هەڵە و بڕیار و نهێنیانە چی بوون کە لێیان پاشگەز دەبوویتەوە و لە تۆمار و مێژووی ژیانی خۆت دەتسڕینەوە؟!

بێگومان وەڵامەکەی تەنها پەیوەستە بە خودی خۆتەوە.. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ڕووبەڕوو قسە ناکەین.. لەبەر ئەوەش کە هیچ یەکێك لە ئێمە ئارەزووی ئەوە ناکەین نهێنییە ڕاستەقینەکان لای یەکتر باس بکەین، بۆیە لە خوارەوە چەند پرسیارێکی گشتی دەخەمەڕوو، کە وای بۆ دەچم زۆربەمان بیرمان لێکردوونەتەوە..

بۆ نموونە:

ئەگەر کات و ڕۆژگار بگەڕێتەوە، ئایا تۆ هەمان ئەو پیشەیە هەڵدەبژێریتەوە کە ئێستا هەتە؟

سەبارەت بە هاوسەرگیریت چی دەڵێیت لەگەڵ کەسێکی تر، ئایا دوگمەکانی (CTRL) و پیتی (Z) بە یەکەوە دادەگریت؟

ئەو خراپەیە چییە کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانی لە یادی بکەیت؟

ئەو تۆڵەیە چییە کە ئارەزووت دەکرد ئەنجامت نەدابایە، لە بری ئەوە لە کەسەکە خوشبوویتایە؟

ئەگەر لە ژیانتدا دەرفەتی گۆڕینی نەریتێکی خراپت پێ بدرێت، ئایا ئەو نەریتە کامە دەبێت کە دەیگۆڕیت؟

ئەو ڕووداوە ناخۆشە چییە کە لە سەردەمی منداڵی بەسەرت هاتووە و دەتەوێ بیسڕیتەوە و (CTRL) و پیتی (Z) دابگریت؟

ئەو ناوبانگە چییە کە خەڵکی سەبارەت بە تۆ دەیزانن و تۆش لێی پەشیمانیت و دەتەوێ لە یادگەی ئەواندا نەیهێڵیت؟

ئەو کاتە چ کاتێکە کە دەتەوێ لە یادگە و بیری خۆتدا بیسڕیتەوە و نەیهێڵیت.

ئەو کەسە کێیە کە ئارەزوو دەکەیت لە ژیانتدا هەرگیز چاوت پێی نەکەوتبایە و نەتناسیبا؟

ئەو هاورێیەت کامەیە کە لە دەستت داوە و دەتەوێ جارێکی تر پەیوەندی لەگەڵدا دروست بکەیتەوە؟

ئەو دیمەنە ناخۆش و شەرمهێنە کامەیە کە خۆزگە دەخوازی لە ڕۆڵەکانت نەتبینیبایە؟

بە دیاریکراوی دەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ چ تەمەنێکی ژیانت، تا لەوێوە ژیانت دەست پێبکەیتەوە؟

ئەو ڕەفتارە کامەیە کە ئاواتەخوازی باوکت لە سەردەمی منداڵی لەگەڵتی ئەنجام نەدابایە؟

لەسەر کامە کارت پەشیمانی کە تیایدا سوێندت خواردووە و بوویتە گەواهیدەرێکی ناڕاستگۆ؟

ئەو تاوانە کامەیە کە ئارەزوو دەکەیت لە تۆماری ئاسمانی تایبەتی بە تۆ بسڕێتەوە؟

خراپترین ئاکارت کە ئارەزوو دەکەیت (CTRL) و پیتی (Z) دابگریت و بیسڕیتەوە کامەیە؟

لەکۆتاییدا، ئەو شتە چییە کە ئارەزووت دەکرد هەر لەگەڵ تەواوبوونی قۆناغی ناوەندی بتزانیبایە؟

نموونەی ئەو پرسیارانە (هیوام وایە تۆ فراوانتریان بکەیت) دەکرێت پۆلێنیان بکەین و پێیانەوە ڕووبەڕووی دەروونی خۆمان بینەوە و لایەنە خراپەکان بنگڵ بکەین و لە بیریان بکەین.. چونکە لە ژیانی ئێمەدا (CTRL) و پیتی (Z) بوونی نییە، ژیانمان هەمیشە بەرەوپێشەوە دەڕوات و بواری گەڕانەوەی تێدا نییە.

تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە دەتوانین گەشتێکی دوورودرێژ بە سەرلەبەری ژیانماندا بکەین و هەڵەکانمان چاك دەکەینەوە، یان دەتوانین دەست بە ژیان بکەینەوە بە ڕێگایەکی نموونەییدا، ئەوە بێگومان هەر دەبێ لەو سروشتەدا بژین کە سروشتی مرۆڤایەتییە و هەمیشە لە نێوان خەم و دڵخۆشیدا، لە نێوان شکست و سەرکەوتندا.. دێین و دەچین (هەموو ئادەمییەکیش هەڵە دەکات، بەڵام باشترینیان ئەوانەن کە پەشیمان دەبنەوە و تەوبە دەکەن).

جا لەبەر ئەوەی کە ژیانی ئێمە (دوگمەی گەڕانەوە)ی تێدا نییە، ئەوەی لەسەرمانە بەرامبەر بە هەڵەکانی ڕابردوو تەنها ئەو سێ شتەیە:

Scanned by CamScanner

داوای لێخۆشبوون... لەبیرکردن.... فێربوون و پەندوەرگرتن لە هەڵەکان.

لە کۆتایی کتێبەکەدا ئەوە بزانە کە ژیانی ئێمە کیبۆردی کۆمپیوتەر نییە، کتێب و شارەزا و ڕێبەرەکانیش دەتوانن بتگێڕنەوە بۆ سەردەمێك، کە بتوانی سەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە.

***

Scanned by CamScanner

## پوختەی تیۆرەکە

- ئەگەر "هەڵە"، بوونی نەبوایە، ئەوا مرۆڤەکان فریشتە دەبوون و هەرگیز تاوانیان ئەنجام نەدەدا.
- ئەوەی لەسەرمانە بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕابردوو، تەنها لە لێخۆشبوون و لەبیرکردن و دووبارەنەکردنەوەیانە.
- ئەو هەڵانەی کە ئەنجامت داون و لێیان پەشیمانی، هەمان ئەو هەڵانەن کە لە ڕابردوو لە ئەنجامدانیان دوودڵ و ڕاڕا بوویت.

***

Scanned by CamScanner

## کۆتایی

بە گەیشتنت بەو لاپەڕەیە هیوادارم سەرکەوتوو بووبم لە گەیاندنی چەند بیرۆکە و ئامۆژگارییەکی جوان.. هیواخوازم کە جار جار بگەڕێیتەوە بۆ لای (نەوەك تەنها بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەکانی ناوی)، بەڵکو بۆ گەشەدانی زیاتر بە ناوەرۆکەکەی و وای لێبکەیت کە بابەتەکانی زیاتر لەگەڵ ژیان و ژینگە و کەسایەتی و بارودۆخەکەت بگونجێن.. هیوادارم بگەڕێیتەوە بۆ سەر وتاری (تیۆری فستق) و هەوڵ بدەیت ئەگەرە بچووکەکانت هەڵبسەنگێنی..

بگەڕێیتەوە بۆ بابەتی (خۆت مێشکی خۆت دابشۆرە)، لەوێ ئاماژە تایبەتەکانت دووبارە بکەرەوە.. پێمخۆشە جارێکی تر بابەتی (بەسەرکەوتن بیر مەکەرەوە، بەڵکو بەدروستکردنی نەریتێکی سەرکەوتووەوە) بە ئامانجی ئەوەی هەمیشە نەریتی جوان لە ژیانتدا دروست بکەیت.. هیواخوازم جارێکی تر بگەڕێیتەوە سەر ئەو دێرانەی کە هێڵت بەسەردا کێشاون، یان ڕەنگت کردوون، تێبینییەکانی خۆشت بنووسیت، تا کتێبەکە ببێت بە کۆپییەك لە کەسایەتی خۆت و سەرچاوەیەك بۆ خۆت.

لەبەر ئەوەی کەمال و تەواویتی تەنها بۆ خوایە، داواکارم کە تێبینەکانت لەسەر بابەتەکان بنووسیت، تا منیش لە چاپەکانی داهاتوو چاکیان بکەم و زیادیان بکەم.

Scanned by CamScanner




کتێبی تیۆری فستق "نظرية الفستق" یەکێکە لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی. نووسەر هەوڵیداوە بە زمانێکی زۆر سادە لەگەڵ عەقڵی خوێنەر بدوێ، تا بیگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە هەموو ئەو بیروباوەڕ و بۆچوونانەی ئەو پابەندە پێیانەوە، مەرج نییە لەگەڵ نەقڵ و عەقڵ و لۆژیکدا یەکانگیر بن، بەڵکو ڕەنگە پێچەوانەش بن.

هەر لە ڕێگەی دواندنی خوێنەرەوە هەوڵ دەدات خوێنەر لەژێر ئەو کاریگەرییە سلبیانە دەربهێنێت کە ڕەنگە خۆشی ئاگاداریان نەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش داواکارە لە خوێنەر کە بەر لە هەموو شتێ دان بەوەدا بنێ کە ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان کەوتۆتە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونییەکانی کۆمەڵگە، چونکە بە بڕوای نووسەر ئەو کاتەی تاک دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ئەویش کەوتۆتە ژێر ئەو کاریگەریانە، ئەوا خەمی یەکەمی نابێتە بەرگریکردن و پابەندبوون و وابەستەبوونی ئەو بیروباوەڕ و بۆچوونانە، بەڵکو هەوڵی گۆڕانکاری لە خودی خۆیدا دەدات و کار بۆ ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوون و قەناعەتەکانی دەکات، هەر ئەمەش مەبەستی نووسینی کتێبەکەیە.

5,000 IQD

9 786038 253106

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

FAM PUBLICATION
info@fam.pub • www.fam.pub
FAMpublication